گۆستاڤ لۆبۆن

# سایکۆلۆژیای جەماوەر

**هاشم سالح**
**وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و پێشەکیشی بۆ نوسیووە**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی**
**ئارام جەمال سابیر**

**هاوینی ٢٠٠٦**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)
سلێمانی ـ گەڕەکی ئاشتی ـ ١٠٤
شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢
ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

الفكر الغربي الحديث
سايكولوجية الجماهير
غوستاف لوبون
ترجمة وتقديم هاشم صالح
دار الساقي
الطبعة الثانية ١٩٩٧

ناوی کتێب: سایکۆلۆژیای جەماوەر
نووسینی: گۆستاڤ لۆبۆن
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: هاشم سالح
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئارام جەمال سابیر
نەخشەسازیوبەرگ: فەهمی جەلال
سەرپەرشتیار: عوسمان حەسەن شاکر
چاپی دووەم/ ٢٠٠٦ سلێمانی
تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
ژمارەی سپاردن(٨٠١)
لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی ٢٠٠٦



گۆستاڤ لۆبۆن (١٨٤١ ـ ١٩٣١)

## پێشەکی وەرگێڕی کوردی

وەختێك ئەم کتێبەم خوێندەوە، پەیوەندییەکی وێکچووی ترسناکم بەدیکرد لەنێوان ئەو کارەکتەرو تایبەتمەندییانەی کە گۆستاڤ لۆبۆن لەجەماوەردا کەشفیکردونو ئەوەشی ئێمە پێیدەڵێین دنیای ڕۆشنبیریی کوردی! . ڕۆشنبیری ئێمە نەك هەر دیاردەی جەماوەری نەپشکنیوە بەڵکو بۆخۆی هەڵگری زۆربەی ئەو توخمانەشە کە جەماوەر هەیەتی، بەئاستێك، مرۆڤ دەتوانێت لەزۆر ڕووەوە پێیبڵێت ڕۆشنبیریی جەماوەریی یان ڕۆشنبیریی جۆشدان. واتە ئەو ڕۆشنبیرەی، وەك جەماوەر، بەشێوەیەکی زۆر سۆزمەندانەو عاتیفیانە پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەریدا دەبەستێتو ناتوانێت بەشێوەیەکی عەقلانیانەو لەسەر بنەمای مشتومڕی عەقڵانی مامەڵە لەگەڵ دیاردەکانی نێو مێژوودا بکات، بەڵکو ئەوەشی هەیە لەچەند گوتارو ڕستێك وشەو دەستەواژەو وێنەی حەماسی تێناپەڕنو هەمان ئەو کارەکتەرەی جەماوەری هەیە، کە گۆستاڤ لۆبۆن، وەسفیدەکات بەوەی کەزۆر سادەو توندڕەوەو لەنێوان دوالیزمەی پەسەندکردنو ڕەفزکردنەوەدایە، بۆیە هەموو ئەو ڕاوبۆچوونو بیروباوەڕانەشی جۆشیدەدەن یان ئەوەتا هەموویان پێکەوە پەسەند دەکاتو بەچەند ڕاستییەکی ڕەهایان دەزانێت، یان ئەوەتا چەند هەڵەیەکی ڕەهاو موتڵەقنو ڕەتیاندەکاتەوە. لەمەشەوە بەوەدەگات کەهاوسۆزبوونی لەگەڵ شتێکدا یەکسەر دەگۆڕێت بۆ پەرستن، لەکاتێکدا سڵەمینەوەشی دەگۆڕێت بۆ ڕقو کینە.





بۆیە پێموایە ڕۆشنبیریی کوردی زۆر پێویستی بەمجۆرە توێژینەوە جیدیانە هەیە، هەر هیچ نا، لەبەرئەوەی دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگری وەك جەماوەرو سایکۆلۆژیاکەی بەوجۆرە بناسێت کەدوور بێت لەو ناسینەی ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕە باوەکانی دنیای ئێمە وێنایان کردووەو کۆی تەمەنی جەماوەریان یەکسان کردووە بەکۆی تەمەنی ڕاستیو هەقیقەتەکانو هیچ کاتێکیان لەژیانی ئەم کائینەدا تۆمارنەکردووە کە بونیاتنەرو بەدیهێنەری خەونو ئاواتەکان نەبێت، لەکاتێکدا لۆبۆن، پێیوایە کە ئەم ئایدیۆلۆژیایانە بەهەموو شێوەیەك خۆیان دوورخستۆتەوە لەڕووە وێرانکارییەکانی جەماوەر، کەهێزی خۆی تەنها بۆ تێکدانو ڕوخاندن بەکاردەهێنێتو تەنهاو تەنهاش لەڕێگەی وێنەکانەوە بیردەکاتەوەو هیچکات بیروباوەڕە سیاسیو ئاسمانیو کۆمەڵایەتییەکان لەلای ئەو جێگیر نابن تاکو بەرگی ئایینی نەپۆشن، کەئەمەش لەهەموو جۆرە گفتوگۆو بگرەو بەردەیەك دووریاندەخاتەوە.

شتێکی تر لەوانەی ئەم کتێبە باسی لێوەکردووەو لەدنیای سیاسی ئێمەدا قورساییەکی زۆری هەیە ئەویش کەسایەتی سەرکردەیە، کە جەمسەرێکی تەواوکەری هاوکێشەی جەماوەرەو لۆبۆن زۆر بایەخی بەو تایبەتمەندییانە داوە کەدەبێت لەکەسایەتی بزوێنەری جەماوەردا هەبن، تا ئەو ڕادەیەی پەیوەندی نێوان سەرکردەو تاکی نێو جەماوەر یەکساندەکات بەو پەیوەندییەی لەنێوان کەسی خەولێخەرو کەسی خەولێخراوی موگناتیسیدا هەیە. هەروەها شتێکی تر کە لۆبۆن زۆر پێی

لەسەر دادەگرێت ئەوەیە کە باری سایکۆلۆژی ئەو کەسانەی لەناو جەماوەردان، لەبنەڕەتەوە، جیاوازە لەو سایکۆلۆژیایەی تاکەکەسەکان بەتاکو تەنیایی هەیانە، چونکە لەو کاتەدا کە تاك لەناو جەماوەردایە تەنها سۆزمەندییە ناهۆشمەندەکانی دەوریان هەیە نەك زیرەکی تاکەکەسیانەی خۆی.

ئەم کتێبە باس لەزۆر دیاردەو تایبەتمەندیی تر دەکات، کەبەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەرۆڵو سایکۆلۆژیاو پێکهاتەی جەماوەرەوە هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە تێیدا ئەوەیە کە رەگەز (ئەتنیك) لەپشت هەموو گۆڕانو جێگیریی ژیارو مێژووی گەلانەوە ئامادەیەو رۆڵێکی بنچینەییو بزوێنەری داوەتێ، کەرەنگە هەرئەمەش هۆکاری سەرەکی دژایەتیکردنی لۆبۆن بێت لەلایەن سۆشیالیستەکانەوە. بۆ نموونە، وەختێك لۆبۆن لەکۆتایی ئەم کتێبەیدا باس لە نموونە باڵاکان (وەك ژیاری رۆماو ئیسلام) دەکات، پێداگریی لەسەر ئەوەدەکات کە هەمیشە ئەوەی ئەم نموونە باڵایانەی هێشتۆتەوە ئەو رەگەزەیە، کە لەپشت خەسڵەتە بزۆكو گۆڕاوەکانی جەماوەرەوە جەوهەرێکی پتەوو هەمیشەییان هەیەو بەهێزو تینی خۆی، ناهێڵێت میللەتەکان بلەقنو لەرەلەر بکەن. بەڵام لەگەڵ پوکانەوەی بەکاووخۆی نموونە باڵاکەدا، چیدی رەگەز زیاترو زیاتر ئەو شتانە لەدەستدەدات کەمایەی تۆکمەییو یەکێتیو بەهێزبوونی بوون.





ماوەتەوە بڵێم کە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی عەرەبیو ئەو پێشەکییە بەپێزو دەوڵەمەندەی هاشم سالحی وەرگێڕ بۆی نووسیوە زۆر لایەنی تاریکی مەعریفیو مێژوویی گۆستاڤ لۆبۆنی رووناککردۆتەوە بەجۆرێك کە ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانی من کەمکردۆتەوە. بۆیە من شتێکم مابێت ئەوەیە بڵێم هیوادارم توانیبێتم ئەو تێگەیشتنەم گەیاندبێتە خوێنەری کورد، لەپێناو گۆڕینی ئەو وێنا تەقلیدیو رۆمانسییەی کەتاکی کورد بۆ جەماوەرو درێژبوونەوەکانی هەیەتی، یان بابڵێین لەپێناو کەشفکردنی ئەو پەیوەندییانەی دەکەونە نێوان هەوڵو کۆششەکانی جەماوەری کوردستان لەلایەكو ئەو پێکهاتەو دامەزراوە سیاسیو کۆمەڵایەتیو دەستووریانەی لەئەمڕۆ لەئارادان. کە رەنگە ئەم کتێبە یارمەتیدەرێکی باش بێت لەو بوارەدا.

**ئارام جەمال**

**٢٠٠٦/٨/١٨**

# پێشەكییەك لەبارەی دەروونزانیی كۆمەڵایەتی و فیكری گۆستاڤ لۆبۆنەوە

بە پێنوسی: هاشم ساڵح

وەك ئاشكرایە دەروونزانی بایەخ بەتوێژینەوەی سایكۆلۆژیای تاك و گرفتەكانی دەدات بەتایبەتیش بەقۆناغی منداڵێتی و هەرزەكاریی. زانستی دەروونشیكاریش، كەفرۆید دامەزرێنەریەتی، باس لەتاووتوێكردنی خودێتی تاك دەكات نەك كۆمەڵ لەپێناو دیاریكردن و دەستخستنەسەر ئەو گرێ دەروونیانەی كە رەنگە تاك هەر لەقۆناغی یەكەمی منداڵێتییەوە پێیانەوە گیرۆدە بێت، ئەمەش وەك سەرەتایەك بۆ شیكاركردن و پاشان، ئەگەر لەتوانادا هەبوو، چارەسەركردنی. ئێمە دەزانین زاراوەكانی دەروونزانی و دەرونشیكاریی چەندێك ئاڵۆزو گرانن و چەند قوتابخانەو تەوژم و لقیان لێدەبێتەوە. بەڵام زانستێكی تر هاتووە زاراوەكانی دەروونزانی بەشێوازێكی تر بەكارهێناوە: ئەویش زانستی دەروونزانیی كۆمەڵایەتییە. ئەم زانستە لەلای ئێمە زۆر ناسراو نییە ئەگەرچی بۆتە یەكێك لەزانستە مرۆڤایەتییە سەرەكییەكانی وەك: كۆمەڵناسی، دەروونزانی، زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا (واتە مرۆڤناسی)، زانستی ئیتنۆلۆژیا (واتە رەگەزناسی و گەلناسی)، زانستی زمانناسی، زانستی ئابووری سیاسی،





زانستی مێژوو، هتد. دەروونزانیی كۆمەڵایەتی لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا زۆر برەویسەندووە، بەتایبەتیش لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە. ئەوەندە هەیە دامەزرێنەرانی یەكەمی ئەم زانستە فەڕەنسین، بەتایبەتیش گۆستاڤ لۆبۆن، بەڵام دواتر ئەمان پشتگوێیانخستووەو ئەسپی لێكۆڵینەوەی خۆیان لەو بوارەدا تاو نەداوەو ئەمەش وایكردووە زۆر دوابكەون. ئامانجی دەروونزانیی كۆمەڵایەتی توێژینەوەیە لەبارەی كێشەو ململانێی نێوان تاك و كۆمەڵگە وەك یەكەمین قۆناغ، واتە تاك تا چ رادەیەك، لەرووی كۆمەڵایەتییەوە، گونجاوە یاخود نەگونجاوو شازە لەگەڵ هێڵی كۆمەڵگەدا. بەڵام دواتر زانست ئەم مەسەلەیە تێدەپەڕێنێت و لەبری ئەوە لەهەڵسوكەوت و رەفتاری گروهەكانی كۆمەڵگە دەكۆڵێتەوە، نەك تەنها تاكەكان. مەبەستیشمان لەگروهەكان توێژە كۆمەڵایەتییەكان، چینەكان، كەمایەتییەكان یان گروپە ئایینیەكان و ...هتد. لەراستیدا پەیوەندی نێوان هەردوو زانستەكە تەواوكردنی یەكترییە نەك ناكۆكبوون بەیەكتر: ئەوەی دەروونزانی تاكەكەسی تەواودەكات دەروونزانیی كۆمەڵایەتی یان گروهەكانە. شتێكی زۆر گرانە، ئەگەر نەڵێین مەحاڵیشە، بتوانین رەفتاری تاكەكەس لەژینگەی كۆمەڵایەتی-رۆشنبیریی دەوروبەری دابڕین. هەروەها مەسەلەكە ئەنجامێكی ورد نادات بەدەستەوە ئەگەر بێین تاك لەخواست و نیازە تایبەتی و سۆزدارییە خودییەكانی بێبەش بكەین. هەردوو لایەنەكەش لەباری تێهەڵكێشبوون و كارلێكردن، یان پێكدادان و دووركەوتنەوەدان.

ئەوەی هەموو زانایانی دەروونزانی لەسەری كۆكن - بەفرۆیدیشەوە - ئەوەیە تاوەكو تاك نەچێتەناو جەماوەرێكی دیاریكراوەوە ئەو چەند خەسڵەتە تایبەتەی دەستناكەوێت كەپێشتر نەیبوون، ئیدی یان ئەوەتا ئەو خەسڵەتانەی هەبووە بەڵام نەیوێراوە ئاشكرایان بكات و بەو شێوە

راشکاوییە دەریانبڕێت. لەبەر ئەم هۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەو دەروونزانییەی بەسەر گروپەکاندا – یان بەسەر جەماوەردا– پیادەدەکرێت، لەڕووی میتۆدو ئەنجامەکانەوە، لە دەروونزانی تاکەکەسی ناچێت و لەگەڵیدا جیاوازی هەیە. هەروەها تایبەتمەندێتی ڕەوای خۆشی هەیە. شتێکی سەیر نییە – ئەم حاڵەتە– لەسەر شێوەی زانستێکی جیاواز دروستبووبێت کەچی لەناو کایەی زانستە مرۆییە نوێکاندا بایەخی گەورەی پێبدرێت.

دەروونزانیی کۆمەڵایەتی مێژوویەکی دورودرێژی هەیەو دەکرێت بیگەڕێنینەوە بۆ کۆنترین فەیلەسوف و سەردەمەکان و لەئەفلاتۆن و ئەرەستۆوە دەستپێبکەین و بەلای ئیبن خەلدونی بیریاری عەرەبدا گوزەر بکەین کە لەسەدەی چواردەدا باسی لەمەسەلەی داکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی کردووە لەئیسپانیادا. وەك ئاشکراشە ئیبن خەلدون لەرێگەی ئیبن روشدەوە بۆتە خوێندکارێکی ئەرستۆو هەوڵی هەڵهێنجانی ئەو یاسا گشتیانەی داوە کەرۆڵیان هەیە لەگەشەپێدانی گروهە مرۆییەکان و داکەوتنیانداو بۆ ئەمەش فاکتەرە ئابوری و دەرونییەکان (وەك مەسەلەی عوسەبیەت)ی لەبەرچاوگرتووە. بەڵام ئەو تێڕامانانە لەشێوە سەرەتاییەکەیاندا دەمێننەوەو زۆر دووریشن لەمیتۆدەکانی دەروونزانی نوێ و ئامرازەکانی لەبواری کارکردندا. دەشێت ناوی زۆرێك لەو فەیلەسوفە ئەوروپاییانە بەرین کە چەند پێشەنگێکی دوورن لەو زانستەوە، ئەوانەی لەسەردەمی رۆشنگەرییەوە بەدواییەکداهاتوون تادەگەنە ئەمڕۆ، لەوانەش وەك هۆبز (١٥٨٨–١٦٧٩)، جان جاك رۆسۆ (١٧١٢–١٧٧٨)، فۆریە (١٧٩٢–١٨٣٧) و ئۆگەست کۆنتی دامەزرێنەری کۆمەڵناسی (١٧٩٨–١٨٥٧).





بەڵام دەبووایە چاوەڕێی هاتنی سەدەی بیست بکەین بۆ ئەوەی دەروونزانیی کۆمەڵایەتی وەك زانستێك لەسەر چەند بنەمایەکی زانستی پتەو دابمەزرێت. هەروەها دەبێت لێرەدا جیاوازییەکی کەمیش بکەین لەنێوان دەروونزانی کۆمەڵایەتی و دەروونزانی دەستەجەمعیدا (*Psychologie sociale, Psychologie collective*)، کە دەتوانین زانستەکەی دووەمیان (دەروونزانی دەستەجەمعی) بەلقێك لەلقەکانی زانستی یەکەم (دەروونزانیی کۆمەڵایەتی) دابنێین، چونکە دەروونزانیی کۆمەڵایەتی، هەروەك پێشتریش باسمانکرد، لەپەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگەدا دەکۆڵێتەوەو دواتر باس لەپرۆسەکانی تێهەڵکێشکردنی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەکات یاخود باس لەچۆنێتی گۆڕینی دەکات بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. ئەم زانستە لەتاك دەکۆڵێتەوە وەکئەوەی مرۆڤێکە لەژێر کاریگەریی تاکەکانی ترو سەرلەبەری کۆمەڵگەدایە. هەروەها تاووتوێی هەموو ئەو گرفتانەش دەکات کەپوەندیدییان بەپەروەردەکردن و رۆشنبیرکردن و ژینگەی کۆمەڵایەتی– رۆشنبیریی و مەشق و راهێنانی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی ئەم راهێنانەوە هەیە لەسەر بازنەی سۆزداریی و رەفتاری تاك. لەم بازنەدا ئەو کێشانە دەدۆزێنەوە کەپەیوەندییان بەگەڵاڵەبوونی کەسایەتی (کەسایەتی تاك)ەوە هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە، لەگەڵ رستێك لەو چەمکانەی لەخۆیاندەگرێت: وەك چەمکی رۆڵبینینی تاك و پێگەکەی و پێوەرە سروشتی و شازەکانی رەفتار، هەروەها پەیوەندی کەسەکان بەیەکترەوە لەگەڵ هەموو پرۆسەکانی کارلێکردن و بەردەوامبوون.

لەو ئامرازانەی دەروونزانیی کۆمەڵایەتی بەکاریاندەهێنێت بریتین لە: هەڵسەنگاندنە تایبەتەکانی زانستی پێوەرە دەروونییەکان، (بۆ نموونە، توێژینەوە لەبارەی ئاستی زیرەکی)، راپرسی، چاوپێکەوتنەکان، پشکنینە

مەیدانییەكانو ئەزموونە تاقیگەییەكان (التجارب المختبرية). دەوروبەری ساڵی (١٩٤٠) سێ تەوژمی سەرەكی لەگەڵ دەروونزانیی كۆمەڵایەتیدا لەناكۆكیدابوون، ئەوانیش تەوژمی رەفتارگەرایی (behavioriste) یان ئەزموونگەراییە لەڕووی میتۆدەوە، تەوژمی دەرونشیكاریی (یان كلینیكی یان پزیشكی)، تەوژمی كەلتورگەرایی پشتبەستوو بەزانستی رەگەزناسی (ئیتنۆلۆجیا).

لەو كاتەوە هەتا ئەمڕۆ توێژینەوە مەیدانیو تاقیگەییەكان لەبواری زانستی دەروونزانیی كۆمەڵایەتیدا زۆر بوونو بایەخێكی زۆریان لەڕووی تیۆرییو پراكتیكیو لەجیهانی ئەنگلۆساكسۆنیدا پەیداكردووە. فەڕەنسا بەم دواییانە هەوڵیدا پێڕابگاتو هەستی بەوەكرد رەوشەكەی لەدەستدەرچووە ئەویش بەهۆی چەند لێكۆڵینەوەیەكی سەركەوتووەوە كەبەدرێژایی بیست ساڵی رابوردو لەچەند ناوەندێكی لێكۆڵینەوەدا نوسران. بەشێوەیەكی سەرەكی هەموو بایەخەكان بەسەر ئەم دوو تەوەرەدا دابەشكران:

١- كۆمەڵێك لێكۆڵینەوە سەبارەت بەمەسەلەی دروستبوونی كەسایەتیو تێهەڵكێشكردنی بەناوەندی كۆمەڵایەتی. هەموو دەسكەوتەكانی زانستی رەگەزناسیو دەرونشیكارییو تیۆرەكانی مەشقو راهێنان بەكارهێنران. ئەم قوتابخانەیە تارادەیەكی زۆر میراتگری مارگرێت مید (Margaret Mead)ی كچە ئەنترۆپۆلۆژیستی ئەمریكییە.

٢- كۆمەڵێك لێكۆڵینەوە سەبارەت بەناكۆكیو جیاوازییەكانی نێوان گەلانو رەگەزە جیاوازەكان. لەوانەش لێكۆڵینەوەكانی ئۆتۆ كلینبێرگە كەتایبەتن بەتوێژینەوەی چینە كۆمەڵایەتییەكانو توێژە ئەتنیكیو نەتەوەییەكان. ئەم توێژینەوانە لەویلایەتە یەكگرتووەكانەوە





دەستیانپێكردو ئێستا لەفەڕەنسا، لەژێر چەتری قوتابخانەی پراكتیكی بۆ خوێندنی باڵا، بەردەوامییان هەیە. ئۆتۆ كلینبێرگ ئەو گەنجەیە كە پێشەكی بۆ ئەم كتێبەی "سایكۆلۆژیای جەماوەر" یان بابڵێین "سایكۆلۆژیای جەماوەر" نوسیوەو ئێمەش لێرەدا وەرمانگێڕاوە.

بەڵام زانستی دەروونزانیی دەستەجەمعی یان بەكۆمەڵ (La Psychologie collective) دوا لقە لە لقەكانی دەروونزانیی كۆمەڵایەتی، زۆرجاریش وەك دوابەشەكانی دەخوێندرێت، وەكئەوەی شتێكی فەرامۆشكراوو لاوەكی بێت. بەڵام وادەردەكەوێت فەرامۆشكردنی ئەم زانستە ترسناكە بۆ ئەم سەردەمەمان شتێكی ئاسان نەبێت چونكە هەموو شتێك لەرێگەی بڕو چەندایەتیو ژمارەوەیە (ئابووری، پڕوپاگەندەو راگەیاندن، ئایدیۆلۆژیای سیاسی، حیزبی، سەندیكایی یان ئایینی، پاشان ئەو پشێوییو تێكچوونە كۆمەڵایەتییانەی جەماوەر ئەنجامیدەدات، پشێوییو تێكچوونە كرێكاریی یان خوێندكارییەكان، شۆڕشەكان...هتد). هەموو ئەم دیاردانە دەچنە خانەی دەروونزانیی دەستەجەمعییەوە، یان سایكۆلۆژیای جەماوەرەوە، هەربۆیە فەرامۆشكردن یان دوورخستنەوەیان لەگۆڕەپانی توێژینەوەی زانستیدا كارێكی سەختو دژوارە. ئەمەش بۆیە دەڵێین لەبەرئەوەی دەروونزانیی دەستەجەمعی لەڕووی زەمەنەوە لەدەروونزانیی كۆمەڵایەتی كۆنترە، چونكە ئەمەی دواییان، بەرلەوەی بەشێوە زانستییەكەی لەسەر دەستی گۆستاڤ لۆبۆن گەلاڵە ببێت، لەسەدەی نۆزدەهەمداو لەلایەن چەند لێكۆڵیارێكی ئیتاڵیاییەوە دروستبوو. جگە لەمە دەرونزانیی دەستەجەمعی یان جەماوەریی لەپێشی هەموو ئەوانەوە بوو كەبایەخیان بەمەسەلەیەكی گرنگدا: ئەویش هێزی راكێشانی ئەفسوناوییە كەهەندێك لەسەركردەكان یان دیكتاتۆرەكانی دژ بەجەماوەرو گەلان پیادەیدەكەن. هەروەها

دەرونزانیی دەستەجەمعی سوودمان پێدەگەیەنێت و مێشکمان دەکاتەوە کاتێک رەگوڕیشەکانی رەفتارە کوێرەکانمان بۆ لێکدەداتەوەو ئەو هۆکارانەمان بۆ دەخاتەڕوو کەپاڵمانپێوەدەنێن بۆ چوونە نێو ریزی جەماوەرێک کەتێیدا زۆرترین حەماسەتمان بۆ رابەرو سەرکردەیەک هەیەو بەهۆش خۆمان نایەینەوە تاکو لەغەیبوبە راست نەبینەوە. رەنگە ئەمە وای لێمانکردبێت زیاتر لە "پاڵکەوتن"مان بەئاگابین لەبەردەم رابەرێکی نوێدا کە رەنگە دەربکەوێت.

## رۆڵی فرۆید لە پێشخستنی زانستی سایکۆلۆژیای جەماوەردا

بەرلەوەی باس لەرۆڵی گۆستاڤ لۆبۆن بکەین لەو بوارەدا، بڕگەیەکی کورت تەرخاندەکەین بۆ ئەو رۆڵەی سیگمۆند فرۆیدی دامەزرێنەری دەرونشیکاریی گێڕاویەتی. پێشتر باسمان لەوە کرد کە دەرونشیکاریی بایەخ بەشیکردنەوەی کەسایەتی تاک دەدات نەک دەستەجەمعی. حاڵەتێکی سەیر نییە ئەگەر ئەو کتێبانەی فرۆید بۆ توێژینەوەی دەرونزانیی دەستەجەمعی تەرخانیکردبن لەکۆتایی ژیانیدا بووبن. بۆیە قوتابییەکانی ئەمەیان بە نازانستی زانی چونکە لەژێر کاریگەریی پیریی و نەخۆشیدایە. لەراستیدا ئەوان بێزاردەبوون لەوەی کە دەروونشیکاریی، لەدەرەوەی کەسایەتی تاکەکەسەوە، بایەخ بەشتێکی تر بدات. فەرامۆشکردنیان بۆ دوا کارەکانی فرۆید یان چاوپۆشینیان لێی لێرەوەیە- وەکئەوەی تەنگاویان بکات و لەشکۆی کارەکانی یەکەمی بهێنێتەخوارو زیانی پێبگەیەنێت، چونکە ئەوان تەنها کارەکانی یەکەمیان بەکاری زانستی و جیددی دەزانی، بەڵام مێژوو راستی و دروستی پێشبینییەکانی فرۆیدو شیکارییەکانی زۆر بەزیادەوە سەلماند کە لەو کتێبانەدا هاتبوون و ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد.





فرۆیدێک کەیەکەم جەنگی جیهانی و هەڵکشانی ئاستی شالاوەکانی دژ بەسامیەتی لەئەوروپای رۆژئاوادا بەچاوی خۆی دیبێت و رووداوەکانی دواتر ناچاریان کردبێت بەرەو ئینگلتەرە کۆچبکات، چیدی نەیدەتوانی خۆی لەهەندێک پرسیاری تایبەت بەدیاردەی جەماوەر بدزێتەوەو نەزانێت کەچۆنچۆنی دەبزوێت و دەوروژێنرێت و بەهۆیەوە دەتوانێت رۆڵێکی گەورە لەناو رەوتی مێژوودا بگێڕێت. جەماوەری شوێنکەوتووی نازیزم و فاشیزم لەپێشدەمیداو لەقۆناغی ئامادەباشیدا بوون. لەکتێبە هەرە گرنگەکانی لەو بوارەدا "دەروونزانیی دەستەجەمعی و شیکاریی مـن" و "دوارۆژی وەهمـ"ـە.

لەم دوو کتێبەدا فرۆید رووە لێکچووەکانی نێوان هەندێک سرووتی رێوڕەسمئامێزو کاروکردەی شپرزە دەردەخات و ئاستی ئەو گرنگی و قەبەییە روونەدەکاتەوە کە وەهمە سیحراوییەکانی فیکر یان باوەڕە ناعەقلانییەکان بەخۆیانی دەدەن. بەڵام دوو کتێبەکەی تریان، کەدواتر دەرچوون، بەردەوامبوونێک بوون بە وانەی پێشترو درێژکردنەوەیەکیش بوون بۆ شیکردنەوەکانی رابوردو تاکو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش بگرێتەوە، کەئەوانیش "ناساغی شارستانیەت"و "موساو ئایینی یەکتاپەرستی" بوون.

ئەوەی راستی بێت دەروونزانیی کۆمەڵایەتی لای فرۆید تەنها گواستنەوەی زاراوەکانی دەرونشیکاریی و پراکتیزکردنیەتی بەسەر ئەو زانستەدا، بەهەندێک دەستکارییەوە، تابگونجێت لەگەڵ گرۆ و جەماوەردا. فرۆید وایدەبینێت کەجەوهەری گرفتەکە لەسەر هەردوو ئاستەکە لەناوەخنەکانیدایە: ئاستی تاک و ئاستی گروە. کاتێک دەگوترێت لەناوەخندایە ئەوە دیارە مەبەستی لەنەستە. بەڵام فرۆید لەگەڵ بیرۆکەی

ئەو نەستە دەستەجەمعییەدا نییە کەهەریەك لەیۆنگ‌و گۆستاڤ لۆبۆن بەکاریدەهێنن. چونکە فرۆید تەنها ئەو دەرونشیکارییە بەزانستی دەزانێت کەخۆی دامەزرێنەریەتی نەك ئەوەی کە یۆنگ دایمەزراندووە. هاوکات هەمان ئەو چەمك‌و میکانیزمانەی لەنەستی تاکدا دۆزیبوونیەوە جارێکیتر بەسەر نەستی دەستەجەمعیدا پیادەیدەکاتەوە. هەربۆیە زاراوەی لیبیدۆ، کە بەواتای ئەو زیندە وزە وەنەوشەییە دێت کەغەریزەی ژیانی هەڵگرتووە، جێگەیەکی سەنتەرئامێزی گرتووە، بەهەمانشێوە غەریزە سێکسی‌و دوژمنکارییەکان‌و چەمکی من‌و بەرزەمن‌و ...تاد.

ڕۆبێر ماندرۆ، وەك یەکێك لەپێشەنگەکانی دەروونزانیی مێژوویی یان مێژووی عەقلانیەت لەفەڕەنسادا، پێیوایە فرۆید ویستویەتی ئەو میتۆدە کەشفبکات کەتوانای ئەوەی دەداتێ "ئەو مەودایە نەهێڵێت کەدەروونزانیی تاك لەدەروونزانی دەستەجەمعی جیادەکاتەوە". بەڵام هەندێك لەشوێنکەوتووانی فرۆید، کە لەژێر کاریگەریی ئەودا پەیدابوون، هەوڵیاندا بەگوێرەی حەزو ئارەزووی خۆیان جەماوەرو گەلان لێکبدەنەوە: لێکدانەوەکەش لەرێگەی زێدەڕۆییکردنەوە بێت لەبەکارهێنانی زاراوەکانی بەژەهراویکردندا (ژەهراویکردنی کەسەکان لەرێگەی پڕوپاگەندەکانەوە)، یاریکردن بەخەڵك‌و ئامرازەکانی پڕوپاگەندەکردن. ماندرۆ وای بەباش دەزانێت خۆمان لەو خاڵە بەدووربگرین‌و ئەمەش ئەو بەڵگەنەویستەمان وەبیردەهێنێتەوە کەپێیوایە: سایکۆلۆژیای توێژێك لەباری دەستەجەمعیدا بریتی نییە لەکۆی سایکۆلۆژیای تاکەکانی. بەهەمانشێوە گروپیش بەرەنجامی کۆی تاکەکانی نییە. ئەمەش لەو بۆچوونەی لۆبۆن دەچێت کە لەبارەی جیاوازیی تاکی دابڕاوەوەیە لەجەماوەر، کەپێیوایە دەبێت تاك بچێتە ریزی جەماوەرەوە تاکو بگۆڕێت‌و بتوێتەوە.





ناکرێت میتۆدەکانی دەرونشیکاریی، کەتایبەتن بەتاکەکەس، بەسەر گروهەکانیشدا پراکتیزە بکرێن، مەگەر لەسنورێکی تەسك‌و لەدوای هەمووارکردنێکی زۆر بێت. بەڵام وەك دەزانرێت رای گشتی بەربڵاو ئەو شتانە لەشێوازی داوەری پێشوەختەدا پیادەدەکات. بەڵام لەجەوهەردا ئەوانەش چەند داوەرییەکی رەگەزپەرستانەن چونکە، بۆ نموونە، دەڵێت کەسی موسوڵمان دەمارگیرە لەبەرئەوەی موسوڵمانە، یان عەرەب لەجەوهەردا دواکەوتوو کەنەفتە لەبەردەم دروستکردنی شارستانێتیدا تەنها لەبەرئەوەی عەرەبە (ئەمانە چەند داوەرییەکی رەگەزپەرستانەن‌و لەنێو راستڕەوی توندڕەوی ئەوروپیدا لەسەدەی نۆزدەوە تا ئەمڕۆ زۆر تاویانسەندووە، بۆ نموونە، سەیری هەندێك لەوتارەکانی جان ماری لۆبانی رابەری راستڕەوی توندڕەو لەفەڕەنسادا بکە).

چاکترە لێرەدا کەوانەیەك بکەینەوەو بڵێین کەپێداگریی گۆستاڤ لۆبۆن بۆ سەر مەسەلەی ئەتنیك، وەکئەوەی فاکتەری یەکلاکردنەوە بێت بۆ دیاریکردنی رەفتاری تاك‌و گەلان، لەڕووی زانستییەوە ئەوە بۆتە شتێکی رزیوو نابەجێ. بەڵام ناتوانین لەپێداگریی ئەو تێبگەین لەسەر مەسەلەی ئەتنیك هەتاکو لەسیاقە مێژووییەکەی سەدەی نۆزدەدا داینەنێین کەتێیدا تیۆرەکانی رەگەزپەرستی تاویانسەندو خۆیان لەگەڵ فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمدا گرێدا- یان چوو دەستی خۆی لەگەڵ شێوازێکی قرچۆك لەشێوازەکانی پۆزەتیڤیزم‌و خۆ بەعیلمیزان ( علموی–*Scientisme*) دا تێکەڵکرد، تەنانەت فرۆید خۆشی گیرۆدەی ئەم دەردە بوو لەبەرئەوەی لەوسەروبەندەدا ئەوانە ئایدیۆلۆژیای زاڵی ئەو سەردەمە بوون، بۆ نموونە

دەنوسێت: "هەموو تاکێك سەربە رۆحێکی دەستەجەمعی و کۆمەڵە، رۆحی رەگەزەکەی، رۆحی چینەکەی، رۆحی تایەفەکەی..."[1].

لەهەموو حاڵەتێکدا، بەکارهێنانی میتۆدەکانی دەروونزانی و دەرونشیکاریی بۆ توێژینەوە لەجەماوەر، بەئامانجی تێڕامان و وردبوونەوە لێی و هەڵەشە نەکردن، کارێکی رێگەپێدراوە. هەروەها بەو مەبەستەش کە بەکارنەهێنرێت بۆ قووڵکردنەوەی داوەرییەکانی رەگەزپەرستی کە هەندێکجار لۆبۆن ئەمەی کردووە. جەماوەر هەر جەماوەرە لە هەرکوێیەك بێت. ناکرێت جیاوازی لەنێوان جەماوەری لاتینی و جەماوەری ئەنگلۆساکسۆنی و جەماوەری ئیسلامی یان عەرەبی و...هتد...دا بکەین کاتێك لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا جەماوەرت بینی راپەڕیوەو داروبەردی هێناوەتەخوار یان لەپێناو پرسە مەزنەکاندا بەشێوەیەکی زۆر بەخشندانە قوربانی بەخۆیداو خۆی بەختکرد. ئەگەر زاراوەکانی دەرونشیکاریمان قەرزکردو بەشێوەیەکی ژیرانەو بەنەرمی بەکارمانبرد ئەوا دەتوانین بۆ نموونە، دیاردەکانی تایبەت بەجەماوەر بەدیاردەی "تەنینەوە" یان "دنەو جۆشدان" راڤەبکەین. گەورە مێژوونووسی فەڕەنسایی جۆرج لۆڤیڤەر بۆ توێژینەوەکانی لەبارەی شۆڕشی فەڕەنسییەوە وایکرد. بەباشی سوودی لەلێکۆڵینەوەکانی لۆبۆن وەرگرت بۆ تێگەیشتن لەدیاردەی جەماوەری شۆڕشگێڕ (بڕوانە کتێبەکەی: چەند توێژینەوەیەك لەمەڕ شۆڕشی فەڕەنسا، ساڵی ١٩٥٤، لەبڵاوکراوەکانی زانکۆی فەڕەنسا).

[1] بڕوانە رۆبێر ماندرۆ، "ئینسایکلۆپیدیای گەردوونیانەی فەڕەنسی– الانسیکلوبیدیا الکونیە الفرنسیە، بابەتی "مێژوویی عەقلیات"، لەفرۆید وەرگیراوە.
Robert Mandrou, L'Encyclope'die Universalis, Article: histoire des mentalite's.





## زانستی جەماوەر لەنێوان
## ئایدیۆلۆژیا ئایینی و ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکاندا

لەرابوردودا ئایین یان بابڵێین ئایدیۆلۆژیای ئایینی، جەماوەری جۆشدەدا بۆ ئەوەی بیخاتە ریزی بزووتنەوە گەورەکانەوە (وەك جەنگەکانی خاچپەرستان، یان وەك پڕوپاگەندەکەی عەباسییەکان کەدەوڵەتی ئەمەوی هەڵگەڕاندەوە، هتد...) دوای ئەوەی ئەوروپا لەسەردەمە نوێکاندا بەعەلمانی بوو، لەوێوە ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکان جێگەی ئایدیۆلۆژیا ئاینییەکانیان گرتەوەو ئەوان ئەو ئەرکەیان ئەنجامدا. چیدی ئەوە پارتە سیاسییەکان و سەندیکاکانی کرێکاران بوون جەماوەریان ئاڕاستە دەکردو وایانلێدەکردن بڕژێنە سەر شەقام). لەبری جەنگە ئاینییەکانی نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیك لەرابوردودا، جەنگە عەلمانییەکانی نێوان پارتە سۆشیالیستی و پارتە لیبرالییەکان جێگەیان گرتەوە. لەمبارەیەوە (ب. ئەدیلمان)ی لێکۆڵەر دەڵێت: "سیاسەت جێگەی ئایینی گرتەوە، بەڵام هەمان کارەکتەرە دەروونییەکانی لێوەرگرت. بەواتایەکی تر سیاسەت بووە ئایینێکی بەعەلمانیکراو، هەروەك چۆن مرۆڤیش لەئاییندا بووە کۆیلەی دەستی وێنا تایبەتییەکانی خۆی"[2]. بەڵام لەچەند ساڵی رابوردودا جەماوەرێکی جۆشدراوی زۆرمان لەوڵاتانی غەیرە ئەوروپی و ناعەلمانیدا بینی بەهۆی ئایینەوە، یان بابڵێین بەهۆی ئایدیۆلۆژیا ئاینییەکانەوە، جۆشدرابوون.

هەتا ئەو دەمەش زانستی جەماوەر بەگشتی تەنها بایەخی بەبزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەدا (وەك گێرەشێوێنی و یاخیبوونەکان، هەڵچوونی

[2] بڕوانە ب. ئەدیلمان، مرۆڤی جەماوەر، پاریس، ١٩٨١، ل٧.
B. E delman, L'homme des foules .

جەماوەریی، مانگرتنەكان و ڕێكخستنەكانی سەندیكاو كرێكاران). لەپاڵ بایەخدانی بەجەنگەكانی خاچپەرستان كە لەرابوردودا روویاندابوو.

بەڵام لەسەردەمی ئێستاماندا – بەتایبەتیش لەبیست ساڵی رابوردویدا– بایەخ بەدیاردەیەكی نوێ دەدەن ئەویش جەماوەری سیاسی لەقاڵبدراوە. لەژێر كاریگەریی بەرهەمەكانی گۆستاڤ لۆبۆن و فرۆیدو تارد دا چەند لێكۆڵەرێكی نوێ دەركەوتن و بایەخیان بەو دیاردەیە دا، لەوانەش وەك "جان بۆردیار"ی گەورە كۆمەڵناسی فەڕەنسی و كتێبەكەی "لەژێر سایەی زۆرینە بێدەنگەكاندا – في ظل الاغلبيات الصامتة"، پۆل ئەدیلمانی ناوبراوو كتێبەكەی"مرۆڤی جەماوەر– انسان الجماهير"، پاشان سێرج مۆسكۆڤیچی و كتێبەكەی "سەردەمی جەماوەر– عصر الجماهير".

هەموو ئەم لێكۆڵیارانە، هەریەكەو بەشێوازی تایبەتی خۆی، یەك پرسیار دەخەنەڕوو كەپەیوەندیدارە بەو دیاردە نوێیەی پێیدەگوترێت: جەماوەر. دواتر پرسیار دەكەن لەوەی كەچۆن جەماوەر بەو هێزەوە سەركەوتە سەر شانۆی مێژووی هاوچەرخ. هەروەها ئەو سەركردانەی بزوێنەری جەماوەر بوون، لەچەشنی: هێتلەر، مۆسۆلینی، ماوتسی تۆنگ و گاندی، بوونە جێگەی پرسیار (بەبێ ڕەچاوكردنی بەهای حوكمڕانێتییە پۆزەتیڤەكەی شایستە بە گاندی كە لەوانی تری جیادەكاتەوە، بەجۆرێك كە گاندی لەتای تەرازووی هاودژدایە لەگەڵ هێتلەردا. بەڵام مەسەلەكە لێرەدا تەنها پەیوەندی بەتوانای جۆشدان و قەبارەی ئەو جۆشدانەوە هەیە).

ئەو پرسیارەی جەماوەرناسی، یان دەروونزانیی كۆمەڵایەتی دەیخاتەڕوو ئەوەیە كە: ئەو سەركردانە چۆن توانیان ئەو جەماوەرە زۆرە بەو قەبارەیەوە جۆشبدەن؟





دیارە ئەمڕۆ لێكۆڵەرەوان لەودیو ئەو لێكۆڵینەوانەوە بەشوێن دۆزینەوەی ڕێگەیەكەوە نین بۆ زانینی چۆنێتی كۆنترۆڵكردنی جەماوەرو دەستبەسەراگرتنیان، وەكئەوەی گۆستاڤ لۆبۆن كردوویەتی، بەڵكو بەپلەی سەرەكی لەهەوڵی لێكۆڵینەوەی ئەو هەلومەرجانەدان كەوا دەكەن دیاردەی جەماوەر لەم وڵات یان ئەو وڵات، لەم هەلومەرجی زەمەنی یان ئەویتردا سەرهەڵبدات، كە رەنگە چەند فۆرمێك لەحوكمڕانی دیموكراسی بەرهەمبهێنن یان لەوانەشە چەند فۆرمێكی دیكتاتۆری و ئیستبدادی بخەنەوە.

## گۆستاڤ لۆبۆن كێیە؟

جارێ پێش هەر شتێك ئەو دامەزرێنەری "دەروونزانی جەماوەر"ە. ساڵی (١٨٤١) لەناوچەی نۆرماندی لەدایكبووەو ساڵی ١٩٣١ لەپاریس كۆچی دوایی كردووە. خاوەن عەقڵێكی مەوسوعی بووە لەڕووی گەڕان بەدوای مەعریفەداو لەچەندین بوارو كایەی زانستیدا بابەتی نوسیوە. سەرەتا لەزانستی پزیشكییەوە چووە بۆ زانستی فیزیای تیۆریی و لەوێشەوە بەرەو زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا و شوێنەوارناسی لەهیندستان پەڕیوەتەوەو بەمەش رەوتی لۆبۆن دورودرێژو پەلوپۆدار بووە. دواجار لەبواری دەروونزانی یان بابڵێین دەروونزانیی كۆمەڵایەتیدا گیرساوەتەوەو هەرچی لەهەگبەكەیدا بووە هەڵیڕشتووەو ناوو ناوبانگێكی گەورەی دەركردووە. چاكترە لێرەدا ناوی هەندێك لەو كتێبانەی باسبكەین، كە لەكاتی خۆیدا دەنگیانداوەتەوە، بۆ ئەوەی شتێك لەبارەی بیرفراوانی و دەوڵەمەندیی خەم و بایەخەكانیەوە دەربخەین:

١. (شارستانێتی عەرەب – حضارة العرب) (١٨٨٤)

خۆشبەختانە کۆمپانیای نیشتمانی بۆ چاپکردن و دابەشکردن لەجەزائیر ساڵی ١٩٦٩ سەرلەنوێ ئەم کتێبەی چاپکردەوە، واتە نزیکەی سەد ساڵ دوای دەرچوونی ! (٤٩٤ لاپەڕەیە).

٢. (شارستانێتییەکانی هیندستان – حضارات الهند) (١٨٨٧).

٣. (شارستانێتییە بەراییەکان – الحضارات الاولی) (١٨٨٩).

٤. (یاسا دەروونییەکانی گەشەکردنی گەلان– القوانین النفسية لتطور الشعوب) (١٨٩٤).

٥. (سایکۆلۆژیای جەماوەر – سایکولوجية الجماهیر) (١٨٩٥)، ئەمە ئەوەیانە کەئێمە وەریدەگێڕینە سەر زمانی عەرەبی.

٦. (سایکۆلۆژیای سۆشیالیزم – سیکولوجية الاشتراكية) (شیکردنەوەی سۆشیالیزم لەروانگەیەکی سایکۆلۆژییەوە).

٧. (بیروڕاو باوەڕەکان = الآراء والعقائد) (١٩١١).

٨. (شۆڕشی فەڕەنسی و سایکۆلۆژیای شۆڕشەکان – الثورة الفرنسية وسايكولوجية الثورات).

ئەمانە ناونیشانی هەندێك لەکتێبە سەرەکییەکانێتی کەزیاتر لەپەنجا کتێب دەبن جگە لە وتار. هەروەها کتێبێکی تریشی هەیە بەناونیشانێکی زۆر جوان و نایابەوە: (ژیانی راستییەکان– حياة الحقائق) (١٩١٤). ئەم کتێبە بەم دواییە لەلایەن (کۆمەڵەی هاوڕێیانی گۆستاڤ لۆبۆن)ـەوە چاپکرایەوەو تێیدا ئەبستمۆلۆژییەکەی، واتە تیۆرییەکەی لەفەلسەفەی مەعریفەدا، دەخرێتەڕوو.

راستییەکان موتڵەق و ئەبەدی نین، بەڵکو مێژووی دیاریکراوی خۆیانیان هەیەو رەنگە تەمەنیان لەتەمەنی گوڵەکان زیاتر نەبێت و لەوانەشە چەندین





سەدە بژین. راستییەکان وەك هەر بوونەوەرێکی تر ساتەوەختی لەدایکبوون و گەشەکردنی خۆیانیان هەیە، پاشان ساتەوەختی هەڵوەرین و پیربوون و مردن.

کاترین رۆفیەی کچە لێکۆڵیار پێیوایە فەلسەفەی مەعریفەی لۆبۆن لەڕووی رێژەییبوون و گوماندارییەوە، تارادەیەکی زۆر، لەفەلسەفەی مەعریفەی کارل پۆپەر (Karl Popper) دەچێت (پۆپەر گەورەترین زانای ئەپستمۆلۆژیای ئەم سەردەمەمانە).

زۆربەی پسپۆڕان پێیان لەوە ناوە کەکتێبی (سایکۆلۆژیای جەماوەر)، بێچەندوچوون، لەکتێبە هەرە بەناوبانگەکانیەتی، ئەم کتێبە پێگەیەکی بەرزو بڵندی لەجیهانی فیکرو مەعریفەدا بەخشییە لۆبۆن. تاکە کتێبیەتی کەزانکۆ خستویەتییە پرۆگرامی خوێندنی خۆیەوەو وەك سەرچاوەیەك بەکاریهێناوە، لەکاتێکدا خاوەنەکەی بەدرێژایی هەموو ژیانی، لەگەڵ هەوڵی زۆریشیدا، وەك مامۆستایەك پەسەند نەکرا. بەڵام ناوی چەندێك لەو مامۆستایانەی زانکۆی فەڕەنسای ئەو کاتە تائێستا ماون و کوێرنەبوونەتەوە؟ جگە لەناوی دۆرکهایم، کێ ناوێکی تری هاوژیانی گۆستاڤ لۆبۆن دەزانێت؟ ئەمەیە کوێربوونەوەی ناوی پۆستە رەسمییەکان و مانەوەو درەوشانەوەی ناوی بلیمەتانی لوتکەئاسا لەسەروو پۆست و ناوەندەکانەوە.

دواتر زۆربەی لێکۆڵیارانی جیهانی لەپێناو شیکردنەوەی دیاردەی جەماوەردا پشت بەم کتێبە دەبەستن. ئەمە، هەروەك سێرچ مۆسکۆڤیچی پێیدەڵێت، دەسکەوتی پێشەنگێکی بلیمەت و خاکییە پێکەوە. هەرچی دوو پێشەنگەکەی تریشە بریتین لەگابرێل تاردو فرۆید. تارد لەهەمان زەمەنی لۆبۆندا ژیاوەو هاوتەریبی ئەو خەریکی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بووە. تارد

پۆستە هەرە بەرزەكانی زانكۆی بەركەوتووەو كراوەتە مامۆستای فەلسەفە لەكۆلێژی دوفرانسن كە لەزانكۆی سۆربۆندا بەبڵندترین شوێن دادەنرێت. تارد رەخنەی لەم كتێبەی لۆبۆن گرتووەو كتێبێكی تەواوی لەسەر ئەم كتێبە نوسیوە بەناوی: بیروڕاو جەماوەر (الراي والجمهور). ئەم كتێبە ساڵی (١٩٠١)، واتە شەش ساڵ لەدوای دەرچوونی كتێبەكەی لۆبۆنەوە، دەرچووە. هەروەها فرۆیدیش لەو كتێبەی كەباسكرا ستایشی رۆڵی لۆبۆنی كردووە لەو بوارەدا، ئەگەرچی هەندێك سەرنج و رەخنەشی لەبارەوە هەیەو دەڵێت: "بەتەركیزكردنی لەسەر رۆڵی نەست لەژیانی دەروونیدا، سایكۆلۆژیای بەڕێز لۆبۆن زۆر لەسایكۆلۆژیاكەی ئێمە نزیكدەبێتەوە"[٣].

## سیاقی مێژوویی و ئەو ژینگەیەی كتێبەكەی تێدا نوسراوە:

بۆئەوەی لەفیكری لۆبۆن تێبگەین، دەبێت ئەوە بزانین كەتەمەندرێژییەكەی لۆبۆن دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخساندووە كە زۆر شت ببینێت، لەوانەش سەركەوتنی زانست لەكۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەو قەیرانەكانی سیستمگەلی دیموكراسیی پەرلەمانی و سەرهەڵدان و هەڵكشانی ئەستێرەی سۆشیالیزم و دواتر دەركەوتنی ئەو هێزە جەماوەرییانەی لەگەڵ سۆشیالیزمدا هاتن و جێگەی دڵەڕاوكێی ئەو بوون.

تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بەسیاقی مێژوویی سیاسیشەوە هەیە، پێویستە ئەوەمان لاڕوون بێت كە فەڕەنسا لەجەنگی دژ بەئەڵمانیای ساڵی

[٣] سیگمۆند فرۆید، چەند وتارگەلێك لەدەروونشیكاریدا، بڵاوكراوەكانی بایۆ، ١٩٧٢، پاریس ل٨٩. S. Freud
Essais de psychnalyse, Payot, Paris, ١٩٧٢.





(١٨٧٠)دا شكستیخواردو ئەمەش وایكرد لەبارێكی یاخیبوونی جەماوەریدا بژی كەخۆی لەكۆمۆنەی پاریسدا بەرجەستەكرد.

بۆ روبەڕوبوونەوەی هەموو ئەمانە، لۆژیك وایدەخواست كەدەبێت حكومەتێكی بەهێز هەبێت تابتوانێت رەوشەكە رابگرێت و شكۆو سەروەریی بگەڕێنێتەوە. بەڵام ئەوەی هەبوو نابووتی حكومەتەكان و دابەشبوونی پارتە سیاسییەكان بوو لەگەڵ یەكتردا، بەجۆرێك، كەنەتوانن بەرەنگاری یاخیبووان ببنەوە.

دەوڵەتی فەڕەنسی هەستی بەدوو جۆر مەترسی دەكرد: یەكەمیان دەرەكی كەئەڵمانیا بوو، دووەمیشیان ناوەكی كەشۆڕشی فەڕەنسی بوو، ئەو شۆڕشەی كەزیاتر لەسەدەیەك بوو نەدەزانرا كۆتاییەكەی چۆن دەكەوێتەوەو بە چی تەواو دەبێت، تارمایی ئەم شۆڕشە باڵی بەسەر سایكۆلۆژیای فەرمانڕەواكاندا كێشابوو.

یەكێك لەگەورە مێژوونووسانی شۆڕشی فەڕەنسی فرانسوا فۆرییە دەڵێت:"مێژووی سەدەی نۆزدەهەم بەگشتی مێژووی ململانێی نێوان شۆڕش و دژە شۆڕشە، ئەمەش بەچەندین بازنەدا تێپەڕیوە وەك ١٨١٥، ١٨٣٠، ١٨٤٨، ١٨٥١، ١٨٧٠، كۆمۆنەی پاریس...تاد"[٤].

بۆ ئەم مەبەستە هێندە بەسە تین ئۆرینان یان تەنانەت رۆمانەكانی ئیمیل زۆلا بخوێنینەوە – هەرچەند ئەمانە لەرووی تێڕوانینی موحافیزكارانەو پێشكەوتنخوازییەوە جیاوازییان لەگەڵ یەكتردا هەیە- تاوەكو بەوردیی لەبوونی ئەو ترسە تێبگەین كە فەرمانڕەوایان لەچینە شەعبییەكان هەیانبووە. لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییەدا پێویستبوو لەسەر

[٤] بڕوانە فرانسوا فۆریە، بیركردنەوە لەشۆڕشی فەڕەنسی، گالیمار، ١٩٨٧، ل١٦.
Francois Furet: Penser la Revolution francaise, Gallimard, Paris, ١٩٧٨, P.١٦.

بیریاران رووداوەکان لێکبدەنەوەو شرۆڤەیان بکەن، ئەمەش وەك دۆزینەوەی کلیلێکە بۆ کردنەوەی هەموو دەرگاکانی سەردەمی نوێ و هەڵهێنانی مەتەڵەکە. لەو دەمەدا هەموو خەڵکی فەرەنسا لەسیستمی کۆمەڵایەتی وردەبوونەوەو چاودێریی شلۆقی سیستمە سیاسییەکەیان و ناسەقامگیرییەکەیان دەکرد. هەوڵی دژە شۆڕش و گێڕانەوەی تەخت و تاراجی رژێمی کۆن، بەرژێمی پاشایەتی و کڵێساو قەشەکانیەوە، ئاکامێکی حەزپێکراو نەبوو، هەرچەندە ئەو بیروباوەڕانەش برەویان سەندبوو کەبیروبۆچوونەکانی جیهانی نوێیان تۆمەتبار دەکردو نەفرەتیان لەوانەش دەکرد کە بیروبۆچوونەکانی وەك ( بۆچوونە زانستییەکان، مافی دەنگدانی گشتی، پرەنسیپی باڵای یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان...تاد) بڵاودەکەنەوە.

گۆستاڤ لۆبۆنی تیۆرمەند، رێکەوڕاست، لەو سەروبەندەدا دەرکەوت. هەرچەندە زانکۆو ئەکادیمیای زانستەکان وەریان نەگرت، بەڵام بەمە نەك هەوڵە زانستییەکەی لەبارنەبرا بگرە تێگەیشتنێکی تریشی بەخشییە زانست، هەر لەفیزیای تیۆرییەوە تادەگاتە ئەنسرۆپۆلۆژیاو دەروونزانی...هتد. لۆبۆن لەدەرەوەی بازنەی رەسمی گەورەپیاوانی زانکۆو مامۆستاکانەوە کاردەکاتە سەر روبەری رۆشنبیریی و لەچەندین بواری تیۆری جۆربەجۆردا کتێب لەدوای کتێب دەردەکات. لەماوەی چەند ساڵێکدا زیاتر لە ١٠ کتێب لەبارەی هەموو تیۆرەکانی بایۆلۆژیاو ئەنسرۆپۆلۆژیاو سایکۆلۆژیا دەنوسێت. وردە وردە ئەو تیۆرەیە گەڵاڵە دەکات کەتایبەتە بەباری دەروونی گەلان – یان سایکۆلۆژیای گەلان– و رەگەزەکانی مرۆڤایەتییەوە. سوود لەهێڵە گشتییەکانی مێژوونووسی کۆمەڵایەتی هیبۆلیت تێن (Taine) و گەورەترین تیۆرمەندی رەگەزپەرستی فەرەنساو سەرتاسەری ئەوروپا، گوبینۆ، وەردەگرێت. هەندێك لەمێژونووسان





پێیانوایە بەشداریکردنی لۆبۆن لەگەڵاڵەکردنی ئەو تیۆرەیەدا شتێکی یەکلاکەرەوە بووە، بەجۆرێك، جێگەیەکی بەرچاوی ئەوتۆی پێببەخشێت کەجێگەی ئێرەیی بێت: ئەویش بوونیەتی بەپێشەنگی فەلسەفەی رەگەزپەرستی لەئەوروپادا! بەڵام بۆچوونێکی تر هەیە لەبارەی رەگەزپەرستی یان نارەگەزپەرستی لۆبۆنەوە، کەدواتر دێینە سەری.

لەسەروبەندی شیکارکردنی بابەتەکانی ئەم دەروونزانییەدا، لۆبۆن لەگەڵ دیاردەی جەماوەردا یەکانگیردەبێت، بەتایبەتیش جەماوەری بزاوتە شەعبی و ئیرهابییەکان. لێکۆڵەرە ئیتاڵیاییەکان چەند کتێبێکیان لەبارەی ئەو دیاردەیەوە نووسیوەو شاڵاوی جەماوەریان بۆ سەر شانۆی رووداوەکان بەوە لێکداوەتەوە کە شارستانێتی ئەورووپی بەرەو قۆناغی بەربەریەت و هەمەجیەت دەباتەوە. زیرەکی لۆبۆن لەوەدا بوو کە: زانی چۆن سەرنجی بخاتە سەر ئەو بابەتەو لەروانگەیەکی نوێباوەوە باسیبکات و تیۆرەیەکی کامڵ و تێکسمراوی لەسەر هەڵچنێت. جەماوەریش، هەروەك پێشتریش باسمانکرد، زۆر پێویستیان بەمە هەبوو.

لۆبۆن سەرەتا هات هەلومەرجی دیموکراسی پەرلەمانی دەستنیشانکرد، کەزادەی شۆڕشی فەرەنساو جێگرەوەی رژێمی پاشایەتی و موتڵەقخوازی تەقلیدی بوو. ئەو نەهات بڵێت چارەسەری لەگەڕانەوەدایە بۆ رابوردوو، وەك هەندێك لەوانەی شیوەنیان بۆ گەڕانەوە بەرەو دواوە دەکرد، یان بێت بڵێت سۆشیالیزم رێگەچارەیە، بەڵکو چارەسەری بەلای ئەوەوە لەوەدابوو چاکسازی لەسیستمی پەرلەمانیدا بکرێت بەجۆرێك کەبگونجێت لەگەڵ هەلومەرجە نوێکاندا. نەخۆشی بنچینەیی سیستمەکە بەلای ئەوەوە نەبوونی پلان و بێ ئیرادەیی بوو. وەکدەزانرێت تۆکمەیی حوکمڕانێتی و بەهێزیی فەرمانڕەوایان دەبنەهۆی سەقامگیریی لەسیستمی کۆمەڵایەتیدا،

لەكاتێكدا نەبوونی ئەو هێزو پتەوییە گەڕەلاوژێو تێكچوونی ڕەوشەكەی لێدەكەوێتەوە.

بێزاریی لۆبۆن لەبەرامبەر جەماوەری شەعبیدا ناشاردرێتەوە، بەڵام ئەوەیە تازە جەماوەر بۆتە ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگر، هەربۆیە ئەویش وەك هەر زانایەكی پۆزەتیڤیست ناتوانێت بێز لەو ڕووداوە ماتەریانە بكاتەوە كەهەن، بەڵكو دەبێت لێكۆڵینەوەیان لەبارەوە بكاتو تێیانبگاتو لەبەرچاویان بگرێت. بەمجۆرەو بەشێوەیەكی زانستیانە دەستدەكات بەلێكۆڵینەوە لەبارەی دیاردەی جەماوەرەوە. ئەو میتۆدە شیكاریی و دەستنیشانكردنەكەی لەمێژووناسی ئابووریناسیدا نادۆزێتەوە، بەڵكو تەنها لە دەروونزانیدا دەستیدەكەوێت. دەروونزانی فێری ئەوەمان دەكات كە"جەماوەر ڕۆحێكی" هەیە لەهەڵچوونو ئینفعالاتی سەرەتایی پێكهاتووەو كۆڵەكەكانی لەسەر باوەڕە ئیمانییە بەهێزەكان داچەقاندووە. ئەم ڕۆحەی جەماوەر زۆر قووڵترە لەوەی دەستی بیركردنەوەی عەقلانی و لۆژیكیانەی بگاتێ. هەرچۆن "ڕۆحی تاك" ملكەچی جۆشدانەكانی كەسی خەولێخەری موگناتیسی (یان پزیشك) دەبێتو وا لەكەسێك دەكات خەوی لێبكەوێت، بەهەمانشێوە "ڕۆحی جەماوەر"یش ملكەچی جۆشدانەكانو ئاماژەكانی ئەو سەركردەیە دەبێت كەدەزانێت چۆن ئیرادەی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت. لەحاڵەتی هەژانو ترسێكی لەمجۆرەدا هەر كەسێكی ناو جەماوەر بگریت چەند كارێكی هەڵاوێرد (استثناء) دەكات كەهەرگیز ئامادەنییە هەمان ئەو كارە بەتەنیایی یان لەكاتێكی تردا كەهۆشیارو بەئاگایە ئەنجامیبدات. سەركردە لەبری بۆچوونی لۆژیكیو واقیعی دەچێت وێنە سروشبەخشو دروشمە دڵهەژێنەكان بەكاردەهێنێت بۆئەوەی ڕۆحی جەماوەر بكڕێتو دەستی بەسەردا بگرێت.





بیرۆكەی بنچینەیی لەتیۆرەی گۆستاڤ لۆبۆندا شتێكی زۆر سادەو ئاشكرایە. ئەو دەیەوێت بڵێت كەهەموو ئەو كارەساتانەی لەرابوردوویەكی نزیكدا تووشی فەڕەنسا هاتوون، بەهەموو ئەو تێكشكانو دژوارییانەی دووچاری هاتوون، هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ هوروژمبردنی جەماوەر بۆ سەر شانۆی مێژوو بەبێ ئەوەی زانیاری لەبارەی بەرەنگاربوونەوەیەوە هەبێت. لێرەوە دەتوانین هۆكاری لاوازیی سیستمی پەرلەمانی دیموكراسی بگەڕێنینەوە بۆ نەزانینو جەهلمان بەرامبەر بەیاساكانی دەروونزانی و شێوازەكانی بەڕێوەبردنی جەماوەر. هەندێك دەڵێن لۆبۆن خەوی بەسیستمی پەرلەمانییەوە بینیوە لەسەر شێوازی ئینگلیزی. هەندێكی تریش دەڵێن كەئەو پێش كۆماری پێنجەم كەوتووە، كەدواتر دیگۆل دایمەزراند، هەروەها زۆرینەیەكی بەهێزی لەپەرلەماندا بۆ سەرۆكی دەوڵەت دەستەبەركردووە بەجۆرێك كەبتوانێت حوكمڕانێتییەكی باشی فەڕەنسا بكات. لۆبۆن هیچ دوودڵو بێ ورە نەبووە لەوەی لەكاتی كۆماری سێهەمدا رویداوە، بەتایبەتیش لەكاتی كۆماری چوارەمدا (كەحكومەت هەموو دوو مانگ یان سێ مانگ جارێك هەڵدەوەشایەوە).

دوای ئەوەی لۆبۆن بەشێوەیەكی سادەو سانا گوزارشتی لەو بیروبۆچوونانە كردو لەشێوەی تیۆرەیەكی زانستیانەی تۆكمەو تێكسمڕاودا خستینیەڕوو، بەمە ناوو ناوبانگی دەركردو ئەو پێگە بەرزەی بەدەستهێنا كەخەوی پێوەدەدی لەوەی بتوانێت لەرێگەی زانكۆ یان ئەكادیمیای زانستەوە بەدیبهێنێت. سێرچ مۆسكۆڤیچی، كەئەمڕۆ بەیەكێك لەگەورە زانایانی دەروونزانیی كۆمەڵایەتی دەناسرێت لەفەڕەنسادا، لەمبارەیەوە دەڵێت:

"لۆبۆن لەماوەیەكی كورتخایەندا بووە مامۆستای فیكری سەرتاپای قۆناغێك بەگشتی. هەتا مرد بەدرێژایی تەمەنە زۆرەكەی پارێزگاری لەو شوێنە كرد(...). كاتێك نیشتەجێی ماڵەوەبوو لێینەدەگەڕانو پەیتا پەیتا گەورە كەسایەتییە زانستیو فیكرییو سیاسییەكان سەردانیان دەكرد، وەك زانای ماتماتیك هێنری بۆنكارییەو سەرۆكی ئەمریكا تیۆدۆر رۆزفلت. بەوپەڕی جیدییەتەوە ئامۆژگارییەكانی ئەویان لەبواری سیاسەتو كۆمەڵگەدا لێوەردەگرت. تیۆرەكەی لۆبۆن لەبیستەكانی سەدەی بیستدا زۆر دەنگیدایەوەو گەیشتە لوتكە. لەو كاتەدا زانستی نوێ (زانستی سایكۆلۆژیای جەماوەر) بەتینو تاوێكی زۆرەوە نوخبەی دیموكراسیخوازی بەلای خۆیدا كێشدەكرد لەبەرئەوەی ئەو سیستمەی چەمك یان ئەو زانستێتییەیان تێدا دەبینیەوە كەجەغتیان بۆ دەكات لەسەر ترسی قووڵیان لەجەماوەر. بەڵام هاوكات كۆمەڵێك رێساشیان دەخاتەبەردەم كەیارمەتیدەرن بۆ كۆنترۆڵكردنی توندوتیژیی جەماوەرو دەستگرتن بەسەریدا". پاش كەمێكی تر دەڵێت:

"هەمووان كۆكن لەسەر ئەوەی كەكتێبی (سایكۆلۆژیای جەماوەر)و سەرلەبەری بەرهەمەكانی گۆستاڤ لۆبۆن سەركەوتنێكی بێوێنەیان لەكتێبخانەكاندا بەدەستهێناوە، بەجۆرێك، یەكێكە لەسەركەوتنە زانستییە هەرە گەورەكان بۆ هەموو سەردەمەكان. ئەم كتێبە ئەو مانیڤێستەیە كەبەردی بناغەی ئەو زانستەی دانا كەئەمڕۆ پێیدەگوترێت دەروونزانیی كۆمەڵایەتی یان دەروونزانی گروپی"(٥).

تەنانەت دامەزرێنەرانی ناوداری قوتابخانەی فرانكفۆرتیش، وێڕای پێشكەوتنخوازیشیان، خۆیان لەناوهێنانی لۆبۆن لانەداوە بەڵكو ستایشی

(٥) بڕوانە سێرج مۆسكۆڤیچی، سەردەمی جەماوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩و ل٨١.





خۆیو كارەكانیان كردووە سەرباری راستڕەوییو رەگەزپەرستییەكەی، وێڕای ئەوەی ئەوان بیروبۆچوونی پێشكەوتنخوازانەی دژ بەفاشیزمو نازیزمیشیان هەبووە. ئەدۆرنۆو هۆركهایمەر دەڵێن: "دوای ئەزموونەكانی چەند دەیەی رابوردو (واتە دووەم جەنگی جیهانیو قەتلو عامەكانی) پێویستە دانبەوەدا بنێین كەتێزەكانی گۆستاڤ لۆبۆن تائاستێكی سەرسوڕهێنەر هاتنەدی، لانیكەم بەشێوەیەكی رواڵەتی، تەنانەت لەچوارچێوی ئەو ژیوارە تەكنەلۆژیا مۆدێرنەی پێشبینی ئەوەمان لێدەكرد جەماوەرێكی بیرو مێشك كراوەی تێدا ببینین"(٦).

ئاشكراشە ئەو شتەی فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانكفۆرتی راچڵەكاند ئەوەبوو چۆن جەماوەر لەدەوڵەتانی ئەوروپای زۆر شارستانیو پەرەسەندودا، لەژێر ناوی فاشیزمو نازیزمدا وروژا: واتە ئەڵمانیا. پرسیاری بنچینەییان ئەوەبوو: بۆچی سەردەمی رۆشنگەریی نەیتوانی رێگە لەمە بگرێت؟ واتە چۆن بەربەریەت توانی تەنانەت لەدوای رۆشنگەرییو مۆدێرنەو سەركەوتنی زانستو تەكنەلۆژیاوە سەرلەنوێ سەردەردەكاتەوە.

سۆسیۆلۆژیای ئەڵەمانی بایەخی بەكتێبەكەی لۆبۆنداو بەنموونەو پێشەنگێكی دانا هەتا هاتنی هێتلەر بۆ سەر دەسەڵاتو تەیاركردنی جەماوەر بەشێوەیەك كەپێشتر لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لەوێنەی نەبووە. زۆربەی تێزەكانی لۆبۆن جەغتیان لەسەر ئەم لایەنە كردۆتەوە. بیروبۆچوونەكانی لۆبۆن زۆر برەویانسەندو تەنانەت چوونە نێو ناخی

(٦) بڕوانە، هۆركهایمەر و ئەدۆرنۆ، چەند لایەنێك لەزانستی كۆمەڵایەتی، بڵاوكراوەكانی هاینمان، لەندەن، ١٩٧٣، ل٧٥.

M. Horkheimer et T. Adorno, Aspects of Sociology, Heinemann, London.

خەڵكە رەشۆكەكەو لەناو كەلتوری گشتیدا بەرادەیەك توایەوە كرا بگاتە ئەوەی بگوترێت كە یەكێك لەتەوژمەكانی ئەم سەدەیە "لەژێر كاریگەریی زانستی زیندەوەرزانی داروینیو ئیستاتیكای فاگنەرو رەگەزپەرستی گۆبینۆو دەرونزانیی لۆبۆنو نەعلەتەكانی بۆدلێرو پێشبینییە رەشەكانی نیچەو دیستۆڤسكیداو پاشان لەكۆتاییدا بەفەلسەفەی برگسۆنو زانستی دەرونشیكاری فرۆید دایە"[7].

سەیر نییە ئەم حاڵەتە وابكات لۆبۆن لەخۆیدا مەكیاڤیلیێكی نوێ بدۆزێتەوە. بەڵام مەكیاڤیلی سەردەمی نوێیە، سەردەمی جەماوەر. ئەو خوازیاری نۆژەنكردنەوەی بیری سیاسییە كەوەچەی گەورەتری پێشخۆی دایمەزراندووە.

لۆبۆن لەكتێبی دەروونزانی سیاسیدا دەڵێت:" ماوەیەكی درێژە كار بەزۆربەی ئەو رێساو یاسایانە ناكرێت كە تایبەتن بەحوكمڕانیكردنی مرۆڤو سەركردایەتیكردنیانەوەو لەلایەن مەكیاڤیللییەوە بەرهەمهاتوون. وێڕای تێپەڕبوونی چوار سەدە بەسەر ئەو مرۆڤە مەزنەدا، كەچی هێشتا هیچ كەسێك هەوڵی ئەوەی نەداوە كارەكە تەواوبكات"[8].

ئەو پەیامەی لۆبۆن باوەڕی پێیەتی لێرەدایە، باشترین كارێكیش بۆی كردبێت نووسینی كتێبە بەناوبانگەكەیەتی كە لەناو جەماوەردا، وەك ئاگر لەپوش بەربێت، بڵاوبۆوە. بەهەمانشێوە ناردی بۆ پیاوانی دەوڵەتانو سەركردەی پارتە سیاسییەكانو فەرمانڕەوایانی سەردەمە نوێكان وەكئەوەی بۆ فێرخوازە راستەوخۆكانی خۆی بنێرێت.

---

(7) بڕوانە ز. ستیرنهیل، مۆریس پاریس و ناسیۆنالیستی فەڕەنسی، لەبڵاوكراوەكانی ئارمان كۆلان، پاریس، ١٩٧٢.
Z. sternhell, Maurice Barres et le nationalisme francaise.

(8) بڕوانە گۆستاڤ لۆبۆن، دەرونزانی سیاسی، پاریس، ١٩١٠، ل٥.
G. Lebon: La Psychologie Politique, Paris, ١٩١٠, p. ٥.





## هەڵوێستی تەوژمە سۆشیالیستە هەڵكشاوەكانی ئەو سەردەمە بەرامبەر بیروبۆچوونەكانی گۆستاڤ لۆبۆن

بزووتنەوە سۆشیالیستەكانو پارتە كرێكارییەكان لەپێشەوەی ئەوانەبوون بایەخیان بەتێزە نوێكانی لۆبۆن داوە سەبارەت بەجەماوەر. سیاسەتەكانیان لەسەر بنەمای خۆدانەدەست عەقلانیەت بوو لەبزواندنی جەماوەرو كاری سیاسیدا، لەمەشدا ئەوانیش كتومت وەك بزووتنەوە لیبرالەكانو پارتە بۆرژواكان وابوون. ئەو بیرۆكە فەلسەفییەی لەپشت هەردوو لایەنەوە كاریدەكرد ئەوەبوو كەخەڵك كاتێك دەچنە نێو كاری سیاسییەوەو گردبوونەوەو خۆپیشاندان سازدەكەن، بەشێوەیەكی عەقلانی دەبزوێنو بەشێوەیەكی مەنتقیش بیر لەبەرژەوەندییەكانی خۆیان دەكەنەوە.

دواتر تێزەكانی لۆبۆن هاتنەئاراوە بۆ سەرەونخونكردنەوەی هەموو كاروبارەكان. بیریارە سۆشیالیستەكان بەمە تووشی شۆك هاتن چونكە سەرلەبەری بۆچوونەكانی دژی ئەوان بوو. ئەمە جگە لەو هێرشانەی لۆبۆن لەچەندین شوێندا كردوونیەتیە سەر سۆشیالیزمو جەماوەرەكەیو بوونی ترس لەوەی سەربكەون. شتێكی تر لەوەی دیسانەوە تووشی شۆكی كردن تەركیزكردنی لۆبۆن بوو لەسەر ئەوەی كەئەوە هۆكارە ناعەقلانییەكانن جەماوەر دەجوڵێنن یان دەیگوت جەماوەر خەسڵەتی زۆر موحافیزكارانەی هەیە. لۆبۆن پێیوابوو هەرچەندە جەماوەر خاوەنی چەندین غەریزەی شۆڕشگێڕانەی رووكەشە، بەڵام جەماوەر هەر دەست بەخەسڵەتی موحافیزكارانەی خۆیەوە دەگرێتو دەستبەرداری نابێت. جەماوەر هەمیشە لەدروستكردنەوەی ئەوەدایە كەپێشتر خۆی تێكیداوە.

بەهێزترین بەرپەرچدانەوە بۆ تێزەکانی لۆبۆن لەلایەن بیریاری سۆشیالیستی (جۆج سۆرێل)ی دانەری کتێبی "چەند رامانێك لەبارەی توندوتیژییەوە – تأملات حول العنف" بوو. دەتوانین بڵێین رەخنەی جۆرج بۆ کتێبەکەی لۆبۆن، لەکۆی خۆیدا، زۆر پۆزەتیڤ بوو، تەنها ئەوەندە نەبێت رەفزی ئەو بۆچوونەی کردۆتەوە کەجەماوەر بەموحافیزەکار دادەنێت، بەتایبەتیش لەو کۆمەڵگەیانەی جیاوازی چینایەتییان تێدایە. سۆرێل تەرکیزی کردۆتە سەر ئەو خالەی کە لەشیکردنەوەکانی لۆبۆندا چێوەیەکی سۆسیۆلۆژی هەستپێکراو بوونی نییە. بەڵام هەموو ئەم رەخنانە رێگەیان لەجۆرج نەگرت بەوەی ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر لەروانگەکانی لۆبۆن نزیکبێتەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە رسکانی ئەو بڕوایەیە لای سۆرێل کە بوونی ئەفسانەیەکی بەهێزو ناعەقلانی لەپێناو جولاندنی چینی کرێکارو بەشۆڕشگێڕکردنیدا کارێکی پێویستە. ئەگەر خەون و وەهم نەبوونایە جەماوەری برسی نەئەوساو نەئێستاش لەژێر سەرکردایەتی رابەران و بزوێنەرانیدا رانەدەپەڕی. ئەگەر وەهمی یۆتۆپیایی نەبێت بەهەشتمان بۆ بهێنێتە سەر زەوی، ئەوا جەماوەری کرێکاران لەئەوروپادا لەژێر سەرکردایەتی پارتە کۆمۆنیستەکاندا رانەدەپەڕین. کاتێك کاریگەریی سۆرێل، لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، بۆ سەر سیاسەتی سەردەمەکەی زۆر گەورە بوو، ئیدی بیروبۆچوونەکانی لۆبۆن لەهەموو شوێنێك لەرێگەی ئەوەوە چوونە نێو عەقڵی خەڵکەوە.

تەنانەت تیۆرمەندی سۆشیالیستی ئەڵمانی کارل ترۆتسکی دانی بەگرنگی کێشەی جەماوەردا ناوەو دەڵێت:

"وەك رۆژی نیوەڕۆ ئەوە دەرکەوتووە کەململانێ سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم سەردەمەمان بەپلەی سەرەکی کاری جەماوەرە". بەڵام





ئەویش بۆچوونی لۆبۆن لەبارەی مەسەلەکانی وەك دنەو جۆشدان و تەنینەوەوە رەتدەکاتەوەو لەگەڵ ئەوەدا نییە کەجەماوەر، بەشێوەیەکی گشتی، تەنها لەرێگەی هۆکارە دەروونییەکانەوە بجولێنرێت، بەڵکو چەندین هۆکاری تری کۆمەڵایەتی و ئابووریش هەن. بەڵام ئەمە نەیکردە ئەوەی کرۆکی تیۆرەکەی لۆبۆن پەسەند نەکات یان نزیکی نەبێتەوە. جەماوەر هەر جەماوەرە لەهەرکوێیەك بێت و سەر بەهەر چینێکی کۆمەڵایەتی بێت. رەفتارەکانی جەماوەر هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە کەچاوەڕواننەکراوە، تێکدەرەو تارادەیەکیش موحافیزکارە. کاوتسکی لەسەر ئەوە نموونەی ئەو قەتڵ و عامانەی ئەوروپا دەهێنێتەوە کە لەدژی یەهودییەکان ئەنجامدران، یان باس لەسەربڕینی رەشپێستەکانی ئەمریکا دەکات لەلایەن سپی پێستەکانەوە. ناوبراو دەگاتە ئەوەی بڵێت:

"بەمجۆرە دەبینین جەماوەر هەمیشە لەخزمەت مەسەلەی پێشکەوتندا نییە. هەموو کات ئەو رێگرییانە تێکنادات کە لەبەردەم پرۆسەی پەرەسەندندا کۆسپی گەورەن. جەماوەر چۆن کەسانی شۆڕشگێڕ جۆشدەدات ئاوهاش کەسانی کۆنەپەرست دەخرۆشێنێت"[٩].

## هۆکاری فەرامۆشکردنی لۆبۆن لەلایەن زانایانی کۆمەڵناسی هاوچەرخەوە

پێشتر ئەم خاڵەمان بەخێرایی باسکرد، بەڵام دەهێنێت قسەی زیاتری لەبارەوە بکەین. زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی فەڕەنسا خۆیان لەناوهێنانی ئەو زاتە دزیوەتەوە یان ئاماژەیان بە کتێب و بیروبۆچوونەکانی

[٩] بڕگەیەکە سێرجە مۆسکۆڤیجی لەکتێبەکەی پێشوودا ئاماژەی پێداوە، ل٨٨.

نەداوە. پێویستە ئەم حاڵەتە ببەستینەوە بەژینگەی كۆمەڵایەتی و چینایەتی ئەو پیاوەوە. ئەو سەر بەنەریتی لیبراڵی و بۆرژوازییە. لەگەڵ ئەوەدا دژی شۆڕش و بیری سۆشیالیزم بووە كە لەو كاتەدا رووەو بەهێزبوون و سەركەوتن هەنگاوی ناوە. ئەمەش بەشێوەیەكی راستەوخۆو كاڵوكرچ دەكات (بەئاشكرا ئەمە لەكتێبەكەیدا دیارە).

هۆكارێكی تری فەرامۆشكردنی ناوی لۆبۆن ئەوەیە كە هەموو پارتە سیاسییەكان، بەراست و چەپیانەوە، لەپڕوپاگەندەو راگەیاندن و شێوازی قسەكردنی خۆیان لەگەڵ خەڵكدا وەسفەكانی ئەویان بەكارهێناوە، بەڵام نەهاتوون دان بەمەدا بنێن بۆ ئەوەی نەوەكو پلانەكانیان بێ كاریگەر بن و شكست بخۆن. هەموو ئەو ئامرازانەی لەلایەن دەزگاكانی حیزبەوە بەكارهاتوون و گشت ئەو سەركردە سیاسییانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەردەكەون، جەختیان لەسەر یەك ستراتیژ كردۆتەوە ئەویش ئەوەیە كە:

ژێربەژێر باوەڕیان بەناعەقلانیەتی جەماوەرە، كەچی لەرووشدا خۆیان وادەردەخەن كەجەماوەر عەقلانی و لۆژیكدۆستە! لەبەرئەوەیە كەدەگوترێت هەموو سەركردەیەكی سیاسی پێشئەوەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەربكەوێت دەمامك دەكات بۆ ئەوەی ختوكەی عاتیفەو سۆزمەندییەكانی جەماوەر بدات نەك ئەوە دەربخات كەخۆی لەناخیدا باوەڕی پێیەتی.

ئەوان لەهەوڵی جیاكردنەوەی دەروونزانین لەزانستی سیاسی. سیاسەت سیاسەتەو دەروونزانی و كێشە دەروونییەكانیش شتی ترن. بەڵام لۆبۆن بەتوندی ئەم دووانە لەیەكتر جیادەكاتەوە، لەبەرئەوەی جیاوازی دەخاتە نێوان راستی راستەقینەو "راستی" سۆسیۆلۆجییەوە (مەبەست لەو بۆچوونانەیە كە لەناو جەماوەردا باوو بڵاون ئەگەرچی لەئەرزی واقیعدا خۆیان هەڵەن، بەڵام لەبەرئەوەی جەماوەر باوەڕی پێیانە، دەبنە راستی.





دیارە لۆبۆن هەمان ئەو زاراوە جیاخوازە بەكارناهێنێت كەباسمانكرد ئەگەرچی هەمان ئەو واتایەش دەگەیەنێت. چونكە ئەوەتا دەڵێت: خەڵكی تەنها بەراستییەكان ناژین و رەوتی مێژووش بەراستییەكان نابزوێت. ئەمەش پرەنسیپێكی ئەبستمۆلۆژی نوێ و جەغتكراوەیە).

شۆمپیتەری گەورە زانای ئابوریناسی ئەڵمانی لەو بارەیەوە دەڵێت:

"گرنگی و بایەخی ناعەقلانیەت لەسیاسەتداو تەركیزكردنە سەری هەمیشە بۆ گۆستاڤ لۆبۆن دەگەڕێتەوە. ئەو دامەزرێنەری دەروونزانیی جەماوەرە، یان هەر هیچ نەبێت، تیۆرمەندی یەكەمیەتی. ئەگەرچی بەشێوەیەكی قەبەو زێدەڕۆیانەش بووبێت لۆبۆن یاساكانی رەفتاری مرۆڤی دۆزییەوە لەوكاتەدا كە لەژێر كاریگەریی جەماوەردایە یان خزاوەتە ناویەوە. ئەو بیریارە چەند شتێكی رەشبین و ترسناكی بۆ كەشفكردین، بەڵام هیچ كەس نایەوێت راشكاوانە بەرەنگاریان بێتەوە. لەهەمانكاتدا زەبرێكی پڕ سوێشی سرەواندە ئەو بۆچوونەی لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە هەیە، كەتیۆرەی كلاسیكی بۆ دیموكراسی و ئەفسانەی دیموكراسیبوونی شۆڕشەكان پشتی پێدەبەست"(١٠).

هۆكارێكی تریش لەوانەی وایكردووە لۆبۆن لەلایەن كەلەپوری زانكۆی فەرەنسی هاوچەرخەوە پشتگوێبخرێت و بێزاربن لێی پەسەندكردنی بۆچوون و شیكردنەوەكانیەتی لەلایەن بزووتنەوەی فاشیزم لەئەوروپادا، كە رەنگە ئەمە هۆكاری هەرە گرنگیان بێت. هەرچەندە بیروبۆچوونەكانی لۆبۆن لەرێگەی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەكانەوە چووە ناو ئیتاڵیاوە، كەچی لەلایەن گروپی مۆسۆلینەوە بەخێرایی قۆزرایەوەو لەدروشم و

(١٠) بڕوانە جۆزیف شۆمپیوتەر، سەرمایەداری، سۆشیالیزم، دیموكراسی، بایۆ، پاریس، ١٩٦١، ل٣٨٦.
J. Schumpeter: Capitalisme, Socialisme et de'mocratie, paris, payot, ١٩٦١, p. ٣٨٦.

پڕوپاگەندەكانیاندا بەكاریاندەهێنا. هەروەها بزووتنەوەی نازیزمیش بەهەمانشێوە ئەو بۆچوونانەی خستە خزمەت خۆیەوە. هەندێك لەلێكۆڵیاران وایدەبینن كەكاریگەریی كتێبی لۆبۆن بۆ سەر كتێبەكەی هێتلەر (تێكۆشانم - كفاحي) زۆر لەوە ئاشكراترە ئاماژەی پێبدەین. ئەگەرچی بیروبۆچوونەكانی لۆبۆن لەهەموو وڵاتەكانی تردا بەمەبەستی كۆنترۆڵكردنی جەماوەرو دەسەڵاتگرتنەدەست بەكارهێنراوە، بەڵام تەنها ڕژێمی نازیزم لەئەڵمانیاو فاشیزم لەئیتاڵیادا بەڕوونی پێیان لەوە ناوەو نەیانشاردۆتەوە. ئەمەش لۆبۆنی زۆر ناشرینو قرێژكردووەو تەنانەت زیانی بەكەسایەتییەكەشی گەیاندووە.

ئەگەر پرسیاریشیان لێبكەیت: كەبۆچی لۆبۆنتان فەرامۆشكردووە؟ لەوەڵامدا پێتدەڵێن: لەبەرئەوەی فاشییە!

خۆ ئەگەر ویستمان هەمان حوكم بدەین بەسەر بیریارانی تردا، ئەوا ماكس ڤێبەرو فرۆیدیش دەگرێتەوە، چونكە ئەمانیش بیروبۆچوونی وەك ئەویان هەیە، كەچی كەس سەركۆنەی ئەوانی نەكردووە بەوەی كە فاشین. بەدبەختی لۆبۆن لەوەدایە كەهێتلەرو مۆسۆلینی دوو خوێنەری بوون! ئەمەش وایكرد تاوانباركردنی خاوەنی كتێبی "سایكۆلۆژیای جەماوەر" سووكو ئاسانتر بێت، لەكاتێكدا تەنها ئەگەر لەرێگەی نوسینەكانیەوە بمانناسیبایە، ئەو سیستمی دیموكراسی بەهەموو خەوشو كەموكوڕییەكانیەوە پێباشترە لەسیستمی دیكتاتۆری بەهەموو هێزو توانایەوە. لۆبۆن ئیدانەی هەموو جۆرەكانی دیكتاتۆری دەكات بەوەشەوە كەكردبوویانەماڵ بەسەریەوە: واتە فاشیزم. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەئەوان تۆمەتێكیان خستە پاڵی شایستە بەو نییە، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا تۆمەتەكە دەنگیدایەوەو بڵاوبۆوە. چونكە هەروەك لۆبۆن خۆشی دەیگوت،





پڕوپاگەندە لەراستی بەهێزترە. دەكرێت، بەواتایەك لەواتاكان، بگوترێت لۆبۆن بووە قوربانی ئەو راستییانەی خۆی كەشفیكردن. لەو میانەیەدا سێرجی مۆسكۆڤێچی دانبەوەدا دەنێت كەئەو نەیدەوێرا ئیعتیبار بۆ گۆستاڤ لۆبۆن بگەڕێنێتەوە ئەگەر گەورە بیریارانی پێش خۆی ئەمەیان نەكردایە. ئەو داوەرییە پێشوەختانەیەی پێوەی لكابوو لەپاڵ ئەو بەدگومانیانەی چواردەوری ئەویان تەنیبۆوە، هێزو جەبەروتە لەفەرەنسادا بەجۆرێك بەرپەرچی هەر لێكۆڵەرێك دەداتەوە تەنها هەر ئەوەندەی باسی بكەن یان تەنانەت ناویبهێنن. مۆسكۆڤیچی دەڵێت:

"بیریارانی بەناوبانگی ئەڵمانی، لەوانەش وەك بروخو شۆمپیتەرو ئەدۆرنۆ، پێش من ئیعترافیان پێكرد. ئەوەش لەپێناو تێگەیشتن لەدیاردەی تۆتالیتاریزم (فاشیزم)و دژایەتیكردنی. تەنانەت مەسەلەكە لای ئەدۆرنۆ گەیشتە رادەی ئەوەی ئیدانەی ئەو بۆچوونە بكات كەپێیوایە پەیوەندییەكی هەمەكیانەو هەمەلایەنانە هەیە لەنێوان كتێبی (سایكۆلۆژیای جەماوەر)و فاشیزمداو ئەدۆرنۆ ئەمەی بەبیانوویەكی زۆر ئاسان دانا. ئەدۆرنۆ دەپرسێت: بۆچی دەبێت لێكۆڵینەوە لەسایكۆلۆژیای گروهە مرۆییەكان لەم كتێبەدا بەفاشیزمەوە ببەسترێتەوە، كەچی ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی تر نەگرێتەوە كەئەوانیش هەر بەدوای بەدەستهێنانو پشتگیری جەماوەرو دنەدانیەوەن؟ نە فرۆیدو نە گۆستاڤ لۆبۆن هیچیان ئەمجۆرە جیاكارییەیان دانەناوە، چونكە هەردووكیان باسیان لەجەماوەر كردووە (وەك جەماوەر) بەبێ ئەوەی جیاكاریی بكەن لەنێوان جەماوەرو جەماوەردا بەپێی ئامانجە سیاسییەكانی ئەو گروپانەی ئەو بۆچوونانە پێكدەهێنن"[11].

---

(11) بڕوانە كتێبی سێرج مۆسكۆڤیچی، سەردەمی جەماوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١-١٠٢.

## رەگەزپەرستیو چەمكی "رەگەزی مێژوویی"

گومان لەوەدا نییە كەجیاكاریی لەسەر بنەمای رەنگی پێست یان قژ، لەولاتانی ئەوروپادا، راستییەكی حاشاهەڵنەگرەو رەگەزی سپی یان زەردباوی كاڵ، بەپێی هەستی باو، لەرەگەزی ئەسمەر یان قاوەیی تۆخ چاكترە، چ جای ئەوەی رەش بێت... ئەم جیاكارییە رەگەزپەرستییە لەئەوروپای سەدەی نۆزدەدا لەشێوەی تیۆرەیەكی كاملدا دارێژراو هەموو "پرەنسیپە زانستییەكانی" بۆ كۆكرایەوە تاكو پایەكانی قایم بكات. سەدەی بیستەم رێك سەدەی رەگەزخوازییو رەگەزپەرستییە، بەجۆرێك، دەتوانین بڵێین تارادەیەك هیچ بیریارێك نییە خۆی لەدەستی دەرباز كردبێت. پۆلێنكردنی گەلان بۆ رەگەزگەلی نەبەز یان بالاو رەگەزگەلی دواكەوتوو یان نزم بەلای خەڵكانی سەدەی نۆزدەوە وەك بەڵگەنەویستێك سەیركراوە. تەنانەت كەسایەتییەكی سیاسی پێشكەوتنخوازو مرۆڤدۆستی وەك (جۆن ڤێری)ش، كەهەڵگری بیرۆكەی عەلمانیەتەو خاوەنی بیرۆكەی قوتابخانەی گشتیو جەماوەرییە لەفەرەنسادا، بێهیچ دوودڵییەك لەبەردەم پەرلەماندا دەڵێت:

"بەرێزان، پێویستە بەدەنگێكی بەرزترو بەهێزتر قسان بكەین! دەبێت زۆر راشكاوانە بڵێین رەگەزە بالاكان مافیان بەسەر رەگەزە نزمەكانەوە هەیە، كەگوتم مافی بەسەرەوەیە، واتە ئەركی بەسەرشانەوەیە. ئەركی ئەوەی كەرەگەزە نزمەكان بخاتە نێو شارستانێتییەوە"[(١٢)]. (گوتارێكە لە٢٨ی حوزەیرانی ١٨٨٥دا پێشكەشكراوە)

---

[(١٢)] برگەیەكە كاترین رۆڤییە لە كتێبەكەیدا بەناوی بیروبۆچوونە سیاسییەكانی گۆستاڤ لۆبۆن ئاماژەپێداوە، ل٧٦ (سەرچاوەی پێشوو).





دیارە جیاوازیی هەیە لەنێوان رەگەزپەرستیو جۆرەكانی رەگەزپەرستیدا. بەكارهێنانی چەمكی رەگەز لەم گوتارەی جۆن ڤێریدا شتێكی سەلبی نییەو هیچ بۆچوونێكی خراپ، لەچەشنی ئەوەی گۆبینۆ، لەخۆناگرێت. جۆن تەنها دەیەوێت ئاماژە بەوە بدات كە چەندین"گەل" هەن شارستانیترن لەگەلانی ترو ئەوەش راستییەكی واقیعییە، بەمەش دەیەوێت یارمەتی ئەو گەلانە بدات بۆ ئەوەی بەوانەی یەكەم رابگەن. ئەو نایەوێت بڵێت بالادەستییەكی جەوهەریی یان ئەزەلی لەگەلانی یەكەمدایە بەسەر گەلانی دووەمدا، واتە ئەو پێیوانییە گەلانی دووەم ناتوانن بگەنە ئاستی گەلانی یەكەم لەبەرئەوەی رەگەزەكەیان كەمیهێناوەو لەرووی بایۆلۆژیو پێكهاتەیانەوە نزمترن. لەكاتێكدا گەورە تیۆرمەندی رەگەزپەرست گۆبینۆ وەهایكردووە، بەهەموو تیۆرەی نازیزمو فاشیزمیشەوە، كەسروشیان لەو وەرگرتووە. شتێكی راست نییە بڵێین رەگەزپەرستی گۆستاڤ لۆبۆن بەو ئاستە بووە كە گۆبینۆ ویستویەتی. بۆ نموونە لۆبۆن بەهەموو هێزییەوە جەختی لەسەر ئەوەكردۆتەوە كە "رەگەزگەلی پاكو بێگەرد لەولاتانی شارستانیدا بوونی نییە". كەدیارە ئەمەش پێچەوانەی تێزەكانی گۆبینۆیە. بەلام سەبارەت بەمەسەلەی رەگەز، لۆبۆن چەمكی "رەگەزی مێژوویی" بەكارهێناوە، كە مەبەستی لەو رەگەزەیە لەناو رەوتی مێژووداو لەمیانەی توانەوەی توخمەكانی گەلێك لەناو یەكتردا وردە وردە پێكدێت. ئەو بیرۆكەی رەگەز لەسەر هۆكارە رواڵەتیو فیزیۆلۆژییەكان دانامەزرێنێت، بەڵكو لەبری ئەوە دەچێت پشت بەهۆكارە رۆشنبیرییو كەلەپورە هاوبەشەكانی گەلێكی دیاریكراو دەبەستێت. لۆبۆن لەكایەی خۆیدا "كەڵەكەبوونە بۆماوەییەكان"یش بەهەند وەردەگرێت، بۆچی؟ چونكە

---

Catherine rouvier: Les ide'es politiques de Gustave le Bon, P. U. F, ١٩٨٦.

چەمکی "ناهۆشمەندیی بەکۆمەڵ" کە لۆبۆن تەرکیزی دەکاتە سەرو گەلێکی دیاریکراویش دێت هۆکارە ناهۆشمەندییەکانی کارەکانی خۆی لێوە وەردەگرێت رێك لەو کەڵەکەبوونە بۆماوەییانە پێکهاتووە، وەکچۆن زەوی لەچەند چینێکی جیۆلۆجی تایبەت پێکدێت کەبەسەر یەکتردا هەڵچنراون. هەندێکجاریش لۆبۆن بەبونیادی ناهۆشمەندیی دەستەجەمعی دەڵێت پێکهاتەی عەقڵی گەلان. ئەو شتەشی رکێفی ئەو ناهۆشمەندییە یان ئەو پێکهاتە عەقڵییە دەکات ئەوەیە کەپێیدەڵێت "رەگەزیی مێژوویی"و بەم شێوەیەش پێناسەی دەکات:

"کاتێك چەند گەلێکی سەر بە هەمان بنج و بناوان یان سەر بە چەند بنج و بناوانێکی جیاوازی زۆر لەیەکتر نزیك، بەدرێژایی چەندین سەدە، ملکەچی یەکجۆر بیروباوەڕو دامەزراوەو یاساکان دەبن، لەوکاتەدا ئەمە ئەوە پێکدەهێنێت کە لەشوێنێکی تردا بە "رەگەزی مێژوویی" ناویمهێنابوو. لەوکاتەدا ئەو رەگەزە دەبێتە خاوەن سیستمێکی ئەخلاقی و تەنانەت ئایینی و سیاسی کە لەکۆمەڵێك بابەت و بیروبۆچوون و سۆزمەندی هاوبەش پێکهاتووە کە لەناو ناخی کەسەکاندا بەرادەیەك چەسپیون کەبەبێ هیچ ئەملاوئەولایەك پەسەند دەکرێت"[13].

وەك دیارە چەمکی رەگەزی مێژوویی لای گۆستاڤ لۆبۆن زیاتر لەچەمکی نەتەوە یان گەلەوە نزیکە لەوەی نزیکی چەمکی رەگەز بێت بەواتا رەگەزپەرستییەکەی، واتە بەناوەڕۆکە بایۆلۆژیی و فیزیۆلۆژییەکەی. بۆ نموونە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو چەمکی رەگەزەی لەسەدەی هەژدەهەمدا باو بووەو بەواتای "گروپێکی ئەتنیکی جیاواز لەگروپەکانی تر بەهۆی

[13] بڕوانە گۆستاڤ لۆبۆن ، شارستانییەکانی عەرەب، ل١٦٩.
G. Le Bon: Les opinions et les croyances, p. ١٦٩.





کۆمەڵێك تایبەتمەندیی جەستەیی بۆماوەییەوەو لەناو جۆری مرۆڤدا تاقانەیی و تایبەتمەندێتی دەگەیەنێت".

بەڵگەمان بۆ ئەوەی کە لۆبۆن رەگەزپەرست نییە، بەواتا نازییەکەی وشەکە، ئەوەیە کەئەو باوەڕی بەوە نییە شارستانێتی تەنها لەگەلێك یان لەتوخمێکدا بەردەوام بێت. مێژوو فێری ئەوەمان دەکات کە رەوتی شارستانێتی لەشێوەی بازنەییدایەو لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، لەگەلێکەوە بۆ گەلێکی تر، دەگوێزرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا رەگەزپەرستە راستەقینەکان باوەڕیانوایە کەچەند گەلێك هەن لەئەزەڵەوە بۆ دروستکردنی شارستانێتی خوڵقاون، لەکاتێکدا گەلانێکیش هەن هەتاهەتایە لەپێناو بەربەریەت و هەمەجیەتدا خوڵقاون. بۆ نموونە گۆستاڤ لۆبۆن دەرکەوتنی شارستانێتی "زنجەکان" لەداهاتوودا بەشتێکی دوور نازانێت و پێیوایە رەنگە رۆژێك بێت جێگەی شارستانێتی ئەوروپی بگرێتەوە دوای ئەوەی ئەمەی دواییان تووشی نابودی و پیربوون دێت. لەکتێبەکەیدا سەبارەت بە شارستانێتی عەرەبیش دەڵێت:

"ئاخۆ گەلانی نیمچە شارستان یان بەربەر حەزناکەن بگەنە ئاستی شارستانێتی ئەوروپایی" ئەمە بەهیچ شێوەیەك بیروباوەڕی من نییە، بەڵکو من بەپێچەوانەی ئەمەوە پێموایە کەئەوانیش رۆژێك دێت بگەنە ئەو ئاستە. بەڵام ئەو کاتە دەیگەنێ کە پلەبەپلەیان بڕیبێت نەك ئەوەی بەیەك هەنگاو بیگەنێ"[14].

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە لۆبۆن رەگەزپەرست نەبووە، بەواتای توندڕەویانەی وشەکە، بەڵکو بەواتای کەلتووریی و مێژووییانەی وشەکە

[14] بڕوانە گۆستاڤ لۆبۆن ، شارستانییەکانی عەرەب، ل١٤.
١٤G. Le Bon: Les opinions et les croyances, p.

"ڕەگەزپەرست" بووە، واتە لەڕوانگە پۆزەتیڤیزم و عیلمەوییەکەوە بووە، کەباڵی بەسەر هەموو سەدەی نۆزدەدا کێشا بوو.

## پرۆسەی کەشفکردنی جەماوەر وەك دیاردەیەك

کاتێك جەماوەر لەسەر تەختی شانۆی ئەورووپی وەك ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرو قەبە دەرکەوت و هەڕەشەی لەسیستمی کۆمەڵایەتی باڵادەست کرد، لەو کاتەدا لێکۆڵیاران و بیرمەندان هەوڵیاندا تێیبگەن و لێیبکۆڵنەوە. لەسەر ئەو بنەمایەش سێ وەڵامی سەرەکی لەسەر گەڵاڵەکرا:

یەکەم: جەماوەر کەڵەکەبوونێکی تاکەکانە کەبەشێوەیەکی کاتی لەپەراوێزی دامەزراوەکان و لەدژی ئەو دامەزراوانە گردبوونەتەوە کە لەئارادان. بەواتایەکی تر جەماوەر لەکەسانی پەراوێزخراوو شازی ناو کۆمەڵگە پێکدێت. بەمجۆرە دەبینین جەماوەر، بەپێی ئەو تێڕوانینە، وەك کەسانی "هەرچی و پەرچی" و "بازاڕیی" و "ناکەس بەچە" دێتەبەرچاو. ئەم جۆرە کەسانە پیاوان و ژنانیش دەگرێتەوەو هیچ کارێکی دیاریکراویشیان نییەو دووریشن لەگۆڕەپانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەوە.

دووەم: جەماوەر لەسروشتی خۆیدا شێتە. ئەو جەماوەرەی بەحەماسەتێکی زۆرەوە چەپڵە بۆ چاکترین گۆرانیبێژی خۆی یاخود بۆ ئەو تیپی دووگۆڵییە لێدەدات کە بەلایەوە چاکە، ئەوە لەحاڵەتێکی شێتی و هەلوەسەو وڕێنەدایە. ئەو جەماوەرە شێتە کاتێك چەندین سەعات لەمبەرو ئەوبەری جادەیەکەوە دەوەستێت بۆ خاتری ئەوەی لەدوورەوە بۆ چەند چرکەیەکیش بێت کەژاوەی کەسایەتییەکی ناودار یان سەرکردەیەکی گەورە ببینێت. هەروەها ئەو جەماوەرەش بەشێت دادەنرێت کەهێرشدەکاتە سەر کەسێك بەمەبەستی سەربڕینی بێئەوەی دڵنیابێت لەوەی کە ئەو کەسە ئاخۆ تاوانبارە یان نا. ئەگەر جەماوەر ئایینێك یان پیاوێکیان خۆشویست هەتا





مردن بۆی دەڕۆن، وەکئەوەی جولەکە لەگەڵ پێغەمبەرەکەیاندا کردیان، یان مەسیحییە دەمارگیرەکان بەدوای ڕەهبانیەکانیانەوە بوون یان موسوڵمانەکان دوای شێخەکانیان کەوتن. هەروەها ئەوەی دوێنی جەماوەر دەیپەرست ئەمڕۆ دەیسوتێنێت، جگە لەوەی جەماوەر گۆڕینی بۆچوونەکانی بەلاوە وەك گۆڕینی کراسەکەی وایە.

ئەو کارە توندڕەوانەی جەماوەر ئەنجامیاندەدات جۆرێکن لەشێتی و بەمەش هەستە ناڕۆشنەکانی تێردەکات و لایەنە شاراوەو تاریکەکەی سروشتی مرۆڤ دەردەخات.

سێهەم: هەرچی وەڵامی سێهەمیشە دوو لایەنەکەی پێشوو تێدەپەڕێنێت و هەنگاوێکی تر دەچێتەپێش بەئاڕاستەی هێرشکردنە سەر جەماوەرو دەڵێت کە ئەو تاوانبارە. مادامەکی جەماوەر پێکهاتووە لە کەسانی "هەرچی و پەرچی و سێبەندی"، واتە لەپیاوانی تووڕەو قین لەدڵ، لەبەرئەوە شاڵاو دەبات و دەکوژێت و هەموو شتێك زەوتدەکات. ئەو توندوتیژییەکی سەرشێت بەرپا دەکات بێئەوەی هیچ هۆکار یان بیانوویەکی ئاشکرای هەبێت. ئەو یاخی دەبێت لەو دەسەڵاتانەی هەن و سەرپێچی لەیاسا دەکات. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا ژمارەی جەماوەر لەئەوروپادا زیادیکردو هەڵسوکەوتە کتوپڕەکانیان دەسەڵاتی دەترساند. لەو کاتەدا بیریارانی فەڕەنسی و ئیتاڵی قسەیان لەسەر دیاردەی "جەماوەری تاوانبار" دەکرد. توێژینەوەی زانستیانەی جەماوەر بەو جۆرە بە "زانستی یاسای تاوانکاریی"دا تێپەڕیوە. سیجهیل (Sighele)ی بەڕەگەز ئیتاڵی یەکەم کەس بوو ئەو تیۆرەیەی داڕشت و یەکەمین کەسیش بوو ناوەڕۆکە تەکنیکی و زاراوەییەکەی لەچەمکی "جەماوەری تاوانبار" داماڵی. ئەمەش بەلای ئەوەوە هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گروپە

سیاسییە ئەنارشیستەكانی دەگرتەوە تادەگاتە سۆشیالیستەكان. دیارە ئەمە كرێكارانیش دەگرێتەوە ئەو كاتەی مان لەكاركردن دەگرن، یان ئەو كۆڕوكۆبوونەوانەی لەشەقامەكاندا روودەدەن.

## لۆبۆن هێڵێكی نوێ بۆ راڤەكردنی دیاردەی جەماوەر پێشنیار دەكات

گرنگیو بایەخی لۆبۆن لەوەدایە كەهەر سێ وەڵامەكەی رەتكردۆتەوەو لەبری ئەوە هێڵێكی نوێی بۆ راڤەكردنی دیاردەی جەماوەر پێشنیاركردووە ئەویش لەمیانەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوەیە؟ جەماوەر كێیە؟ وەڵامەكەی بەگشتی لەم شێوەیەی خوارەوەدا پوختكردۆتەوە: خەسڵەتی سەرەكی جەماوەر توانەوەی تاكەكانیەتی لەناو یەك رۆحو سۆزمەندییەكی هاوبەشدا كەجیاوازییە تاكەكەسییەكان نەهێڵێتو ئاستی بلیمەتی عەقڵ دابەزێنێت. لۆبۆن ئەمە بەو ئاوێتە كیمیاوییە دەشوبهێنێت كەئەنجامی توانەوەی چەند توخمێكی جیاوازە. هەر توخمێك دەتوێتەوەو خەسڵەتەكانی یەكەمی خۆی وندەكات، ئەویش لەئەنجامی كارلێكردنو لەپێناو پێكهاتنی ئاوێتە نوێكەدا. ئەم لێكچواندنە نیشانەی ئەوەیە لۆبۆن تا چ ئەندازەیەك زانستی بووە. هەروەك پێشتریش گووتمان لەكەشوهەوای سەدەی نۆزدەهەمدا نقوم بووە. ئەو سەدە پۆزەتیڤیزمەی باوەڕێكی رەهای بەزانست هەبوو، بەجۆرێك زانستە مرۆڤایەتییەكانی ملكەچ بە زانستە سروشتییەكان كردبوو. ئەوەی ئەمەشی كرد دۆركهایم بوو لەكایەی كۆمەڵناسیدا. لەناو جەماوەردا هەركەسەو دوای كەسە لێكچووەكەی تەنیشتی خۆی دەكەوێت. خڕبوونەوەی زۆری جەماوەر وادەكات تاك لەگەڵ خۆیدا لوولبات، وەكچۆن لافاو بەردە تاكەكانی سەر رێگەكەی تلدەدات.





لەبەرئەوە گرنگ نییە ئەو چینە كۆمەڵایەتییەی لێوەی هاتووە لەسەرەوە بێت یان خوارەوە، كەسێكی نەخوێندەوار بێت یان زانایەكی بەتوانا، ئەمە هیچ لەراستی مەسەلەكە ناگۆڕێت.

لۆبۆن بەتوندی بەرپەرچی بیروڕای لێكۆڵەرەوانی ئیتاڵیو فەرەنسایی وەك تارد (Tarde)ی هاوڕەقیبی دەداتەوە كەپێیوایە جەماوەر لەسروشتی خۆیدا تاوانبارە. لۆبۆن دەڵێت جەماوەر پێشوەخت نەتاوانبارەو نە چاكەكاریشە. چونكە دەشێت هەندێكجار جەماوەر تاوانبار بێت بەڵام جاری واش هەیە مەزنو قارەمانەو دوور لەهەر بەرژەوەندییەك قوربانی دەدات. یان دەكرێت هەندێكجار لەیەككاتدا ئەمیشیان بێتو ئەویشیان. بەڵام ئەو بۆچوونە باوەی لەبارەی جەماوەرەوە هەیەو پێیوایە كە ئەو تەنها تێكدەرەو حەزی لەجەردەییو تاڵانیو ئاژاوەگێڕییە لەپێناو ئاژاوەگێڕیدا، ئەوە بۆچوونێكی هەڵەو نادروستە.

## دووەم دۆزینەوەی گۆستاڤ لۆبۆن: جەماوەرو خەولێخستنی موگناتیسی

لۆبۆن ئەو گۆڕانكارییانەی بەسەر تاكدا دێت كاتێك لەناو جەماوەردایە، رێكەوراست، بەو حاڵەتەی شوبهاند كەمرۆڤ لەكاتی خەولێخستنی موگناتیسیدا بەسەریدا دێت. لەراستیدا لۆبۆن ئەم لێكچوونەی لەزانستی پزیشكیو پزیشكی دەروونییەوە وەرگرت. مەسەلەی خەولێخستنی موگناتیسی زۆر بەخێرایی لەسەر دەستی شاركۆ (charkot)و هەندێكی ترەوە چووە نێو كایەی چارەسەرییەوە. لەو دەمەدا خەولێخستنی موگناتیسی كاریگەرییەكی گەورەی بۆ سەر كەسەكان هەبوو، بەجۆرێك ئێمەی هاوچەرخ ناتوانین لەگەورەیی ئەو كاریگەرییە تێبگەین دوای ئەوەی

كەوتە گۆڕەپانی داڕزین و بەرخۆرییەوە. ئەمە ڕێك لەو ئەفسوون و سیحرە دەچێت كەكارەبا لەگەڵ یەكەم دۆزینەوەیدا هێنای. سێرج مۆسكۆڤیچی لێكۆڵیار لەبارەی هۆكاری لەدایكبوونی دەروونزانیی جەماوەر لەفەڕەنساداو سەرهەڵنەدانی لەشوێنێكی تردا دەڵێت:

"ئەگەر دەروونزانیی جەماوەر لەفەڕەنسادا لەدایكبووبێت نەك لەئیتاڵیا یان ئەڵمانیا ئەوە بۆ خاڵی یەكتربڕی نێوان شۆڕشە جەماوەرییەكان و قوتابخانەكانی خەولێخستنی موگناتیسی دەگەڕێتەوە، خاڵی یەكتربڕی نێوان ئاكامەكانی شۆڕشی كۆمۆنەی پاریس و ئاكامە پزیشكییەكانی نەخۆشخانەكانی فەڕەنسا لەنانسی و سالبترییر. ئەو شۆڕشانە كێشەیان دروستدەكردو نەخۆشخانەكانیش چارەسەرییان بۆ دەدۆزینەوە"[15].

دەبینین لۆبۆن بەشێوەیەكی زانستیانە بیریكردۆتەوەو هەوڵیشیداوە شێوازەكانی زانستی وردی تاقیگەیی و ئامرازەكانی بگوێزێتەوە بۆ نێو كایەی زانستە مرۆییەكان (لەنێویشیاندا زانستی سایكۆلۆژیای جەماوەر). وەك پێشتریش باسمانكرد، ئەو شێتی و شەیداییە بۆ زانستە وردەكان خەسڵەتی هابەشی قۆناغی پۆزەتیڤیزم بوو بەگشتی، كەمتمانەبوون بەزانست و توانستەكەی بێ سنوور بوو. دەكرێت ئەو وابەستەییە لەچوارچێوەی كتێبی لۆبۆن و لەمیانەی نموونەكانیەوە بهێنینەوە. بۆ نموونە ئەو لەڕووی غەریزە یان توانای جۆشدان و تەنینەوەوە بەراوردی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵدا دەكات. لێرەدا مرۆڤ ، بەچەشنی هەر بوونەوەرێكی تر، وەك كەرەسەیەك بۆ توێژینەوەی زانستی و تاقیگەیی مامەڵەی لەگەڵدا كراوە. لەكۆتاییدا دەتوانین تیۆرەی لۆبۆن لەبارەی سایكۆلۆژیای جەماوەرەوە لەم سێ داهێنانەدا پوختبكەینەوە:

[15] بڕوانە سێرج مۆسكۆڤیچی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦–١١٧.





١– جەماوەر دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە، ٢– ئەوە پرۆسەی جۆشدانە دەتوانێت ڕاڤەی ئاوێتەبوونی تاكەكان بكات لەناو جەماوەرداو توانەوەیان تیایدا، ٣– سەركردەی جۆشدەر مومارەسەی پرۆسەی خەولێخستنی موگناتیسی دەكات لەسەر جەماوەر بەهەمان ئەو شێوەیەی پزیشك لەسەر نەخۆشی دەكات.

ئەم سێ داهێنانەش ئەم پرەنسیپە زانستیانەی خوارەوەیان لێدەكەوێتەوە:

١– "جەماوەری سایكۆلۆژی" (*Le foule psychologique*) وەك كۆبوونەوەی ئاسایی یان خۆڕسكانەی نێوان مرۆڤەكان نییە كاتێك لەشوێنێكی گشتیدان، یان لەشوێنی وەستانی پاسدان، بەڵكو جەماوەری سایكۆلۆژیی خاوەنی یەكێتییەكی زیهنییەو بەپێچەوانەی ئەو جۆرە كۆبوونەوانەوەیە كەهیچ ئامانجێكیان لەپشتەوە نییە.

٢– هەرچی تاكەكەسە بەشێوەیەكی هۆشمەندانە بەئامانجەوە دەجوڵێت، لەكاتێكدا جووڵەی جەماوەر بەشێوەیەكی ناهۆشمەندانەیە، ئەویش لەبەرئەوەیە هۆشمەندیی حاڵەتێكی فەردییە بەڵام ناهۆشمەندیی حاڵەتێكی دەستەجەمعی و بەكۆمەڵە.

٣– جەماوەر لەسروشتی خۆیدا موحافیزكارە، هەرچەندە لەرواڵەتدا خۆی بەشێوەیەكی شۆڕشگێڕانە نیشاندەدات. دواجار ئەوەی جەماوەر سەرەوژێریكردووەو تێكیداوە سەرلەنوێ بنیاتیناوەتەوە. بەلای جەماوەرەوە ڕابوردو زۆر بەهێزترە لەئێستا، ڕێك وەك كەسێك بەموگناتیش خەوی لێخرابێت.

٤– جەماوەر، ئاستی ڕۆشنبیریی و بیروباوەڕو پێگە كۆمەڵایەتییەكەی هەرچییەك بێت، بەڵام دیسانەوە هەر پێویستی بەوەیە ملكەچی

سەرکردەیەك بێت بیجوڵێنێت. وەنەبێت ئەو سەرکردەیە بەبەڵگەی عەقلانی و لۆژیکی، قەناعەتی پێبکات، بەڵکو لەڕێگەی هێزەوە خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت. یان رەنگە بەهۆی هەیبەتی تاکەکەسییەوە جەماوەر بەلای خۆیدا کێشبکات و سیحری لێبکات، کە ئەمەش رێك وەك ئەو دکتۆرە وایە بەموگناتیس خەو لەنەخۆشێك دەخات.

٥- هەر پڕوپاگەندەیەك بنەمایەکی ناعەقلانی هەبێت ئەوە خۆی لەبیروباوەڕی ئیمانیانەی دەستەجەمعیدا دەبینێتەوە. ئامرازی کارکردنەکەشی بریتییە لەدنەدان و خرۆشاندنی نزیك یان دوور (واتە تەنینەوە). زۆربەی کاروکردەوەکانیشمان لەبیروباوەڕە ئیمانیەکانەوە سەریانهەڵداوە. بەلاّم هەرچی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەو مێشك ساردییە دوو کۆسپی سەرەکین لەبەردەم چوونە نێو ریزی جەماوەرو مومارەسەدا. تێپەڕاندنی ئەم حاڵەتەش لەرێگەی خرۆشاندن و پڕوپاگەندەوەیە. هەربۆیە پێویستە پڕوپاگەندە زمانی وێنەی گەیاندن و مەجازیی بەکاربهێنێت، یان زمانی دروشمی سادەو یەکلاکەرەوەی هەبێت تا بتوانێت بەبێ هیچ گفتوگۆیەك خۆی بسەپێنێت.

هەموو شیکارییەکانی لۆبۆن لەوەدا پوختدەکەینەوە کە تەنها دوو شێوازی فیکر هەیە: یەکەمیان بیرۆکەی چەمکئامێزانەی (الفكرة المفهومية) هەیەو دووەمیشیان تێگەیشتنی مەجازیی یان وێنەیی. یەکەمیان پشت بەیاساکانی عەقڵ و سەلماندن و مشتومڕی لۆژیکی دەبەستێت، لەکاتێکدا دووەمیان پشتی بەیاساکانی یادەوەریی و خەیاڵ و جۆشدان بەستووە. گەورەترین هەڵەی سەرکردەی سیاسی ئەوەیە هەوڵبدات جەماوەر بەشێوازی عەقلانی رازیبکات، چونکە ئەم شێوازە تەنها ئاڕاستەی عەقڵی تاکەکان دەکرێت. جەماوەر تەنها باوەڕ بەوێنە ئیحائی و دروشمە





حەماسییەکان و ئەو داخوازیانە دەکات کە لەسەرەوە فەرز دەکرێن. بۆ نموونە، بۆ ئەوەی سیاسەتمەدارێکی راستڕەوی وەك "مۆریس پاریس" گەلی فەڕەنسی بهەژێنێت دەچێت ئیدانەی "گەورە بۆرژوازیەتی سامی" دەکات (کە ناڕاستەوخۆ جوولەکە دەگرێتەوە)، چونکە ئەو دەزانێت لەناخی گەلی فەڕەنسیدا هەستێکی دوژمنکارانەی دژ بەجوولەکە هەیە. یان سیاسەتمەدارێکی چەپڕەوی وەك "مۆریس تۆریز"ی سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی پێشوو، لەگوتارەکانیدا ئیدانەی فەرمانڕەوایی "دوو سەد خێزان"ە هاوپەیمانەکە دەکات بەوەی کەدژی گەلن. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوە نییە ئاخۆ ئەو دووسەد خێزانە بەراستی حوکمیان کردووە یان نا، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە گەل هەستیارە بەرامبەر ئەو زمانەو بەباشی تێیدەگات و هەر کەگوێی لێدەبێت دەوروژێت و رادەپەڕێت، وەکچۆن هەستیاریشە بەرامبەر بەزمانێك کە دژ بەجوولەکە بێت.

دیارە ئەمە ناکاتە ئەوەی لۆبۆن رێگەمان نیشانبدات بۆ ئەوەی فێرمانبکات چۆنچۆنی یاری بەعەقڵی جەماوەر بکەین و زەلیلیان بکەین بەرادەیەك چۆنمان ویست ئاوها لێیانخوڕین. نەخێر ئەمە پێچەوانەی مەبەستی ئەوو پێدراوەکانی زانستە، چونکە لەواقیعدا ناتوانین جەماوەر بهێنینە سەر قەناعەتکردن بەشتێك کەخۆمان پێشتر باوەڕمان بەو بیرۆکەیە یان بەو بیروباوەڕە نەبووبێت، بەڵکو دەبێت تائاستی شێتی باوەڕمان پێیهەبێت. هاوکات پێشیوایە جگە لەمە ناتوانین جەماوەر بەلای خۆماندا کێشبکەین. تاکەکەسێك هیچ کارێکی پێناکرێت. ئەمانە دوو جۆری تەواو لەیەکتر جیاوازن. ئەوەش وابکات دیارە هیچ لەیاساکانی دەروونزانی نازانێت و مامەڵەی لەگەڵ جەماوەردا وەکئەوە دەبێت کەجەماوەر نییە. ئەمەش دەبێتە مایەی شکستخواردنی هەوڵ و تەقەلاکانی لەبری ئەوەی

جۆشیانبدات. ئەم یاسایانەی دەروونزانی لەلای گۆستاڤ لۆبۆن هەمان حەتمیەتی یاساکانی زانستی ئابووریو فیزیایان هەیە. ئەگەر ئەم یاسایانەمان ئەزبەر کرد ئەوکات دەزانین چۆن جەماوەر بەڕێوەبەرینو کۆنترۆڵی خەیاڵی بکەین.

لۆبۆن وایدەبینێت کە گەورە پیاوانی مێژوو کاریگەرییان لەسەر ئەو خەیاڵەی جەماوەر هەیەو لەرێگەی ئەو کاریگەرییەشەوە ئایینە مەزنەکانو کردە مێژووییە مەزنەکانی وەك مەسیحیەتو بودیزمو ئیسلامو بزووتنەوەی ریفۆرمەیئایینی (لوسەر)و دواتریش شۆڕشی فەڕەنسا بەدیهاتن.

هیچ کەس لەجیهانداو تەنانەت لەمێژووشدا نەیتوانیوە لەلایەکەوە حوکمبکاتو لەولاشەوە بەئاڕاستەی پێچەوانەی خەیاڵی جەماوەرەوە بووبێت، تەنانەت بەو ستەمکارانەشەوە کەزۆر داپڵۆسێنەر بوون. چونکە ئەوانیش سوور بوون لەسەر وروژاندنی خەیاڵی جەماوەرو جۆشدانی حەماسەتیان لەرێگەی گوتارە بەهێزەکانیانو ئەفسانە خودییەکانیانو شەڕە قورسەکانیانەوە. لەنێویشیاندا وەك بیرهێنانەوەیەك: ناپلیۆن، یان ماوتسی تۆنگ یاخود کەسانی تر.

هاشم ساڵح

پاریس،١٩٩٠/٩/١٣

## پەیڤێك

پێنوسی: ئۆتۆ کلیبێرگ

بۆچی کتێبی "سایکۆلۆژیای جەماوەر"، یان "زانستی سایکۆلۆژیای جەماوەر" جارێکی تر چاپدەکرێتەوە؟ ئایا ئەو بۆچوونە تاچەند راستە کەپێیوایە بۆچوونەکانی گۆستاڤ لۆبۆن هەڵوەشاونەتەوەو ئەو





دەروونزانییەشی ئەو هەڵگری بووە لەسەر رەوتی سۆفیگەریی ئەتنیکیو رەگەزپەرستی دامەرزاوە، ئەو ئەنجامانەشی پێیانگەیشتووە لەژێر ئەحکامی پێشوەختدا بوون، ئاخۆ سەرنجو شیکارییەکانی لۆبۆن قەتیسکراوی نێوان چەند شتێکی گچکەی بەدەگمەنو بیروبۆچوونە تاکەکەسییەکانی خۆیدا نییە؟ ئایا پێویستە ئەم کتێبە لەلایەن نەوەیەکی نوێ لەتۆژەری کۆمەڵایەتی یان سۆشیال- سایکۆلۆژییەوە بخوێنرێتەوە، ئەوانەی سوور دەبن لەسەر بابەتیبوونو نزیکخستنەوەی زانستیانە بۆ تێگەیشتن لەرەفتاری گروهەکانو شێوازی هەڵسوکەوتی جەماوەر؟

گومان لەوەدا نییە کەچەندین رەخنە ئاڕاستەی ئەم کتێبە گچکەیە کراوە. رەنگە گرنگترینیان ئەوە بێت کەپەیوەندی بەشێوازی بەکارهێنانی لۆبۆنەوە هەبێت بۆ چەمکی رەگەز (یان ئەتنیك- العرق)، ئەمە ئەو چەمکەیە کەچەندینجار لۆبۆن بەکاریهێناوە بۆ راڤەکردنی ئەو هۆکارەی وا لەجەماوەرە جیاوازەکان دەکات رەفتاری هەمەجۆریان هەبێت. بۆ نموونە، ئەو قسە لەسەر "کۆگای نەگۆڕو هەژموندارانەی ئەتنیك" دەکات بەو سیفەتەی کە لەئەجێندای بایەخدانی توێژەردا "پلەی یەکەمی" بدرێتێ. لۆبۆن پێیوایە کە "رۆحی ئەتنیك- جا هەر ئەتنیکێکی مرۆڤ بێت- بەتەواوەتی باڵ بەسەر رۆحی جەماوەردا دەکێشێت". هەروەها بەبەردەوامی بۆ "چەمکی ئەتنیکی بنچینەیی" دەگەڕێتەوە. ئەو دان بەرۆڵی ناهۆشمەندیدا دەنێت لەیەکلاکردنەوەی رەفتاری جەماوەردا، بەڵام ئەوەشی بیرناچێت کەبیبەستێتەوە بە "بونیادی عەقڵی ئەتنیکیمان"ـەوە. تەنانەت بەلای ئەوەوە گەورەیی شارستانیەتەکانو داڕمانیان بەستراونەتەوە بەو گۆڕاوانەی لەسروشتدا هەن، یان لە "رۆح"ی ئەو ئەتنیکەدا هەیە کەسەر بەوینو پێبەندین پێوەی. ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کەئەو جووتبوون

لەنێوان ئەتنیكو كەلتور یان كەلەپوردا دەكات، بەڵكو لەبەر باوەڕبوونیەتی بە "كەڵەكەبوونە بۆماوەییەكان"، كەمن ژمارەی ئەو كۆمەڵناسە هاوچەرخانەی ئەم خاڵە پەسەند دەكەن.

چەند شتێك لەو كتێبەدا هەن مایەی سەركۆنەكردنن و لەگەڵیاندا جیاوازین. ئەو لەلایەكەوە ئەو بۆچوونە دروستدەكات كە جووتبوونێك لەنێوان "حەشاماتێك – جمهور" و ئەو كارە توندڕەوییانەدا هەیە كە لەكاتی شۆڕشدا ڕوودەدەن. لەلایەكی تریشەوە لۆبۆن دێت ئەو مشتومڕانە بەسایكۆلۆژیای جەماوەرەوە دەمجەدەكات كەدەستەی سوێندخۆران لەدادگای تاوانەكاندا ئەنجامیدەدەن لەگەڵ هەموو ئەو جۆرە ڕەفتارانەی كە ئەنجومەنەكانی پەرلەمانیان پێجیادەكرێتەوە. ئێمە دەزانین كەهەرگیز یەك سایكۆلۆژیا بۆ خۆی ناتوانێت ڕاڤەی سروشتی ئەو هەموو توێژە جۆراوجۆرانە بكات. لەپاڵ ئەمانەدا مەعریفەی ئەو بۆ زانستی ڕەگەزناسی (ئەتنۆلۆژیا) تارادەیەك هەر سادەو ڕوكەشە. ئەو قسە لەسەر كۆمۆنەی سەرەتایی دەكات لەكاتێكدا هیچ كەس تائێستا نەیتوانیوە بوونی ئەو قۆناغە بسەلمێنێت. لۆبۆن سایكۆلۆژیای جەماوەر بەسایكۆلۆژیای مرۆڤی "سەرەتایی" دەشوبهێنێت. هەروەها چەند پێشبینییەكی هەیە جێگەی گاڵتەپێكردنن كاتێك، بۆ نموونە، دەڵێت ڕەخنەی شانۆیی "لەماوەی بیست ساڵدا" هەڵدەوەشێتەوە چونكە هەموو بیروڕا شەخسییەكانی كەسەكان بێ بەها دەبن. ئەو پێیوایە دەمارگیریی و نالێكبوردەیی " بەشێوەیەكی سروشتی دوو خەسڵەتی جیانەكراوەی هەموو سۆزێكی ئاینین ". ئەو پەروەردەیەی ئێستامان "زۆر لەشوێنكەوتووە حەماسییەكان بۆ درێوترین جۆرەكانی سۆشیالیزم تەیاردەكات". لەڕاستیدا كتێبەكە بیروڕای زۆری لەخۆگرتووەو دەبێت سەرلەنوێ بخرێنەوە ژێر گفتوگۆ.





بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش، ئەو كتێبە شایەنی ئەوەیە جارێكیتر بڵاوبكرێتەوە! بیرمدێت كاتێك خەریكی خوێندنی قۆناغی یەكەمی دەروونزانیی كۆمەڵایەتی بووم لەزانكۆ، گرفتی سەرەكی ئەو زانستە لەلای زۆرینەی قوتابییەكان و تەنانەت لەدیدی خەڵكانی شەقامیشەوە كتێبی "سایكۆلۆژیای جەماوەر" بوو. كتێبی گۆستاڤ لۆبۆن زۆر وتووێژی گەورەو ناڕەزایەتی نایەوە، هاوكات ژمارەیەكی زۆر لێكۆڵینەوەو كتێبی نوێی تری بەدوای خۆیدا هێنا. زانستی سایكۆلۆژیای فۆرم "جیشتالت بەزمانی ئەڵمانی" ڕایهێنابووین لەسەر ئەوەی كەهەمیشە هەمەك (الكل) زۆرترە لەكۆی ئەو توخمانەی پێكیدەهێنن، لەبەرئەوە گروپ (یان حەشاماتێك) زیاترە لەبڕی ئەو كەسانەی كە ژمارەیان كەم یان زیاد دەكات. داینامیكیەتی گروهە مرۆییەكان و ئەو ئەزموونانەی لەسەر بنەمای جۆشدانی كۆمەڵایەتی ئەنجامدراون لەگەڵ زۆربەی زۆری ئەو سەرنجانەدا یەكناگرنەوە كە گۆستاڤ لۆبۆن بەبێ هیچ سەلماندنێك هێناونیەتیەوە. بەڵام ئەو كێشانەی لەئێستادا هەن زۆر جیاواز نین لەوانەی ئەو بۆ یەكەمینجار قسەی لەسەر كردوون. وێڕای هەموو ئەو كەموكورتییانەش بەڵام دیسانەوە ئەو توانی كاریگەرییەكی گەورە لەسەر دروستبوونی ئەو زانستەو پێشكەوتنی دابنێت.

لەكۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم: ئەو كتێبە بەگیانێكی ڕەخنەگرانەوە بخوێننەوە، بەڵام بیخوێننەوە.

ئۆتۆ كلینبێرگ
مامۆستای بەشدار لەكۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆییەكان لەزانكۆی پاریس
مامۆستای فەخریی لەزانكۆی كۆلۆمبیا

## پەراوێزەكان

### سەرچاوەكانی پێشەكی

پێویستە لەسەرەتاوە ئاماژە بدەم بەوەی تاچەند سوودم لەكتێبی سێرج مۆسكۆڤیچی (سەردەمی جەماوەر) وەرگرتووە، كەچەند بەشێكی كتێبەكەی بۆ گۆستاڤ لۆبۆن‌و كتێبی "باری دەروونی جەماوەر" تەرخانكردووە.

- Serge Moscovici: L'Age des foules, Fayard Paris ١٩٨١.

مۆسكۆڤیچی بەڕێوەبەری توێژینەوەكانە لەقوتابخانەی خوێندنی باڵا لەكایەی زانستەكانی سۆسیۆلۆجیادا، یەكێكە لەپسپۆڕانی هەرە سەرەكی لەبواری دەرونزانی كۆمەلایەتی لەفەڕەنسادا.

هەروەها كەڵكم لەدوا تێزی زانكۆیی تایبەت بەلۆبۆن وەرگرتووە، كەبەم دواییە لەلایەن چاپەمەنییەكانی زانكۆی فەڕەنسییەوە بڵاوكرایەوە، كە لەلایەن خاتوو كاترین رۆفییەوە نوسرابوو، وەك مامۆستایەكی زانستە كۆمەڵایەتییەكان لەكۆلێژی حقوق‌و ئابووری‌و زانستە كۆمەڵایەتییەكان لەپاریس.

- Catherine Rouvier: Les idees politiques de Gustave Le Bon, P. U. F, ١٩٨٦.

هەروەها سوودم لەكتێبی "دەرونزانی دەستەجەمعی"ش بینی، كە لەلایەن چاپەمەنییەكانی زانكۆی فەڕەنسییەوە دەرچووە.

Pierre Mannoni: La Psychologie Collective, P. U.F, ١٩٨٥.





*پێشكەشە بە*

*تیۆفیل ریبۆ*

*بەڕێوەبەری "گۆڤاری فەلسەفی"*

*مامۆستای دەروونزانی لەكۆلێژی دۆفرانس*

*ئەندامی پەیمانگەی فەڕەنسا*

*سڵاوێكی خۆشەویستانە*

### سەرەتایەك[1]

كـۆی ئـەو تایبەتمەندییـە هاوبەشـانەی كـە لەلایـەن هەریـەك لەژینگـەی دەوروبەرو بۆماوەوە بەسەر هەموو تاكەكانی گەلێكدا دەسەپێن ڕۆحی ئەو گەلە پێكدەهێنن.

بەوپێیـەی كـە ئـەو تایبەتمەندییانـە خـاوەنی بـنچ و بنـاوانێكن كـەبۆ باووبـاپیران دەگەڕێتـەوە لەبەرئـەوە زۆر جـێگیرو نـەگۆڕن. بـەڵام كاتێـك بەشێوەیەكی كاتی حەشاماتێكی زۆر لـەژێر كاریگـەریی چـەند فاكتەرێكدا خڕدەبنـەوە، بەسـەیركردنێكی خێـرا ئـەوەمان بـۆ دەردەكـەوێت كـە ئـەو حەشاماتە لەپاڵ تایبەتمەندییە كۆنە بۆماوەییەكانیدا رستێك تایبەتمەندیی نوێشی دێتەسـەر كـە هەنـدێكجار زۆر لـە تایبەتمەندییـەكانی ئـەو ڕەگـەزە جیاوازترن كەبۆی دەگەڕێنەوە.

حەشـاماتبوونەكەیان ڕۆحێكـی بەكۆمـەڵی گـەورەو گـران دەخوڵقێنێـت، بەڵام بەشێوەیەكی كاتی.

هەمیـشە جـەماوەر لەمێـژوودا ڕۆڵـی گـەورەی گێـڕاوە، بـەڵام هـەرگیز ئـەو ڕۆڵــەی بەهــەمان ئــەو قەبارەیــە نــەگێڕاوە كەئــەمڕۆ دەیگێڕێــت. كــارە ناهۆشمەندییـەكانی جـەماوەر (دوای ئـەوەی جێگـەی چـالاكی هۆشـیارانەی تاكەكان دەگرێتەوە) یەكێكە لەتایبەتمەندییەكانی سەردەمی ئێستامان.

[1] هیچ شتێكم لەم كتێبە نەگۆڕیوە كە ساڵی (١٨٩٥) بۆ یەكەمینجار دەرچوو. ئەو بیروبۆچوونانەی تێیدا خرانەڕوو لەكاتی خۆیدا وەك چەند شتێكی سەیرو سەمەرە دەركەوتن بەڵام ئەمڕۆ چوونەتە خانەی كلاسیكەوە (واتە لەلایەن رای گشتییەوە پەسەندكراون). كتێبی "سایكۆلۆژیای جەماوەر" وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانلەوانە: ئینگلیزی، ئیسپانی، رووسی، سویدی، چیكی، پۆڵۆنی، توركی، ژاپۆنی، هتد...





# پێشەكی
# سەردەمی جەماوەر

ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانەی دەكەونە پێش جێگۆڕكێی شارستانێتییەكانەوە، لەیەكـەم سـەرنجدا وادێنەبەرچـاو كەئەوانـە لەلایـەن گۆڕانـە سیاسـییە گەورەكانـەوە یەكلاكراونەتـەوە. لەوانـەش وەك ئـەو داگیركارییـەی دووچاری گەلان دێت، یان هەڵگێڕانەوەی بنەماڵەكانی پاشایی. بەڵام زۆجار توێژینەوە قـووڵ و وردەكـان پێمانـدەڵێن كـەهۆكاری راسـتەقینەی پـشت هـەموو ئـەو فاكتـەرە رواڵەتیانـە خـۆی لـەو گۆڕانـە ریـشەییەدا دەبینێتـەوە كـە بەسـەر بیروبۆچوونەكانی گەلاندا هاتووە. ئەوە قەبەیی و توندوتیژییەكانی ئاڵوگۆڕە مێژووییە راستەقینەكان نین سەرسامان دەكەن بەڵكو تاكە گۆڕانی گرنگ (واتە ئەوەی زادەی تازەبوونەوەی شارستانیەتەكانە) ئەو گۆڕانەیە كەبەسەر بـیروڕای گـشتی و وێناكردنـەكان و بیروباوەڕەكانـدا دێـت. هـەموو گـەورە ڕووداوەكانی نێو كتێبـەكانی مێـژوو شتێك نین جگـە لـەپاشماوەی بینراوی ئەو گۆڕانە نەبینراوانەی لەسۆزمەندییەكانی (عواطف) مرۆڤدا روویانداوە. خۆ ئەگەر تەنها بەدەگمەن بێنە سەر بەڕەو دەربكەون، ئەوە لەبەرئەوەیە كە گەنجینەی بۆماوەییانەی سۆزمەندییەكانی ئەتنیكێكی مرۆیی لەتوخمە زۆر نەگۆڕو جێگیرەكەیەتی.

سـەردەمی ئێستا یەكێكە لـەو ساتەوەختە تەنگژیانـەی كەتێیدا فیكری مرۆڤایەتی لەقۆناغی ئاڵوگۆڕو گۆڕاندایە.

ئەوەی بناغەیـەكی ریشەیی بۆ ئەو ئـاڵوگۆڕە پێكدەهێنێت دوو هۆكاری سـەرەكین، ئـەوانیش بـریتین لـە: یەكـەم تێكـدانی ئـەو بیروبـاوەڕە ئـایینی و سیاسـی و كۆمەڵایەتیانـەی هـەموو توخمـە پێكهێنـەرەكانی شارسـتانیمانی

لێوەرگیراوە. دووەمیشیان بریتییە لەخولْقاندنی هەموو ئەومەرجانەی بەلای بوون (الوجود)و فیكرەوە تەواو نوێن. ئەوانەش زادەی دۆزینەوە نوێكانی زانستەكان‌و پیشەسازین.

وێڕای ئەوەی بیروبۆچوونەكانی رابوردو شلۆق بوون كەچی هێشتا هەر بەجەورو كاریگەرن، یاخود بەوپێیەی ئەو بیروبۆچوونە نوێیانەی بانگەشەی جێگرتنەوەیان دەكەن هێشتا لەقۆناغی پێكهاتندان، لەبەرئەوە سەردەمی نوێ لەقۆناغێكی گواستنەوەو پاشاگەردانیدایە.

یان بەوپێیەی كەقۆناغێكی لەو جۆرە هەر دەبێت پەشۆكاوو فەوزا بێت، لەبەرئەوە پێشبینیكردنیش بەو شتەی كە لەئایندەدا لەدایكدەبێت لەمڕۆدا شتێكی ئاسان نابێت. پرسیارەكەش ئەوەیە:

ئەو كۆمەڵگەیانەی بەدوای ئێمەدا دێن هەڵسان‌و رابوونیان لەسەر چ بیروبۆچوونێك دەبێت؟ ئێمە هەتا ئێستاش ئەمە نازانین. بەلاّم لەئێستاوە دەتوانین پێشبینی بكەین بەوەی كەهێزێكی نوێ لەدایكدەبێت پێویستە حیساب بۆ بونیادو رێكخستنەكەی بكرێت، كەدوا سەروەرییە لەسەردەمی نوێدا دەربكەوێت، ئەویش هێزی جەماوەرو زەبروزەنگەكەیەتی: لەسەر پاشماوەی ئەو بیروبۆچوونانەی پێشتر پێمانوابوو راستن‌و ئەمڕۆ مردوون، لەسەر داروپەردووی ئەو دەسەلاّتانەی شۆڕشەكان رایماڵین، ئەو هێزە نوێیە دەبینین كەتەنها خۆی راپەڕیوەو خۆی چەسپاندووە. وادەردەكەوێت ئەو هێزە بەم زووانە هەموو ئەوەكانی تر قووتبدات. لەكاتێكدا بیروباوەڕەكانی كۆنمان وەختە هەڵبوەرن‌و با بیانبات، لەكاتێكدا كۆڵەكە كۆنەكانی كۆمەڵگەكان یەكبەدوای یەكدا دەكەون، كەچی تێكۆشانی جەماوەر تاكە هێزێكە كەهیچ شتێك ناتوانێت لەناویبەرێت. جەماوەر ئەو هێزە





تاك‌وتەرایەیە كەتادێت شكۆو كاریگەرییەكەی زیاددەكات. ئەو سەردەمەی لەئێستاماندا پێدەنێینە ناوی، سەردەمی جەماوەرە.

بۆ سەدەیەك دەچێت، ئەو فاكتەرە سەرەكیانەی رووداوەكانیان دەبزواند سیاسەتی تەقلیدیانەی دەوڵەتان‌و پێشبڕكێی نێوان فەرمانڕەواكان بوو. زۆرجار بیروڕای جەماوەر هیچ بەهایەكی ئەوتۆی نەبووە. بەلاّم ئەمڕۆ نەریتە سیاسییەكان‌و بۆچوونە شەخسییەكانی شاهەنشاو فەرمانڕەوایان‌و كێبڕكێیەكانی نێوانیان كار ناكەنە سەر رەوتی رووداوەكان‌و ئەگەر بشبێت شتێكی ئەوتۆ نییەو زۆر كەمە. دەنگی جەماوەر لەسەروترەو دەنگێكی زۆرینەیەو هەر دەنگی ئەویشە كە هەڵسوكەوتی پاشاكان دیاریدەكات. چیدی لەمەودوا چارەنوسی نەتەوەكان لەناو ئەنجومەنەكانی فەرمانڕەوایاندا یەكلاناكرێنەوە، بەڵكو یەكلاكردنەوەیان لەناو رۆحی جەماوەردایە.

بەشداریكردنی چینە شەعبی‌و گەلێرییەكان بۆ ناو ژیانی سیاسی‌و لەوێشەوە گۆڕانیان بەشێوەیەكی هێواش‌و لەسەرخۆ بۆ چەند چینێكی سەركردە، یەكێكە لەخەسڵەتە هەرە دیارەكانی ئەم سەردەمەمان، كەسەردەمی گۆڕانە. ئەم روداوە نوێیە، لەواقیعدا، لەژێر كاریگەریی مافی دەنگدانی گشتیدا رووینەدا كەبۆ ماوەیەكی زۆر بەنابوودیی مایەوەو لەسەرەتادا بۆچوونێكی زۆر ئاسانی لەخۆگرتبوو. دواتر دیمان كە لەدایكبوونی هێزی جەماوەر پێش هەر شت لەرێگەی بلاّوبوونەوەی ئەو بیروبۆچوونانەوەیە كە ماوەیەكی ویستووە تاكو لەناو كەسەكاندا روێنراون، پاشان لەرێگەی كۆكردنەوەی پلەبەپلەی كەسەكان لەمیانەی پەیوەندی‌و كۆمەڵەكانەوە. ئەو گردبوونەوەیە بووەمایەی بەرجەستەكردنی چەند چەمكێك كە تا ئەو دەمەش هەر بەتیۆریی مابوونەوە. ئەو گردبوونەوەیە

زەمینەی گەلاڵەبوونی ئەو بیروبۆچونانەی بۆ جەماوەر رەخساند کە ئەگەر زۆر دادپەروەرانەش نەبووبن، خۆ لانیکەم زۆر هۆشیاریکردووە بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی خۆی و هێزەکەی کەهەیەتی. جەماوەر دەستیدایە پێکهێنانی ئەو سەندیکایانەی کەهەموو دەسەڵاتەکان لەبەردەمیدا دەنوشتانەوەو خۆیان دەخستە بەردەمی. هەروەها جەماوەر بازاڕەکانی بۆرسەی کارکردنی پێکهێنا، کە وێڕای باڵادەستی یاسا ئابوورییەکان، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجی کارکردن و کرێ (یان مووچە)ی داوە. یاخود نوێنەرانی خۆی ناردۆتە نێو ئەو ئەنجومەنانەی حکومەتەوە کەبڕیاردەرن. ئەو نوێنەرانە داشۆراوبوون لەگیانی دەستپێشخەریی و هیچ سەربەخۆییەکی شەخسییان نەبووەو زۆربەی جاریش ئەوانە قسەکەر بوون بەناوی ئەو لیژنانەی کەهەڵبژاردبوون.

ئەگەر ئەمڕۆ سەرنجبدەین دەبینین داخوازییەکانی جەماوەر زۆر ئاشکراتر بوون و حەز بەژێرەوژوورکردن و هەڵگێڕانەوەی  کۆمەڵگەی ئێستا دەکەن بەئامانجی ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی، کەدۆخی سروشتیانەی هەموو گروپەکانی پێش بەرەبەیانی شارستانێتی بووە. داخوازییەکان لەم شتانەدا خۆیان بینیوەتەوە: دیاریکردنی سەعاتەکانی کارکردن، خۆماڵیکردنی کانەکانی خەڵوزو هێڵەکانی شەمەندەفەرو کارگەکان و زەوی‌وزار، پاشان دابەشکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی یەکسان، هەروەها پاکتاوکردنی چینە باڵاکان لەپێناو بەرژەوەندی چینە گەلێرییەکاندا...هتد.

جەماوەر زۆر حەزی لەتێڕامان و بیرکردنەوە نییەو ئامادەیشی تێدا نییە مشتومڕی عەقڵی بکات، کەچی زۆر حەزی لەوەیە بخزێتە ناو مومارەسەو کارکردنەوە. ئەو رێکخستنەشی ئەمڕۆ هەیەتی وایلێدەکات خاوەن هێزێکی





زۆر گەورە بێت. ئەو بیروباوەڕە نوێیانەشی ئەمڕۆ بەبەرچاومانەوە لەدایکدەبن بەم زووانە هەمان هێزو تینی بیروباوەڕە کۆنەکانیان دەبێت: مەبەست لەو هێزە ستەمکارە خۆسەپێنەرەیە کەهیچ جۆرە گفتوگۆو ناڕەزایەتییەك قبوڵ ناکات. بارودۆخەکە بەرەو ئەوەدەچێت کە مافە خوداییەکانی جەماوەر جێگەی یاسا خوداییەکانی پاشاکان بگرنەوە.

تەنانەت ئەو نوسەرانەشی لەبۆرژوازیەتی فەرمانڕەوامانەوە نزیکن، بەوانەشەوە کەخۆیان بەباشترین نوێنەری بۆچوونە تەسکەکانی ئەو چینەو گومانە کورتهێن و خۆپەرستییە زێدەڕۆیەکەیان دەزانن، هەندێکجار، هەست بەترس و تۆقاندن دەکەن لەئاست ئەو دەسەڵاتە نوێیەی هەتادێت لەپێشدەمیاندا گەورەو قەبە دەبێت. ئەم نوسەرانە بۆ ئەوەی بەگژ ئەو بارە پشێوەدا بچنەوە کەدووچاری کەسەکان هاتووە، دەچن بانگەشەی رەشبینانە ئاڕاستەی هێزە ئەخلاقییەکانی کڵێسا دەکەن، ئەو کڵێسایەی لەرابوردودا سووکایەتییەکی زۆری پێکردن. ئەوەبوو کڵێساکان باسیان لەئیفلاسی زانست دەکردو رێنماییەکانی وەحی و حەقیقەتەکانی بۆ باسدەکردین. بەڵام ئەوانەی تازەبەتازە ئیمانداربوون ئەوەیان بیردەچێت کەئەگەر بەمدواییانەش خوا بایەخی پێدابن ئەوا هەموویان هەمان کاریگەرییان لەسەر نابێت، بەڵکو  تەنها بۆ ئەوانە دەبێت کەبۆ ئەو دنیا دەژین. جەماوەر لەمڕۆدا خوایەکیان ناوێت کە تا دوێنێ خاوەنەکانی پێشووی نکۆڵییان لێکردبێت و تێکیانشکاندبێت، چونکە هەرگیز رووبارەکان بەرەو سەرچاوەکانیان ناگەڕێنەوە.

پاشان زانستیش هەرگیز ئیفلاسی نەکردووەو بەرپرسیش نییە نە لەو فەوزایەی ئێستا دووچاری کەسەکان هاتووە نە لەو هێزە نوێیەشی لەناو خودی ئەو فەوزایەدا نەشونما دەکات و گەورەدەبێت. ئەوەندەی هەیە

زانست بەڵێنی دۆزینەوەی راستییەكانی پێداوین، یان لانیكەم بەڵێنی ناسینی ئەو پەیوەندییانەی پێداوین كە لەژێر ركێفی توانا عەقڵییەكانماندان. بەڵام هەرگیز بەڵێنی ئەوەی پێنەداوین بێت و ئاشتی و بەختەوەریمان بۆ دەستەبەربكات. ئەو هەرگیز نایەت بەلای هەست و سۆزمەندییەكانمانەوە و گوێ لەخۆزگەو حەسرەتەكانیشمان ناگرێت، تازە هیچ شتێكیش نییە بتوانێت جارێكیتر ئەو وەهمانە بگەڕێنێتەوە كەزانست لەناویبردوون و فڕێیداونەتەوە دەرەوە.

لەلای گەلانی جۆراوجۆر چەند خەسڵەتێكی گەردوونی هەن نیشانەن بۆ ئەوەی كەهێزی جەماوەر بەخێرایی گەشە دەكات. جا ئەم گەشەیە چەندێك شتی باش یان خراپی بۆ هەڵگرتبێتین بەڵام لەهەموو حاڵەتێكدا ئێمە هەر ناچارین دیاردەكە بخەینەڕوو لەگەڵیدا روبەڕو ببینەوە. جنێوو تۆمەتەكان هیچ ئاكامێكیان نابێت. لەوەشدەچێت هاتنی سەردەمی جەماوەر دوا قۆناغی شارستانێتی رۆژئاوا بێت، یان ئەوەتا گەڕاندنەوەیەك بێت بۆ پاشاگەردانی و بێسەروبەرەییەكانی پێش دروستبوونی كۆمەڵگە نوێكان. بەڵام ئەی چۆن دەتوانین رێگە لەهاتنی ئەو سەردەمە بگرین؟

روخانی شارستانێتییە دێرینەكان هەتا ساتی داڕمینیان جەماوەر رۆڵی گەورەی تێدا گێڕاوە. مێژووش ئەوەمان فێردەكات كەوەختێك جڵەو لەدەست ئەو هێزە ئەخلاقیانە دەردەچێت كەپەیكەری كۆمەڵگە پێكدەهێنن، ئیدی داڕزانی كۆتایی لەسەر دەستی ئەو زۆرینە ناهۆشیارو شەڕانگێزە روودەدات كەهەقی خۆیەتی پێیبگوترێت بەربەرییەكان. هەتا ئێستاش شارستانێتییەكان لەسەر دەستی ئەرستۆكراسییەكی رۆشنبیری كەمینە دامەزراوەو ئاڕاستەكراوە، نەك لەسەر دەستی جەماوەر. جەماوەر هێزی خۆی تەنها بۆ تێكدان و روخاندن بەكاردەهێنێت. هەروەها هەژموونی





جەماوەر هەمیشە قۆناغێك دەبێت لەقۆناغەكانی پاشاگەردانی. شارستانێتی – جا هەر شارستانێتییەك بێت– پێویستی بەچەند رێسایەكی جێگیرو سیستمێكی دیاریكراوو گوزەركردنە لەقۆناغی سروشتەوە بەرەو قۆناغی عەقڵ، سەرپەرشتیكردنی داهاتوو پێویستی بەئاستێكی بەرزی رۆشنبیریی هەیە. بەڵام هەموو ئەم هۆكارانە لەلای جەماوەرێك نین كە بەرەڵاكرابێت. جەماوەر تەنها بەهۆی هێزی تێكدان و خاپووركردنیەوە كاری خۆی دەكات و لەو میكرۆبانەی دەچێت كە رۆڵیان هەیە لەداڕزاندنی جەستە لاوازەكان یان لەتەرمەكاندا. كاتێك بنەماكانی شارستانێتی كرمۆڵ دەبن، جەماوەر دێت لەناویدەبات. لەخودی ئەو ساتەشدا رۆڵی جەماوەر دەردەكەوێت. لەوكاتەدا جەماوەر لەڕووی زۆربوونەوە دەبێتە هێزێكی كوێرو ئەمەش تاكە فەلسەفەی مێژووە.

ئایا ئەمە تووشی شارستانێتی ئێمەش دێت؟ ئێمە ئەنجامەكە هەتا ئێستاش نازانین، بەڵام لێیدەترسین.

كەواتە باخۆمان بدەینە دەست حوكمی جەماوەرو تەسلیمی بین،چونكە دەستە نەزانەكان هەموو ئەو بەربەستانەیان شكاند كە لەتوانایاندا هەبوو ئەو دەستانە لەسنوری خۆیاندا رابگرێت.

سەرباری ئەوەی خەڵك زۆر باسی جەماوەر دەكات بەڵام هێشتا زانیاریمان لەبارەیەوە زۆر كەمە. لەبەرئەوەی دەروونناسانی پیشەیی و پرۆفیشنال زۆر دووربوون لەجەماوەرەوەو پشتگوێیان خستووەو هیچ بایەخێكی ئەوتۆیان پێنەداوە، تەنها لەوكاتانەدا نەبێت كەتاوانی ئەنجامداوە. بێگومان جەماوەر هەیە تاوانبارە، بەڵام جەماوەریش هەیە چاكەكارو پاڵەوانە، ئەمە جگە لەوەی چەندین جۆر جەماوەری تریش هەن. تاوانەكانی جەماوەر تەنها حاڵەتێكی تایبەتن بەباری سایكۆلۆژی و

دەروونی خۆیەوەو ناتوانین تەنها لەڕێگەی تاوانەکانیەوە بیناسین، مەگەر ئەوەیە بمانەوێت کەسەکە لەمیانەی خەوشەکانیەوە بناسین.

گەورەپیاوانی دنیاو دامەزرێنەرانی ئایینەکان یان ئیمپراتۆرەکانو پێغەمبەرانی هەموو بیروباوەڕەکانو پیاوانی گەورە دەوڵەتانو لەسەر ئاستێکی نزمتر، سەرۆکی دەستەو تاقمە مرۆییە بچوکەکان، هەر هەموویان بەبێئەوەی ئاگاداربن دەروونناس بوون. ئەمانە رۆحی جەماوەریان بەشێوەیەکی خۆڕسکانە ناسیوە، کەزۆرجار زۆر وردو باوەڕپێکراویش بووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئەمانە جەماوەریان بەباشی ناسیوەو زانیویانە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەنو هەر ئەمەش وایکردووە ببنە خاوەنی. بۆ نموونە ناپلیۆن پۆناپارت بەشێوەیەکی زۆر بلیمەتانە چۆتە ناخی جەماوەری فەڕەنسییەوە، ئەگەرچی هەندێکجار سایکۆلۆژیای ئەو جەماوەرەی نەناسیوە کە سەر بەرەگەزو ئەتنیکە جیاوازەکانی تر بوون[1].

هەر ئەو نەزانینەش بوو ناپلیۆنی برد بەرەو ئەوەی جەنگ لەدژی ئیسپانیاو روسیا هەڵگیرسێنێتو هەر ئەمانەش بوو دواتر سەریان خوارد.

زۆر پێویستە پیاوی دەوڵەت سایکۆلۆژیای جەماوەر بناسێت، بەتایبەتی کە نەیەوێت خۆی هەموو شتەکان بکات، ناڵێم خۆی حوکمڕانێتی بەسەر هەموو شتەکاندا بکات چونکە ئەوە لەمڕۆدا شتێکی زۆر زەحمەتە.

---

(1) راوێژکارە تێگەیشتووەکانی لەو زیاتر تێینەگەیشتبوون. جارێکیان تالیران بۆی دەنوسێتو دەڵێت: "ئیسپانیا پێشوازی لەسەربازەکانی دەکات وەك رزگارکەرو فریاردڕەسێکی خۆی". بەڵام خۆ دەزانین وەك ئاژەڵی دڕندە پێشوازی لێکردن. ئەگەر دەروناسێکی شارەزا لەبارەی غەریزە بۆماوەییەکانی رەگەزی ئیسپانییەوە هەبووایە بەئاسانی پێشبینی ئەوەی دەکرد کە چ شتێك بەسەر سەربازانی ناپلیۆندا دێت.





سایکۆلۆژیای جەماوەر ئەوەی بۆ دەرخستین کە یاساو دامودەزگاکان کاریگەرییەکی زۆر لاوازیان بەسەر سروشتە غەریزییە شەڕەنگێزییەکەیەوە هەیە. هەروەها ئەم سایکۆلۆژیایە ئەوەشی بۆ دەرخستین کە خۆی چەندێك بێدەسەڵاتە لەئاست دروستکردنی بیروڕای تاکەکەسیداو ئەوەشی دەتوانێت ئەوە بکات ئەو بیروڕایانەیە کەپێی تەلقینکراوە یان لەلایەن کەسانی ترەوە پێیڕاگەیەندراوە. هەرگیز رێسا داتاشراوەکانی دادپەروەرییەکی تیۆریی پەتی ناتوانێت جەماوەر بجوڵێنێتو ئاڕاستەیان بکات، بەڵکو ئەوەی دەتوانێت رەنگە تەنها ئەو وێنایانە بن کە لەرۆحیدا دروستیاندەکات. با نموونەیەك لەسەر ئەمە بهێنینەوە: ئەگەر یەکێك لەیاسادانەرەکان ویستی باجێکی تازە بەسەر جەماوەردا بسەپێنێت، ئایا پێویستدەکات ئەو باجە دابنێت کە لەڕووی تیۆرییەوە دادپەروەرانەیە. بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەخێر، چونکە رەنگە زۆرجار باجێکی زۆر زاڵمانە بەلای جەماوەرەوە باشتر بێت ئەگەر باجەکە زۆر دیار نەبێتو لەرواڵەتیشدا قورسایی زۆری نەبێت. هەرلەبەرئەوەشە هەمیشە باجی ناڕاستەوخۆ جێگەی رەزامەندیی جەماوەرە تەنانەت ئەگەر زۆریش بێت، چونکە ئەمجۆرە باجە رۆژانەییە بەبڕی زۆرکەم بەسەر کەرەستەکانی بەرخۆریدا دابەشدەبێت بەجۆرێك کەدواجار واناکات میزاجی جەماوەر تێکبچێتو بیترسێنێت. بەڵام ئەگەر هاتین ئەمەمان گۆڕی بۆ باجێکی راستەوانە بەپێی مووچە یان کەرەستەکانی ترو هاوکات داواشمان لەجەماوەر کرد کەهەمووی بەسەریەکەوە بدات، ئەمە چەندین ناڕەزایەتی سەرشێتانەی لێدەکەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو باجە دە ئەوەندەش لەباجە ناڕاستەوخۆکە کەمتر بێت. لەبری ئەو چەند قروشە نەبینراوەی هەموو رۆژێك دەدرێت، بڕێکی تۆزێك بەرزتر لەمە، بەڵام ئەوەیە بەسەریەکەوەیە جێگەی دەگرێتەوەو بەمەش دەنگی ناڕەزایەتی

بەرزدەبێتەوە. ئەم باجە تەنها ئەو كاتە دەسەنرێت كەتۆزتۆز وەربگیرێت. دۆزینەوەی ئەم فێڵە ئابوورییە پێویستی بەبڕێك زیرەكیو تێگەیشتنە كەجەماوەر ناتوانێت تێیبگات.

ئەم نموونەیە عەقڵیەتی جەماوەرمان بەڕوونی بۆ دەردەخات. ئەمە لەشارەزایەكی دەروونناسی وەك ناپلیۆن شاراوە نەبوو، بەڵام ئەو یاسادانەرانەی رۆحی جەماوەر ناناسن ناتوانن لەم عەقڵیەتە تێبگەن، یان بابڵێین، هێشتا ئەزموون تەواو فێری ئەوەی نەكردوون كە هەرگیز هەڵسوكەوتی مرۆڤەكان لەپرەنسیپە تیۆرییەكانی عەقڵی پەتییەوە نییە.

چەندین ئەزموونی تر هەن دەكرێت بەسەر سایكۆلۆژیەتی جەماوەردا پراكتیزەیان بكەین. زانینی ئەو سایكۆلۆژیەتە تیشكێكی زۆر دەخاتە سەر زۆرێك لەو دیاردە مێژوویيو ئابووریانەی كەناتوانین بەبێ ئەو سایكۆلۆژیەتە لێیان تێبگەین:

كەواتە سایكۆلۆژیای جەماوەر شایستە بەوەیە توێژینەوەی لەبارەوە بكرێت، تەنانەت ئەگەر تەنها بۆ مەسەلەیەكی فزوڵی روتیش بێت، چونكە شتێكی زۆر بەتامو چێژە بێین ئەو پاڵنەرانە شیبكەینەوە كەمرۆڤەكان دەبزوێنن بەرەو ئەوەی بچنە نێو ریزی جەماوەرەوەو كاری بەكردەوە ئەنجامبدەن، چێژەكەی ئەوەندەی شیكردنەوەی كانزایەك یان رووەكێكە.

لێكۆڵینەوەكان لەبارەی رۆحی جەماوەرەوە لەداڕشتەیەكی كورت تێناپەڕێت، یان تەنها پوختكردنەوەیەكە بۆ توێژینەوەكانمان. نابێت خوێنەر لەهەندێك بیروڕاو بۆچوونی گەیەنەر بەولاوە داوای شتی زیاتری لێبكات. ئەوە كاری تۆژەری ترە بێنو هێڵەكە تۆختر بكەنەوە. ئەوەی ئەمڕۆ





ئێمە پێهەڵدەستین تەنها وێنەكردنیەتی لەسەر زەمینەیەك كە تائێستا بەو رادەیە نەناسراوە[٢].

---

(٢) ئەو نووسەرە بەدەگمەنانەی بایەخیان بەتوێژینەوەی باری دەروونی جەماوەر داوە، وەك پێشتر باسمكرد، تەنها لەروانگەی ئەو تاوانانەوە لێكۆڵینەوەیان كردووە كەرەنگە ئەنجامیبدەن. تەنها بەشێكی كورتم بۆ ئەو بابەتە تەرخانكردبوو، لەبەرئەوە من خوێنەر رەوانەی لای توێژینەوەكانی تاردو كتێبۆكەكەی سیگیل دەكەم: "جەماوەری تاوانبار"، بەڵام ئەو لێكۆڵینەوەیەی دوایی هیچ بیرۆكەیەكی شەخسی تێدا نییە، بەڵكو بریتییە لەكۆكردنەوەی ئەو رووداوو هەواڵە بەنرخو بەكەڵكانەی بەلای دەروونناسانەوە بۆ شیكاركردن بەكاردەهێنرێن. لەهەموو حاڵەتێكدا ئەو ئەنجامانەی لەبارەی توانەكانی جەماوەرو ئەخلاقەكانیەوە پێیانگەیشتووم تەواو پێچەوانەی بیروڕای ئەو دوو نوسەرەن باسكران.

خوێنەر دەتوانێت لەكتێبەكانی ترمدا بەتایبەتیش لەكتێبی "سایكۆلۆژیای سۆشیالیزم"دا هەندێك لەئەنجامەكانی ئەو یاسایانە ببینێت كە كاردەكەنە سەر سایكۆلۆژیای جەماوەر . هەروەها دەشێت ئەو ئەنجامانە بۆ بابەتە هەمەجۆرەكان بەكاربهێنرێن. بەڕێز م. أ. جیڤاریەی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پاشایەتی لەبرۆكسل ئەو یاسایانەی بەشێوەیەكی زۆر نایاب خستۆتە واری كردارییەوە ئەویش لەمیانەی توێژینەوەیەك لەبارەی مۆسیقاوەو پێیدەڵێت كەبەهەق ئەوە "هونەری جەماوەر"ە. ئەو مامۆستا مەزنە لەنوسینێكدا پێمدەڵێت: "دوو كتێبەكەت چارەسەی كێشەیەكیان بۆ كردم كە بەلامەوە چارەسەركردنیان مەحاڵ بوو ئەوانیش: ئەو توانا سەرسوڕهێنەی كە هەموو جەماوەرێك هەیەتی لەسەر چێژوەرگرتن لەهەر كارێكی مۆسیقی نوێ یان كۆن، ناوخۆیی یان بیانی، سادە یان ئاڵۆز بەمەرجێك بەسەلیقەیەكی وردەوەو لەسەر دەستی ژەنیارێكی بەجۆشو خرۆش بەئەنجامبگەیەنرێت". هەروەها بەڕێز جیڤاریە زۆر بەجوانی ئەوەمان نیشاندەدات كەچۆن "ئەو كارە مۆسیقییەی گەورە پسپۆڕان ناتوانن لێیتێبگەن، ئەوانەی لەكونجی نوسینگەكانیاندا خەریكی خوێندنەوەی نۆتەكانن، كەچی رەنگە دەمودەست جەماوەرێك لێیتێبگات لەكاتێكدا نامۆیە بەهەموو رۆشنبیرییەكی مۆسیقی". هەورەها ئەوەشمان بۆ شرۆڤە دەكات كەبۆچی ئەو جۆرە وێنا ئێستاتیكانە هیچ شوێنەوارێك بەجێناهێڵن.

## کتێبی یەکەم

# رۆحی جەماوەر

# بەشی یەکەم

## تایبەتمەندییە گشتییەکانی جەماوەر
## یاسا دەروونییەکانی یەکبوونی زەینیانەی جەماوەر

وشەی جەماوەر، بەواتا سادەکەی، کۆبوونەوەی بێئەملاوئەولای کۆمەڵێك کەسە، جا چ شوناسەکەی نەتەوەیی یان کارو پیشە یان رەگەزیی یان هەرچییەکی تر بێت، یان بەهۆی هەر رێکەوتێکەوە کۆبووبێتنەوە.

بەڵام زاراوەی جەماوەر لەروانگەی دەروونییەوە واتایەکی تەواو جیاوازی هەیە. لەهەندێك هەلومەرجی دیاریکراودا، بەتایبەتیش لەو جۆرە هەلومەرجانەدا، رەنگە کۆمەڵە خەڵکێك ببنە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی نوێی ئەوتۆ کەزۆر جیاواز بن لەتایبەتمەندیی هەریەکەیان بەجیا. لەوکاتەدا ئەوەی پێیدەگوترێت کەسایەتی تاکی هۆشیار لەئارادا نامێنێت و لەبری ئەوە سۆزمەندیی و بیروبۆچوونەکانی ئەو یەکە بچووککراوانەی جەماوەر پێکدەهێنن بەهەمان ئاقاردا ئاراستە دەکرێن. لەو ساتەدا ئەو کۆمەڵە دەبێتە ئەوەی پێیدەڵێم جەماوەری رێکخراو، چونکە هیچ زاراوەیەکی ترم نییە، یان بابڵێین، دەبێتە جەماوەرێکی سایکۆلۆژیی.





ئەو وەختە یەك شوناس پێکدەهێنێت و ملکەچی یاسای یەکێتی جەماوەر لەڕووی عەقڵییەوە دەبێت.

زۆر لەکەسەکان بەرێکەوت دەچنەپاڵ یەکترو خۆیان بەشێوەیەکی کۆبۆوە دەبینن، بەڵام ئەم دیاردەیە ناکاتە ئەوەی ئەوانە تایبەتمەندیی جەماوەری رێکخراویان بەسەردا بڕێت. هەزار کەس بەرێکەوت لەگۆڕەپانێکی گشتیدا بەبێ هیچ ئامانجێك کۆبوونەتەوە بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئەوانە جەماوەرێکی سایکۆلۆژی پێکبهێنن. جا بۆ دەستخستنی ئەو تایبەتمەندییە دیاریکراوە پێویستە کاریگەریی هەندێك لەو هاندەرانەیان بەسەرەوە بێت کەدواتر قسەیان لەبارەوە دەکەین و سروشتەکەیان دەخەینەڕوو.

توانەوەی کەسایەتی تاکی هۆشیارو ئاڕاستەکردنی سۆزمەندیی و بۆچوونەکانی بەیەك ئاقاردا یەکەم تایبەتمەندیی جەماوەرێك پێکدەهێنێت کە لەقۆناغی پێکهاتنندایە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت کەسەکان لەیەککاتداو لەیەك خاڵدا ئامادەییان هەبێت، چونکە دەشێت هەزاران کەسی پەرش وبڵاو هەبن و لەساتێکی دیاریکراودا خەسڵەتی جەماوەری سایکۆلۆژییان بدرێتێ، کە ئەوەش رەنگە لەژێر کاریگەریی هەندێك هەڵچوونی توندوتیژئامێز یان لەژێر کاریگەریی رووداوێکی نەتەوەیی گەورەدا بێت. رەنگە رێکەوتێکیش نەبێت بتوانێت بەو رادەیە کۆیانبکاتەوە کەدەمودەست رەفتاریان شکڵ و شێوەیەکی تایبەت بەکارەکانی جەماوەر وەربگرێت. رەنگە لەساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا، دە کەس جەماوەرێکی سایکۆلۆژی پێکبهێنن، کەچی رەنگە بەسەدان کەس لەشوێنێکدا کۆببنەوەو ئەو شێوە جەماوەرەش پێکنەهێنن. لەلایەکیترەوە رەنگە سەرلەبەری گەلێك بەهۆی ئەم فاکتەرو ئەو فاکتەرەوە ببنە

جەماوەرێكی سایكۆلۆژیی بەبێئەوەی هیچ كۆبوونەوەیەكی بەرچاوو بینراویش هەبێت.

پێكهاتنی جەماوەری سایكۆلۆژیی بەندە بەچەند تایبەتمەندییەكی گشتیی و كاتییەوە، بەڵام ئەوەندەش هەیە ئەم تایبەتمەندییانە قابیلی پۆلێنكردن و دیاریكردنن. لەپاڵ ئەو تایبەتمەندییە گشتیانەدا چەند تایبەتمەندییەكی تایبەتی هەن كەبەپێی ئەو توخمانەی جەماوەریان لێپێكدێت، دەگۆڕێن، ئەو توخمانەی ئەگەری ئەوەیان هەیە بونیادە عەقڵییەكەی هەموار بكرێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەئیمكانی ئەوە هەیە جەماوەری سایكۆلۆژیی پۆلێن بكرێت. توێژینەوە لەو پۆلێنەش ئەوەمان بۆ دەردەخات كەجەماوەری وێكنەچووی پێكهاتوو لەتوخمی دوورلەیەكتر هەمان ئەو خەسڵەتە هاوبەشانەیان هەبێت كەجەماوەری وێكچوو هەیەتی. لەچەند توخمێكی كەمتازۆر لێكچوو پێكهاتووە (مەبەستمان لەتوخمەكان لێرەدا تایەفەكان یان توێژەكان یان چینەكانە). بەڵام وێڕای ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانە چەند تایبەتمەندییەكی تریش هەن دەرفەتی دروستبوونی جیاوازیمان لەنێوان خۆیاندا دەدەنێ.

بەرلەوەی گرنگی بەلێكۆڵینەوەی ئەو توێژە جیاوازانە بدەین كەجەماوەر پێكدەهێنن ، با سەرەتا لەپشكنینی ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەوە دەستپێبكەین كە لەلای هەمووان هەیە. ئێمە ئەوە لەسەر شێوازی جیهانی سروشت و رووەكەكان تاقیدەكەینەوەو دواتر دەستدەكەین بەدیاریكردنی تایبەتمەندییە گشتییەكانی تاكەكانی خێزانێك پاشان ئەو خەسڵەتە تایبەتیانە دەستنیشاندەكەین كە جیاوازیی و جیاكاریی دەخاتە نێوان ئەو جۆرو ئەسنافانەی كە خودی خێزانەكە لەخۆیگرتووە.





لێكۆڵینەوە لەرۆحی جەماوەر كارێكی هەروا ئاسان نییە،چونكە پێكهاتەی ئەو رۆحە تەنها بەپێی رەگەزی مرۆڤەكەو چۆنێتی پێكهاتەی كۆمەڵەكان ناگۆڕێت، بەڵكو بەپێی سروشت و پلەی بەهێزیی و ئەو هاندانانەش دەگۆڕێت كەجەماوەر تووشیاندێت. لەمەدا روبەڕوی هەمان زەحمەتی ئەو توێژینەوەیە دەبینەوە كە لەواقیعدا لەسەر سایكۆلۆژیای بوونەوەرێك ئەنجامیدەدەین. لەحیكایەتەكاندا دەبینین تاكەكان چەند تایبەتمەندییەكی جێگیرو بەردەوامیان هەیە، بەڵام لەژیانی واقیعیدا نین. تەنها وێكچوویی ژینگەیە وێكچوویيەكی رواڵەتیانە بۆ تایبەتمەندییەكان و خەسڵەتەكان دەخولقێنێت. من لەجێگەیەكی تردا ئەوەم دەرخستووە كەهەموو پێكهاتە عەقڵی و زەینییەكان توانای ئەو تایبەتمەندیانەیان تێدایە كە لەژێر كاریگەریی هەر گۆڕانێكی لەناكاوی ژینگەدا سەربكەونە سەرەوەو دەربكەون.

لەمەوە دەتوانین راڤەی ئەوە بكەین كە لەناو ریزەكانی شۆڕشگێڕانی سەرسێنتی فەڕەنسیدا چەندین بۆرژوای رووخۆش هەن. رەنگە ئەو بۆرژوازانە لەحاڵەتی ئاساییدا دادنوسی بێوەی بووبن یان كەسانێكی چاكی بواری دادوەری بووبن. زریانەكە (زریانی شۆڕش) بۆ ئەوە تێناپەڕێت تاكو تایبەتمەندییە دەروونییە سروشتییەكانیان بۆ بگەڕێنێتەوە. ناپلیۆن لەناویاندا باشترین خزمەت و زۆرترین كەسانی گوێڕایەڵی دۆزیوەتەوە.

ئەگەر نەمانتوانیبێت لێرەدا هەموو قۆناغەكانی دروستبوونی جەماوەر تاووتوێبكەین، ئەوا بەشێوەیەكی تایبەتی لەدواهەمین قۆناغ و لەباری پێگەیشتوویی رێكخستنەكەیدا لێیدەكۆڵینەوە. ئەو كاتە رەنگە ئەوە بەدیبكەین كەجەماوەر دەبێتە چی، بەڵام دیسانەوە ئەمەش ماهیەتە هەمیشەییەكەی نییە. چونكە جەماوەر تەنها لەمجۆرە قۆناغە

پێشکەوتووەی ڕێکخستنداو لەسەر بنەمای باکگراوندێکی جێگیر، کە ئەتنیك تێیدا بالادەست بێت، دەتوانێت هەندێك خەسڵەتی نوێی جێگەی رابوردوی بگرنەوە. بەمەش هەرچی سۆزمەندیی گروهەکەو بیروبۆچوونەکانێتی بەیەك ئاڕاستەدا دەبرێت. ئەو دەمە ئەو شتە دەردەکەوێت کەپێشتر پێمدەگوت **یاسای دەروونی بۆ یەکبوونی زەینیانەی جەماوەر.**

زۆرێك لەتایبەتمەندییە دەروونییەکانی جەماوەر لەلای هەندێك لەکەسە تاکوتەنهاو گۆشەگیرەکانیش هەن، بەلام چەند تایبەتمەندییەکی تر هەن تەنها لای گرۆهەکان و کۆمەڵبووەکان هەن. هەوڵدەدەین لەو تایبەتمەندییە تایبەتیانە بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی رادەی گرنگییەکەی بزانین.

ئەو دیاردەیەی زیاتر لەباری دەروونی جەماوەردا بەدیدەکرێت و سەرسامان دەکات، ئەمەی خوارەوەیە:

جۆری ئەو کەسە تاکانەی جەماوەر پێکدەهێنن، شێوازی ژیانیان هەرچۆنێك بێت، لەڕووی ئەوەی وێکچوو بن یان جیاواز، یاخود حەزیان لەچییەو میزاج و ئاستی زیرەکیان چەندێکە. تەنها بوونیان بەجەماوەر جۆرێك لەگیانی دەستەجەمعییان پێدەبەخشێت. ئەو گیانەش وایانلێدەکات بەشێوەیەکی زۆر جیاواز هەست بەشتەکان بکەن و بیربکەنەوەو بجوڵێنەوە، کە ئەمەشیان هەرگیز وەك ئەو کاتەیان نییە کە هەریەکەیان بەتەنیا هەرخۆی بێت.

هەندێك بیروبۆچوون و سۆزمەندیی هەن دەرناکەون و نابنە کردە تەنها لەلای ئەوانە نەبێت کە لەناو جەماوەردان. جەماوەری سایکۆلۆژیی بریتییە لەبوونەوەرێکی کاتی کەپێکهاتووە لەچەند کەسێکی پەرت وبلاو بەلام لەساتێك لەساتەکاندا ریزەکانیان یەکخستووە، ئەوانە ڕێکەوڕاست





لەخانەکانی ئەو جەستە زیندووە دەچن کە لەرێگەی کۆبوونەوەو یەکبوونیانەوە ئەو بوونەوەرە نوێیە دروستدەکەن کەهەڵگری چەند خاسیەتێکی تەواو جیاوازە لەوەی هەر خانەیەك پێشتر هەیبووە.

بەپێچەوانەی بۆچوونە باوەکەوە، پێمانسەیرە فەیلەسوفێکی خاوەن سەنگ و درەوشاوەی وەك هێربەرت سبنسەر پێیوابێت ئەو گردبوونەوەیەی جەماوەر پێکیدەهێنێت هیچ بەرەنجام و تێکڕاییەکی رەگەزەکانی تێدا نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها ئاوێتەبوون و خوڵقاندنی خاسیەتەکانە. ئەمەش لەو شتە دەچێت کە لەبواری کیمیادا هەیە. هەندێك توخمی بەکارهاتووی ئاوێتەکە، بۆ نموونە وەك ترش و ڕێساکان، لەگەڵیەکتردا کارلێکدەکەن لەپێناو پێکهێنانی مادەیەکی نوێدا کەهەڵگری چەند خەسڵەتێکی جیاوازترە لەوەی کەهەریەك لەو توخمانە پێش کارلێکەکە هەیانبووە.

هەربۆیە زۆر بەئاسانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەتاکێکی تێکەڵبوو بەجەماوەر چەند جیاوازە لەتاکێك کە تەنیا هەر خۆی بێت، بەلام ئەوەی ئاسان نییە دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەوجۆرە جیاوازییەیە.

جا بۆ ئەوەی بتوانین بیاندۆزینەوە، دەبێت ئەو سەرنجە وەبیربهێنینەوە کەتایبەتە بەزانستی دەروونزانی نوێ:

دیاردە ناهۆشمەندەکان تەنها لەژیانی ئەندامی و فیزیۆلۆژیدا ڕۆڵێکی سەرەکی ناگێڕن، بەڵکو ئەو ڕۆڵەیان لەشێوازی ئیشپێکردنی مێشك یان میکانیزمەی عەقڵیشدا هەیە. ژیانە هۆشمەندییەکەی گیانی مرۆڤ، بەبەراورد لەگەڵ ژیانە ناهۆشمەندییەکەی، تەنها بەشێکی کەم پێکدەهێنێت. شیکارمەندێك چەند زانابێت و چاودێرێك چەند زیرەك و زرنگ بێت، بەلام دیسانەوە هەر ئەوەندەی لەتوانادایە کەچەند پاڵنەرێکی ناهۆشمەندانەی کەم کەشفبکات کەدەیانجوڵێنێت. کارو کردەوە هۆشمەندەکان

لەجەوهەرێكی ناهۆشمەند كەوتوونەتەوە كەئەویش بەشێوەیەكی تایبەتی زادەی كاریگەرییە بۆماوەییەكانە. ئەو جەوهەرەیە كەگیانی ئەتنیكێكی مرۆیی پێكدەهێنێت،چونكە لەپشت هۆكارە دیارەكانی كاروكردەوەكانمانەوە چەند هۆكارێكی شاراوەی نادیار لەلایەن ئێمەوە كاری خۆیان دەكەن. زۆربەی كارە رۆژانەییەكانمان پاڵنەرە شاراوەكانیان لەپشتەوەیە، بەڵام لەژێردەستماندا نین‌و دەردەچن.

تاكەكانی سەربە ئەتنیكێكی دیاریكراو لەیەكدەچن، بەتایبەتیش بەهۆی ئەو توخمە ناهۆشمەندانەی كەرۆحی ئەو ئەتنیكە پێكدەهێنن. ئەوەی مایەی جیاوازی نێوان ئەوانە لەو توخمە هۆشمەندانەوەیە كەزادەی پەروەردەو دواتریش، بەشێوەیەكی تایبەتتر، زادەی بۆماوەیەكی هەڵاوێردە. ئەو مرۆڤانەی لەڕووی زیرەكییەوە زۆر لەیەكتری جیاوازن بەڵام هەندێكجار غەریزەكانی هەڵچوون‌و سۆزمەندییان لەیەكدەچێت. ئەو پیاوانەشی زۆر مەزن‌و ناودارن مەگەر چۆنها باری سۆزمەندییان لەكەسانی ئاسایی تیپەڕبكات‌و زیاتر بێت: لەئایین‌و سیاسەت‌و ئەخلاق‌و باری سۆزمەندیی‌و بوغزو... یشدا هەروایە. بۆ نموونە، رەنگە لەسەر ئاستی فیكریی، جیاوازییەكی گەورە لەنێوان زانایەكی بیركاری بەناوبانگ‌و پێڵاودرووەكەیدا هەبێت، بەڵام رێدەكەوێت زۆرجار لەڕووی میزاج‌و باوەڕی ئیمانداریی‌یەوە هیچ جیاوازییەكیان لەنێواندا نەبێت، یان بابڵێین جیاوازییەكە ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازە.

ئەو سیفاتە گشتیانە لەلایەن ناهۆشمەندییەوە ئاڕاستە دەكرێن‌و بەهەمان پلە زۆربەی كەسانی ئاسایی سەر بەرەگەزێكی دیاریكراویش هەڵگری ئەو سیفەتانەن، ئەمەش رێك ئەو سیفاتانەیە كەجەماوەر لێیدەسڵەمێتەوە. توانستە عەقڵییەكانی مرۆڤو تاكێتییەكانی خود لەرۆحی دەستەجەمعیدا





لەناودەچن‌و دەتوێنەوە. بەمشێوەیە جیاوازییەكان لەناو كۆكبووندا دەتوێنەوەو لەو نێوەشدا خاسیەتە ناهۆشمەندەكان زاڵدەبن.

ئەوە سڵەمینەوەی هاوبەشی خاسیەتە ئاساییەكانە وادەكات جەماوەر نەتوانێت ئەو كارانە بەدیبهێنێت كەپێویستیان بەزیرەكییەكی زۆرە. ئەو بڕیارانەی بەرژەوەندی گشتییان تێدایەو لەلایەن كۆمەڵەیەكی تایبەتی مرۆڤەكانەوە دەردەچن، كەچەند پسپۆڕییەكی جۆراوجۆریان تێدایە، زۆر سەركەوتووتر نین لەو بڕیارانەی كۆمەڵێك كەسی گێژو وێژ دەریدەكەن. رەنگە ئەو سیفاتە نزمانە كۆیانبكاتەوە كەهەموویان هەیانە چونكە دواجار ئەوەی جەماوەر كۆدەكاتەوە زیرەكی نییە ئەوەندەی پڕوپووچییە. وەك زۆرجار دەگوترێت، خۆ كۆمەڵگە لەڤۆڵتێر زیرەكتر نییە، بەڵكو ڤۆڵتێر لەگشت زیرەكترە، ئەگەر گشت بەواتای جەماوەر بێت.

بەڵام ئەگەر ئەوانەی دەچنە ریزی جەماوەرەوە، رازیبوون بەتوانەوەی تایبەتمەندییەكان‌و خەسڵەتە ئاساییەكانی خۆیان، ئەوكاتە ئەوەی پێیدەگەین تێكڕایەكی نێوەندە نەك ئەوەی دروستبوونی چەند خاسیەتێكی نوێ بێت، وەك پێشتریش باسمانكرد. ئەو سیفەتانە بە چ شێوازێك پێكدێن؟ با بەجارێك بۆی بگەڕێین.

چەند هۆكارێك هەن وادەكەن خەسڵەتە تایبەتەكانی جەماوەر دەربكەون. یەكەمیان ئەوەیە تاكی ناو جەماوەر تەنها بەهۆی ئەو ژمارەیەی كۆبۆتەوە هەست بەهێزێكی گەورە دەكات. ئەمەش زەمینەی بۆ خۆشدەكات بەوەی ملكەچی هەندێك لەغەریزەكانی بێت، خۆ ئەگەر ئەم هەستەی لەلا دروست نەبێت، ئەوا ملكەچ نابێت. ئەو بەشێوەیەكی ئارەزوومەندانە ملكەچدەبێت چونكە جەماوەر لەسروشتی خۆیدا غافڵگیرو نابەرپرسیارە. دیارە ئەوەی

تاکەکان رادەچڵەکێنێت هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی، جا لەحاڵەتێکی بەمجۆرەشدا، ئەو هەستە بەتەواوی دیارنامێنێت و رەشڕادێت.

هۆکاری دووەمیش بریتییە لەپەتای تەنینەوەی عەقڵی یان زەینی. ئەویش دێتە ناوەوە بۆ ئەوەی دەرکەوتەی خاسیەتە تایبەتەکانی جەماوەر چاودێری بکات، پاشان دواتر بۆ ئەوەی هاوکات ئاڕاستەشیان بکات. پەتای تەنینەوە دیاردەیەکە بەئاسانی دەبینرێت، بەڵام هەتا ئێستا بەبێ راڤەکردن ماوەتەوە. دەبێت ئەم تەنینەوەیە بەو دیاردانەوە ببەسترێتەوە کەخەولێخستنی موگناتیسییان هەیەو پاش کەمێکی تر باسی لێوەدەکەین. ئەوەی لەلای جەماوەر هەیە ئەوەیە کەهەموو سۆزمەندییەك و هەموو کاروکردەیەك ئامادەکراون، تائەو رادەیەی تاك بەئاسانی دەستبەرداری بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی دەبێت لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا. ئەمەش توانایەکە بەپێچەوانەی سروشتی خۆیەوەیەتی و تەنها ئەوکاتەش روودەدات کەمرۆڤ ببێتە بەشێك لەجەماوەر.

هۆکاری سێهەمیش شتێکی زۆر پڕبایەخ و گرنگە، چونکە ئەو کاتانەی تاکەکان تێکەڵ بەجەماوەر دەبن هەندێك خاسیەتی وایان بۆ دروستدەبێت کەهەندێکجار پێچەوانەی خاسیەتەکانی خودی تاك دەوەستنەوە کاتێك کە بەتەنیا بێت. لێرەدا مەبەستم لەو سیفەتە هاندەرو جۆشدەرەیە کەپەتای ناوبراو تەنها شوێنەوارێك لەشوێنەوارەکانی پێکدەهێنێت.

بۆئەوەی لەو دیاردەیە تێبگەین پێویستە هەندێك زانیاریمان لەبارەی دوا داهێنانە نوێکانی زانستی فیزیۆلۆژیاوە هەبێت. ئێمە ئەمڕۆ ئەوە دەزانین کەرەنگە ئەو جۆشدانە کەسەکە بخاتە حاڵەتێکی وەهاوە کە کەسایەتی هۆشمەندانەی خۆی ونبکات، ئەمە جگە لەوەی ملکەچی هەموو پێشنیارەکانی ئەو نەشتەرگەرەش دەبێت کەوایلێکرد ونبێت. ئەوکاتەش





گەورەترین کارێك کەدەیکات پێچەوانەی سروشت و هەڵسوکەوتی خۆیەتی. بەهەمان پێودانگ دەبینین چاودێریکردنێکی بەئاگای چاوکراوە ئەوەی سەلماندووە کە ئەو تاکەی ماوەیەکە چۆتە ناو ریزی جەماوەرێکی سەرشێتەوە دەمودەست کەوتۆتە حاڵەتێکی تایبەتەوە کەزۆر لە حاڵەتی ئەو راکێشانە بەهێزە دەچێت کەکەسی خەولێکەوتوو بەموگناتیس بەرامبەر ئەو کەسە هەستی پێدەکات کەخەولێخەریەتی. وەك ئاشکرایە مێشك و دەماغ لەلای مرۆڤێك کە بەموگناتیس خەویلێخرابێت شتێکی ئیفلیجەو ئەمەش وایلێدەکات ببێتە کۆیلەی هەموو چالاکییە ناهۆشمەندەکانی خۆی. لەکاتێکدا ئەو کەسەشی خەویلێدەخات چۆنی بوێت دەتوانێت وایلێبکات: بەمجۆرە، کەسایەتییە هۆشمەندەکە دەبورێتەوەو ئەوەی پێیبگوترێت ئیرادەی خۆجیاکردنەوەو تێگەیشتن نامێنێت. لەو کاتەدا هەموو سۆزمەندیی و بۆچوونەکانی کەسی خەولێخراو بەو ئاقارەدا دەبرێت کەکەسی خەولێخەر دەیەوێت.

ئەمەیە حاڵی کەسێکی تێکەڵبووە بەجەماوەر، کەپێموایە تارادەیەك توانیومانە وەسفێکی تەواوی بکەین. ئەوە کەسە هۆش و ئاگای لەکارەکانی خۆی نامێنێت و حاڵی وەك ئەو کەسە لێدێت کەبەموگناتیس خەویلێخراوە، واتە هەندێك لەتوانستەکانی تێکدەشکێن، لەکاتێکدا هەندێکی تریان تائەوپەڕی رادەی خۆیان دەوروژێن و لەحاڵەتی سڵەمینەوەدا دەبن. کاریگەریی هەموو پێشنیارێکی لەسەر دەبێت یان هەموو جۆشدانێکی بۆ دەبێتە هێزێکی سەرچڵ کەبۆ ئەنجامدانی هەندێك کار پێویستن و رەتناکرێنەوە. هەموو کات ئەو هێزە تووڕەو سەرشێتە لەلای جەماوەر بەهێزترە لەوەی مرۆڤی خەولێخراو بەموگناتیس هەیەتی. بەو پێیەی کە کەسی جۆشدەر لەلای هەموو ئەوانەی لەنێو ریزی جەماوەردان تەنها یەك

کەسە، لەبەرئەوە لەرێگەی ئاڵوگۆڕەوە ئەو جۆشدانە هەتا بێت گەورەو قەبەتر دەبێت. کاتێك کەسانی نێو ریزی جەماوەر دەبنە خاوەن کەسایەتییەکی زۆر بەهێز، ئەمە توانای ئەوەیان پێدەبەخشێت کە بەرەنگاری کەسی جۆشدەر ببنەوە کە بەژمارە کەمن، هەروەها تەوژمەکەش لەگەڵ خۆیدا دەیانبات. هەموو ئەو شتەی دەتوانن بیکەن تەقەلایەکە بۆ گۆڕینی نیگاکان بەئاڕاستەیەکی تردا ئەویش لەرێگەی پێشکەشکردنی پێشنیاری جیاوازەوەیە. هەندێکجار وشەیەك لەکاتێکی گونجاودا دەهێنرێت یان وێنەیەکی دیاریکراو دەوروژێنرێت‌و جەماوەر دەخاتە سەر ئەوەی قێزەونترین کاری خوێناوی ئەنجامبدات.

کەواتە ئێستا کۆی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تاکێکی نێو ریزی جەماوەرتان زانی کەئەمانەن:

رەشڕاهاتنی کەسایەتی هۆشمەند، باڵادەستی کەسایەتی ناهۆشمەند، ئاڕاستەکردنی هەمووان لەسەر یەك هێڵ لەرێگەی جۆشدان‌و پەتای تەنینەوەی سۆزمەندیی‌و بۆچوونەکانەوە، حەزکردن لەگۆڕینی بیروبۆچوونەکانی کەسانی جۆشدەر بۆ کردەوەو مومارەسەیەکی راستەوخۆ. بەمەش لێرەدا تاکەکەس خودی خۆی نابێت بەڵکو دەبێتە ئەو مرۆڤەی ئیرادە لەدەستبدات‌و نەتوانێت ئاڕاستەی ئیرادەی خۆی بکات.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر وەختێك تاك بچێتە نێو ریزی جەماوەرەوە ئەوا چەند پلەیەك لەپەیژەی شارستانێتی خۆی دەهێنێتەخوار. رەنگە ئەو تاکە وەختێك بەتەنیا بیگریت مرۆڤێکی رۆشنبیرو ژیر بێت، بەڵام هەر کە تێکەڵ بەجەماوەر بوو بەغەریزە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی کۆنترۆڵکراوو دڕندە، بەجۆرێك لەو کاتەدا ئەو سیفەتانەی هەیەتی هیچ جیاوازییەکیان نامێنێت لەگەڵ عەفەویەتی بوونەوەرە





سەرەتاییەکان‌و توندوتیژیی‌و دڕندەیی‌و هەڵچوون‌و پاڵەوانێتییەکانیاندا. تەنانەت بەشێوەیەکی زۆر زیاتر لێیان نزیکدەبێتەوە تاوەکو بتوانێت بەشێوەیەکی ئاسانتر بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو وشەو وێنانەی دەیبەن بەرەو ئەنجامدانی ئەو کاروکردەوانەی لەگەڵ بەرژەوەندی شەخسی خۆیدا نین‌و پێچەوانەن. تاکی نێو جەماوەر وەك ئەو دەنکە لمە وایە کە لەناو چەند دەنکە لمێکی تردایەو بایەك دێت بەئارەزووی خۆی پەرش‌و بڵاویاندەکاتەوە.

لەسەر ئەم پێودانگە دەتوانین تێبگەین لەوەی کەچۆن دەستەی بەکۆمەڵی ناوبژیوانان حوکم‌و داوەرییەك دەردەکەن کەرەنگە هەر یەکێکیان بەتاك بگریت ئیدانەی ئەو حوکمە بکات‌و لەگەڵیدا نەبێت. هەروەها لەوەش تێدەگەین کە چ شتێك وادەکات ئەنجومەنەکانی پەرلەمان ئەو یاساو رێوڕەسمانە پەسەند بکەن، لەکاتێکدا هەر ئەندامێکیان بەتەنیا بگریت لەگەڵ ئەو یاساو رێسایانەدا نییەو دژیەتی. ئەگەر سەیری ئەندامانی کۆمەڵەی دامەزرێنەری دوای شۆڕشی فەڕەنسا بکەین، دەبینین ئەوانە هەرهەموویان کەسانی بۆرژواو هێمن‌و لەسەرخۆن‌و خاوەن رەوشتێکی ئاشتیخوازانەشن، بەڵام لەگەڵ تێهەڵکێشبوونیان بە جەماوەر دەبنە کەسانی تووڕەو سەرشێت‌و خوێنجماو، بەجۆرێك، هیچ دوودڵییەکیان نییە لەوەی لەژێر کاریگەریی هەندێك کەسی ئاژاوەگێڕدا چەندین کەسی بێگوناهو ئەستۆپاك ببەنە بەردەم پەتی سێدارە. بەمەش لەدژی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان جوڵانەوەو وازیان لەحەسانەی پەرلەمانی هێناو خۆیان بەدەستی خۆیان قڕکرد.

کەسی تێکەڵبووی نێو جەماوەر تەنها بەو کاروکردەوانەی جیاناکرێتەوە کە لەبارێکی ئاساییدایە، بەڵکو تەنانەت بەرلەوەی سەربەخۆیی تەواوی

خۆشی لەدەستبدات بیروبۆچوونو سۆزمەندییەکانی گۆڕاوەو گەیشتۆتە ئاستێك کەبتوانێت کەسێکی چاوچنۆك بکاتە بەخشندە، بەدگومانێك بکاتە باوەڕدار، پیاوێکی نەجیبزادە بکاتە تاوانبار، ترسنۆکێك بەقارەمان. وەك وازهێنانی خانەدانە فەڕەنساییەکان لەهەموو ئیمتیازاتەکانیانو دەنگدانیان لەسەر ئەو وازهێنانە لەساتەوەختی حەماسەتو هەڵچوونی شەوە بەناوبانگەکەی چواری ئابی ساڵی (١٧٨٩)دا، کە ئەگەر ئەو بڕیارە لەلایەن تاکەتاکەیانەوە بووایە پەسەند نەدەکرا.

کۆی سەرنجەکانمان لەوەدا پوختدەکەینەوە کەجەماوەر، لەڕووی عەقڵیو فیکرییەوە، هەمیشە گوزارشت لەنزمترین ئاستی هۆشیاری تاك دەکات. بەڵام لەروانگەی سۆزمەندییو ئەو کارانەی کەئەو سۆزمەندییانە دەیانوروژێنن رەنگە ئەو جەماوەرە بەرەو بارێکی چاکتر یان خراپتر بڕوات. هەموو شتێکیش وەستاوەتە سەر ئەو شێوازەی کەپێیهاندەدرێت یان پێیدەجولێنرێت. ئەمەش ئەو خاڵەیە کەنوسەران پشتگوێیانخستووەو هۆکارەکەشی ئەوەیە لەدیدێکی تاوانکارانەوە جەماوەرییان خوێندۆتەوە. راستە زۆرجار رێدەکەوێت جەماوەر تاوانبار بێت، بەڵام زۆرجاریش رێکەوتووە قارەمان بێت. بردنی جەماوەر بەرەو قەتڵوعامو کوشتو کوشتار کارێکی ئاسانە، بەتایبەتی بەناوی تێکۆشان لەپێناو سەرکەوتنی عەقیدەیەکی ئیمانی یان پەیامێکدا. هەروەها بزواندنو گەرمکردنیان لەپێناو داکۆکیکردن لەشکۆییو شەرەفیش کارێکی گران نییەو ئاسانە. دەکرێت جەماوەر تاڕادەیەك بەبێ نانو چەك جۆشبدرێتو کۆنترۆڵبکرێت، وەکئەوەی لەکاتی جەنگەکانی خاچپەرستاندا روویدا لەپێناو رزگارکردنی گۆڕی مەسیح لەچنگی کافرەکان، یان لەپێناو بەرگریکردن لەخاکی نیشتمان وەکئەوەی بەچوار ساڵ دوای شۆڕشی فەڕەنسا (١٧٩٣) روویدا.





راستە ئەوە پاڵەوانێتییەکی تاڕادەیەك ناهۆشمەندانەیە، بەڵام مێژووش بەو جۆرە قارەمانێتیانە دروستدەکرێت. ئەگەر ئێمە لەکارە چاکەکانی گەلاندا، تەنها باسی ئەو کارانەمان کرد کەبەوپەڕی میشکساردیو عەقلانیانەی لەسەرخۆوە بەدەستهاتوون، ئەو کاتە تەنها ژمارەیەکی کەممان لەو هۆکارانە بەدەستەوە دەبێت بۆ تۆمارکردن.

# بەشی دووەم
# سۆزمەندییەكانی جەماوەرو ئەخلاقەكانی

دوای ئەوەی زۆر بەگشتی باسمان لەتایبەتمەندییە بنچینەییەكانی جەماوەر كرد، ئێستاش بەتێروتەسەلی باسیان لێوەدەكەین.

تایبەتمەندییە تایبەتەكانی جەماوەر زۆرن لەوانەش وەك خێراهەڵچوون و هەڵەشەیی و سازنەدانی مشتومڕی عەقڵانی و نەبوونی بیروڕای شەخسی و گیانی رەخنەگرتن و بوونی زێدەڕۆیی لەسۆزمەندیی و هەست و سۆزەكان و هەندێك شتی تر.

هەموو ئەمانە لەلای ئەو بوونەوەرانەش دەبینین كە سەر بەفۆرمە نزمەكانی گەشەسەندنن، لەوانەش وەك كەسی دڕندە یان منداڵ. من ئەم بەراوردكارییە لێكچوویە تەنها بۆ مەبەستی نیشاندان دەوروژێنم. خۆ ئەگەر بمانەوێت ئەوە بسەلمێنین ئەوا كتێبێكی وەك ئەمەش بەشی ناكات، جگە لەوەی بێكەڵكیش دەبێت بۆ ئەوانەی شارەزای بواری دەروونزانی كەسە بەراییەكانن، جگە لەوەی ناتوانێت باوەڕ بەوانەش بكات كەئاگایان لەم نییە.

لەئێستا بەدواوە باس لەیەكەبەیەكەی تایبەتمەندییە بنچینەییەكان دەكەم، ئەو تایبەتمەندیانەی بەئاسانی لەلایەن زۆربەی زۆری جەماوەرەوە دەبینرێن.





## ١- هەڵچوونی خێرای جەماوەرو سوكەڵەیی و هەڵەشەییەكەی

پێشتر كاتێك باسمان لەتایبەتمەندییە بنچینەییەكانی جەماوەر كرد، گوتمان جەماوەر بەگشتی تاڕادەیەك كۆنترۆڵكراوی دەستی ناهۆشمەندییە. كاروكردەوەكانی جەماوەر لەژێر كاریگەریی دڕكە پەتك (نخاع الشوكی)دایە زیاتر لەوەی بكەوێتە ژێر كاریگەریی مێشك و عەقڵەوە. ئەگەرچی ئەگەری ئەوەشی هەیە ئەو كارانە بەشێوەیەكی زۆر وردو تەواو جێبەجێش بكات. بەڵام دیارە مێشك ئەمە ناكات بەڵكو تاك بەپێی حەزو خواستی جۆشدان و وروژاندن هەڵسوكەوتدەكات.

جەماوەر، وەك گەمەیەكی ژێر كاریگەریی جۆشدانە دەرەكییەكان، ئەو گۆڕانانە پەرچەدەكاتەوە كەناوەستن، هەروەها كۆیلەی ئەو جۆشدانانەشە كەوەریاندەگرێت. رەنگە تاكەكەس بەتەنیاش وەك مرۆڤێكی ناو جەماوەر بكەوێتە ژێر ركێفی هەمان ئەو جۆشدانانەوە. بەڵام ئەوە هەیە عەقڵی ئەوكەسە بەشداریدەكات و رووە خراپەكانی ئەو ملكەچییەی نیشاندەدات، بەمەش ناچێتە ژێر ركێفییەوە. دەتوانین لەڕووی فیزیۆلۆژیشەوە ئەو دیاردەیە دیاریبكەین و بڵێین تاكەكەس بەتەنیا تواناو كارامەیی ئەوەندە هەیە بتوانێت كۆنترۆڵی پەرچەكردارەكانی بكات، لەكاتێكدا جەماوەر ئەم توانایەی نییە.

پێدەچێت ئەو هەڵچوونە جۆشدەرەی جەماوەر دەچێتە ژێر بارییەوە بەخشندە یان تاوانبار، پاڵەوان یان ترسنۆك بێت، ئەوەش دەكەوێتە سەرجۆری جۆشدانەكە. بەڵام هەمیشە كاریگەریی بەهێزو هەژموونداری بەسەر دڵ و دەروونی جەماوەرەوە هەیە، ئەویش بەوەدا كە غەریزەی مانەوەی لەبەرچاودا وندەبێت (واتا ئامادەیە لەپێناویدا بمرێت).

دیارە ئەو جۆشدانانەی دەتوانن جەماوەر سەرگەرم بکەن ژمارەیان زۆرەو هەمەڕەنگیشن. هەروەها هەمیشەش جەماوەر لەژێر رکێفی ئەو جۆشدانانەدایە، لەبەرئەوە ناتوانین جەماوەر تائەوپەڕی رادە بەبوونەوەرێکی زیندووی بزۆك نەزانین. دەبینین جەماوەر لەیەکساتدا لەقۆناغێکی بارگرژانەی زۆر خوێناوییەوە بەرەو قۆناغی پاڵەوانێتییەکی رەها دەچێت. جەماوەر زۆر بەئاسانی دەتوانێت ببێتە جەللادو هەر بەهەمان ئەو ئاسانییەش دەتوانێت ببێتە قوربانیو شەهید ببێت. لەناخی جەماوەردا جۆگەی خوێنێکی درێژ لەپێناو سەرکەوتنی هەر بیروباوەڕێك یان دەستەبەرکردنی توانستێکی تازەدا رژاوە. خۆ خراپ نییە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمەکانی پاڵەوانێتی، بۆئەوەی رادەی هێزو توانای جەماوەر بزانین. جەماوەر هەرگیز بەخیلی بەژیانی خۆی نابات کاتێك گەل تووڕەدەبێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو جەنەڕاڵەیە کە لەسوپادا سروشتێکی خاکیانەی هەبوو بەمەش توانی سەد هەزار کەس لەگەڵ خۆیدا بەرێت بەرەو ئەوەی خۆیان بکەنە قوربانی لەپێناو مەسەلەکەیدا (مەبەست لەناپلیۆنە).

کەواتە هیچ شتێك لای جەماوەر بە ئەنقەستو نەخشەبۆکێشراو نییە، چونکە ئەو دەتوانێت لەهەمووجۆرەکانی سۆزمەندیدا ژیانبکاتو بەخێرایی بروسکە لەمپەڕەوە بچێت بۆ ئەوپەڕ، ئەویش لەژێر کاریگەریی ئەو جۆشدەرەدا کە لەساتەوەختی ئەودا باویەتی. جەماوەر وەك ئەو لاپەڕانە وایە کەباوبۆران یارییان پێدەکاتو بەرلەوەی بکەونە سەر زەوی بەملاوبەولایاندا دەبات. خوێندنەوەی هەندێك لەجەماوەری شۆڕشگێر چەند نموونەیەکمان دەدەنێ لەبارەی ئەو گۆڕانانەی بەسەر سۆزمەندییەکانی جەماوەردا دێن لەگەڵ ئەو فرەڕەنگیو هەڵبەزودابەزەی هەیەتی.





ئەو خاسیەتە جیوەییەی جەماوەر هەیەتی وادەکات حوکمکردنی قورس بێت، بەتایبەتیش کاتێك بەشێك لەدەسەڵاتی گشتی دەکەوێتە دەست. ئەگەرچی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانە رووداوەکان بەجۆرێکی هێندە نادیارو هاوسەنگ رێکدەخەن کەسیستمە دیموکراسییەکانیش نەتوانن بەردەوامبن. بەڵام ئەو جەماوەرەی حەزدەکات بەوەی بەشێوەیەکی زۆر شێتانە خۆی بگەیەنێتە شتەکان ئەوە هەموو جارێك بۆی ناچێتە سەر. ئەو ناتوانێت ئیرادەی هەمیشەیی هەبێت وەکچۆن ناتوانێت بیرکردنەوەی هەمیشەییو جێگیریشی هەبێت.

بەڵام خۆ جەماوەر هەر تەنها ئەوەندە نییە هەڵبچێتو هەڵبەزو دابەزی هەبێت، بەڵکو وەك مرۆڤێکی دڕندەو هەمەجیش بێباکە بەرامبەر هەر کۆسپێك بکەوێتە نێوان حەزی خۆیو بەدیهێنانی ئەو حەزەوە. ئەمەش لەوەوە دەڵێین کەوەختێك جەماوەر ژمارەیان زۆر دەبێت ئەوەی لەلا دروستدەبێت کەخاوەنی هێزێکە کەس ناتوانێت بەرەنگاری بێتەوە.

چەمکی مەحاڵو ئەستەم لای ئەو کەسە بوونی نییە کەچۆتە ناو ریزی جەماوەرەوە، لەکاتێکدا مرۆڤی تاكوتەنیا زۆر باش ئەوە دەزانێت کەئەو خۆی بەتەنیا ناتوانێت کۆشکێك گڕتێبەربدات یان کۆگایەك تاڵانبکات، تەنانەت ئەمانەی وەك بیرکردنەوەیەکیش بەخەیاڵدا نایەت. بەڵام هەر کە تێکەڵبوو بەجەماوەر هەست بەو هێزە دەکات کە لەژمارەو زۆرییەوە دروستدەبێت. بۆیە لەو کاتەدا هەر دەرفەتێکی کوشتن یان تاڵانکردنی بۆ هەڵکەوێت دەمودەست بەبێ دوودڵی دەچێتە ژێر باریەوەو ئەنجامیدەدات. تەنانەت ئەگەر هەر رێگرییەکی لەناکاویش بێتە بەردەمی زۆر سەرشێتانە تێکیدەشکێنێت. ئەگەر جەستەی مرۆڤ رێگەی بەهەڵچوونی ئەبەدیانەی

دابێت، ئەوا دەتوانین بڵێین باری ئاسایی و سروشتی جەماوەری تووڕەو بێزار هەڵچوونە.

لەهەڵەشەیی جەماوەرو هەڵچوون و هەڵبەزو دابەزەکەی و لەهەموو ئەو سۆزمەندییە خاکییەی هەیەتی، کەدواتر دێمەسەریان، هەمیشە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی ئەتنیك ئامادەگییان هەیە. ئەو تایبەتمەندییانە ئەو زەمینە جێگیرو نەگۆڕە پێکدەهێنن کەهەموو سۆزمەندیی و هەست وسۆزەکانمانی لەسەر دەڕوێت. گومان لەوەدا نییە کەجەماوەر – هەموو جەماوەرێك – هەڵەشەو هەڵچووە، بەڵام بەپلەی جیاواز. بەراستی جیاوازیکردن لەنێوان جەماوەری لاتینی و جەماوەری ئەنگلۆساکسۆنی، وەك نموونەیەك، جێگەی سەرسوڕمانە. هەموو ئەو رووداوە مێژووییانەی مێژوومان بەخۆیەوە دیونی زۆر بەباشی ئەو شتانە پشتڕاستدەکەنەوە کەئێمە دەیانڵێین. لەساڵی (١٨٧٠)دا تەنها بڵاوکردنەوەی بروسکەیەکی جنێوئامێز بەس بوو بۆ تەقاندنەوەی ئەو تووڕەییە راستەوخۆیەی کە دواتر هەڵایسانی جەنگێکی ترسناکی لێکەوتەوە. بەچەند ساڵێك دوای ئەو مێژووە راگەیاندنی بروسکەیەك لەبارەی شکستهێنانێکی ئاسایی لەلانگسۆن تەقینەوەیەکی تازەی خستەوەو ئینگلیز لەبەردەم خرتومدا دووچاری شکست (یان تێکشکانێك) هات کەزۆر لەوەی پێشتر قورستر بوو، کەچی هیچ بێزارییەکی ئەوتۆی لەئینگلتەرەدا دروست نەکردو هیچ ئەندامێکی حکومەتیش دەستی لەکار نەکێشایەوە. جەماوەر لەهەموو شوێنێکدا مێینەیە، بەڵام لەهەموویان مێینەتر جەماوەری لاتینییە. ئەو سەرکردەیەشی پشتی پێدەبەستێت رەنگە لەچاوتروکانێکدا بیگەیەننە کەشکەڵانی فەلەك بەڵام دەبێت بەردەوامیش لەمەترسی ئەوەدا بێت و ئەوەی لا روون بێت کەرۆژێك دێت بیڕوخێنن.





## ٢. کارتێکردنی خێرای جەماوەرو ساویلکەیی و باوەڕبوونی بەهەموو شتێك.

پێشتر گووتمان کەیەکێك لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی جەماوەر بریتییە لەوەی کەزۆر بەخێرایی دەچێتە ژێر کاریگەریی هەر پێشنیارێکەوە، هەروەها ئەوەشمان خستەڕوو کەهەر پێشنیارێك لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراوەوە بخرێتەڕوو زۆر بەخێرایی بڵاودەبێتەوە. ئەمەش توانای ئاڕاستەکردنی خێرای سۆزمەندیی جەماوەرمان بۆ دەردەخات بەئاقارێکی دیاریکراودا.

جەماوەر چەندێك بێلایەنیش بێت، بەڵام دیسانەوە زۆرجار خۆی لەحاڵەتی چاوەڕوانکردندا دەبینێتەوە بۆ بەپیرەوەچوونی هەر پێشنیارێك کەبکرێت. یەکەم پێشنیار کەدەردەکەوێت راستەوخۆ وەك پەتایەك لەلای هەموو کەسەکان بڵاودەبێتەوە، دواتر ئەو ئاڕاستەیە دیاریدەکات کەدەبێت ئێستا دوایبکەوێت. لەلای کەسە وروژاوەکانیش فیکری جێگیر لەهەوڵی ئەوەدایە کەبیبێتە کردار. جا ئەو کردارە سووتاندنی باڵەخانەیەك بێت یان ئەنجامدانی کارێکی خێرخوازانە،جەماوەر راستەوخۆ دەچێتە ژێر باریان و هەردووکیشیانی بەلاوە ئاسانەو هەست بەهەمان ئاسانی دەکات. هەموو شتێکیش پشت بەسروشتی جۆشدەر دەبەستێت، نەك ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان کارە جۆشدراوەکەو قەبارەی ئەو هۆکارەدا هەیە کەرەنگە بەدیهێنانەکەی تیا بەدیبکرێت، کە لەلای تاکەکەس ئەم شتە بەمجۆرەیە.

جەماوەر بەبەردەوامی لەسەر سنوری نەست دەربەدەر دەبێت و بەوپەڕی سنگفراوانییەوە هەموو پێشنیارو داخوازییەکانیش وەردەگرێت. هەروەها نەست سیخناخە بەسۆزمەندیی تایبەت بەو بوونەوەرانەی کەناتوانن هاوسەنگی عەقڵ رابگرن و لەهەموو گیانێکی رەخنەگرانەش بێبەشن. بۆیە

دواجار سۆزمەندیی هەر بەتەنها ئەوەی لەباردایە کە بەخێرایی و ساویلکانە باوەڕ بکات. بەلای نەستەوە شتێك نییە پێیبگوترێت مەحاڵ، بیرخستنەوەی ئەمەش پێویستە بۆ تێگەیشتن لەوەی کەچۆن ئەفسانەو حیکایەتە سەیرو سەمەرەکان خوڵقاون و چۆنچۆنیش بەئاسانی بڵاوبوونەتەوە[1].

دروستبوونی ئەو ئەفسانانەی کە بەئاسانی بەناو جەماوەردا بڵاودەبنەوە، تەنها زادەی ئەوە نین بەخێراییەکی زۆر باوەڕیان پێکراوە، بەڵکو لەوەوەیە ڕووداوەکان لەخەیاڵی ئەو کەسانەی گردبوونەتەوە (واتە جەماوەر) دووچاری شێواندنی زۆر هاتوون و قەبەکراون. هەرئەوەندەی جەماوەر روداوێکی گەلێك سادەو ساکار ببینێت یەکسەری دەیگۆڕێت بۆ ڕووداوێکی شێوێندراوی تر. جەماوەر لەرێگەی وێنەکانەوە بیردەکاتەوە، ئەو وێنانەی لەمێشکیدان لەگەڵ خۆیاندا زنجیرەیەك وێنەی تر دەوروژێنن بەبێئەوەی هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکیانەی لەگەڵ وێنەکانی پێشتردا هەبێت. دەتوانین زۆر بەجوانی تەسەوری ئەو حاڵەتە بکەین لەمیانەی بیرکردنەوەمان لەو بەدواییەکداهاتنە سەیرەی ئەو بیروبۆچوونانەی کەباسکردنی ڕووداوێکی دیاریکراو ئاڕاستەیان دەکات. عەقڵیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەهیچ گرێدانێك لەنێوان ئەو جۆرە وێنانەدا نییە، بەڵام جەماوەر خۆی ئەوانە نابینێت. ئەوەی ڕاستی بێت جەماوەر تێکەڵییەك

---

[1] ئەو کەسانەی گەمارۆی پاریسیان دیوە، بەچاوی خۆیان چەندین نموونەیان بینیوە لەبارەی ساویلکەیی جەماوەرو زوو باوەڕکردنیان بەشتەکان، تەنانەت شتی زۆر سەیروسەمەرەش. تەنها هەڵایسانی مۆمێك لەنهۆمی سەرەوەی یەکێك لەماڵەکان یەکسەر وایان لێکداوەتەوە کە ئەمە هێمایەکی ئاڕاستەکراوە بۆ سوپا گەمارۆدەرەکان. بەڵام ئەگەر ئەوان تەنها بۆ دوو چرکە بیریان بکردایەتەوە دەیانزانی کە مەحاڵە بتوانن ڕووناکایی ئەو مۆمە لەمەودایەکی تارادەیەك دوورترەوە ببینن. ئیدی چۆن سوپا گەمارۆدەرەکان، کە زۆر دوورترن، دەتوانن ئەو ڕووناکاییە ببینن.





دەکات لەنێوان ئەو قەبەکردنەی بەرووداوەکەیەوە دەلکێنێت و خودی ڕووداوەکە خۆی. دیارە ئەو ناتوانێت جیاکاریی بکات لەنێوان ئەوەی کە خودییەو ئەوەشی کە بابەتییە، هەربۆیە ئەو وێنەیەی لەخەیاڵیدا هەیە ئەو بەواقیعی و ڕاستەقینەی دەزانێت، لەکاتێکدا ئەو ڕووداوە بەسەدان فرسەخ لەواقیعی بینراوەوە دوورە.

ئەوەی تێدا دەبینرێت کەقەبارەی ئەو قەبەکردن و شێواندنانەی جەماوەرێکی دیاریکراو بەرووداوێکییەوە دەلکێنێت، کاتێك وەك تاکێك دیویەتی، زۆر گەورەیەو چەندین واتا لەخۆدەگرێت، چونکە ئەو کەسانەی جەماوەر پێکدەهێنن لەڕووی سروشتەوە زۆر لەیەکتری جیاوازن و هەمەڕەنگن. بەڵام هەرگیز واقیع بەمجۆرە نییە، چونکە بەهۆی ئەو پەتای تەنینەوەیەوە شێواندنەکان لەلای هەموو تاکەکانی گروپەکە یەك سروشت و یەك واتایان بۆ دروستدەبێت. کاتێك یەکەمین شێواندن لەلایەن یەکێکیانەوە دەستپێدەکات جاریێ ئەمە بووە سەرەتایەك بۆ جۆشدانی کەسی سەرپێچیکەر، بۆ ئەمەش با نموونەکەی جۆرجی قەشە بهێنینەوە. پێش ئەوەی لەسەر دیواری قودس بۆ هەموو خاچپەرستان دەربکەوێت، سەرەتا تەنها یەکێك لەئامادەبووان بینی و دواتر لەمیانەی جۆشدان و پەتای تەنینەوەوە ئەو موعجیزەو پەرچووەی کەسەکە دیبووی لەلای هەموان پەسەندکرا.

ئەمەیە ئەو میکانیزمەی کەوڕێنەو هەلوەسەو وڕێنە بەکۆمەڵە زۆر دووبارەبۆوەکان لەمێژوودا دەبزوێنێت و بەشێوەیەکیش دەردەکەوێت کەهەرچی تایبەتمەندییە کلاسیکییەکان هەیە، لەڕاستی و دروستی، تێیدایەتی، چونکە تایبەتە بەو دیاردانەی کەجێگەی سەرنجی هەزاران کەسن.

سەنگو بەهای عەقڵی ئەو كەسانەی جەماوەر پێكدەهێنن لەگەڵ ئەو پرەنسیپەدا ناكۆك نین. ئەوەش بایەخێكی ئەوتۆی نییە، چونكە هەر كاتێك ئەوانە لەفۆرمی جەماوەرێكدا كۆبوونەوە ئیدی جاهیلێكو زانایەك وەكیەكیان لێدێتو توانای وردبوونەوەو بینینیان وشكدەكات.

رەنگە ئەم بۆچوونە بەشتێكی ناكۆكو دژبەیەك بێتەبەرچاو، بۆیە پێویستمان بەئامادەكردنی ژمارەیەكی زۆر لەرووداوی مێژوویی هەیە. تەنانەت ئەگەر چەند كتێبێكیش لەبارەی ئەو خاڵەوە بنووسین هێشتا كەمەو بەشناكات.

بەڵام لەبەرئەوەی من حەز بەوەناكەم خوێنەر بەرەڵابكەمو بچێت ئەو گوتانە بێ هیچ سەلماندنێك وەربگرێت، هەربۆیە لەبری ئەوە چەند نموونەیەكی پێشكەشدەكەم، كەرەنگە باسكردنیان لەناو هەموو ئەو نموونانەی جێگەی سەرنجدانمانن، بەرێكەوت بێت.

ئەو رووداوەی كەدواتر باسیلێوە دەكەم، شتێكی بەمۆدێلبوو و گشتییە، چونكە لەناو ئەو وڕێنە بەكۆمەڵانەدا هەڵبژێردراوە كەتایبەتە بەوجەماوەرەی كەچەندین كەسی هەمەجۆری تێدایە، بە نەخوێندەوارو خوێندەوارەوە. لەلایەن جۆلیان فیلیكسی ئەفسەری دەریاوانییەوە باسكراوە، لەو كتێبەیدا كە لەبارەی تەوژمە دەریاییەكانی ئاوەوەیە.

تیمێكی ناسراو بە**مریشكیجوان** بەناو دەریادا بڵاودەبنەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو كەشتییە جەنگییەی ناسراوە بە ( بێشكە–المهد)و، بەهۆی هەڵكردنی زریانێكی زۆر توندەوە لەوان جیابۆتەوە، ئەمەش لەقرچەی نیوەڕۆو لەژێر ئاسمانێكی ساماڵدا روویداوە. لەناكاو چاودێری كەشتییەكە گەمییەكی تێكچووی شەپۆكاو دەبینێتو بەمە گروپەكە هەموو نیگاكانیان دەخەنەسەر ئەو خاڵە، واتە گەمییەكە. هەموو ئەفسەرو دەریاوانەكان





غەواسەیەك دەبینن پڕیەتی لەپیاوو لەلایەن چەند گەمییەكەوە رادەكێشرێت كەنیشانەكانی فریاكەوتنیان پێوەدیارە. ئەمیراڵ دیسفۆس بەلەمێكی پڕلەچەك ئامادەدەكاتو رەوانەی دەكات بەمەبەستی رزگاركردنی ئەو كەسانەی كەوەختە بخنكێن. كاتێك ئەفسەرو دەریاوانەكان لێیان نزیكدەبنەوە، وایان بەخەیاڵدا دێت كەئێستا "كۆمەڵێك پیاو ببینن كەوتوونەتە ناو ئاوەوەو دەستی فریاكەوتنیان درێژكردووە، چەندین دەنگیشیان بەگوێدا دێت كە هاواردەكەنو داوای یارمەتی دەكەن". بەڵام وەختێك دەیانگەنێو بەحیساب غەواسەكە دەبینن، تەنها چەند گورزە لقەدارێكی بەگەڵا داپۆشراوەو لەرۆخی دەریاكەی تەنیشتیانەوە لێكراونەتەوە! لەبەردەم ئەو راستییە روونو ئاشكرایەی كە وەك رۆژی نیوەڕۆ دیار بوو هەموو هەلوەسەو وڕێنەكان بوونە هەڵمو كۆتاییان پێهات.

ئەم نموونەیە زۆر بەجوانی میكانیزمەی هەلوەسەو وڕێنەی بەكۆمەڵمان نیشاندەدات، كەپێشتر باسمانكرد. لەلایەكەوە دەبینین جەماوەر لەباری چاوەڕوانیو چاودێریكردندایەو لەلایەكی تریشەوە ئەو پێشنیارە جۆشئامێزە دەبینین كەچاودێری كەشتییەكە وروژاندنیو بەوەش هەلوەسەو وڕێنەیەكی نایەوە لەبارەی گەمییە تێكچووە بزربووەكەی ناو دەریاكەوە. ئەو پێشنیارە جۆشئامێزەش لەرێگەی پەتای تەنینەوەوە بەناو ئەوانیتردا بڵاوبۆوەو هەریەك لەئەفسەرانو دەریاوانە ئاساییەكان هەموویان قبووڵیان كرد.

جەماوەر پێویستی بەژمارە زۆریی نییە بۆئەوەی توانای بینینی خۆی بەشێوەیەكی راست خاپوور بكات، یان بۆ ئەوەی هەلوەسەو وڕێنەكان جێگەی ئەو رووداوە راستەقینانە بگرنەوە كەهیچ پەیوەندییان پێوەی نییە. هەر ئەوەندە بەسە هەندێك كەس كۆببنەوەو جەماوەرێك پێكبهێنن، تەنانەت

خوای دەکرد چەندین زانای دەرکەوتووش دەبوون، ئەوکاتە هەموو سیفاتەکانی جەماوەر هەڵدەگرن کە لەدەرەوەی بازنەی کاری پسپۆڕیی خۆیانەوەن، چونکە دەبێت هەرچی سەرنجدان و گیانی رەخنەگرانەیان هەیە بپوکێتەوەو رەشڕابێت.

زانای دەروونناسی لێهاتوو "دافی" نموونەیەکی سەیری ئەو بارەیە. ئەمەشی لەلاپەڕەکانی "حوليات العلوم النفسية"دا باسکردووە، کەشایانی ئەوەیە لێرەدا باسبکرێت. دافی کۆمەڵێك چاودێری گەورەی بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەت بانگهێشتکرد. لەناویاندا گەورە زانای ئینگلیزی والاس ئامادەبوو. دافی هات لەپێشدەمیاندا کردەی ئامادەکرنی رۆحەکانی بۆ ئەنجامدان، ئەمەش دوای ئەوەی لێیانگەڕا جاریێ هەرچی کەرەسەی بەکارهاتوویەتی بیپشکنن و بەمەش جێگەپەنجەو مۆریان لەسەر کەرەسەکان بەجێهێشت. ئەم کردەیە خۆی لەبەرجەستەکردنی رۆحەکان و نووسین لەسەر لەوحەکانی ئیردوازدا نواند، هتد... دوای ئەوەی چەند راپۆرتێکی نوسراوی لەلایەن بینەرە بەناوبانگەکانیەوە چنگکەوت کەجەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەئەو دیاردانەی لەپێشچاویاندا روویانداوە بەچەند ئامرازێکی نائاسایی کراون، بۆیە ئەویش ئەوەی بۆ کەشفکردن کەئەوان بوونەتە قوربانی دەستی فێڵێك یان خەڵەتاندنێکی زۆر ئاسان. ئەوەی ئەم چیرۆکەی گواستۆتەوە دەڵێت: "ئەوەی لەتوێژینەوەکەی دافیدا زۆر جێگەی سەرسوڕمانە ئەوە نییە هەموویان ئیعجاب بن بەخۆیان، بەڵکو ئەو لاوازییە زۆرەی ئەو راپۆرتانەیە کەبینەرە بێئەزموونەکان بەو شتانە نووسیویانە. هەروەها رەنگە ئەو بینەرانە لەو شتانەی دیویانە چەند حیکایەتێکی زۆرو باشیان دیبێت، بەڵام هەڵەبوون. لەگەڵیدا دەڵێت ئەگەر ئەو شتەی دەیڵێن بەراستمان زانی، ئەوکاتە نابێت ئەو دیاردانەی باسیدەکەن بەخەڵەتێنەریان





بزانین. ئەو رێبازانەی دافی دایهێناون گەلێك ئاسانن بەرادەیەك تووشی سەرسامی بووین کاتێك بەکاریهێنان. بەڵام ئەوەبوو دەسەڵاتێکی گەورەی بەسەر جەماوەردا هەبوو بەرادەیەك توانی قەناعەت بەجەماوەر بکات بەبینینی شتێك کە نەیدیوە". کەسی خەولێخەر بەموگناتیس هەمیشە ئەم دەسەڵاتەی بەسەر خەولێخراودا هەیە. بەڵام کاتێك ئەو دەسەڵاتە بەسەر کەسانی گەورەدا پیادە دەکرێت کەخەڵەتاندنیان گرانە، ئەوەمان لادروستدەبێت کەچەند بەئاسانی دەتوانرێت جەماوەری ئاسایی بخرێتە ناو داوی وەهمەکانەوە.

نموونەی وەك ئەمە گەلێك زۆرن. پێش چەند ساڵێك رۆژنامەکان باسیان لەخنکانی دوو منداڵ دەکرد لەرووباری سیندا کەدواتر دەرهێنراونەتەوە. دەرزەنێك شایەت هەبوو کەبێگومان بوون لەوەی کەدەیانناسن، لەبەردەم ئەم هەموو جەختکردنەوە یەقینیانەدا هیچ گومانێك لەبەردەم داوەری لێکۆڵینەوەدا نەمایەوەو بڕوانامەی مردنەکەیان بۆ نوسرا. بەڵام لەو کاتەی ئامادەیان دەکردن بۆ ناشتن بەرێکەوت دەرکەوت کەئەو دوو قوربانییە لەژیاندا ماون و تەنها کەمێك لەدوو کچە خنکاوەکە دەچن. بەمجۆرە دەبینین لەزۆربەی نموونەکانی پێشوودا گەواهی شایەتی یەکەم، کەبۆتە قوربانی وەهم، بەسەر هەموو شایەتەکانی تردا تێدەپەڕێت.

لەم حاڵەتە لێکچووانەدا دەبینین خاڵی دەستپێکردنی پێشنیاری جۆشدەر هەمیشە لەو وەهمەوەیە کە لەلایەن کەسێکەوەو لەرێگەی باسکردنێکی ناڕۆشن و لێڵەوەیە، جا زۆر بێت یان کەم. پاشان دواتر لەرێگەی ئەو پەتای تەنینەوەیەوەیە کە هەر لەوەهمەکەی یەکەمەوە سەرچاوەیگرتووە. ئەگەر بێت و چاودێری یەکەم زۆر بکەوێتە ژێر کاریگەریی دیاردەکەوە، ئەوا هێندە بەسە ئەو لاشەیەی کەئەو پێیوایە

دەیناسێت هەندێك هێماو ئامارژەی تایبەتی بداتێ، وەك لاواندنەوە بۆ نموونە، یان هەر شتێکی تر دەتوانێت وابکات وێنەی کەسێکی تری بداتێ. ئیدی بەمەش بۆچوونە وروژێنراوەکە دەبێتە ناوکێك و جۆرێك لەگردبوونەوەو قەبەکردن بەدەوری خۆیدا دروستدەکات بەجۆرێك بگاتە ئەوەی بتوانێت گۆڕەپانی عەقڵ داگیربکات و هەموو جۆرە کردەیەکی رەخنەش ئیفلیج بکات. ئەوەی چاودێرەکە لەو کاتەدا دەیبینێت شتەکە خۆی نییە، بەڵکو ئەو وێنە وروژێنراوەیە کە لەخەیاڵیدایە دەرهەق بەو شتە. لەبەرئەوە دەشێت شرۆڤەی ئەو ناسینە چەوتوچەوێڵە بکەین بۆ لاشەی منداڵەکان لەلایەن دایکیانەوە کە لەچیرۆکەکەی تریشدا هەمان ئەو حاڵەتە لەئارادا بوو. لەچیرۆکە کۆنەکەدا هەر دوو جۆرەکەی جۆشدان دەبینین کەپێشتر باسم لەمیکانیزمەی هەردووکیان کرد:

"ناسینی منداڵەکە لەلایەن منداڵێکی ترەوە بووە، ئەویش بەهەڵەدا چووە، لەبەرئەوە زنجیرەیەك ناسینی هەڵە بەدواییەکدا هاتوون".

دواتر شتێکی نائاساییمان دی. لەبەرەبەیانی ئەو رۆژەی خوێندکارێکی قوتابخانەیەکی سەرەتایی ناسیویەتی، ئافرەتێك بەهەموو هێزی قریشکاندوویەتی و گوتوویەتی: "ئەی هاوار خوایە گیان، ئەوە منداڵی منە!".

بردویانەتە نزیك لاشەکەوە، پشکنیویەتی و چاوی چۆتە سەر جێ برینێك لەسەر نێوچەوانی، گوتویەتی: "ئەوە کوڕە هەژبەسەرەکەی منە، خۆیەتی. لەمانگی ئایاری رابوردووەوە گومبووە. لێیان دزیوم و کوشتوویانە!".

ئافرەتەکە لەشەقامی "فۆر" دەرگەوانی کردووەو ناویشی شافاندریە بووە. دواتر مامی کوڕەکەیان هێناو بێئەملاوئەولا گوتی: "راستە فلیپیری گچکەیە". زۆرێك لەخەڵکەکانی سەر شەقامەکە فیلیپ شافاندریەیان وەك





منداڵێکی مردوو ناسی، هەروەها مامۆستای قوتابخانەکەشی بەمەدالیاکەی ملیدا ناسیەوە.

بەڵام! بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش دراوسێ و مام و مامۆستاکەی هەر هەموویان هەڵە بوون. دوای تێپەڕبوونی شەش هەفتە بەسەر ئەو مێژووەدا دۆزگەرەکان توانیان جەخت لەسەر شوناسی منداڵەکە بکەنەوە. منداڵێکە بۆردۆیی و، هەرلەوێش کوژراوە، بەرێگەی پۆستەو گەیاندندا گواستویانەتەوە بۆ پاریس"[٢].

سەرنجبدەین دەبینین هەموو گەواهینامەکان لەلایەن ژنان و منداڵانەوە درابوون، واتە لەلایەن کەسانێکەوە کەزۆر دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. ئەویش نیشانەی شلۆقی ئەوجۆرە گەواهینامانەیە لەبەردەم دادپەروەریدا. هەرگیز نەدەبوو گەواهینامەکانی منداڵەکان بەشێوەیەکی تایبەت رەچاو بکرێن. راستە هەردەم دادوەرەکان ئەو دەستەواژەیە دووبارەدەکەنەوە کە منداڵان لەو تەمەنەدا درۆ ناکەن. بەڵام ئەگەر دادوەرەکان رۆشنبیرییەکی زۆریان لەبارەی دەروونزانییەوە هەبووایە ئەوا ئەوەیان دەزانی کە منداڵان لەو تەمەنەدا تاڕادەیەکی زۆر درۆ دەکەن. راستە ئەوە درۆیەکی بێگوناهە بەڵام خۆ هەر درۆیە. چاکتروایە ئیدانەی تۆمەتبارێك بکەین لەرێگەی یاریکردنی دەموچاوەوە یان پشتەملیەوە نەك لەرێگەی گەواهی منداڵێکەوە ئیدانەی بکەین.

بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرنج و تێبینیانەی لەلای جەماوەر دروستدەبن، دەڵێین سەرنجە بەکۆمەڵەکان زۆر لەراستییەوە دوورن. زۆربەی کات ئەو سەرنجانە تەنها وەهمێکن لەلایەن تاکەکەسێکەوە پێکهاتووەو دواتر لەرێگەی تەنینەوەوە بۆ خەڵکانی تر گوێزراونەتەوە.

---

[٢] لەرۆژنامەی (ئیکلیر)ەوەیە، لەبەرواری ٢١ی نیسانی ١٨٩٥دا.

چەندین ڕووداوی لەژماردن نەهاتوو هەن پێماندەڵێن کەباوەڕ بەبەڵگەکانی جەماوەر نەکەین. بۆ نموونە هەزاران مرۆڤ ئەو هێرشە بەناوبانگەی ئەسپسوارەکەیان لەشەڕی سیداندا دیوە، کەچی زۆر ستەمە بزانین کە ئەو کەسەی سەرکردایەتی ئەو شەڕەی کردووە کێیە، چونکە ئەو بەڵگانەی پشتیان بەبینین بەستووە پڕیانە لەشتی ناکۆك و دژ بەیەك. جەنەڕاڵی ئینگلیز ولسلی لەکتێبێکی نوێدا دانیبەوەدا نا کەچەندین هەڵەی قێزەونی کردووە لەبارەی ڕووداوە بەنێوبانگەکانی شەڕی واترلۆوە، لەگەڵئەوەی بەسەدان شایەت هەن جەخت لەسەر خودی ئەو ڕووداوانەش دەکەنەوە[٣].

جارێکی تریش ئەوە دووبارەدەکەمەوە، کە هەموو ئەو نموونانە، بەهاو سەنگی شایەتیدانەکانی جەماوەر یان بێبەهاییەکانیمان بۆ دەردەخەن. ئێمە دەزانین کەکتێبەکانی لۆژیك، کۆدەنگییەکی زۆری شایەتەکانی لەبارەی شتێکەوە لەسەرە بەو سیفەتەی یەکێکە لە وتەزا سەلمێنەرەکان، زۆرترین

[٣] ئایا فێری ئەوە دەبین کەچۆن شەڕێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی ورد ڕوویدا. من گومانم هەیە لەمە. ڕەنگە ئێمە لەوە زیاتر نەزانین کە براوەکان کێن و دۆڕاوەکانیش کامانەن. ئەوەشی بەڕێز دارکۆر لەبارەی شەڕی سولفرینۆوە، وەك شاهیدێك و بەشداربوویەکی شەڕەکە، دەیڵێت دەشێت بۆ هەموو شەڕەکان دەستبدات. ئەو دەڵێت: "ئەو جەنەراڵانەی زانیارییان لەلایەن سەدان شاهیدەوە پێگەیشت، ڕاپۆرتە فەرمییەکانیان دەگوێزنەوە، ئەو ئەفسەرانەی ڕاسپاردەی گواستنەوەی فەرمانەکان بوون ئەم بەڵگەو دۆکیۆمێنتارانەیان هەموار دەکردو پرۆژەی کۆتاییان لێدەنوسی. پاشان سەرۆکی ئەرکان ڕەتیدەکردەوەو جارێکی تر سەرلەنوێ دەینوسییەوە. دواتر دەیانگواستەوە بۆ مارشاڵ و ئەویش بەهاوارەوە دەیگووت: "ئێوە هەڵەن بەتەواویی!". پاشان جارێکی تر داوای نووسینەوەی پرۆژەکە دەکات. بەمجۆرە دەتوانم بڵێم هیچ شتێك لەڕاپۆرتی یەکەم نامێنێتەوە". دارکۆر ئەم ڕووداوە بۆ ئەوە باسدەکات تاوەکو بیسەلمێنێت کە مەحاڵە بتوانین لە ڕاستی و دروستی ڕووداوێك تێبگەین کە لەپێشچاومانەوە ڕوویدابێت".





وزەی قەناعەتپێکردنی لەسەر ڕاستی ئەو شتە یان ئەو ڕووداوە پێیە. بەڵام ئەوەی لەبارەی سایکۆلۆژیای جەماوەرەوە دەیزانین ئاستی قەبارەی وەهم و هەڵەکانیانمان لەبارەی ئەو خاڵەوە بۆ دەسەلمێنن. ئەو ڕووداوانەی زۆر جێگەی گومانن ئەوانەن کە زۆرترین ژمارەی خەڵك سەرنجی لەسەر داون. ئەگەر گوتمان ڕووداوێك لەیەککاتدا لەلایەن هەزاران کەسەوە بینراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووداوە ڕاستەقینەکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر جیاوازە لەو چیرۆکەی لەڕووداوەکەیانەوە وەرگرتووە.

لەهەموو ئەوەی پێشتر گوتومانە دەگەینە ئەوەی کەدەبێت کتێبەکانی مێژوو بەچەند کتێبێکی خەیاڵی ڕووت دابنێین. بریتین لەچەند حیکایەتێکی وەهمی لەبارەی چەند ڕوداوێکەوە کەبەشێوەیەکی خراپ سەرنجیان دراوەتێ، جگە لەوەی چەند ڕاڤەیەکی لەگەڵدا دەڕوات کەدواتر دروستکراون. ئەگەر ڕابوردو کتێبە ئەدەبی و هونەریی و یادەوەرییەکانی خۆی بۆ بەجێنەهێشتباین ئەوا شتێکمان لەبارەی واقیعەوە نەدەزانی. ئایا وشەیەکی ڕاست لەبارەی ژیانی ئەو پیاوە مەزنانەوە دەزانین کە ڕۆڵێکی گەورەیان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە، وەك هەرقل و بوزاو مەسیح و محەممەد؟ بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین نەخێر. دواجار ژیاننامەی ڕاستەقینەیانمان بەلاوە گرنگ نییە. ئەو کەسانەی کاریگەرییان لەسەر جەماوەر داناوە قارەمانی ئەفسانەیی بوون نەك قارەمانانی ڕاستەقینە.

بەڵام بەداخەوە ئەفسانە هیچ تۆکمەییەکی خودییانەی نییە. بۆیە خەیاڵی جەماوەر بەشێوەیەکی بەردەوام و بەپێی کات و زەمان دەیگۆڕێت و چەکوشکاریی تێدا دەکات، بەتایبەتی بەپێی ئەتنیك و ڕەگەزەکان. خواوەندی ترسێنەرو خوێنڕێژی تەورات (یاهوە) زۆر جیاوازە لەو خوا

خۆشەویستەی تیریزای قەشە باوەڕی پێیبوو، یان بوزای پەرستراو لەچین هیچ پەیوەندییەكی بەبوزای پەرستراوی هیندستانەوە نییە.

هیچ پێویست بەوە ناكات چەندین سەدە بەسەر قارەمانانی مێژوودا تێبپەڕێت بۆ خاتری ئەوەی ئەفسانەكەیان پێكبێتو بەهۆی خەیاڵی جەماوەرەوە گۆڕانی بەسەردا بێت. چونكە دەشێت ئەو گۆڕانە لەماوەی چەند ساڵێكدا رووبدات. بەچاوی خۆمان دیمان چۆن ئەفسانەی یەكێك لەپاڵەوانانی مێژوو لەماوەی پەنجا ساڵی رابوردو یان كەمتردا گۆڕانی بەسەردا هات. مەبەستم لەناپلیۆن پۆناپارتە. ئەوەبوو لەژێر سایەی حوكمڕانێتی سولالەی بۆربۆندا بووە جۆرێك لەكەسایەتییە ئایدیالییە خۆشەویستەكانی مرۆڤایەتیو لیبرالیزم. بووە هاوڕێی بێدەرەتانانو هەژاران ئەوانەی، بەپێی گووتەكانی شاعیران، بۆ ماوەیەكی درێژ لەژێر كوخەكانیانەوە یادیان دەكردەوە. كەچی بەسێ ساڵ دوای ئەو مێژووە وێنەی ئەو پاڵەوانە دڵباشو بەرەحمە گۆڕا بۆ كەسێكی داپڵۆسێنەری خوێنڕێژی دەسەڵاتخوازو زەوتكەری ئازادی كەقوربانی بەسێ ملیۆن پیاودا لەپێناو ئاواتەكانی لەدەسەڵاتو شكۆداریدا. دەبینین ئێستا ئەفسانەكەی سەرلەنوێ لەگۆڕاندایە. دوای ئەوەی دەیان سەدە بەسەر یادكردنەوەیدا تێدەپەڕێت، زانایانی دواڕۆژ لەبەردەم ئەو هەموو چیرۆكە ناكۆكەدا سەرسام دەبن كە لەبارەیەوە وتراون بەجۆرێك كەرەنگە هەر گومان بكەن لەوەی كەهەشبووبێت، هەرچۆن ئێمە هەندێكجار گومان لەبوونی بوزا دەكەین. ئەوەی تێیدا بەدیدەكەین تەنها ئەفسانەیەكە لەبارەی خۆرەوە یان جۆرێكە لەگەورەكردنی ئەفسانەی هەرقل. ئەو گومانانەیان بەئاسانی دەدرێتەپاڵ چونكە لەوكاتەدا زانایان زانیارییان لەبارەی دەروونناسی جەماوەرەوە





زۆرترە، هەروەها ئەوەشدەزانن كەمێژوو جگە لە ئەفسانەكان هیچی تر نەمر ناكات.

## ٣- سۆزمەندییەكانی جەماوەر: قەبەكردنو ئاسانكردنیان

ئەو سۆزمەندییانەی جەماوەر گوزارشتیان لێدەكات، بە باشو خراپیانەوە، مۆركێكی دوانەییان هەیە: واتە زۆر قەبەو ئاسانكراون. ئەوەندەی پەیوەندی بەم خاڵەو چەند خاڵێكی ترەوە هەیە دەبینین ئەو تاكەكەسەی تێكەڵی جەماوەر بووە زۆر لەبوونەوەرە سەرەتاییەكان دەچێت. ناتوانێت جیاوازییە وردەكانی نێوان شتەكان ببینێت، هەروەها وەك یەك قەبارە سەیری شتەكان دەكاتو گواستنەوەی پلەبەندیی نازانێت. زێدەڕۆیی جەماوەر لەسۆزمەندیدا بەم راستییەی خوارەوە پشتگیری لێدەكرێت: لەبەرئەوەی ئەو سۆزمەندییە بەشێوەیەكی زۆر خێراو لەرێگەی دنەدانو تەنینەوەوە بڵاودەبێتەوە، بۆیە پێشوازیكردنو پەسەندكردنی تاڕادەیەكی زۆر بەهێزی دەكات.

سادەو سانایی سۆزمەندییەكانی جەماوەرو قەبەكردنیان وادەكەن لەدەست ئازاری گومانو نایەقینی بیپارێزن، چونكە جەماوەریش وەك ئافرەتەو راستەوخۆ بەرەو توندڕەویی دەچێت. هەر ئەوەندەی شتێكی بەخەیاڵدا بێت لەلای دەبێتە بەڵگەنەویستێك كەگومان هەڵناگرێت. كەسی ئاسایی سڵەمینەوەیەك یان پەسەندكردنێكی كەمی هەیە بەرامبەر بەشتێكو لەقەبارەی سروشتی خۆیدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو سڵەمینەوەیە لەلای كەسێكی تێكەڵبوو بەجەماوەر راستەوخۆ دەگۆڕێت بۆ رقێكی شێتگیرانە.

ئەو توندوتیژییەی سۆزمەندییەكانی جەماوەر هەیەتی، لەلای جەماوەری ناجۆر زیاد لەپێویست زێدەڕۆیی تێدایەو قەبە دەكرێتو هۆكارەكەشی بۆ

نەبوونی بەرپرسیارێتی دەگەڕێتەوە. هەتاكو ژمارەی جەماوەر زۆرتر بێت متمانەكردن بەخۆو دڵنیابوون لەوەی كەهیچ سزایەك لەئارادا نییە بەهێزتر دەبێت، چونكە ئەم ژمارە زۆرییە وایلێدەكات هەست بەزیادبوونی دەسەڵاتەكەی بكات. ئەمەشە وا لەجەماوەری كۆبۆوە دەكات كەبتوانێت چەند كارێك بكات كە تاكەكەس پێیناكرێت. لەناو جەماوەردا كەسە گێژو نەزان و بەخیلەكان هەستی خۆبەكەمزانین و بێتوانایی و بێدەسەڵاتیان لەكۆڵ دەبێتەوەو لەبری ئەوە تەیار دەبن بەهێزێكی توندوتیژئامێزو كاتی، بەڵام ئەو هێزە زۆرو گەورەیە.

بەداخەوە زۆربەیجار هەستی زێدەڕۆیی و قەبەكردن لەلای جەماوەر رودەكاتە ئەو سۆزمەندییە شەڕانگێزیانەی كە لەپاشماوە بۆماوەییەكانی مرۆڤی سەرەتایین. ئاشكرایە كەترس لەسزادان مرۆڤی تاكەكەس و بەرپرس ناچار دەكات ئەو سۆزمەندییانە لەناو بەرێت. بەمەش دەتوانین راڤەی ئەو هۆكارە بكەین كەجەماوەر دەخاتە ژێر باری ئەوەی دڕندانەترین كارو توندڕەوترین كردەوە ئەنجامبدات.

ئەگەر جەماوەر بەشێوەیەكی زیرەكانە دنەبدرێت، ئەوكاتە دەتوانێت پاڵەوانێتی و قوربانی بدات لەپێناو مەسەلەیەكی بەرزدا، كە لەمەشدا زۆر لەمرۆڤی تاك و تەنها بەتواناترە. بەم نزیكانە بوارمان بۆ دەڕەخسێت تاكو قسە لەبارەی ئەم خاڵەوە بكەین ئەویش كاتێك قسە دێتە سەر ئاكارو ئەخلاقی جەماوەر.

مادامەكی جەماوەر تەنها لەرێگەی سۆزمەندییە توندوتیژەكانەوە دەبزوێنرێت و كاری تێدەكرێت، كەواتە ئەو وتاربێژەی بیەوێت جەماوەر بەلای خۆیدا كێشبكات دەبێت دروشمە توندوتیژئامێزەكان بەكاربهێنێت. پێویستە زێدەڕۆیی لەقسەكانیدا هەبێت و بەشێوەیەكی پڕاوپڕ دووپات و





دووبارەیانبكاتەوە بەبێئەوەی هەوڵی ئەوە بدات هیچ شتێك لەرێگەی مشتومڕی عەقلانییەوە بسەلمێنێت. ئەمەیە ئەو شێوازەی كە وتاربێژەكان لەكۆبوونەوە جەماوەرییەكاندا بەكاریدەهێنن.

هەروەها جەماوەریش خوازیاری ئەوەیە هەمان زێدەڕۆیی و قەبەكردن لە سۆزمەندییەكان یان لەهەست و سۆزی پاڵەوانەكانیاندا ئامادەگی هەبێت. ئەو خەسڵەت و چاكەكارییانەی بەڕووەوەن پێویستە هەمیشە لەگەورەكردن و قەبەكردنی زیاتردا بن. بۆ نموونە لەشانۆدا جەماوەر داوای چاكەكاریی و جوامێریی و رەوشتی زیاترو زیاتر لەپاڵەوانی شانۆگەرییەكە دەكات، كە لەژیاندا ئەم شتانە نین.

روانگەی تایبەتئامێزی شانۆ بەهەق كاریتێكردین. بێگومان روانگەیەكی هەیە، بەڵام رێساكانی زۆربەیجار پێچەوانەی هەستی راست و دروست و لۆژیكن و هیچ پەیوەندی پێیانەوە نییە. هونەرو لێهاتوویی قسەكردن بۆ جەماوەر بۆ ئاستێكی نزم دەگەڕێتەوە بەڵام پێویستی بەلێهاتوویی زۆر تایبەت هەیە. هەندێكجار لەسەركەوتنی هەندێك شانۆگەریی سەرمان سوڕدەمێنێت و ناشزانین چۆن راڤەی هۆكاری ئەو سەركەوتنە بكەین. بەڕێوەبەرانی شانۆگەرییەكان خۆشیان بەگشتی باوەڕیان بەسەركەوتنەكانیان نییە، لەبەرئەوە پێویستە لەسەریان ببنە جەماوەر بۆ ئەوەی بتوانن حوكمی بەسەردا بدەن[٤].

(٤) ئەوە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێت لەوە تێبگەین كەبۆچی هەندێك لەشانۆگەرییەكان سەركەوتنی گەورە بەدەستدەهێنن دوای ئەوەی لەلایەن بەڕێوەبەرانی شانۆگەرییەكانەوە رەتكراونەتەوە، لەكاتێكدا ئەمە لەرێگەی رێكەوتەوە دەرفەتی نواندنی بۆ رەخساوە. ئێمە لەوبارەیەوە لەئاستی سەركەوتنی شانۆگەری بەڕێز كوبی تێدەگەین "لەپێناو تاجدا"، كە بۆ ماوەی دەیان ساڵ لەلایەن شانۆگەرییە یەكەمییەكانەوە ڕەتكرابۆوە، وێڕای ئەوەی دانەرەكەی ناوو ناوبانگێكیشی هەیە. كەچی شانۆگەری "ئیشبینە شارلی" سەرباری ئەوەی لەسەر بودجەی

ئەگەر كاتی تەواومان بۆ چوونە نێو وردەكارییەكانەوە هەبووایە، ئەو كات ئاسان دەبوو كاریگەریی باڵادەستیی ئەتنیكمان نیشانبدایە. چونكە ئەو شانۆگەرییەی جەماوەری وڵاتێك زۆر بەپەرۆشن بۆی مەرج نییە لەوڵاتێكی تردا هەمان ئەو سەركەوتنە بەدەستبهێنێت یان ئەوەتا تەنها رێزێكی دیاریكراوی لێدەگیرێت لەبەرئەوەی ناتوانێت كار لەسەر ئەو هاندانانە بكات كەدەبنە مایەی وروژاندنی جۆش و خرۆشی جەماوەرە نوێكە.

شتێكی ئاشكرایە موبالەغەو پێوەنان لەجەماوەردا بۆ سۆزمەندییەكان دەگەڕێتەوە نەك ئەوەی شێوەیەك بێت لەشێوەكانی عەقڵ. لەگەڵ تێكەڵاوبوونی تاك بەجەماوەرەوە ئاستە فیكرییەكەی بەرادەیەكی بەرچاو دێتەخوار، ئەمەم پێشتریش سەلماند. هەروەها "تارد"یش گەیشتە هەمان ئەم بۆچوونە، ئەویش كاتێك كە لێكۆڵینەوەكانی قورسایی خۆیان خستە سەر توێژینەوەی تاوانەكانی جەماوەر، كەواتە جەماوەر تەنها لەسەر ئاستی سۆزمەندیی دەتوانێت زۆر بەرزببێتەوە یان رۆچێتە خوار بۆ ئاستێكی زۆر نزم.

ئەو كەسانە نیشاندرا كەپارەگۆڕەرەوەن، كەچی دوو سەد جار لەفەرەنساو زیاتر لەهەزار جار لەئینگلتەرە نمایشكرا، ئەگەرچی ئەمیش چەندینجار لەلایەن شانۆگەرییەكان و بەڕێوەبەرەكانییەوە رەتكرابۆوە. ناتوانین شرۆڤەی ئەمە بكەین ئەگەر بێت و بەڕێوەبەری شانۆكان جێگەی جەماوەر نەگرنەوە لەڕووی عەقڵیەت و باری دەروونییەوە. هەروەها بەو شێوە نەبێت ناتوانین لەو جۆرە هەڵانە تێبگەین لەحوكمداندا لەلایەن ئەو كەسایەتییانەی خاوەن توانایەكی گەورەن وەك بەڕێوەبەری شانۆكان.





٤- دەمارگیریی جەماوەرو داپڵۆسینەكەی و موحافیزەكارییەكەی

ئەو سۆزمەندییەی جەماوەر هەیەتی سادەو توندڕەوە، هەربۆیە سەرلەبەری ئەو ڕاوبۆچوون و بیروباوەڕانەی جۆشیدەدەن بەیەكجار یان ئەوەتا هەمووی پێكەوە پەسەند دەكرێن یان رەتدەكرێنەوە. ئیدی یان ئەوەتا جەماوەر بەچەند راستییەكی رەهایان دەزانێت یان ئەوەتا چەند هەڵەیەكی رەهاو موتڵەقن. ئەمەش هەمیشە حاڵی ئەو بیروباوەڕانەیە كە لەرێگەی جۆشدانەوە پێكهاتوون نەك لەرێگەی عەقڵ و مشتومڕی عەقلانییەوە. هەموومان ئاستی دەمارگیریی باوەڕە ئایینییەكان و رادەی ئەو هەژموونە ئیستبدادییە دەزانین كە لەسەر خودەكان دایدەنێت. جەماوەر بۆ ساتێكیش گومانی نییە لەوەی كەبڕوای پێیەتی، جا راست بێت یان هەڵە. هەروەها تەواو هۆشیاریشە لەبەرامبەر قەبارەی هێزەكەی، لەبەرئەوە داپڵۆسینەكەی بەقەبارەی دەمارگیرییەكەی دەردەكەوێت. ئەگەر تاكەكەس ناڕەزایەتی و گفتوگۆكردن پەسەند بكات ئەوا هەرگیز جەماوەر تەحەمولی ناكات و بەرگەی ناگرێت. هەرئەوەندەی لەكۆبوونەوە گشتییەكاندا كەمترین ناڕەزایەتی لەدژی وتارخوێنەكە دەربچێت دوای ئەوە دەمودەست هات وهاوارو تووڕەیی و جنێوی توندی روبەڕودەكرێتەوە، دواتریش ئەگەر وتاربێژەكە هەر سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی ئەوا شێوازی لێدان و دەركردنی تووشدەبێت. خۆ ئەگەر زۆرجار هێزەكانی ئاسایش نەبن ئەوا وتارخوێنەكە سەردەبڕن.

داپڵۆسین و دەمارگیریی لەلای هەموو توێژەكانی جەماوەر دوو خولیان ئامادەگییان هەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە دەركەوتنیان لەشكڵ و شێوەو پلەی جیاوازدایە. لێرەدا دیسانەوە جارێكی تر بەچەمكە بنەڕەتییەكەی ئەتنیك و كاریگەرییەكەی دەگەینەوە. ئەوە ئەتنیكە زاڵە بەسەر سۆزمەندییەكانی

مرۆڤو بیروبۆچوونەکانیدا. سەرنجبدەین دەبینین داپڵۆسینو دەمارگیریی بەشێوەیەکی تایبەتی لەلای جەماوەری لاتینی بڵاوەو ئەم دوو خولیایە تێیدا بەرادەیەك بەهێزو رەگداکوتاون کەهەستی سەربەخۆیی تاکەکەسی تێدا نەهێشتوونەتەوە، لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە لەلای رۆڵەکانی سەر بەئەتنیکی ئەنگلۆساکسۆنی زۆر چۆتەپێش. کەچی جەماوەری لاتینی تەنها بەرامبەر سەربەخۆیی بەکۆمەڵی تایەفەکان هەستیارن. خەسڵەتی ئەو سەربەخۆییە بریتییە لەپەنابردنەبەر ملکەچپێکردنی ئەوانەی لەبیروباوەڕیان جیابوونەتەوەو ئەمەش لەرێگەی زۆرداریی و توندوتیژییەوە ئەنجامدەدەن. لەلای گەلانی لاتینی دەبینین یەعقوبییەکان لەهیچ سەردەمێکداو هەر لەسەروبەندی دادگاکانی پشکنینەوە بیگرە نەیانتوانیوە خۆیان بگەیەننە ئاستی چەمکێکی تر بۆ ئازادی.

داپڵۆسینو دەمارگیریی لەسۆزمەندییە زۆر روونو ئاشکراکانی جەماوەرنو بەرگەیان دەگرێت بەئەندازەی هەمان ئەو ئاسانیەی پیادەی دەکات. جەماوەر رێز لەهێز دەگرێتو حەزی لەرێزلێنان نییەو بەشێوەیەك لەشێوەکانی لاوازیی دەزانێت. هەرگیز جەماوەر سۆزمەندییەکانی خۆی ئاڕاستەی رابەرە بەرەحمو بەخشندەکان نەکردووە بەڵکو ئاڕاستەی ئەو داپڵۆسێنەرانەی کردووە کەبەهێزو خراپەکاری دەستیان بەسەریدا گرتووە. پەیکەری یادەوەرییە بەرزەکانی تەنها بۆ ئەوان بنیاتناوە. ئەگەر بەسەر دیکتاتۆرێکی هەڵکەنراودا رۆیشتبێت لەبەرئەوە بووە هێزی نەماوەو چۆتە خانەی کەسە لاوازو قێزراوە بەدفەڕەکانەوە. جۆری ئەو پاڵەوانەی لەسەر دڵی جەماوەر ئازیزو خۆشەویستن لەجۆری قەیسەرە. لەخۆباییبوونەکانی سەرنجی رادەکێشێت، شانوشکۆکەی خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت، شمشێرەکەی دەیتۆقێنێت.





مادامەکی هەمیشە جەماوەر ئامادەیە لەدژی دەسەڵاتی لاواز یاخیبێت لەبەرئەوە تەنها سەری خۆی بۆ دەسەڵاتێکی بەهێز نەوی دەکات. ئەگەر شکۆی دەسەڵات جارجارەو بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ بێت ئەوکاتە جەماوەر دەگەڕێتەوە سەر سروشتە توندڕەوەکەیو لەپاشاگەردانییەوە بەرەو کۆیلایەتیو لەکۆیلایەتیشەوە بەرەو پاشاگەردانی دەچێت.

باوەڕبوون بەو بۆچوونەی کەپێیوایە غەریزە شۆڕشگێڕییەکان زاڵن بەسەر جەماوەردا، ئەوە تێنەگەیشتنە لەسروشتی جەماوەر. ئەوەشی تووشی ئەم وەهمەمان دەکات تەنها توندوتیژییەکەیەتی. ئەو راپەڕینو وێرانکارییەی جارناجار روودەدەن تەنها چەند دیاردەیەکی تێپەڕو کاتین. جەماوەر لەژێر کاریگەرییەکی زۆری نەستدایەو زیاد لەپێویست ملکەچی هۆکارە بۆماوەییە کۆنەکانە، ئەمەش وایلێدەکات زۆر زۆر موحافیز دەربکەوێت. ئەگەر لێیگەڕێیت بۆ خۆی ئەوا لەفەوزای خۆی وەڕس دەبێتو بەغەریزەی خۆی رودەکاتە کۆیلایەتی.

تێگەیشتن لەمێژووی شۆڕشە میللییەکان کارێکی زەحمەتە ئەگەر گویٚ بە غەریزە زۆر موحافیزکارەکانمان نەدەین. راستە جەماوەر دەخوازێت ناوی دامەزراوەکانی بگۆڕێتو هەندێکجاریش لەپێناو بەدیهێنانی ئەو گۆڕاوانەدا چەند شۆڕشێکی خوێناوی ئەنجامدەدات.

بەڵام ناوەخنی ئەو دامەزراوانەو ناوەڕۆکەکەیان خۆی لەگوزارشتکردنی پێداویستییە بۆماوەییەکانی ئەتنیکدا دەبینێتەوە لەدوا ئاکامیشدا ئەو دامەزراوانە بەبەردەوامی بۆی دەگەڕێنەوە. جووڵەکردنی بەردەوامی جەماوەر تەنها شتە رووکەشەکان دەگرێتەوە. داینامیکیەتە بەردەوامەکەی تەنها چەند شتێکی رووکەشانەیەو هیچی تر. لەراستیدا جەماوەر خاوەنی چەند غەریزەیەکی موحافیزکارانەی ئەبەدییەو، هەروەك خەڵکانی بەرایی،

ڕێزێكی بتپەرستانەی هەیە بۆ نەریت، هەروەها جەماوەر هەست بەشپرزەیەكی ناهۆشمەندانە دەكات لەئاست ئەو داهینانە نوێیانەی دەتوانن هەلومەرجە راستەقینەكەی ژیانی ئەو بگۆڕن. ئەو هێزەی ئێستا سیستمە دیموكراسییەكان هەیانە لەو ماوەیەدا بوو كەپیشەگەلی میكانیكیو هەلْمو هێڵی ئاسنینی تێدا داهێنرا، ئەگینا، بەدیهێنانی ئەمجۆرە داهێنانانە كارێكی ئەستەمو مەحاڵ بوو، یاخود تەنها دوای ئەوەی لەشێوەی شۆڕشە یەكبەدواییەكاندا قوربانیدا. بەختەكەی پێشكەوتنی شارستانێتی وایهێنا، بالأدەستی جەماوەر بۆ سەر ژیانی گشتی دوای بەدیهاتنو دۆزینەوە مەزنەكانی زانستو پیشەسازی بوونو گەیشتنە ئاكام.

## ٥- ئەخلاقیەتی جەماوەر

ئەگەر هاتین وشەی ئەخلاقیەتمان بەستەوە بە ڕێزگرتنی راستەقینەی هەندێك لە دابونەریتگەلی كۆمەڵایەتیو پاشان بێین بە بەردەوامی حەزو خولیا خودییەكان بچەپێنین، ئەوا ئاشكرایە كە جەماوەر خاوەنی چەندین حەزو غەریزەی هەڵچووەو ئامادەش نییە بۆ ئەوەی ڕێز لەخولیا ئەخلاقییەكان بگرێت. بەڵام ئەگەر ئەخلاقیەت هەندێك خەسڵەتی وەك قوربانیدانو دڵسۆزیو دەستپاكیو بێگەردییو خۆفیداكردنو دادپەروەریی بگەیەنێت ئەوا دەتوانین بڵێین بەپێچەوانەوە جەماوەر خاوەنی بەرزترین جۆری ئەخلاقیەتە. دەروونناسە دانسقەكان تەنها لەروانگەی كارە تاوانكارییەكانیەوە لەجەماوەریان كۆڵیوەتەوە، بۆیە كاتێكیش بینیویانە كە ئەمجۆرە كارە تاوانكارییانەی زۆرەو دووبارە دەبنەوە ئیدی گەیشتوون بەو ئەنجامەی كەجەماوەر خاوەن ئەخلاقێكی زۆر نزمو كەوتووە. گومان لەوەدا





نییە كەجەماوەر زۆربەی كات بەدەستی خۆی كەوتوویی ئەخلاقیەتی خۆی دەسەلمێنێت، بەڵام بۆچی؟ لەبەر هۆیەكی ئاسان، ئەویش ئەوەیە كە غەریزە دڕندە تێكدەرەكان لەپاشماوەكانی چاخە سەرەتاییەكانن و لەناخی هەریەكێك لەئێمەدا نوستوونو رازیكردنو تێركردنیان بەلای تاكەكەسەوە شتێكی مەترسیدارە. بەڵام كاتێك ئەو تاكەكەسە دەچێتە ناو جەماوەرێكی دیاریكراوی نابەرپرسەوە لەوێدا دەتوانێت بەدوای تێركردنی ئەو غەریزانەدا بچێت چونكە دەزانێت كەدووچاری سزادان نایەت. كاتێك نەمانتوانی مومارەسەی ئەو غەریزە تێكدەرانە بكەینو لەسەر هاوشێوەكانمان تاقییانبكەینەوە، ئەوكاتە هەوڵدەدەین لەسەر ئاژەڵەكان ئەم كارە بكەین. حەزكردن بە راو وەك شێلگیریی جەماوەر وایەو هەردووكیان لەیەك سەرچاوەوە داتاشراون. ئەو خەڵكەی لەسەرخۆ قوربانییەكی بێدەسەڵات دەهێنێتو كوتكوتی دەكات ئەوە نیشانەی دڵڕەقییەكی زۆر ترسنۆكانەیە. بەڵام ئەمە بەلای فەیلەسوفەوە تەواو لەو كۆمەڵە راوچییە دەچێت كە كۆبوونەتەوە بۆئەوەی چێژ لەبینینی سەگەكانیان وەربگرن كاتێك ئاسكێكی كەساسو كلۆڵ پارچەپارچە دەكەن كە راویان كردووە.

ئەگەر جەماوەر توانی كوشتنو گڕتێبەردانو چەندین جۆر تاوانی تر ئەنجامبدات، ئەوا دەتوانێت بەشێوەیەكی باشتر لەتاكە كەسێكیش كاری خۆبەختكردنو دەستپاكی ئەنجامبدات. چونكە كاریگەرییەكە بەشێوەیەكی تایبەتی لەسەر كەسەكەی نێو ریزی جەماوەرە ئەویش لەرێگەی تەركیزكردنە سەر سۆزمەندییەكانی وەك سەربەرزییو شەرەفو ئایینو نیشتمانەوەیە. مێژوو پڕیەتی لەنموونەی وەك جەنگەكانی خاچپەرستان، یان سەربازە خۆبەخشەكانی ساڵی ١٧٩٣ بۆ بەرگریكردن لەشۆڕشی فەڕەنسی. تەنها جەماوەری بەكۆمەڵ دەتوانێت كاری گەورەو

خۆبەختکردنی مەزن‌و دەستپاکی‌و بێگەردیی لەپێناو پرسە گەورەکاندا ئەنجامبدات. کەم نین ژمارەی ئەو جەماوەرەی بەشێوەیەکی زۆر پاڵەوانانە خۆیان بەختکرد لەپێناو ئەو بیروباوەڕو بۆچوونانەی رەنگە هەر تۆزقاڵێکیش تێیگەیشتبن! ئەو جەماوەرەی ناچێتە سەر کارو ماندەگرێت، بۆ خاتری گوێڕایەڵییەتی بۆ فەرمانەکان زیاتر لەوەی لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی مووچەکەیدا بێت. زۆر بەدەگمەن رێکەوتووە بەرژەوەندی شەخسی لەلای جەماوەر بووبێتە پاڵنەرێکی بەهێز، لەکاتێکدا ئەم بەرژەوەندییە لای تاکەکەس کۆی پاڵنەرەکانیەتی. دیارە ئەوە بەرژەوەندی تاکەکەس نییە جۆشی جەماوەر بدات بۆ بەشداریکردن لەچەندین جەنگدا کە تێگەیشتنی بۆیان نییە، کەچی خۆشی دەکاتە داشی دامەی قەتڵوعامە ئاسانەکان‌و دەکەوێتە ناو داوەوە، هەروەك ئەو کلاوکوڕە خەڵەتاوانەی دەکەونە نێو داوی ئاوێنەی راوچییەکانەوە.

دەشێت خوێڕیترین کەس تەنها بەچوونە نێو ریزێکی جەماوەر ببێتە هەڵگری چەندین پرەنسیپی ئەخلاقی. کۆمەڵناسی فەڕەنسی "تین" پێیوایە ئەوانەی قەتڵوعامەکانی سێپتەمبەریان ئەنجامدا چەندین جانتای پارەو خشڵ‌و ئاڵتوونیان لەگیرفانی قوربانییەکان دەستکەوت‌و تەسلیم بە لیژنەی شۆڕشگێرەکانیان کرد، لەکاتێکدا دەیانتوانی زۆر بەئاسانی ئەو شتانە بدزن‌و کەسیش پێیاننەزانێت. هەمان حاڵەت بەسەر ئەو جەماوەرە داماوو بێزارو سەرماڵ تیاچوەشدا هات کە لەکاتی شۆڕشی ١٨٤٨دا هێرشی کردە سەر کۆشکی تۆیلەر بێئەوەی هیچ توحفەیەکی گرانبەها بدزێت، لەکاتێکدا هەر تاکە توحفەیەکی بەشی ژەمەخواردنی چەندین رۆژی دەکرد.

راستە بەئەخلاقبوونی تاکەکەس لەمیانەی جەماوەرەوە رێسایەکی گشتی‌و هەمیشەیی نییە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا دەبینین زۆربەی جار ئەم





حاڵەتە دووبارەدەبێتەوە، تەنانەت لەباروزروفێکی ئاساییتر لەوەی منیش باسمکرد. وەك پێشتریش گوتم لەشانۆدا جەماوەر داوای چاکەکاریی زێدەڕۆییانە لەپاڵەوانی شانۆگەرییەکە دەکات. تەنانەت ئەو بینەرانەشی کە لەکەسانی چەورە پێکهاتوون، لەهەندێك کاتدا، زۆر ئاغرو بە ئەدەب دەردەکەون. زۆرجار ئەوانەی نقومبووی خۆشی‌و رابواردنن لەگەڵ گەوادو لووس‌و کۆستە قەشمەرچییەکاندا لەبەردەم دیمەنێکی ترسناکدا بەچرپەوە یان بەدەنگێکی نزم، کە بەهیچ شێوەیەك کەس بێزار ناکات، ورتەورت دەکەن، کە ئەمە هەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ رەفتاری ئاسایی رۆژانەیاندا لەکاتی قسەکردن‌و مشتومڕیاندا (هەمووی هات‌و هاوارو توندوتیژییە).

کەواتە ئەو جەماوەرەی زۆرجار تەسلیم بەغەریزە نزم‌و کەوتووەکانی دەبێت، هەر ئەو جەماوەرەیە لەهەندێك کاتی تردا چەندین کاری بەرەوشت پێشکەشدەکات. ئەگەر بەهاکانی دەستپاکی‌و خۆبەختکردنی رەها لەپێناو ئایدیالێکی بەرزی وەهمی یان واقیعیدا چەند ئاکارێکی چاك‌و باش بن، ئەوا دەتوانین بڵێین، جەماوەر هەندێکجار لەئاستێکی بەرزدا خاوەنی ئەو کارە چاکەیە کە گەورە فەیلەسوفان‌و حەکیمەکان زۆر بەدەگمەن پێیگەیشتوون، کەبێگومان ممارەسەکردنی ئەمە لەلایەن جەماوەرەوە بەشێوەیەکی ناهۆشمەندانەیە. بەڵام ئەمە گرنگ نییە، چونکە ئەگەر بهاتایە زۆربەی جارەکان جەماوەر عەقڵی حوکمیبکردایەو گوێی بۆ بەرژەوەندییە هەنووکەییەکانی خۆی شلبکردایە ئەوا رەنگە هیچ شارستانێتییەك نە لەسەر گۆی زەوی بمایەو نەپێشکەوتنیشی بەخۆیەوە ببینیایەو ئەوکاتە مرۆڤایەتیش هیچ مێژوویەکی نەدەبوو.

## بەشی سێهەم
## بیروبۆچوونەکان، مشتومڕەکانی عەقڵ، خەیاڵی جەماوەر

### ١– بیروبۆچوونەکانی جەماوەر

لەکتێبی پێشتردا باسمان لەرۆڵی بیروبۆچوونەکان کرد لەگەشەکردنی گەلاندا. ئەوەشمان سەلماند کەهەموو شارستانێتییەك زادەی چەند بیروبۆچوونێکی کەمەو زۆر بەدەگمەنیش ئەمانە تازە دەبنەوە یان دەگۆڕدرێن. هەروەها ئەوەشمان لێکدایەوە کەچۆن ئەو بیروبۆچوونانە لەناو رۆحی جەماوەردا دەچەسپێن، مەترسی ئەو قورساییانەی دێنەبەردەم ئەو بیروبۆچوونانە بەر لەوەی جێبەجێبکرێن. هەروەها ئەوەشمان دەرخست کە هەژانە گەورەکانی مێژوو، بەزۆری، زادەی ئەو گۆڕانانەن کەبەسەر ئەو بیروبۆچوونە بنچینەییانەدا دێن.

ئەگەر بەپێی پێویست ئەو بابەتەم باسکردبێت ئەوا جارێکی تر بۆی ناگەڕێمەوە. بەڵکو تەنها ئەوەندە ماوە هەندێك وشە لەبارەی ئەو بیروبۆچوونە ئاسانانەوە بڵێم کە لەبەردەستی جەماوەردان و ئەوان لە چ داڕشتەو فۆرمێکدا بیریان لێدەکەنەوە.

دەتوانین ئەو بیروبۆچوونانە بەسەر دوو گروپدا دابەشبکەین. لەگروپی یەکەمیاندا ئەو بیروبۆچوونە لەناکاوو هەنووکەییە تێپەڕانە دادەنێین کە لەژێر کاریگەریی ساتەوەختدا پێکدێن. نموونەیەکیش لەسەر ئەمە





بهێنینەوە ئەو بریسکانەوەیەیە کە بەهۆی کەسێك یان بیروباوەڕێکی دیاریکراوەوە دروستدەبێت. لەگروپی دووەمیشدا ئەو بیروبۆچوونە بنچینەییانە دادەنێین کە ژینگەو بۆماوەو رای گشتی سەقامگیرییەکی گەورەی پێدەبەخشن. لەنێویشیاندا باس لەبیروبۆچوونە ئایینیەکانی رابوردو، بیروبۆچوونە دیموکراسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ دەکەین. (مەبەست لەکۆمەڵایەتی لێرەدا سۆشیالیزم یان دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە).

ئەگەر بیروبۆچوونە بنچینەییەکان بەئاوی رووبارێك بچێنین کە بەهێواشی دەڕوات، ئەوا بیروبۆچوونە تێپەڕەکان لەو شەپۆلە بچووکە هەمیشە گۆڕاوە دەچن کە بەسەر رووی ئاوەکەوە دەجووڵێن. هەرچەندە ئەم وردە شەپۆلانە بایەخێکی راستەقینەی ئەوتۆیان نییە کەچی بەسەر رەوتی خودی رووبارەکەوە زۆر دیارو دەرکەوتوون.

ئەگەر لەمڕۆدا سەرنجی بیروبۆچوونە گەورەو بنچینەییەکان بدەین، کە باووباپیرانمان لەسەری ژیاون، دەبینین زۆر کزۆڵ و لەرزۆك بوون. تەنانەت ئەو دامەزراوانەشی کەئەو بیروبۆچوونانە پشتیان پێیبەستووە تا رادەیەکی زۆر شلۆق بوون. ئێستاش زۆرێك لەو وردە بیروبۆچوونە کاتییانە پێکدێن کە بۆ دواتر قسەیان لەبارەوە دەکەم. بەڵام وادەردەکەوێت کەمێکیان هەبێت دەستبدەن بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی گرنگ و هەمیشەییان هەبێت.

ئەو بیروبۆچوونانەی دەدرێنە جەماوەر یان جۆش بەجەماوەر دەدەن، هەرچییەك بن، مەحاڵە باڵادەست بن ئەگەر شێوەیەکی زۆر ئاسان وەرنەگرن و بەشێوەی وێنە لەدەروونیدا بەرجەستە نەبێت. هیچ گرێدانەوەیەکی لۆژیکی، لەجۆری پێوانەیی یان یەکبەدواییەکدا، ئەو بیروبۆچوونانە پێکەوە گرێنادات – وێنەکان لەنێوان خۆیاندا. زۆر بەئاسانی دەشێت یەکێکیان جێگەی ئەویتریان بگرێتەوە وەك شووشەی چرا

سیحرییەكان كەبەشێوەیەكی میكانیكی لەقوتووەكە رایدەكێشێت بەجۆرێك بەسەر یەكتردا قەد دەبن. ئەو بیروبۆچوونانەشی زۆر بەیەكتر ناكۆكن لەلای جەماوەر ریزبەندكراون. جەماوەر بەپێی ساتەوەختەكان و رێكەوتەكانی دەكەوێتە ژێر كاریگەریی یەكێك لەبیروبۆچوونە هەمەڕەنگ و خەزنكراوەكانی نێو عەقڵی، لەگەڵئەوەدا كاری زۆر ناكۆك و جیاواز دەكات. نەبوونی گیانی رەخنەگرانە لەلای جەماوەر وادەكات نەهێڵێت ناكۆكییەكان ببینێت.

ئەم دیاردەیە تەنها جەماوەر ناگرێتەوە، بەڵكو لەلای زۆربەی ئەوانە دەیبینین كە تاك و تەنهان. تەنها لەلای بوونەوەرە بەراییەكان نییە، ئەگینا لەلای هەموو ئەوانە هەیە كە لەیەكێك لەخەسڵەتەكانیاندا لە مرۆڤە سەرەتاییەكان نزیكدەبنەوە (بۆ نموونە وەك ئەوانەی دەمارگیرن بۆ ئیمانێكی ئایینی). بۆ نموونە ئەو دیاردەیەم لەلای ئەو هیندییە خوێندەوارانە دیوە كە لەزانكۆكانی ئەوروپاماندا پەروەردە بوون و هەموو جۆرە بڕوانامەكانی زانكۆیان بەدەستهێناوە. ئەو بیروبۆچوونە ئایینییە كۆمەڵایەتییە بۆماوەییەی لەلا هەڵگیراوە و جێگیرە، كەڵەكە بووە، بێئەوەی چینێك لەبیروبۆچوونەكانی رۆژئاوایی توانیبێتی شتێكی لێبگۆڕێت كە پەیوەندی بەبیروبۆچوونی یەكەمیەوە نەبێت. بەپێی ساتەوەختەكەو رێكەوتەكانی، ئەوە چینی یەكەمە دەردەكەوێت یان دووەم. هەر یەكێكیشیان كەژاوەیەك لەگوتارە تایبەتمەندییە ناسراوەكانی لەگەڵدایە. بەمجۆرە دەبینین هەمان ئەو كەسانە بەناكۆكییە زۆر روون و ئاشكراكانیانەوە دەردەكەون. ئەو ناكۆكیانە رواڵەتین زیاتر لەوەی راستەقینە بن، چونكە ئەوەی لەلای تاكەكەسێك بەهێزو باڵادەستە تەنها بیروبۆچوونە بۆماوەییەكانە، تەنها هەر ئەو بیروبۆچوونانەش دەتوانن ببنە





هاندەری كاریگەر لەسەر رەفتاری و بزوێنەری بن. تەنها لەیەك حاڵەتدا مرۆڤ لەرێگەی چەند دووڕیانێكەوە خۆی دەبینێتەوە ئەویش بەوەی بەسەر پاڵنەرە بۆماوەییە جۆراوجۆرەكاندا دابەشبووە كە رەنگە كاروكردەوەكانی لەنێوان ساتێك و ساتێكی تردا تەواو بەیەكتر ناكۆك بن. هیچ پێویست بەوە ناكات لێرەدا زۆر پێداگریی لەسەر ئەو دیاردانە بكەین، هەرچەندە بایەخە دەروونییەكانی زۆر یەكلاكەرەوەو بنەڕەتیشن. من وایدەبینم كە پێویستمان بەوە بێت لانیكەم دە ساڵ خەریكی گەشتكردن بین بۆ وڵاتانی جیاجیاو تێبینی كۆبكەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین تێیبگەین.

ئەگەر بیروبۆچوونەكان لەلایەن جەماوەرەوە بەشێوەیەكی زۆر ئاسان وەرنەگیراو خۆی نەدا بەدەستەوە، ئەوا دەبێت سەرلەبەری بگۆڕێت تاوەكو خاكی دەبێتەوە. ئەگەر مەسەلەكە تارادەیەك پەیوەندی بەچەند بیروبۆچوونێكی فەلسەفی یان زانستی باڵاوە هەبوو، ئەوا دەبێت گۆڕانێكی قووڵ و ریشەیی تێدا بكرێت بۆ ئەوەی لەئاستێكەوە بهێنرێتە ئاستێكی خوارتر تاوەكو جەماوەر تێیبگات. ئەو گۆڕانانەش بەشێوەیەكی سەرەكی و بەتایبەتیش پشت بەئەتنیكی جەماوەرەكە دەبەستێت، بەڵام دەبێت هەمیشە ئەو گۆڕانانە بەئامانجی خاكیكردن و ئاسانكردنی بیروبۆچوونەكان بن. نابێت لەواقیعداو لەروانگەی كۆمەڵایەتییەوە هیچ پلەبەندییەك لە بیروبۆچوونەكاندا هەبێت، مەبەستم لەو بیروبۆچوونە بەرزانەیە كە كەمێك یان زۆر قورسن. هەر ئەوەندەی بیرۆكەیەك توانی خۆی بگەیەنێتە جەماوەرو بزواندی ئیدی لەهەر شتێك ئاوەڕووت دەبێت كە بەرزیكردۆتەوەو مەزنی داوەتێ.

بەهای پلەبەندیی هەرەمیانەی بیروبۆچوونێكی دیاریكراو هیچ بایەخێكی ئەوتۆی نییە، بەڵكو ئەوەی جێگەی بایەخە تەنها ئەو شوێنەوارانەیە

كەدوای خۆی بەجێیاندەهێڵێت. گومان لەوەدا نییە كەبیروبۆچوونەكانی ئایینی مەسیحی لەسەدەكانی ناوەڕاستداو بیروبۆچوونە دیموكراسییەكان لەسەدەی رابوردوداو ئەو بیروبۆچوونە كۆمەڵایەتییانەی لەمڕۆدا باوو بڵاون زۆر بەرزو باڵا نین. دەكرێت لەڕووی فەلسەفییەوە ئەو بیروبۆچوونانە بەچەند هەڵەیەكی هەژارو داماو بزانین. بەڵام رۆڵ‌و كاریگەرییەكی گەورەیان هەبووەو دەبێت. بۆ ماوەیەكی درێژیش كاریگەرییان لەسەر رژێم‌و دەوڵەتەكان دەبێت لەبەرئەوەی ئەمانە یەكێكن لەهۆكارە بنەڕەتییەكان.

تەنانەت دوای ئەوەی بیروبۆچوونەكە چەند گۆڕانێكیشی بەسەردا دێت‌و وایلێدێت بۆ جەماوەر دەستبدات، بەڵام لەگەڵئەوەشدا هەر ناتوانێت كاریگەریی خۆی دابنێت تاكو نەچێتە نێو نەستەوەو لەلای چەند رەوتێكی جیاواز نەبێتە سۆزمەندییەكی تۆكمەو پتەوی گەڵاڵەبوو، كە ئەمە لەجێگەیەكی تردا لێیدەكۆڵینەوە. دەبێت ئەو گۆڕانەش زۆر درێژخایەن بێت.

بەهەرحاڵ، نابێت پێمانوابێت هەر بۆچوونێك دەركەوت راستە، ئیتر ئەوە كاریگەریی خۆی تەنانەت لەلای كەسانی رۆشنبیریش دادەنێت. دەتوانین لێكۆڵینەوە لەمەدا بكەین كاتێك دەبینین بۆچوون هەبووە راستێتی خۆی سەلماندووە بەبێئەوەی هیچ كاریگەرییەكی ئەوتۆی لەسەر زۆرینەی مرۆڤایەتی دانابێت. دەشێت حەقیقەتی روون‌و ئاشكرا گوێگری رۆشنبیری هەبێت، بەڵام ئەمیش دەمودەست لەرێگەی نەستییەوە حەقیقەتەكە بۆ خەیاڵە سەرەتاییەكانی دەباتەوە. هەوڵبدەن دوای چەند رۆژێك ئەو رۆشنبیرە ببینن كەچۆن سەرلەنوێ مشتومڕە كۆنەكانی بەهەمان لەفزەوە بەكاردەهێنێت. هۆكاری ئەمەش ئاسانە، ئەویش ئەوەیە كەوتۆتەوە ژێر كاریگەریی بیروبۆچوونەكانی پێشووتری كە لەلای بوونەتە چەند





سۆزمەندییەك‌و چەسپاون. تەنها ئەو بیروبۆچوونانە كارمان تێدەكەن‌و پاڵنەرە قووڵەكانمان دەبزوێنن كە لەپشت كارو كردەوەو قسەكانمانەوە خۆیان ناوەتەوە.

كاتێك بیروبۆچوونێكی دیاریكراو لەمیانەی چەند رەوتێكەوە دەگاتە رۆحی جەماوەر، بەمە هێزێكی لەبننەهاتووی دەستدەكەوێت‌و زنجیرەیەك رەنگدانەوەو ئەنجامی لێبەرهەمدێت. ئەو بۆچوونە فەلسەفییانەی شۆڕشی فەرەنسییان خستەوە كاتێكی زۆریان خایاند تاوەكو لەرۆحی جەماوەری میللیدا چەسپان. ئێمە دەزانین بووە خاوەنی هێزێكی چەند گەورە لەدوای ئەوەی لەناخی جەماوەردا سەقامگیربوو. بوونە مایەی راپەڕین‌و هەڵسانی سەرلەبەری گەلێك لەپێناو گەیشتن بەدادپەروەری كۆمەڵایەتی، لەپێناو بەدیهێنانی مافە ئەبستراكتەكان‌و ئازادییە ئایدیالییەكان تا دەگاتە لەرزاندنی هەموو تەخت‌و تاراجەكان‌و هەڵگەڕاندنەوەی قووڵی جیهانی رۆژئاوا. لەماوەی بیست ساڵدا گەلەكان دەستیانكرد بەهێرشكردنە سەر یەكترو لەو ماوەیەدا ئەوروپا چەندین قەتڵوعامی بەخۆوەدی، كە لەوانە دەچوون لەسەر دەستی جەنگیزخان‌و تەیمورلنك روویاندا. بەمجۆرە لەناو رۆژەكاندا، هیچ رۆژێك نەبووە بیروبۆچوونەكان تێیدا ئەو رۆڵ‌و بایەخەیان هەبووبێت‌و توانیبێتیان رووی سۆزمەندییەكان بگۆڕن ئەگەر جۆشیشدرابن‌و تەیاركرابن.

ئەگەر چەسپاندنی بیروبۆچوونەكان لەناخی جەماوەردا كاتێكی زۆری بوێت، ئەوا دەستبەرداربوونیشی كاتێكی كەمتر لەوەی ناوێت. بەمجۆرە ئەگەر لەروانگەیەكی فیكرییەوە سەیربكەین دەبینین جەماوەر بەچەندین نەوە لەدوای زانایان‌و فەیلەسوفانەوەیە. هەموو سیاسەتمەدارانی دەوڵەت ئەمڕۆ ئەوە دەزانن كە ئەو بیروبۆچوونە بنەڕەتیانەی پێشتر باسكران چەند

هەڵەیان تێدایە، بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا كاریگەرییەكانی بۆ سەر ناخی جەماوەر بەهێزە، لەبەرئەوە ناچارن بەپێی ئەو بیروبۆچوونانە حوكمڕانێتی بەڕێوەبەرن، ئەگەرچی باوەڕیشیان پێیان نەماوە.

## ٢- مشتومڕە عەقڵییەكانی جەماوەر

ناتوانین بەشێوەیەكی رەهاو موتڵەق بڵێین كە مشتومڕە عەقڵییەكان كارناكەنە سەر جەماوەر. بەڵام ئەو بەڵگانەی جەماوەر دەیانهێنێتەوەو كاریگەریی لەسەر دادەنێن، لەروانگەی لۆژیكییەوە، لەئاستێكی زۆر نزمدایە بەرادەیەك كەناتوانین بەعەقلانی وەسفیبكەین، تەنها لەرێگەی بەراوردكردنو لێكچوونەوە نەبێت.

مشتومڕە ئاست نزمەكانی جەماوەر، هەروەك مشتومڕە ئاست بەرزەكانی رۆشنبیران، تەركیز دەخەنە سەر بەیەكگەیاندنو خستنەپاڵ یەكتری. بەڵام ئەو بیروبۆچوونانەی بەیەكتر گەیشتوون تەنها چەند رایەڵەیەكی رواڵەتیانەی لێكچوون یان یەكبەدواییەكیان لەنێوانیاندا هەیەو هیچی تر. ئەو بیروبۆچوونانە لەسەر پێودانگی ئەسكیمۆكان پێكەوەدەلكێنرێن، ئەوانەی لەرێگەی ئەزموونەوە ئەوە دەزانن كە بەستەڵەك تەنێكی روونو شەفافەو كاتێك بخرێتە دەمەوە دەتوێتەوە. بەهۆی ئەوەی شووشەش تەنێكی روونو شەفافە لەبەرئەوە ئەوان پێیانوایە كەئەویش لەناو دەمدا دەتوێتەوە! یاخود لە "لۆژیك"ی ئەو مرۆڤە دڕندەیە دەچێت كەپێیوایە ئەگەر دڵی دوژمنێكی ئازای خوارد ئەوا ئازاییەكەی بۆ ئەو دەچێت، یان لۆژیكی ئەو كرێكارەی لەلایەن خاوەنكارێكی دیاریكراوەوە دەچەوسێتەوەو لەمەوە بەو ئەنجامە دەگات كەهەموو خاوەنكارەكان چەوسێنەرن. ئەمانە چەند بەیەكگەیاندنێكی نێوان شتە جیاوازەكانن كەچەند پەیوەندییەكی





رووكەشیو رواڵەتیانەیان لەنێواندا هەیە. ئەوان چەند حاڵەتێكی تاكەكەسیو تایبەتمەندانە دەهێننو بەشێوەیەكی راستەوخۆ دەیانگشتێنن. ئەمانەش دوو خەسڵەتی بنەڕەتیانەی لۆژیكی بەكۆمەڵن. ئەو وتەبێژانەی دەزانن چۆنچۆنی یاری بەجەماوەر بكەن، دەچن ئەمجۆرە بەیەكگەیاندنانە بەكاردەهێنن، چونكە تەنها ئەمە دەتوانێت جەماوەر بجوڵێنێتو كاریگەرییان لەسەر دابنێت. بەڵام هەرگیز جەماوەر لەمشتومڕی عەقلانیانەی تیژبڕ تێناگات. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین كە جەماوەر بیرناكاتەوە یان بەشێوەیەكی هەڵە بیردەكاتەوە، بۆیە ناكرێت لەمیانەی بیركردنەوەی عەقلانییەوە كاربكرێتە سەری.

لاوازیی هەندێك گوتار، كەكاریگەرییەكی زۆری بۆ سەر گوێگرەكانی هەبووە، كاتێك بەخوێندنەوە دەیانخوێنینەوە، سەرسامامان دەكات. بەڵام ئەوەمان بیردەچێتەوە كە ئەو گوتارانە بۆ جۆشدانی جەماوەر نوسراون نەك بۆ ئەوەی لەلایەن فەیلەسوفانەوە بخوێنرێنەوە. ئەو گوتاربێژەی پەیوەندی گەرموگوڕو بەردەوامی لەگەڵ جەماوەردا هەیە، ئەو دەزانێت چۆن ئەو وێنانە بوروژێنێت كە جەماوەر كێشدەكەنو دەیانبزوێنێت. ئەگەر لەمەدا سەركەوتنی بەدەستهێنا ئەوە ئامانجەكەی بەدیهێناوە. ژمارەیەكی زۆر لەگوتارەكان نەیانتوانیوە هێندەی چەند رستەیەك سەركەوتووبن لەكێشكردنی ئەو كەسانەی دەبووایە رازیبكرێن.

بیرنەكردنەوەی جەماوەر بەشێوەیەكی عەقلانیانە، بێبەشیدەكات لەهەموو جۆرە گیانێكی رەخنەگرانە، واتە لەوەی نەتوانێت جیاوازی لەنێوان راستو هەڵەدا بكات، ئەمەش وادەكات نەتوانێت حوكمێكی وردو دروست بەسەر شتەكاندا بدات، چونكە ئەو داوەرییو ئەحكامانەی جێگەی رەزامەندیی جەماوەرن ئەوانەن لەسەرەوە هاتوونەتەخوارو سەپێنراون، واتە گفتوگۆو

قسە هەڵناگرن. لەم روانگەیەوە دەبینین ئەو کەسانەی لەسەرو ئاستی جەماوەرەوەن ژمارەیان کەمە. بڵاوبوونەوەی ئاسانی هەندێك بیروڕاو بوونیان بەشتێکی گشتی، بەشێوەیەکی تایبەتی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەزۆربەی خەڵك ناتوانن بیروڕایەکی تایبەت پێکبهێنن زادەی بگرەو بەردەو بیرکردنەوەی عەقلانیانەیان بێت و لەئەزموونەکانی تاکەکەسیانەوە هاتبێت.

## ۳- خەیاڵی جەماوەر (یان خەیاڵدانی جەماوەر)

خەیاڵی تایبەتیانەی جەماوەریش، وەك خەیاڵی هەموو ئەو بوونەوەرانەی بەشێوەیەکی عەقلانیانە بیرناکەنەوە، لەبارە بۆ ئەوەی بەقووڵی کاری تێبکرێت. ئەو وێنانەی کەسێك یان رووداوێك دەیخاتەوەو کار لەناخی جەماوەر دەکات هەمان زیندوێتی و هێزو تینی خودی شتە واقیعییەکان خۆیانی هەیە. جەماوەر تارادەیەك لەو کەسە نووستووە دەچێت کەبەشێوەیەکی کاتی عەقڵی رادەوەستێنێت و خۆی دەداتە دەست دەرکەوتنی وێنەیەکی زۆر بەهێزو خەست و خۆڵ، بەڵام هەرئەوەندەی سەنگی مەحەکی بیرکردنەوە هاتەئاراوە دەمودەست وێنەکە دەبێتە هەڵم و دیارنامێنێت.

کەجەماوەر نەتوانێت بیربکاتەوەو بگرەوبەردەی عەقلانیانە ئەنجامبدات، کەواتە شتێك نییە بەلایەوە پێیبگوترێت، ئەستەم و مەحاڵ یان دوورە رووبدات. ئێمە دەزانین ئەو شتانەی کەزۆر مەحاڵ و ئەستەمن ئەوانەن کە زۆر سەرسوڕهێن و کاریگەرن.

لەبەرئەوە، ئەوە لایەنە ئەفسووناویی و ئەفسانەییەکانی رووداوەکانە هەمیشە جەماوەر سەرسامدەکەن و کاری تێدەکەن. ئەوەی راستی بێت رووە سەرسوڕهێنەکانی کەسی جادوکەرو ئەفسانەگەر دوو کۆڵەکەی راستەقینەی





شارستانین. لەواقیعدا رواڵەت هەمیشە رۆڵێکی گەلێك پڕبایەخی لەمێژوودا گێڕاوە. لەمێژوودا ئەوەی ناواقیعییە بەسەر ئەوەدا زاڵدەبێت کەواقیعییە.

ئەگەر بیرکردنەوەی جەماوەر تەنها لەرێگەی وینەکانەوە بێت، کەواتە ناتوانرێت جەماوەر لەدەرەوەی وێنەکانەوە کێشبکرێت و کاری تێبکرێت. تەنها وێنەکان دەیترسێنن یان کێشیدەکەن و دەبنە پاڵنەرێك بۆ کارکردن و پیادەکاریی.

کەواتە ئەو شانۆگەرییانەی وێنەکانی بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا پێشکەشدەکات کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر جەماوەر دەبێت. لەسەردەمی کۆندا نان و نمایشی شانۆگەریی دوو نموونە بوون بۆ بەختەوەریی خەڵکانی رۆمای کۆن. لەگەڵ تێپەڕبوونی سەردەمە یەکبەدواییەکاندا ئەو نموونەیە گۆڕانێکی زۆر کەمی بەخۆوەدی. هیچ شتێك ئەوەندەی دیمەنی شانۆیەك کارناکاتە سەر خەیاڵی جەماوەر. هەمان هەست وسۆزی هەیە بۆ هەموو ئەو هۆڵانەی دەیانبینێت، خۆ ئەگەر ئەو هەست وسۆزە راستەوخۆ نەگۆڕێت بۆ سەر کارو کردەوە، لەبەرئەوەیە بینەری زۆر ناهۆشمەندیش ناتوانێت ئەوە فەرامۆشبکات کەئەو قوربانی دەستی وەهمەکانیەتی و لەموغامەراتە خەیاڵیەکاندا پێکەنیوە یان گریاوە.

بەڵام هەندێکجار ئەو سۆزمەندییانەی لەرێگەی وێنەکانەوە پێیگەیشتووە، ئەوەندە بەهێزن، جەماوەر حەزدەکات بەوەی، وەك هەر پێشنیارێکی ئاسایی تر، بگۆڕێن بۆ پراکتیك و کردەوە.

زۆرجار چیرۆکی ئەو شانۆگەرییە میللییە تراژیدییەیان گێڕاوەتەوە کە ئەکتەرەکە ناچاربووە لەدوای تەواوبوونی شانۆگەرییەکە دەرهێنەرەکە لەترسی هێرشی بینەران بپارێزێت، ئەویش بەهۆی تاوانە خەیاڵییەکانیەوە. بەبڕوای من لێرەدا یەکێك لەنیشانە هەرە گرنگەکانی عەقڵی جەماوەر وەك

حاڵەتێك ئامادەگی هەیە. بەتایبەتی ئەو ئاسانییەی كەگروپی شانۆگەرییەكە دەتوانن لێیەوە كار لەجەماوەر بكەن‌و جۆشیبدەن. شتە ناواقیعییەكان بەلای ئەوانەوە، تارادەیەك، هەمان بایەخی شتە واقیعییەكانی هەیەو جەماوەر بەئاشكرا حەز دەكات بەوەی بەیەك چاوەوە سەیری هەردووكیان بكات‌و جیاوازییان لەنێواندا نەكات.

توانای داگیركەران‌و هێزی دەوڵەتان لەسەر ڕێسای خەیاڵی میللی دامەزراوە. لەمیانەی كاركردنە سەر جەماوەرو جۆشدان‌و جووڵاندنیانەوە. هەموو ڕووداوە مێژووییە گەورەكانی وەك دەركەوتنی بوزیەت‌و مەسیحیەت‌و ئیسلام‌و ریفۆرمی لۆسەریی‌و شۆڕشی فەڕەنسی‌و دواتریش لەرۆژی ئەمڕۆماندا هێرشی هەڕەشەئامێز بۆ سەر سۆشیالیزم، هەموو ئەمانە چەند ئەنجامێكی ڕاستەوخۆ یان دوورخایەنی چەند ئینتیباعێكی بەهێزن كەكاریان كردۆتە سەر خەیاڵی جەماوەر.

لەبەر ئەم هۆكارەیە كەپیاوانی دەوڵەت لەهەموو سەردەم‌و وڵاتێكدا، بەوانەشەوە كە زۆر داپڵۆسێنەرن، خەیاڵی میللییان بەگەورەترین پشتگیر زانیوە بۆ دەسەڵاتەكانیان. بۆیە هەرگیز ئەمانە هەوڵی ئەوەیان نەداوە لەدژی ئەو خەیاڵە بوەستنەوە. ناپلیۆن لەمبارەیەوە ئەم گوتە پڕ واتایەی لەئەنجومەنی دەوڵەتی فەڕەنسیدا گووت: "نەمتوانی كۆتایی بەجەنگی ڤاندی* بهێنم"[1] تەنها دوای ئەوە نەبێت كە دەركەوت من بەهەق كاسۆلیكم. هەروەها نەمتوانی هێمنی‌و ئارامی لەمیسردا بەرقەرار بكەم تاكو دەرنەكەوت كە من موسوڵمانێكی خواپەرستم. كاتێكیش دەركەوت كە من پاپایەكی توندڕەوم توانیم متمانەی قەشەكان لەئیتاڵیادا بەدەستبهێنم.

* ڤاندی ناوچەیەكی گوندنشینی زۆر كاسۆلیكەو دەكەوێتە خوارووی رۆژئاوای فەڕەنساوەو دژی شۆڕشی فەڕەنسی بوون بۆیە دوای شۆڕش چەندین قەتلوعامی ترسناكی تێدا ڕوویداوە.





ئەگەر ئەوە بواری بۆ بڕەخساندمایە حوكمڕانێتی گەلێكی وەك جوولەكە بكەم ئەوا سەرلەنوێ پەرستگای سلێمانم بۆ ئامادە دەكردنەوە"!. ڕەنگە هیچ گەورە پیاوێك لەجیهاندا، لەسەردەمی ئەسكەندەری مەكدۆنی‌و قەیسەرەوە، هێندەی ناپلیۆن نەیزانیبێت كە چۆنچۆنی جەماوەر كێشبكات‌و كاریگەریی لەسەر خەیاڵی دابنێت. خەمی یەكەم‌و هەمیشەیی ناپلیۆن ئەوە بوو چۆن بتوانێت دەماری جەماوەر بگرێت‌و سەرسامی بكات. لەسەروبەندی سەركەوتنەكان‌و لەكاتی وتاردانەكانیداو لەهەموو كات‌و زەمانێكدا ئەم پیاوە بیری لەمە كردۆتەوە. تەنانەت لەسەر پێخەفی مردنیش هەر بیری لەلای جەماوەرو خەیاڵەكانی بووە.

بەڵام دیسانەوە چۆن دەتوانرێت كاریگەریی لەسەر خەیاڵی جەماوەر دابنرێت‌و سەرسامبكرێت؟ بەم نزیكانە ئەمە دەبینین. بەڵام با لەئێستادا ئەوە بڵێین كەخۆپیشاندانەكان‌و ئامرازە ئاڕاستەكراوەكان بۆ كاركردنە سەر تێگەیشتن‌و عەقڵ ناتوانن ئەم ئامانجە دەستەبەر بكەن. ئەنتۆنیۆ پێویستی بەرەوانبێژییەكی گوتاریانەی قووڵ نییە تاكو گەل لەدژی پیاوكوژانی قەیسەر ڕاپەڕێنێت، بەڵكو ئەوەندەی بەسە وەسیەتەكەی بەسەردا بخوێنێت‌و لاشەكەی ببینن.

هەر كەسێك بیەوێت كاربكاتە سەر خەیاڵدانی جەماوەر، دەبێت خۆی لەشێوەی وێنەیەكی كارتێكەرو بیئەملاوئەولای پاكژبۆوە لەهەموو جۆرە ڕاڤەیەكی لابەلا پێشكەشبكات، یان جگە لەچەند ڕووداوێكی سەرسوڕهێنی ئەفسووناوی هیچی تری لەگەڵدا نەبێت.: وەك سەركەوتنی مەزن، پەرچووی گەورە، تاوانێكی گەورە یان هیوایەكی مەزن. گرنگە لێرەدا شتەكان بەیەك قەوارە نمایشبكرێت بەبێئەوەی سەرچاوە یان شوێنی لەدایكبوونیان دەربخرێت. سەد تاوانی بچووك یان سەد گچكە ڕووداو كارناكاتە سەر

خەیاڵدانی جەماوەرو نایبزوێنێت، کەچی یەك تاوانی گەورە یان یەك کارەساتی گەورە بەقووڵی کاری تێدەکات لەکاتێکدا رەنگە ئەنجامە خوێناوییەکەی ئەمیان زۆر کەمتریش بێت لەکۆی سەد رووداوەکە پێکەوە. ئەو پەتا گەورەیەی لەچەند هەفتەیەکدا پێنج هەزار کەسی لەپاریسدا کوشت تەنها کاریگەرییەکی کەمی لەسەر خەیاڵدانی جەماوەر دانا، چونکە ئەو قەسابخانە گەورەیە نەکرایە چەند وێنەیەکی بینراو بەڵکو تەنها لەچەند ئاماژەیەکی هەفتانەی ئاماردا بەرجەستەکرا. ئەگەر لەهەمان ئەو رۆژەداو لەگۆڕەپانێکی گشتیدا رووداوێك بقەومایە — بۆ نموونە وەکئەوەی بورجی ئیڤڵ کەوتبێت – و لەبری ئەو پێنج هەزار کەسە تەنها پێنجسەد کەس لەناوبچووایە، کاریگەرییەکی زۆر گەورەتری لەسەر جەماوەر دروستدەکرد. ئەو زیانە گریمانەییەی لەبەلەمێك کەوت، کەویستی بەزەریای ئەتڵەسیدا گوزەر بکات هەواڵی نەماو وای بۆچوون کە لەناوەڕاستی دەریاکەدا نقووم بووبێت، بۆ ماوەی هەشت رۆژ کاریگەریی لەسەر خەیاڵدانی جەماوەر دانا. لەکاتێکدا ئامارە رەسمییەکان دەریانخست کە لەخودی هەمان ئەو ساڵەدا هەزار بەلەمو کەشتی نقوومبوون، کەچی بۆ ساتێکیش ئەو زیانە گەورانە جەماوەری رانەچڵەکاند، ئەگەرچی لەڕووی زیانی گیانیو مادییەوە چەندینجار لەزیانی یەکەم گەورەتریشن.

کەواتە لەمەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەوە رووداوەکان نین کاردەکەنە سەر خەیاڵدانی جەماوەر بەڵکو ئەو شێوازەیە کە رووداوەکانی پێنیشاندەدرێت. پێویستە لەرێگەی چڕکردنەوەوە، وێنەیەکی هەژێنەرو سەرسوڕهێنەر لەسەر ئەو رووداونە بەرهەمبهێنرێت. ئەوەی هونەری کارکردنە سەر خەیاڵدانی جەماوەر بزانێت ئەوە هونەری حوکمکردنەکەشی دەزانێت.

## بەشی چوارەم
## قەناعەتەكانی جەماوەر چەندین شێوەو فۆرمی ئایینی وەردەگرن

بینیمان كە جەماوەر بەشێوەیەكی عەقلانیانە بیرناكاتەوە، پەسەندكردن‌و رەفزكردنەوەی بیروبۆچوونەكانیشی بەیەك جارە، نە بەرگەی گفتوگۆیەك دەگرێت‌و نە رەخنەگرتنێكیش، ئەو جۆشدانانەی كاری تێدەكەن هەموو رووبەری تێگەیشتنی داگیردەكەن‌و حەزدەكات بەوەی دەمودەست بیانكاتە كردەوەو پیادەیان بكات. هەروەها ئەوەشمان نیشاندا كە ئەو جەماوەرەی دەزانن بەباشی جۆشیبدەن ئامادەیە خۆی بەخت بكات لەپێناو ئەو نموونە بالآیەی هانیانداوە لەسەری. دواجار ئەوەشمان دەرخست كە جەماوەر تەنها سۆزمەندییە توندوتیژو توندڕەوەكان دەزانێت. هاوسۆزبوونی لەگەڵ شتێكدا یەكسەر دەگۆڕێت بۆ پەرستن، سڵەمینەوەش راستەوخۆ دەگۆڕێت بۆ رق‌و كینە. ئەم ئاماژە گشتیانە بوارمان بۆ دەڕەخسێنن تا لەسروشتی قەناعەتەكانی تێبگەین.

ئەگەر بەوردیی قەناعەتەكانی جەماوەرمان لەقۆناغەكانی ئیمانداریی‌و ئەو راپەڕینە سیاسییە گەورانەدا پشكنی كە لەهەردوو سەدەی رابوردودا روویاندا، دەبینین هەمیشە شێوەیەكی تایبەت دەنوێنن كە جگە لە ناوی سۆزمەندیی ئایینی ناتوانم هیچ وەسفێكی تریان بدەمێ.





ئەو سۆزمەندییە ئایینیەش چەند خاسیەتێكی زۆر سادەی هەیە: یەكەم، پەرستنی مرۆڤێك كە بە نائاسایی دابنێت، ترسان لەو هێزەی بۆ ئەو كەسە دەگەڕێتەوە، ملكەچییەكی كوێرانە بۆ فەرمانەكانی، قسەكردن لەسەر باوەڕەكانی كارێكی مەحاڵە، حەز بەبلاوكردنەوەی ئەو باوەڕانە دەكات، حەز دەكات بەوەی هەموو ئەوانە بەدوژمن دابنێت كەتەبەنناكانی ئەو رەتدەكەنەوە. جا ئەو سۆزمەندییە چ بۆ خوایەك بێت كەنابینرێت، یان بۆ بتێكی پەرستراو، یان بۆ پاڵەوانێك یان بۆ بیرێكی سیاسی بێت، لەهەموو ئەمانەدا هەمیشە جەوهەرێكی ئایینی هەیە. هەریەك لەدوو تۆخمی بان سروشت‌و لەرادەبەدەر لەو سۆزمەندییەدا هەن. جەماوەر هەمان ئەو هێزە شاراوە پڕ لەنهێنییە دەبەخشێتە قەوارەیەكی سیاسی یان ئەو رابەرەی بەشێوەیەكی كاتی گڕ لەحەماسەتەكەی بەردەدات. مرۆڤ تەنها لەرێگەی پەرستنی خوایەكی دیاریكراوەوە ئیماندار نییە، بەڵكو بەوەش ئیماندارە كاتێك هەرچی وزەی رۆحی‌و ملكەچكردنی ئیرادەو تووڕەیی دەمارگیرییەتی هەمووی بخاتە خزمەت پرسێك یان كەسێكی دیاریكراوەوە كەبۆتە ئامانجی هەموو سۆزمەندیی‌و بیروبۆچوونەكان‌و سەركردەكەی.

نالێبوردەیی‌و دەمارگیریی دوو هاوەڵی سروشتیانەی سۆزمەندیی ئایینین. بێگومان ئەم دوو خاسیەتە لەلای ئەوانە هەن كە باوەڕیان وایە نهێنی بەختەوەربوونی سەرزەوی یان ئەبەدی لەلای ئەوانە. هەروەها ئەم دوو خەسڵەتە لەلای هەموو ئەو مرۆڤانەش هەن كەدەچنە ریزی كۆمەڵێكی دیاریكراوەوە، ئەویش كاتێك یەقینێك یان باوەڕێكی دیاریكراو دەیانبزوێنێت. ئەو یەعقوبیانەی ترس‌و تۆقاندنیان لەسەروبەندی قۆناغی دووەمی شۆڕشی فەڕەنسیدا سەپاند ئەوانیش وەك ئەو كاسۆلیكانە

ئیماندار بوون کە دادگاکانی پشکنینیان دامەزراند، چونکە دڕندەییە زۆرەکەیان لەهەمان سەرچاوەوە وەرگرتووە.

قەناعەتەکانی جەماوەر بەم خەسڵەتانە جیادەکرێنەوە: ملکەچکردنی کوێرانە، دەمارگیریی سەرسەختانە، خۆشویستنی پڕوپاگەندەی توندوتیژئامێز کە لەگەڵ هەموو سۆزمەندییەکی ئاییینیدا پێویستە. هەروەها دەتوانین بڵێین جەماوەر بەرگێکی ئاییینی دەکاتە بەری هەموو باوەڕەکانی. ئەو پاڵەوانەی جەماوەر چەپڵەی بۆ لێدەدات بەراستی بەلای ئەوەوە خوایە. ناپلیۆن بۆ ماوەی پانزە ساڵ وایکرد. هیچ کەسێك وەك ئەو نەکرایە خوا. هیچ پەرستراوێکیش بەو ئاسانییەی ئەو نەیتوانی خەڵك راپێچی مەرگ بکات. خواکانی بتپەرستیو مەسیحیەتیش نەیانتوانی زیاتر لەوەی ناپلیۆن کردی هەژموونی رەهایان بەسەر کەسەکاندا هەبێت.

دامەزراندنی بیروباوەڕە ئاییینیو سیاسییەکان، لەلایەن دامەزرێنەرانەوە، لەو ساتەوەیە کەزانیویانە چۆنچۆنی سۆزمەندییەکانی دەمارگیریی ئاییینی بەسەر جەماوەردا بسەپێنن، ئەو سۆزمەندییانەی وا لەمرۆڤ دەکەن بەختەوەری خۆی لەپەرستندا ببینێتەوەو پاڵی پێوە بنێت بەرەو ئەوەی قوربانی بەژیانی خۆی بدات لەپێناو پەرستراوەکەیدا. ئەمە لەهەموو سەردەمەکاندا هەبووەو روویداوە. لەکتێبە نایابەکەیدا لەبارەی وڵاتی گالی رۆمانییەوە "ڤۆستێڵ دو کولانج" هۆشیاریدا بەوەی کە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەهۆی هێزەوە بەردەوامی بەژیانی خۆی نەداوە، بەڵکو لەرێگەی ئەو سەرسووڕمانە ئاییینییەوە بووە کە لای خەڵك دروستیکردووە. راستگۆیانە دەڵێت: "شتێکی نابەجێ دەبێت سیستمێکی سیاسی بۆ ماوەی پێنج سەدە بەردەوامبێتو لەولاشەوە لەلای میللەت قیزەون بێت ... ئەمە شتێکە لەمێژووی جیهاندا وێنەی نییە. ناتوانین لەوە بگەین کەچۆن





سی فەوجی سەربازی لەو ئیمپراتۆریەتەدا دەتوانێت دەستبگرێت بەسەر سەد ملیۆنداو ناچاریان بکات بەوەی گوێڕایەڵ بن". ئەگەر ملکەچو گوێڕایەڵ بووبن ئەوە لەبەرئەوەیە ئیمپراتۆر، کە بەرجەستەکەری مەزنێتی رۆمانە، لەلایەن گەلەوە وەك خوایەك پەرستراوە. لەبچووکترین لادێدا ئیمپراتۆر پەیکەری هەبووە. پاشان نووسەری ناوبراو لەسەری دەڕواتو دەڵێت: "لەو زەمەنەدا دەرکەوتنی ئاییینێکی نوێمان لەناخی کەسەکانو لەمسەرو ئەوسەری ئیمپراتۆریەتەکەدا دی. خوای ئەو ئایینە ئیمپراتۆرەکان خۆیان بوون. چەند ساڵێك بەر لە زاییینی ناوچەی گال خۆی لەشەست شاردا دەنواند. هەموویان لەسەر شەرەفی ئۆگستی ئیمپراتۆر بەشدارییان لەدامەزراندنی پەرستگایەکدا کرد لەنزیك شاری لیۆن... ئەو قەشانەی لەکۆبوونەوەی شارەکانی گالیدا هەڵدەبژێردران، ئەوانە دەمڕاستی ناوچەکەیانو کەسایەتی یەکەمیان بوون... مەحاڵە هەموو ئەم شتانە بۆ ترسو کۆیلایەتی بگەڕێنینەوە. ناکرێت میللەتێك هەر هەمووی کۆیلە یان بەکۆیلەکرابێت، ناکرێت بۆ ماوەی سێ سەدەش بەمجۆرە بمێننەوە. تەنها ماستاوچییەکان نەبوون فەرمانڕەوایان دەپەرست بەڵکو رۆما هەمووی بوو. ئەوە تەنها رۆماش نەبوو بەڵکو هەموو وڵاتی گالو ئیسپانیاو یۆنانو ئاسیاش بوو".

بەڵام لەرۆژانی ئەمڕۆماندا، زۆربەی داگیرکەرو ئەوانەی کۆنترۆڵیان بەسەر کەسەکاندا هەیە، لەشارو لادێکاندا پەیکەری شەخسییان نییە، بەڵام چەندین وێنەی هەڵواسراویان هەیە. ئەو پەرستنەشی لەلایەن خەڵکەوە بۆیان دەکرێت جیاواز نییە لەپەرستنی ئیمپراتۆرەکانی چاخی کۆن. ناتوانین بۆ تەنها کەمێك لەفەلسەفەی مێژوو تێبگەین هەتا لەو خاڵە

بنچینەییە تێنەگەین کەتایبەتە بەسایکۆلۆژیای جەماوەر: مەبەستم لەوەیە کەپێویستە لەسەر کەسی فەرمانڕەوا خوایەك بێت بۆ جەماوەر یان نەبێت.

ئەوانە هیچی شتگەلی خورافی نین کە سەر بە سەدە کۆنەکان بن و عەقڵ هاتبێت بۆ هەتاهەتایە تووڕی هەڵدابن، چونکە هەرگیز سۆزمەندیی، لەشەڕە ئەبەدییەکەیدا، لەبەرامبەر عەقڵدا تێکنەشکاوە. راستە جەماوەر نەیویستووە گوێی لەوشەکانی خواو ئایین بێت کە بۆ ماوەیەکی درێژ هەیمەنەیان بەسەریدا کردبوو. بەڵام هیچ قۆناغێکیش نییە لەمێژوودا ئەوەندەی ئەم قۆناغەمان (واتە بۆ سەدەیەکە) زۆربوونی ژمارەی پەیکەرو دروستکردنی هەیکەلی لەسەر دەستی جەماوەر بەخۆوەدیبێت. بزووتنەوەی میللی فەڕەنسی، کە بەناوی بۆلانجی*یەوە ناسراوە، رادەی ئەو ئاسانییەمان نیشاندەدا کەغەریزە ئایینییەکان دەتوانن سەرلەنوێ لەجەماوەردا بیبوژێننەوە. هیچ میوانخانەو ئوتێلێك لەگوندەکانی فەڕەنسادا نییە وێنەی پاڵەوانی تێدا هەڵنەواسرابێت. وایان باوەڕ دەکرد کە ئەو دەتوانێت چارەسەری هەموو جۆرەکانی زوڵم و نەخۆشی و ئافاتەکان بکات. هەزاران کەس ئامادەبوون رۆحیان لەپێناویدا بەخت بکەن. دەبووایە چ جێگەو رێگەیەکی گەورەی لەمێژوودا بگرتایە ئەگەر کەسایەتییەکەی بیتوانایە پشتگیری لەئەفسانەکەی بکات!

لەمەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە پێویستی جەماوەر بەئایین راستییەکی بەڵگەنەویستە. بیروباوەڕە سیاسی و ئاسمانی و کۆمەڵایەتییەکان لەلای جەماوەر جێگیر نابن هەتاکو بەرگی ئایینی نەپۆشن، کەئەمەش دووریاندەخاتەوە لەهەموو جۆرە گفتوگۆو بگرەو بەردەیەك. ئەگەر ئەو

---

* مەبەست لە جەنەراڵ بۆلانجیەیە، جەنەراڵێكو دەوڵەتمەدارێکی فەڕەنسییە (١٨٣٧–١٨٩١). هاوڕێی گامبیتاو کلیمنصۆ بوو. توانی جەماوەری میللی لەمپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی راست کۆبکاتەوە. لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا تەوژمێکی میللی لەفەڕەنسادا پێکهێنا.





بیتوانیایە بێدینی و ئیلحادیش بەسەر جەماوەردا فەرز بکات ئەوا شێوەی دەدایە هەموو ئەو هێزە دەمارگیرییەی تایبەتە بەسۆزمەندیی ئایینی، بۆئەوەی رووکارەکانی دەرەوەی بەشێوەیەکی خێرا جۆرێك لەسرووتی رێوڕەسمی وەربگرێت. پێشکەوتنی دوایی گروپە بچووکەکە سەلماندنێکی سەیرمان لەبارەیەوە پێشکەشدەکات. ئەو گروپە لەو کەسە عەدەمییە دەچێت کە نووسەری هەست ناسك "دیستۆڤسکی" چیرۆکەکەی بۆ گێڕاوینەتەوە. دوای ئەوەی لەرۆژێکدا تیشکەکانی عەقڵ رووناکیان کردەوە، وێنەکانی ئەو خواوەندو قەشانەی دڕی کەهەیکەلی ئاگردانە بچووکەکەی دەڕازاندەوە، مۆمەکانی کوژاندەوە، لەماوەی چاوتروکانێکدا وێنە دڕاوەکانی گۆڕی بەبەرهەمەکانی هەندێك لەفەیلەسوفە بێدین و مولحیدەکان، پاشان سەرلەنوێ مۆمەکانی داگیرساندەوە. گومانی تێدا نییە کەبابەتی بیروباوەڕە ئاینییەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین کەسۆزمەندییە ئایینییەکانیشی گۆڕان؟

جارێکی تریش ئەو وتەیە دووبارە دەکەمەوە کە ئێمە لەهەندێك رووداوی مێژوویی تێناگەین، بەتایبەتی ئەوانەیان کەزۆر گرنگن، تاوەکو ئەو فۆرمە ئایینییە نەناسین کە دواجار باوەڕەکانی جەماوەر بەلێڵی و ناڕۆشنی دەگەیەنێت. چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتی هەن پێویستیان بەتوێژینەوەی دەروونناسێکە، زیاتر لەوەی بەسروشتناسێك بێت. مێژونووسی گەورەمان "تین" تەنها لەروانگەی سروشتناسییەوە شۆڕشی فەڕەنسی خوێندۆتەوە، لەبەرئەوە پێشتر سەرچاوەی راستەقینەی رووداوەکانی لێشاردراوەتەوە. بەشێوەیەکی زۆر باش رووداوەکانی چاودێری کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانیوە لەسایکۆلۆژیای جەماوەر تێبگات، لەبەرئەوە هەموو کاتەکان ئەم نووسەرە بەناوبانگەمان نەیزانیوە بۆ هۆکارە قووڵەکانی ئەو شۆڕشە

بگەڕێتەوە. هەروەها لەبەرئەوەی رووداوەکانی، لەرووە خوێناویو فەوزەویو دڕندەییەکەیەوە، ترساندوویانە، بۆیە پاڵەوانانی ناو داستانی گەورەی بەچەند چەتەیەکی کێویانەی دڕندەو بەزیو بینیوە کە بەبێ دابینکردنی هیچ خواستێکیان خۆیان بەدەستەوە دەدەن. ئەو کارە توندوتیژیانەی لەشۆڕشە مەزنەکەو قەتڵوعامەکانیو پێویستی شۆڕشەکە بەپڕوپاگەندەو راگەیاندنی جەنگ لەدژی هەموو پاشاکان کەوتەوە، کاتێك لەهەموو ئەمانە تێدەگەین کە پێمانوابێت ئەمانە ئیمانێکی ئایینی نوێیان لەناخی جەماوەردا چاندووە. بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی لۆسەریو قەتڵوعامی سان بارتیلیمی* و جەنگی ئایینەکانو دادگاکانی پشکنینو ئەو ترسەی شۆڕشی فەڕەنسی ناویەتییەوە، ئەمانە هەر هەموویان بریتین لەچەند دیاردەیەکی لێکچوو کە بەجۆشدانی ئەو سۆزمەندییە ئایینیانە بەدەستهاتوون کە بە زەرورەت دەبنەهۆی ریشەکێشکردنی هەموو ئەوانەی بەئاگرو ئاسن دژایەتی چەسپاندنی ئیمانی نوێ دەکەن. ئەو شێوازانەی دادگاکانی پشکنینی مەسیحیەت گرتیانەبەر لەگەڵ ئەوانەی شۆڕشی فەڕەنسی لەسەروبەندی ئەوەی پێیدەگوترێت قۆناغی ترسو تۆقاندن، بەکاریهێنا، ئەمانەیە شێوازەکانی ئەو باوەڕدارانەی کەقەناعەتهێنن بەوەی کە ئەوە راستییەکە. نەدەبوونە کەسانی باوەڕدارو قەناعەتهێن ئەگەر چەند شێوازێکی تریان بەکاربهێنایە.

---

* قەتڵوعامی سان بارتیلیمی: بەناوبانگترین قەتڵوعامێکە کە لەکاتی جەنگی ئایینەکاندا لەفەڕەنسادا بەسەر پرۆتستانتەکاندا هاتبێت. ئەم کارەساتەساڵی ١٥٧٢ لەژێر سایەی پاشای چارلی نۆهەمدا روویداو لەڕووی دڕندەییو ترسناکییەوە گەیشتە لوتکە. کاسۆلیکەکان نەسڵەمینەوە لەبەکارهێنانی هەر شێوازێك بۆ پاکتاوکردنی پرۆتستانتییەکان چونکە بەتێگەیشتنی کاسۆلیکەکان ئەوان "هرطقة"ی ناو مەسیحیەتن. ئەوروپا بەدەست جەنگەکانی ئایینەوە زۆری ناڵاند، بەڵام بەهۆی سەرکەوتنی عەقڵی زانستی مێژوویی لەلایەکو جێگرتنەوەی سۆزمەندیی ئایینی نوێو لێبوردە لەشوێنی سۆزمەندیی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست ئەوروپا لەدەست ئەم جەنگانە رزگاری بوو. (و. ع)





ئەو ئاڵوگۆڕانەی وەك ئەوانە وان کە باسمکردن، روونادەن ئەگەر لەرۆحی جەماوەرەوە دەرنەچن. داپڵۆسینەرانی هەرە گەورە نەیانتوانی جەماوەر بجووڵێنن یان جۆشیبدەن. ئەو مێژونووسانەی بەرپرسیارێتی قەتڵوعامی سان بارتیلیمی دەخەنە ئەستۆی پاشا، هیچکام لەسایکۆلۆژیای جەماوەرو سایکۆلۆژیای پاشاکان ناناسن. ئەو خۆپیشاندانانەی لەمجۆرەن (یان ئەمجۆرە قەتڵوعامانە) تەنها لەگیانی جەماوەرەوە دەردەچن. گەورەترین هێزی رەهای میرنشینێکی داپڵۆسێنەر ناتوانێت شتێکی ئەوتۆ بکات کەپەیوەندی بەو رووداوە گەورانەوە بێت، مەگەر ئەوەتا کەمێك پەلە بکات یان کەمێك دوایبخات. ئەوە پاشاکان نەبوون قەتڵوعامی سان بارتیلیمیو جەنگی ئایینەکانیان بەرپاکرد، وەکچۆن رۆبسپیرو دانتۆنو سان جۆستیش نەبوون ترسو تۆقاندنی دوای شۆڕشی فەڕەنسییان نابێتەوە، چونکە لەپشت ئەمجۆرە رووداوە گەورانەوە هەمیشە رۆحی جەماوەر دەبینین.

## کتێبی دووەم

# بیروڕاکانی جەماوەرو بیروباوەڕەکانی

# بەشی یەكەم

## ئەو هۆكارە دوورانەی بیروڕاو بیروباوەڕەكانی جەماوەر پێكدەهێنن

لەوە بوونەوە توێژینەوە لەبارەی پێكهاتەی زیهنییانەی جەماوەرەوە بكەین. شێوازەكانی جەماوەرمان لەئاست ئیحساس، بیركردنەوە، مشتومڕەوە زانی. كەواتە با ئێستا لەوە بكۆڵینەوە كە جەماوەر چۆنچۆنی بیروڕاو بیروباوەڕەكانی بەرهەمدەهێنێت و چۆن لەناخیدا دەیانچەسپێنێت.

ئەو هۆكارانەی بیروڕاكانی جەماوەرو باوەڕەكانی دیاریدەكەن، دوو جۆرن:

هۆكارە دوورەكان وا لە جەماوەر دەكەن لەلایەكەوە هەندێك قەناعەتی لەلا دروست بێت و لەلایەكی تریشەوە نەچێتە ژێر باری هەندێكی تریانەوە. ئەم هۆكارە دوورانە زەمینەسازن بۆ چەكەرەكردن و دەركەوتنی ئەو بیروبۆچوونە نوێیانەی بە گوڕو تین و ئەنجامەكانیان سەرساممان دەكەن. بەڵام ئەوەندەش هەیە عەفەویەتی دەركەوتنیان تەنها شتێكی رووكەش و رواڵەتیانەیە. تەقینەوەی هەندێك بیروبۆچوون و گەڵاڵەبوونیان لەلای جەماوەر هەندێكجار زۆر كتوپڕو بروسكەئاسایە. لەكاتێكدا ئەمە تەنها





نیشانەیەكی رووكەشیەتی، ئەگینا لەپشتەوە كارو فرمانێكی دووروودرێژو لەسەرخۆی پێشوەخت ئامادەگی هەیە.

بەڵام هۆكارە راستەوخۆكان لەوانەن كە ئەگەر كاروفرمانێكی سەرەتایی دورورێژیان بۆ بكرێت، كە ناتوانن بەبێ ئەمە هیچ شتێك بكەن، ئەوا قەناعەتێكی باش لەلای جەماوەر دروستدەكەن. لەمەدا مەبەستمان لەوەیە كەئەمیان (واتە هۆكارە راستەوخۆكان) بیرۆكەكە گەڵاڵە دەكەن و فۆرمەكەی پێدەبەخشن پاشان جۆش و خرۆشی دەدەن بەهەموو ئەنجام و رەنگدانەوەكانیەوە. لەژێر فشاری ئەو هۆكارە راستەوخۆیانەدا ئەو بڕیارانە سەردەردەكەن كە لەپڕێكدا كۆمەڵە مرۆییەكان دەبزوێنن. ئەمەیە دەبێتەهۆی تەقینەوەی یاخیبوونێكی میللیانەی دیاریكراو یان هەڵایسانی مانگرتنێكی دیاریكراو. ئەمەیە كەپاڵ بە زۆربەی زۆری گەلەوە دەنێت بۆ گەیاندنی كەسێك بەكورسی دەسەڵات، یان بۆ رووخاندنی حكومەتێكی دیاریكراو.

لەهەموو روداوە مێژوویییە گەورەكاندا ئەم دوو جۆرەی هۆكار كاریگەرییان هەیە. ئەگەر شۆڕشی فەڕەنسی بەنموونە بهێنینەوە، كە یەكێكە لەنموونە هەر گرنگ و وروژێنەرەكان، لەناو هۆكارە دوورەكانیدا رەخنەكردنی نووسەرو بیریارانی سیستمی كۆن و پاشان دەرستدرێژییەكانی دەبینین، بەمجۆرە رۆحی جەماوەر ئامادەكرا بۆ شۆڕش و دواتر توانیان جۆشیبدەن بەهۆی هۆكارە راستەوخۆكانی وەك گوتارەكانی گوتاربێژانەوەو بەرەنگاربوونەوەی كۆشكی پاشایەتی بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند ریفۆرمێكی كەمی ئەوتۆ كەمانایەكی نەبێت.

لەناو هۆكارە دوورەكاندا چەند هۆكارێكی گشتی لەناو كرۆك و ناخی هەموو بیروڕاو بیروباوەڕێكی جەماوەردا دەبینین: وەك رەگەز، دابونەریتە

بۆماوەییەکان، کات، دامەزراوەکان، پەروەردەو فێرکاریی. هەوڵدەدەین لەخوارەوە بەدواییەکدا باس لەرۆڵی هەریەکەیان بکەین.

### ١- رەگەز ( ئەتنیك )

پێویستە فاکتەری رەگەز بخرێتە پلەی یەکەمەوە، لەبەرئەوەی ئەو بەتەنها هەرخۆی لەهەموو فاکتەرەکانی تر پێکەوە گرنگترە. لەکتێبی پێشوودا، بەپێی پێویست، لێکۆڵینەوەمان لەبارەیەوە کرد، هەربۆیە پێویست ناکات لێرەدا بەدورودرێژی بگەڕێینەوە سەری. ئەوەمان نیشاندا کە رەگەزیی مێژوویی چ مانایەك دەگەیەنێت‌و چۆن ئەم رەگەزە خەسڵەت‌و بیروباوەڕو دامەزراوەو هونەرەکانی، بەکورتی هەموو توخمەکانی شارستانیەتەکەی، پێکدەهێنێت، بۆ ئەوەی گوزارشت لەڕوکاری دەرەکیانەی رۆحەکەی بکات. هێزی رەگەز ئەوەندە گەورەیە کە ناتوانرێت هیچ توخمێکی لەگەڵێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ یەکێکی تر ئەگەر دووچاری گۆڕانکاریی زۆر قووڵ نەیەت[١].

ژینگەو بارودۆخ‌و روداوەکان لەو پێشنیارە کۆمەڵایەتیانەن کە تایبەتن بەساتەوەختەوە. ئەمانە کاری گرنگیشیان لەدەستدێت، بەڵام ئەوەیە هەمیشە شتێکی کاتی دەبن ئەگەر دژ بەپێشنیارەکانی رەگەز بوون، واتە ئەگەر لەگەڵ هەموو درەختی رەچەڵەك‌و باوو باپیراندا ناکۆك وەستان.

لەچەندین بەشی ئەم کتێبەدا دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێت بگەڕێینەوە بۆ گرنگی‌و بایەخی رەگەزو رادەی کاریگەرییەکەی. بۆ ئەوەی نیشانیبدەین کەئەو کاریگەرییە هێزو بایەخێکی وەهای هەیە بتوانێت

[١] لەبەرئەوەی ئەم بیرۆکەیە هەتا ئێستاش هەر نوێیەو مێژووش بەبێ ئەمە بەتێنەگەیشتویی دەمێنێتەوە، بۆیە من چەند بەشێکی کتێبەکەم "یاسا سایکۆلۆژییەکانی گەشەسەندنی گەلان" تەرخانکرد بۆ سەلماندنی ئەوە. خوێنەر تێیدا ئەوە دەبینێت کەسەرباری دیاردە خەڵەتێنەرەکان بەڵام نە زمان، نە ئایین‌و نە هونەرەکان‌و نە هیچ توخمێك لەتوخمەکانی شارستانێتی ناتوانن وەك خۆیان بمێننەوە ئەگەر لەگەلێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ یەکێکی تر.





کۆنترۆڵی ئەو تایبەتمەندییانە بکات کەپەیوەندییان بەرۆحی جەماوەرەوە هەیە. لەبەرئەم هۆیەیە کە زۆرێك وڵاتی جۆراوجۆر هەن چەند جیاوازییەکی وێکنەچووی زۆر بەهێزیان لەبیروباوەڕو هەڵسوکەوتەکانیاندا بەرجەستەکردووە، کەناتوانرێت بەهەمان رێگەو شێواز کار لەهەموویان بکرێت.

### ٢- نەریتە بۆماوەییەکان

نەریتەکان خۆیان لەبیروبۆچوونەکان‌و پێداویستییەکان‌و ئەو سۆزمەندییانەدا دەبیننەوە کەتایبەتن بەرابوردووەوە. ئەمانە پوختەو کاکڵی رەگەز پێکدەهێنن‌و بەهەموو قورسایی خۆیانەوە گوشار دەخەنە سەرمان.

زانستی زیندەوەرناسی گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕی بەسەرهات، بەتایبەتی کاتێك کەزانستی جینەکان ئەو کاریگەرییە گەورەیەی رابوردوی لەسەر گەشەکردنی بوونەوەرەکان نیشاندا. وەختێکیش ئەو چەمکە زۆر بڵاودەبێتەوە، زانستەکانی مێژووش هەمان حاڵەت بەخۆیانەوە دەبینن. هەتا ئێستاش ئەو زانستانە بەپێی پێویست بڵاونەبوونەتەوە، زۆرێکیش لەسیاسەتمەداران هێشتا کاوێژ لەسەر بیروبۆچوونەکانی تیۆرمەندانی سەدەی رابوردو دەکەن. بیرکردنەوەی ئەمانە وایە کەدەتوانرێت کۆمەڵگەیەك لە رابوردووی خۆی دابڕدرێت‌و سەرلەنوێ خۆی دروستبکاتەوە، ئەویش لەرێگەی ئەوەوە کە رووناکییەکانی عەقڵ بکاتە پێشەنگ‌و رێبەرێك بۆ خۆی.

بەڵام دەبینین گەل بونەوەرێکی ئۆرگانییەو خوڵقێنراوی دەستی رابوردووە. ئەویش، وەك هەموو بوونەوەرە ئۆرگانییەکانی تر، تەنها لەرێگەی کەڵەکەبوونی بەکاووخۆی بۆماوەییەوە دەگۆڕدرێت.

سەركردە راستەقینەكانی گەلان نەریتە بۆماوەییەكانیەتی. وەك چەندین جاریش دووبارەمكردۆتەوەو گوتوومە كەئەو نەریتانە بەئاسانی گۆڕانیان تێدا ناكرێتو، ئەگەر بشكرێت، تەنها لەرووكاری دەرەوەیاندا دەبێت. هیچ شارستانێتیەك ناتوانێت بەبێ نەریت هەبێت، واتە بەبێ گیانێكی نەتەوەیی.

ئەوەی راستی بێت، گەورەترین خەمی مرۆڤ، لەوەتەی لەسەر گۆی زەوییە، خۆی لەدوو شتدا بینیوەتەوە، یەكەمیان پێكهێنانی تۆڕێكە لەنەریتەكانو دواتریش تێكوپێكدانی تۆڕەكەیە كاتێك هیچ كەڵكو سوودێكی نامێنێت. بەبێ بوونی چەند نەریتێكی چەسپاوو نەگۆڕ هیچ شارستانێتییەك بوونی نییە. بەبێ لابردنێكی لەسەرخۆو پلەبەپلەی ئەو نەریتانەش هیچ پێشكەوتنێك روونادات. زەحمەتییەكە لەوەدایە بتوانرێت هاوسەنگییەكی دادپەروەرانە لەنێوان جێگیریی و گۆڕاندا بكرێت. ئەم زەحمەتییەش زۆری دەوێت، چونكە كاتێك گەلێك رێگەدەدات بەوەی عورفو نەریتەكانی بەهێزێكی زیاترەوە بۆ چەندین نەوە بەچەسپاویی و جێگیریی بمێنێتەوە، چیدی ناتوانێت گەشە بكاتو لەمەدا وەك وڵاتی چینی بەسەردێت كەناتوانێت گەشە بكاتو چاكسازی ئەنجامبدات. تەنانەت شۆڕشە خوێناوییەكانیش خۆیان ناتوانن ئەو گۆڕانە ئەنجامبدەن چونكە لەو كاتەدا روودەدات كە یان ئەوەتا هەموو لقە شكاوەكانی درەختەكە بەیەكەوە دەلكێنێتەوەو بەمەش رابوردو هەیمەنەی خۆی بەبێ هیچ گۆڕانێك دەگەڕێنێتەوە، یان ئەوەتا لقە جۆراوجۆرەكان لەسەرەتادا جۆرێك لەفەوزاو پاشاگەردانیی و دواتریش داكەوتنو رووخان بەرهەمدەهێنن.

پاشان ئەو ئەركە سەرەكییەی كەوتۆتە سەرشانی گەلێكی دیاریكراو پێویستە لەپاراستنی دامەزراوەكانی رابوردویدا بێت ئەویش لەرێگەی





هەمووواركردنی كەمەكەمەیانەوە. ئەمەش ئەركێكی زۆر سەختودژوارە. دەتوانین بڵێین كە تەنها ئەوە رۆمەكانن لەرابوردوداو ئینگلیزیشە لەئێستادا كەتوانیویانە ئەم ئەركە جێبەجێ بكەن.

ئەو موحافیزكارانەی زۆر كەللەڕەقن لەسەر هێشتنەوەی بیروبۆچوونە تەقلیدییەكانو بەبەردەوامیش دژایەتی هەر هەوڵو تەقەللایەك دەكەن كەبیانەوێت گۆڕانیان بەسەردابهێنن، ئەوانە خودی جەماوەرن، بەتایبەتیش ئەو توێژانەی كەچینە داخراوەكان پێكدەهێننو خاوەنی ئیمتیازاتن. من سەرنجمدابووە ئەو رۆحە موحافیزكارەو ئەوەم دەرخست كە زۆرێك لەراپەڕینەكان تەنها گۆڕانكاریی لەوشەكاندا دەكەن. ئەم نموونەیە لەسەر ئەمە دەهێنمەوە:

خەڵك لەكۆتایی سەدەی رابوردودا لەبەردەم كڵێسا رووخاوەكانو قەشە دەركراوەكاندا، یان ئەوانەی لەرێگەی قەنارەو چەوسانەوەی گەردوونیانەی رێوڕەسمو سرووتە كاسۆلیكەكانەوە لەسێدارەدرابوون، پێیانوابوو، كە بیروبۆچوونە ئاینییە دێرینەكان كۆتاییان پێهاتو هەموو دەسەڵاتێكیان لەدەستچوو. كەچی بەچەند ساڵێك دوای ئەو مێژووە پاڕانەوەو داخوازییە گەردوونییە گشتییەكان بوونە مایەی گەڕاندنەوەی رێوڕەسمە هەڵوەشاوەكان[2].

---

[2] ئەو راپۆرتەی بەڕێز فۆكروای ئەندامی ئەنجومەنی دامەرزێنەری دوای شۆڕشی فەرەنسی پێشكەشیكردو "تین"یش زۆر بەرەوانی ئاماژەی پێدا بەتایبەتیش لەبارەی ئەم بۆچوونەیەوە. دەڵێت: "ئەوەی لەهەموو شوێنێكدا بەبۆنەی ئاهەنگردنەوە بۆ رۆژی یەكشەممەو سەردانكردنی كڵێساكان دەیبینین، ئەوە دەگەیەنێت كەزۆرینەی فەرەنسییەكان دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر نەریتە كۆنەكان بەڵام كات لەبارو گونجاو نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جۆرە مەیلە نەتەوەییە... " پاشان بەردەوامدەبێتو دەڵێت: "زۆرینەی زۆری مرۆڤ پێویستیان بەئاینو رێوڕەسمو قەشەیە. هەندێك لەفەیلەسوفانی نوێگەرو منیش خۆم راكێشراینە نێو ئەو هەڵەیەوە كاتێك پێمانوابوو كە بڵاوكردنەوەی خوێندنو فێركاریی لەناو جەماوەری گەلدا دەبێتە مایەی تێكدانی اوەرییە پێشوەختەكانی ئایین. اەواقیعدا ئەو

هـیچ نموونەیـەكی تـری لەمـە باشـترمان لـەلا نییـە كـەرادەی كاریگـەریی نەریتـە بۆماوەكانمـان بـۆ سـەر رۆحـی جـەماوەر نیـشانبدات. هەرچـۆن پەرسـتگاكان لـە بتگـەلی پەرسـتراوی زۆر بەجەبـەروت پێكنایـەن، ئاوهـاش كۆشـك‌و تـەلارەكانیش لەسـتەمكارانی داپلۆسـێنەر دروسـتناكرێن. رەنگـە ئەمـەش وایكردبێـت بەشـێوەیەكی ئاسـانتر خـاپوور بكرێن. گـەورە پیـاوانی خۆحەشاردەر، ئەوانـەی دەست بەسـەر رۆحمانـدا دەگرن، روبـەڕوی هـەموو هـەوڵێكی لـەناوبردنی خۆیـان دەبنـەوەو چـۆكدانادەن، تـەنها بـۆ ئـەوەی بەكاووخۆ سەدەكان دابكرمێنن.

## ٣- كات‌و زەمەن

كـــات لـــەناو كێـــشە كۆمەڵایەتییـــەكان‌و تەنانـــەت لـــەناو كێـــشە بایۆلۆژییەكانیـشدا یەكێكـە لـەو هۆكـارە چالاكانەی كـەزۆرترین كاریگـەریی هەیـە. كـات خوڵقێنـەری راسـتەقینەو گـەورە تێكدەریـشە. ئـەوە كاتـە شـاخەكانی لەدەنكـە لمـەكان دروسـتكرد، خانەیـەكی زینـدووی بـچووكی لەرێگەی زەمەنـەكانی جیۆلۆجییـەوە گەیانـدە ئاسـتی كەرامـەتی مرۆیـی. بۆ ئـەوەی ئـاڵوگۆڕ لەدیاردەیـەكی دیـاریكراودا بكـەین یـان گـۆڕانی بەسـەردا بهێنین ئەوەنـدە بەسـە فاكتـەری زەمەن‌و سـەدەكان بهێنینـە نـاوەوە. لەخۆوە نـەیانگوتووە كـە ئەگـەر مێرووڵـە كـاتی تـەواوی بەدەسـتەوە بێـت دەتوانێـت شـاخی سـپی[٣] لەبەینبـەرێت. ئـەو كەسـەی لـەكۆنترۆڵكردنی كاتـدا خـاوەنی هێــزی ئەفـسوناویی بێــت‌و بتوانێــت یــاری پێبكــات، ئــەوا ئــەو هێــزو جەبەروتەشی دەبێت كە باوەڕداران دەیدەنە پاڵ خواكانیان.

---

داوەرییە پێشوەختانەو بیروباوەڕەكان بەلای ژمارەیەكی زۆر لەداماوەكانەوە سەرچاوەیەكە بۆ سەبوری‌و دڵدانـەوە... هەروەها دەبێت لێگەڕێین جەماوەری گەل قەشەو پەیكەرو سرووتەكانی خۆیان هەبێت".

(٣) شاخی سپی، شاخێكە لەفەڕەنسا (و.ع)





بەڵام كاری ئێمـە لێرەدا لـەوەدا نییـە بـاس لەكاریگـەریی زەمـەن بكـەین بـۆ سەر چاوگی بیروڕاكانی جەماوەر، كاریگەرییەكـەی لـەم روانگەیـەوە مـەزن‌و گەورەیـە. كـات دەتوانێـت تەحـەكوم بـەهێزە گـەورە كاریگـەرەكانی وەك رەگـەزەوە بكـات، ئـەو هێزانـە نـاتوانن هـەبن‌و پێكبـێن ئەگـەر زەمـەن بـوونی نـەبێت. ئـەوە كاتـە وا لەهـەموو بیروباوەڕەكـان دەكـات گـەورەبن‌و بمـرن. بیروباوەڕەكـان بـەهۆی كاتـەوە دەبنـەخاوەنی هێـزو جەبـەروت‌و هـەر بـەهۆی ئەویشەوە لاوازو بێهێز دەبن.

ئەوە كات‌و زەمەنە بیروڕاو باوەڕەكانی جەماوەر لەسـەر ئاگرەكـەی خـۆی بەهێواشـی لێـدەنێت، بەومانایـەی كـە ئـەوە رەخـسێنەری ئـەو زەمینەیـەی لەسەری دەڕوێت‌و چرۆ دەردەكات. لەمەوە بەو دەرەنجامە دەگەین كە ئەو بیروبۆچوونانەی رەنگە لەقۆناغێكی دیاریكراودا بەدیبێن بەڵام لەقۆناغێكی تـردا وەك مـەحاڵ دەربكـەون. كـات پاشمـاوە پـڕ لـەجیاوازەكانی بـاوەڕو بیروبۆچـــوونەكان هەڵدەچـــنێت‌و لەســـەر بناغـــەیان بیروبۆچـــوونەكانی سەردەمێكی دیاریكراو لەدایكدەبێت. رواندنی ئەو بیروبۆچوونانە كارێكی بەرێكـەوت نییـەو لەرێگـەی كـاری سەرچڵیشەوە روونـادات، بـەڵكو دەبیـنین رەگوڕیـشەكانی بـەقووڵی شـۆڕبوونەتەوە نێـو رابوردوویـەكی دوورودرێـژ. كاتێكیش گوڵدەگرێت ئـەوە زەمەنـە دەرفـەتی كردنـەوەی بـۆ رەخـساندووە. ئەگـەر ویـستمان لەچاوگەكەی تێبگـەین، ئـەوا دەبێـت هەمیـشە لـە زەمەنـدا بگەڕێینـەوە بـۆ دواوە. ئەوانـە دەستەكچی رابـوردوون‌و دایكـی داهـاتوون‌و كۆیلەی هەمیشەیی زەمەنن (واتە وابەستەی ئەون).

كەواتـە ئەمـە بـەو مانایـە دێـت كـە زەمـەن سـەرگەورەی راسـتەقینەمانە، هێنـدەی بەسـە لێیگـەڕێین بـا كـاری خـۆی بكـات بـۆ ئـەوەی هـەموو شـتەكان ببینین دەگۆڕێن‌و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت. هیـواو ئاواتـە مەترسیدارەكان‌و

ئەو وێرانەیی و هەڵگەڕانەوانەی لەمڕۆدا جەماوەر هەڕەشەیان پێدەكات ئێمە دووچاری دڵەڕاوكێیەكی زۆر دەكەن. تەنها زەمەن دەتوانێت هاوسەنگی بگەڕێنێتەوە. بەڕێز لافیس زۆر لەسەر هەقە كەدەڵێت: "هیچ سیستمێكی سیاسی نییە لەرۆژێكدا بڕوخێت. رێكخستنە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان پێویستیان بەچەندین سەدە لەكاركردن هەیە بۆ ئەوەی بەدیبهێنرێن. پێش ئەوەی سیستمی دەرەبەگایەتی جێگیر بێت و رێساو بنەماكانی گەڵاڵە بكات، بەدرێژایی چەندین سەدە بەشێوەیەكی هیولامی و پاشاگەردانیانە بوونی هەبوو. رژێمی پاشایەتی رەهاو موتڵەقیش چەندین سەدە بەر لەبوونی هۆكارەكانی سەقامگیریی و رێكخستنی حوكمڕانێتی ژیا".

## ٤- دامەزراوە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان

ئەو بۆچوونەی كەپێیوایە پێكهێنانی دامەزراوەكان چارەسەرییەكن بۆ كەموكوڕییەكانی كۆمەڵگەو، پێشكەوتنی گەلانیش زادەی تەواوبوونی دەستوورەكان و فۆرمەكانی حكومەتە، یان رەنگە تەنها دەركردنی یاساكان بەسبن بۆ ئاڵوگۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، وەك گوتم، لەو بۆچوونەیە كە تائێستاش برەوی زۆری هەیەو بڵاوە. شۆڕشی فەڕەنسی لەمەوە سەریهەڵدا، تەنانەت تیۆرە كۆمەڵایەتییەكانی ئێستاش پشتی پێدەبەستن.

تەنانەت ئەو ئەزموونانەشی خاوەنی بەردەوامی و یەكبینەییشن نەیانتوانیوە ئەو وەهمە گەورەیە بلەقێنن. فەیلەسوفان و مێژونووسان هەوڵیاندا ئەوە بسەلمێنن كەئەم بۆچوونە شتێكی بێهودەیە بەڵام بێ سوود بوو. لەكاتێكدا بۆیان گران نەبوو ئەوە دەربخەن كە ئەوە دامەزراوەكانن بیروبۆچوونەكان و سۆزمەندییەكان و ئەخلاق و خووڕەوشتەكانیان خوڵقاندووەو ناتوانین ئەو شتانە لەرێگەی گەڕاندنەوەی یاساكانەوە





دووبارە بكەینەوە. چونكە گەل – هەر گەلێك بێت – بۆ خۆی دامەزراوەكانی ئیختیار ناكات وەكچۆن رەنگی چاوەكانی یان قژیشی خۆی هەڵیاننابژێرێت. دامەزراوەو حكومەتەكان لەبەروبوومی رەگەزو ئەتنیكن. لەبری ئەوەشی خوڵقێنەری سەردەم بن خوڵقێنراوی دەستی سەردەمن. گەلان مەحكومی خواستەكانی ساتەوەختێك نین، بەڵكو بەو پێیەیە كە خووڕەوشت و تایبەتمەندییەكانی دەیخوازن. هەندێكجار بۆ پێكهێنانی سیستمێكی سیاسی دیاریكراو چەند سەدەیەك پێویستە، چەند سەدەیەكی تریش لەپێناو گۆڕینیدا. دامەزراوەكان هیچ خەسڵەتێكی ئەبەدیی و هەتاهەتاییان نییە، ئەوەش نین باش بن یان خراپ، چونكە پێدەچێت لەساتێك لەساتەكانی گەلێكدا باش بن، بەڵام بەلای گەلێكی ترەوە جێگەی بێزاریی بن.

كەواتە هەرگیز گەل ناتوانێت توانایەكی راستەقینەی هەبێت لەگۆڕینی دامەزراوەكانیدا. بێگومان ئەو دەتوانێت لەرێگەی هەڵایسانی شۆڕشە خوێناوییەكانییەوە ناوەكانی هەمواربكات، بەڵام ناوەڕۆكەكە ناگۆڕدرێت. بەوپێیەی ناوەكان بریتین لەهێماگەلێك كە بایەخێكی ئەوتۆیان نییە، لەبەرئەوە مێژونووسی سەرقاڵ بە بەها راستەقینەكانی شتەكانەوە هیچ سەرنجێكی ناداتێ. لەبەرئەوە، بۆ نموونە، وڵاتێكی زۆر دیموكراسی وەك ئینگلتەرا دەبینین ملكەچی رژێمێكی پاشایەتییە[٤]. ئەمە لەكاتێكدا

---

[٤] وەك ئەوەیە كە لە ویلایەتە یەكگرتووەكاندا تەنانەت كۆماریخوازە زۆر پێشكەوتنخوازەكانیش دانیپێدادەنێن. رۆژنامەی ئەمریكی "فوروم" گوزراشتی لەو بیروڕا یەكلاكەرەوەیە كردووە بەو وشانەی كەدوایی لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەم بەپشتبەستن بە "گۆڤاری گۆڤارەكان"ی مانگی دیسەمبەریساڵی (١٨٩٤): پێویستە هەرگیز ئەوە لەبیرنەكەین تەنانەت لەلای دوژمنانی هەرە سەرسەختی ئەرستۆكراتیەتیش كە ئینگلتەرا لەمڕۆدا دیموكراسیترین وڵاتی دنیایە. ئەو وڵاتەیە كەتێیدا مافەكانی تاك زۆرترین رێزی لێدەگیرێت، ئەو وڵاتەیە كەتاكەكانی ناوی زۆرترین ئازادیان هەیە".

کۆمارگەلی ئیسپانی – ئەمەریکی کە لەلایەن دەستووری کۆمارییەوە دەبرێن بەڕێوە دووچاری دڕندەترین جۆرەکانی داپڵۆسین دێن. ئەوە خووڕەوشتی گەلەکانە چارەنوسی دامەزراوەکان دیاریدەکات نەك حکومەتەکان. هەوڵمدا لەکتێبی پێشوومدا لەڕێگەی پەنابردنەبەر چەند نموونەیەکی یەکلاکەرەوەوە ئەو ڕاستییە بسەلمێنم.

کەواتە ئەرکێکی پڕوپووچ و مەشقێکی بەلاغیانەو بێسوودە کاتی خۆمان بەبەرهەمهێنانی دەستورەکان و داڕشتنیانەوە بەفیڕۆبدەین. زەرورەت و زەمەن هەردووکیان گەڵاڵەکردنی دامەزراوەکانیان لەئەستۆدایە کاتێك جڵەویان بۆ شلدەکەین کاری خۆیان بکەن. مێژونووشی گەورە ماکۆلای لەبڕگەیەکدا ئەوەمان پێدەڵێت کەپێویستە سیاسییەکان لەسەر دڵیان هەڵیبکەن و بزانن کەبەریتانییەکان لەهەموو وڵاتانی لاتینیدا بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان کردووە. دوای ئەوەی باسی لەسوودو کەڵکەکانی ئەو یاسایانە کردووە کە لەڕوانگەی عەقڵەوە فەوزایەکی سیخناخن بەبێهوودەیی و ناکۆکی. ناوبراو بەراوردییەکی لەنێوان ئەو دوانزە دەستوورەدا کرد کە لەسەروبەندی ڕاپەڕینەکانی گەلانی لاتیندا لەئەوروپاو ئەمریکا لەگەڵ دەستوری ئینگلتەرەدا هەڵوەرین و مردن. هەروەها ئەوەشمان نیشاندەدات کەدەستوری ئینگلیزی بەشێوەیەکی زۆر هێواش و تۆز تۆزە هەموار دەکرێت و گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوەش لەژێر کاریگەریی پێداویستییە ڕاستەوخۆکاندایە، نەك ئەوەی هەرگیز بەپێی بگرەوبەردەی تیۆرییە عەقڵییەکان بێت. بە یەك وشە دەڵێت: "پێویستە لەکاتی داڕشتنی دەستوورەکاندا هەرگیز بایەخ بەلێکچوویی و هەماهەنگی نەدرێت، بەڵکو تەنها بایەخ بەسوودو چێژ بدرێت. هیچ شتێکی شاز لامەبەن تەنها لەبەرئەوەی شازە. هەرگیز هەوڵی ئەوەش مەدەن تازەببنەوە یان داهێنان





بکەن، ئەوە جیایە هەستتان بەلادان و بێزاریی کرد. ئەوکاتەش داهێنانەکانتان تەنها ئەوەندە بێت کەپێویستە بۆ نەهێشتنی ئەو لادانە بێزارە. هەروەها هەوڵیش مەدەن هیچ کاتێك یاسایەك یان پێشنیارێکی گەورەتر لەو حاڵەتە تایبەتە پێشکەش بکەن کەبۆ چارەسەرکردنی ئەو داهێنراوە. ئەمانە ئەو ڕێسایانەن کە گفتوگۆکانی دووسەدو پەنجا پەرلەمانتارەکەمانی ئاڕاستە کرد، هەر لەسەردەمی یۆحەنناوە تادەگات بەسەردەمی ڤیکتۆریا".

پێویستە یاساو دامەزراوەکانی یەکەبەیەکەی گەلان تاووتوێبکەین بۆئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەك گوزارشت لەپێداویستییەکانی ڕەگەزەکانیان دەکەن. لەکاتێکدا ئەمانە بەتوندوتیژیی ناگۆڕدرێن. بۆ نموونە، دەتوانین وتووێژەکەمان، بەو شێوەیەی خۆمان حەزی پێدەکەین و دڵماندەیخوازێت، بەشێوەیەکی فەلسەفییانە بێت لەبارەی سودو کەڵکەکانی مەرکەزییەت و لایەنە خراپەکانیەوە، بەڵام کاتێك گەل و میللەتێك دەبینین لەچەند ڕەگەزێکی جیاواز پێکهاتووە ئەوا دەبێت هەزار ساڵ کارکردنی بۆ تەرخانبکرێت تاکو بتوانێت وردەوردە بگاتە ئەو مەرکەزیەتە، دەبینین شۆڕشێکی گەورە هەوڵیداوە بۆئەوەی هەموو دامەزراوەکانی ڕابوردو تێکبشکێنێت، کەچی لەولاوە ناچاربووە نەك هەر ڕێزی ئەومەرکەزیەتە بگرێت بەڵکو هەوڵی زیادکردنیشی داوە، لەمەوە بەوە دەگەین کە مەرکەزیەت زادەی زەرورەتێکی زاڵ و چارەهەڵنەگرەو بگرە تەنانەت مەرجێکیشە بۆ بوون. هەربۆیە بەداخەوەبین بۆ کاڵفامی و کەمعەقڵی ئەو سیاسەتمەدارانەی قسە لەبارەی تێکوپێکدانی مەرکەزیەت دەکەن (کە دیارە مەبەست لەیەکێتی مەرکەزیانەی فەڕەنسایە، پاشان شۆڕشی فەڕەنسی). خۆ ئەگەر ڕێکەوت وایکرد بۆچوونەکەشیان ڕاست دەربچێت ئەوا ئەو

سەركەوتنە هێمایەك دەبێت بۆ پاشاگەردانیو فەوزایەكی[٥] قووڵ كە لەدوا ئاكامدا مەركەزیەتێكی نوێی زۆر پتەوتر لەوەی پێشووتری لێدەكەوێتەوە.

هەموو ئەمانەی پێشوو ئەوەمان پێدەڵێن كە نابێت دامەزراوەكان بەو ئامرازە بزانین كە لەرێیەوە كاربكەینە سەر رۆحی جەماوەر. هەندێك لەولاتان، بۆ نموونە، وەك ویلایەتە یەكگرتووەكان لەرێگەی دامەزراوە دیموكراسییەكانەوە گەشەیەكی زۆر باشیان كردووە، بەلام هەندێكی تر هەن، وەك كۆمارە ئیسپانییە ئەمریكاییەكان، ئەگەرچی خاوەنی هەمان ئەو دامەزراوانەشن، كەچی سستو خاون. ئەو دامەزراوانە هیچ پەیوەندییان بەگەورەییو شكۆی ویلایەتە یەكگرتووەكانەوە نییە هەرچۆن پەیوەندییان بەداكەوتوویی كۆمارە ناوبراوەكانیشەوە نییە. كەواتە دامەزراوەكان هۆكار نین. چونكە گەلان مەحكومی تایبەتمەندییو خوونەریتەكانیانن. ئەو دامەزراوانەشی ئەو خوونەریتەیان بەتەواویی لەخۆیاندا بەرجەستە نەكردبێت، ئەوە تەنها بەرگێكی ساختەو دەمامكێكی كاتیان پۆشیوە. گومان لەوەدا نییە كە چەند جەنگێكی خوێناویو رستێك شۆرشی توندوتیژئامێز روویانداوەو لەداهاتووشدا روودەدەنەوە لەپێناو سەپاندنی چەند دامەزراوەیەكدا كە خاوەن توانایەكی نائاساییی بن لەخولقاندنی

---

(٥) ئەگەر بەراوردیمان كرد لەنێوان كەرتبوونە ئایینیو سیاسییە قووڵەكاندا كە بەشە جۆراوجۆرەكانی فەرەنسا لەیەكدادەبرێتو بەشێوەی سەرەكیش بۆ مەسەلەی رەگەز دەگەرێتەوە، بەو ئاراستە جیاخوازەانەی لەسەروبەندی شۆرشدا دەركەوتنو لەكۆتایی جەنگی فەرەنسی – ئەڵمانی سەرلەنوێ جارێكی تر سەریان دەركردەوە، زۆر بەجوانی ئەوە دەبینین كەئەو رەگەزە جیاوازانەی لەسەر خاكمان ماونەتەوە، هەتا ئێستا زۆر دوورن لەوەی لەگەڵ یەكتردا بتوێنەوە. بێگومان ئەو سیاسەتە مەركەزییە چالاكەی كە شۆرش گرتیەبەر لەگەڵ دروستكردنی پارێزگا دەستكردەكان لەپێناو تێكەڵكردنی هەرێمە كۆنەكان بەیەكتر كاری خۆی زۆر بەباشی ئەنجامدا. خۆ ئەگەر سیاسەتی لامەركەزی سەربكەوتایە، كە هەندێك كەسی تەسكبین بانگەشەی بۆ دەكەن، ئەوا بێگومان دەبووەمایەی هەڵایسانی شەری خوێناوی. نەزانینیش بەرامبەر ئەم راستییە بەواتای جەهلو نەزانینە بەرامبەر هەموو مێژووشمان.





بەختەوەریدا. خۆ بەشێوەیەك لەشێوەكان دەتوانین بڵێین كە دامەزراوەكان كاردەكەنە سەر رۆحی جەماوەر لەبەرئەوەی ئەمجۆرە راپەرینانە بەرپادەكەن. بەلام لەواقیعدا دەزانین ئەو راپەرینانە، چ سەركەوتوو بن یان بەزیو، هیچ كارێكی چاكەیان لێنەكەوتۆتەوە. لەبەرئەوە هەوڵدان بۆ رامكردنیانو بەدەستهێنانیان وەك شوێنكەوتنی وەهمەكان وایە.

## ٥- پەروەردەو فێركاریی

یەكێك لەو بیروبۆچوونە سەرەكیانەی لەم سەردەمەماندا بالادەستن ئەو بیرۆكەیەیە كە: ئەنجامی بێئەملاوئەولای فێركردن خۆی لەباشكردنی رەوشی مرۆڤو چاككردنیدا دەبینێتەوە، تەنانەت وایان لێدەكات یەكسانیش بن. دووبارەكردنەوەی بێخەمی ئەم بیرۆكەیە كردیە یەكێك لەعەقیدە زۆر بنجداكوتاوەكانی دیموكراسی، بەجۆرێك كەزۆر زەحمەت بێت لەئێستادا بتوانرێت دەستی بۆ ببرێت یان دژایەتی بكرێت، وەكچۆن پێشتر زەحمەت بوو مرۆڤ بتوانێت دەست بۆ بیروباوەرەكانی كڵێسا بەرێت.

بەلام دەبینین بیروبۆچوونە دیموكراسییەكان لەم خاڵەو لەچەندین خاڵی تردا دەكەونە ناكۆكییەكی قووڵەوە لەگەڵ دراوەكانی دەروونزانیو ئەزموونەوە. زۆێك لەفەیلەسوفان، بەتایبەتیش هێربەرت سبینسەر دەیانتوانی بەئاسانی بیسەلمێنن كە پرۆسەی فێركردن مرۆڤ دەكاتە خاوەن رەوشتو بەختەوەرییەكی زۆر، هەروەها غەریزەو حەزە بۆماوەییەكانی ناگۆرێت. بەلام ئەگەر بەشێوەیەكی خراپ بەكارهێنرا ئەوا زیانێكی زۆری دەبێت نەك سوود. زانایانی ئاماریش جەختیان لەسەر ئەو بیروڕایانە كردەوە كاتێك پێیانگووتین كە تاوان لەگەڵ گشتاندنی دیاردەی فێركردندا، یان لانیكەم لەگەڵ گشتاندنی جۆرێكی دیاریكراو لەجۆرەكانی فێركردندا،

ئەویش زیاد دەبێت. یان ئەوەیان بۆ سەلماندین کە گەورەترین دوژمنانی کۆمەڵگە، واتە ئاژاوەگێڕان، لەوانەن کە لەقوتابخانەدا بەیەکەم دەرچوون. یەکێك لەدادوەرە دیارەکانی وەك ئەدۆڵف گیلۆ گوتی لەئێستادا سێ هەزار تاوانباری خوێندەوارمان هەیە لەبەرامبەر هەزاری نەخوێندەواردا. هەروەها گووتیشی کە لەماوەی پەنجا ساڵدا ئەم ژمارەیە لەدووسەدو بیستو حەوتەوە بەرامبەر هەر سەد هەزار کەسێك بەرزبۆتەوە بۆ پێنجسەدو پەنجاو دوو کەس بەرامبەر هەمان ژمارە، واتە زیادکردنەکە بەرێژەی ١٣٣٪یە. هەروەها گیلۆ لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەوەیان دۆزییەوە کە بەرزبوونەوەی تاوان بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر دەستی ئەو لاوانە روودەدات کە قوتابخانەی خۆڕایی جێگەی دەسەڵاتی خاوەنکاری بۆ گرتوونەتەوە.

دیارە کەس پێیوانییە کەفێرکردنی باش چەند ئەنجامێکی زۆر بەکەڵکی لێنەکەوێتەوە. خۆ ئەگەر ئاستی رەوشتی کەسەکانیش بەرزنەکاتەوە ئەوا لانیکەم دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت پەرە بەتوانستە پیشەییەکان بدەن. بەڵام بەداخەوە، گەلانی لاتینی، بەتایبەتی ماوەی سی ساڵە، سیستمی فێرکردنیان لەسەر چەند بنەمایەکی زۆر ناتەواو دامەزراندووە. سەرباری ئەو سەرنجە رەخنەگرانانەی گەورە بیریاران ئاڕاستەیان کردووە، بەڵام ئەوان لەسەر هەڵەی گەورەی خۆیان هەر سوورن. من وەك خۆم لەچەندین کتێبدا[٦] ئاماژەم بەوەدا کە ئەو فێرکردنەی ئێستامان ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکارەکانی دەکاتە دوژمنی کۆمەڵگە. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە سەربازو لایەنگر پێشکەش بەریزەکانی دڕندەترین جۆرەکانی سۆشیالیزم دەکات.

---

[٦] بڕوانە: دەرونشیکاریی سۆشیالیزم (یان سایکۆلۆژیای سۆشیالیستی). چاپی حەوتەم. پاشان دەروونشیکاریی پەروەردەو فێرکاریی، چاپی چواردەهەم.



سایکۆلۆژیای جەماوەر ...............................

مەترسی یەکەمی ئەو پەروەردەیە پێداگرییەتی لەسەر هەڵەیەکی دەروونی بنچینەیی کەپێیوایە لەبەرکردنی کتێبەکانی قوتابخانە زیرەکی خوێندکار زۆرتر دەکات یان مێشکی دەکاتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە قوتابیان هەوڵدەدەن زۆرترین بڕی کەرەسەو زانیاری فێربن‌و لەبەریانبکەن. لەبەرئەوە دەبینین خوێندکاری لاو هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە تادەگاتە دکتۆرا یان بڕوانامەی تەبریز ناوەڕۆکی کتێبەکانی هەڵدەلوشێت بەبێ ئەوەی عەقڵی یان بیروڕای خۆی بخاتەگەڕ. فێرکردن بەلای ئەوەوە بریتییە لە لەبەرکردن‌و گوێڕایەڵی. جۆل سیمۆنی وەزیری پێشووی فێرکردن لەوبارەیەوە دەڵێت: فێربوونی وانەکان‌و لەبەرکردنی رێساکان یان پێناسەکان‌و دواتریش وتنەوەیان‌و لاساییکردنەوەیان بەباشی، رۆشنبیرییەکی خەمڕەوێن پێکدەهێنێت. تێیدا هەموو هەوڵ‌و کۆششێك بریتی دەبێت لەئیمان‌و باوەڕبوون بە مەعسومیەت‌و هەڵەنەکردنی مامۆستا. لەکۆتاییدا ئەمانە دەبنە مایەی دابەزینی ئاستمان‌و کەنەفتکردنمان".

ئەگەر ئەو فێرکردنە تەنها بێسوود بووایە بەوەندەوە دەوەستاینەوە کەخەمبارببین‌و شیوەن بکەین بەسەر ئەو منداڵانەی لەبری فێربوونی بابەتگەلێکی پێویست درەختی وەچەی رۆڵەکانی کلۆتیرو زۆرانبازییەکانی نۆستری‌و ئۆستراسی یان پۆلێنەکانی ئاژەڵیان فێردەکەن، بەڵام ئەمە مەترسییەکی زۆر گەورەتری هەیە چونکە ئەو منداڵەی فێریکردووە وایلێدەکات قێزی بێتەوە لەو ژینگەیەی تیایدا لەدایکبووەو حەزی ئەوەی لادروستدەکات لێیهەڵبێت. کرێکار حەزی نەماوە بەوەی وەك کرێکار بمێنێتەوە، جووتیاریش پێیخۆش نییە جووتیار بێت‌و بۆرژوازییەکانیش پیشەیەك بۆ رۆڵەکانیان نابیننەوە جگە لەوەی ببنە کارمەندی مووچەخۆری دەوڵەت. قوتابخانە لەبری ئەوەی پیاوانی دوارۆژ ئامادە بکات بۆ

بەرەنگاربوونەوەی ژیان، تەنها تەیاریان دەکات بۆ وەزیفەی گشتی کە سەرکەوتن تێیدا پێویستی بەهیچ کۆششێکی تاکەکەسی یان دەستپێشخەری خودیانەی خوێندکار نییە. پرۆسەی فێرکردن لەخوارەوەی پەیژەی کۆمەڵایەتیدا سوپایەك لەپرۆلیتاریای کڵۆڵو داماو دەخوڵقێنێت کەهەمیشە ئامادەن بۆ یاخیبوون. لەسەرەوەی پەیژەی کۆمەڵایەتیش بۆرژوازیەتی سەرچڵو گومانکارو ساویلکەمان بۆ دەخوڵقێنێت. ئەو بۆرژوازیەتەی متمانەیەکی خورافیانەی بەدەوڵەت هەیە بەجۆرێك وەکئەوەی بتوانێت موعجیزەو پەرچووەکان بخوڵقێنێت. بەڵام وێڕای ئەمەش ئەو بۆرژوازیەتە بەبەردەوامی سەرکۆنەی حکومەت دەکات بەوەی چەند هەڵەیەکی تایبەت بەخۆی کردووە. ناتوانێت هیچ دەستپێشخەرییەك یان پرۆژەیەکیش بەبێ دەستێوەردانی دەسەڵات ئەنجامبدات.

دەوڵەتیش کەبەهۆی کتێبە نەگبەتەکانی قوتابخانەوە ئەو هەموو قوتابیانە دەردەچێنێت، ئەوا دەتوانێت تەنها ژمارەیەکی کەمیان لێدابمەزرێنێتو ئەوانی تریشیان بێکار بکات. بۆ ئەمەش دەبێت دڵی ئەوانەی یەکەم رابگرێتو بێکارەکانیش دەکاتە دوژمنی خۆی. لەسەر لوتکەی هەرەمە کۆمەڵایەتییەکەوە تادەگاتە خوارەوە ژمارەیەکی زۆر لەدەرچووەکان دەبینین کە هەموو کارو پیشەکانیان لەمڕۆدا بۆخۆیان دەبەن. بەزەحمەتییەکی زۆر نەبێت بازرگانێك ناتوانێت بریکارێك رازی بکات بەوەی بڕوات بۆ وڵاتە کۆلۆنیکراوەکان بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو بکات. بەڵام کارو فەرمانە سادەکان بەهەزاران داخوازییان لەلای ئەوانەوە پێدەگات کە پاڵێوراون بۆ دامەزراندن. تەنها پاراستنی هەرێمی سین بەتەنیا بیست هەزار مامۆستای پیاوو ژن لەخۆدەگرێت کەهیچ کاریان نییە. ئەوانە رقیان لەوەیە کار لەکێڵگە یان لە کارگەکاندا بکەن، لەبەرئەوە





داخوازینامەکیانیان ئاڕاستەی دەوڵەت دەکەن بۆ ئەوەی بژین. ژمارەی ئەوانەشی وەردەگیرێن کەمن لەبەرئەوە ژمارەی نەگبەتییەکان زۆر دەبێت. لەمەشەوە ئەم نەگبەتو کلۆڵانە ئامادەن بچنە ناو هەموو شۆڕشەکانەوە بەبێ گوێدانە ئامانجو سەرکردەکانیان. بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی ناتوانرێت بەکاربهێنرێن ئامرازێکی تاقیکراوەیە لەگۆڕینی مرۆڤدا بۆ یاخیبوویەك[٧].

دیارە تێگەیاندنی ئەو جۆرە شتەو پێچەوانەی تەوژمەکە بەسەرچوو. تەنها ئەزموون، وەك تاکە پەروەردەکاری یەکەمو کۆتایی گەلان، دەتوانێت هەڵەکەمان بدۆزێتەوەو کەشفی بکات. تەنها ئەوە دەتوانێت باوەڕمان پێبکات بەوەی کە گۆڕینی کتێبە گەمژەکانی قوتابخانەو پێشبڕکێ دڵتەنگەکانمانو گۆڕینی خوێندنی پیشەییو پسپۆڕیی چەند کارێکی زەرورین. تەنها ئەمە دەتوانێت لاوان بگەڕێنێتەوە بۆ کێڵگەو کارخانەو کۆمپانیا کۆلۆنیالییە گواستراوەکانی ئەمڕۆ.

ئەو خوێندنە پیشەییەی ئەمڕۆ هەموو کەسە عەقڵکراوەکان داوای دەکەن هەر ئەوەیە کە باووباپیرانمان لەدوێنێدا وەریانگرتبوو. ئەوەیە کە گەلانی

---

(٧) بەڵام ئەمە دیاردەیەکی تایبەت نییە بەگەلانی ئەمریکای لاتینەوە، بەڵکو ئەمە لەچینیشدا هەیە، ئەو وڵاتەی لەژێر باری پلەبەندییەکی هیرارکیانەی نەتەوەیی فەرمانبەراندایە. لەوێش دەسکەوتنی پۆستی گەورە لەرێگەی پێشبڕکێکانەوەیە. تاکە تاقیکردنەوەی ئەو پێشبڕکێیانەش لەرێگەی لەبەرکردنی کتێبە ئەستوورەکانەوەیە لەناو دڵدا. ئەمڕۆ لەچیندا سوپای خوێندەواران بەبێ وەزیفە بەکارەساتی نەتەوەیی دادەنرێت. مەسەلەکە بۆ هیندستانیش هەر هەمان شتە. لەو کاتەوەی کە ئینگلیز قوتابخانەکانی تێدا کردبۆوە وەك ئینگلتەرا بۆ مەبەستی هۆشیارکردنەوە نەبووە، بەڵکو تەنها بۆ فێرکردنی دانیشتوانی ناوخۆ بووە. ئینگلیزەکان لەهیندستان چینێکی کۆمەڵایەتیان لەخوێندەواران پێکهێنا پێیاندەگووترا "بابۆ". ئەوانە کاتێك ناتوانن وەزیفەیەکیان دەستبکەوێت دەبنە دوژمنێکی باوەکوشتەی ئینگلیز. ئەوەی لەلای بابۆی کارمەندو غەیرە کارمەند بەدیدەکرێت ئەوەیە کە یەکەمین شوێنەوار لەشوێنەوارەکانی فێرکاریی بەسەریانەوە دیاربێت دابەزینی ئاستی ئەخلاقییانە. من لەکتێبی "شارستانێتییەکانی هیندستان"دا بەدرێژیی پێم لەسەر ئەو خاڵە داگرتووەو هەموو ئەو بیریارانەشی سەردانی هیندستانیان کردووە سەرنجی ئەو دیاردەیەیان داوە.

فێركرد پارێزگاری لێبكەن، ئەوانەی كە ئەمڕۆ بەهۆی ئیرادەو كاروچالاكییان و هەستی دەستپێشخەرییانەوە دەست بەسەر جیهاندا بگرن. "تین" لەچەند لاپەڕەیەكی پرشنگداردا، كەدواتر قسە لەبارەی بڕگە گرنگەكانیەوە دەكەم، ئەوەی نیشاندا كەچۆن سیستمی فێركاری رابوردومان تاڕادەیەك نزیك بووە لەسیستمی بالادەستی فێركاریی ئینگلیزی یان ئەمریكایی ئەمڕۆوە. دواتر بەراوردكارییەكی جوان دەكات لەنێوان سیستمی لاتینی و سیستمی ئەنگلۆساكسۆنیدا. ئەنجامەكان و رەنگدانەوەكانیش بۆ سەر هەریەكەیان (واتە بۆ سەر میتۆدەكانیان) دەردەخات.

رەنگە بتوانین هەموو زیانەكانی سیستمی فێركاریی كلاسیكیمان قبوڵ بكەین، هەرچەندە ئەویش لەكەسانی كەوتوو كەساس زیاتر بەرهەمناهێنێت ئەگەر بێت و هەریەك لەبەدەستهێنانی رووكەشیانەی هەموو زانیارییەكان و وتنەوەی تووتیئاسایانەی هەموو كتێبەكانی قوتابخانە ئاستی زیرەكی و تێگەیشتنیش بەرزبكەنەوە. بەڵام ئایا بەڕاستی بەو ئەنجامە دەگات؟ نەخێر، بەداخێكی زۆرەوە! بڕیاری راست و ئەزموون و هەستی دەستپێشخەری و كەسی بەهێز چەند مەرجێكی سەركەوتنن لەژیاندا، كەئەمانە لەكتێبدا نابینین. چونكە كتێبەكان بریتین لەچەند فەرهەنگێكی بەكەڵك بۆ راوێژپێكردن، بەڵام هەرگیز پێویست ناكات بەوەی بچین چەند بڕگەیەكی دورودرێژ لەسەرماندا هەڵبگرین.

چۆن خوێندنی پیشەیی دەتوانێت زیرەكی بەرادەیەك پێشبخات كەفێركردنی كلاسیكی بەهیچ شێوەیەك پێینەكرێت؟ بلیمەتێكی وەك "تین" دێت ئەمەمان لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا بۆ روونەكاتەوە:





"بیروبۆچوونەكان تەنها لەناوەندی سروشتی و ئاساییاندا دروستدەبن. ئەو شتەشی چرۆكانی دەردەهێنێت بریتین لەئینتباعاتی هەستی هەمەجۆر كە منداڵێك رۆژانە لەكارگە یان لەكانەخەڵووز یان لەدادگا یان لەقوتابخانە یان لە وەرشە یان لە خەستەخانە یان لەكۆمەڵێك ئامێرەوە وەریاندەگرێت

با بڵێین: دەزگاكان و پرۆسەكان لەژێر دەسەڵاتی كڕیارەكان، كرێكاران، كاركردن، كاڵای باش و خراپ، گرانبەها یان قازانجهێندایە. ئەمانە ئەو شتە هەستیانەن كە چاوو گوێ و دەستەكان و تەنانەت هەستی بۆنكردن دەیانبینن. ئەمانە ئەو شتەن كە خوێندكارێكی گچكە بەشێوەیەكی لائیرادیانە لەسروشتەوە وەریاندەگرێت دوای ئەوەی بەبێدەنگی پێدەگەن، پاشان رێكدەخرێن بۆئەوەی، زوو بێت یان درەنگ، بەرەو ئەو پێكهاتە نوێیە یان شتگەلی تر، بەرەو ئەو ئاسانكردنە، یان ئەو ئابوورییە، یان ئەو كامڵبوویی و داهێنانە ئاڕاستە بكرێت. منداڵی فەرەنسی لەهەموو ئەو پەیوەندی و گەیاندنە بەنرخانە بێبەشە، لەهەموو ئەو توخمە پێویست و شیاوی توانەوەو هەرسكردنانە بێبەشە. بەشێوەیەكی تایبەتی لەناسكترین قۆناغی ژیانیدا ئەو لێیان بێبەشە. لەبری ئەمە ئەو بۆ ماوەی حەوت یان هەشت ساڵ لەقوتابخانە بەندكراوەو دوورە لەئەزموونی راستەوخۆو شەخسییەوە كەتێگەیشتنێكی وردو تەڕوبڕی دەدەنێ لەبارەی شتەكان و مرۆڤەكان، جگە لەپێدانی چەندین ئامرازی جۆراوجۆر بۆ مامەڵەكردن لەگەڵیداو لەگەڵیاندا".

... بەلای كەمەوە نۆ لەسەر دەی ئەو خوێندكارانەی كات و هیلاكی خۆیان و چەندین ساڵی ژیانیان بەفیڕۆداوە. چەندین ساڵی كاراو گرنگ و تەنانەت یەكلاكەرەوەش بەمجۆرە بوو. یەكەم، نیوەی ئەوانە یان سێ یەكی حیساب بكەن كەدەچن بەرەو تاقیكردنەوە، ئەوانە لەكەوتووەكانن. لەدوای

ئەوە لەنێو دەرچووەکاندا ئەوانە دەبینین کەپلەیان هێناوەو خاوەنی بڕوانامەن، واتە هەموو ئەوانەی هیلاکن. ئەو داخوازییەی مامۆستاکانیان لێیاندەکات لەبارەی وەڵامدانەوەی زانستەکانەوە شتێکە لەسەرووی وزەیانەوە، لەکاتێکدا ئەوان لەسەر کورسی دانیشتوون یان بۆ ماوەی دوو کاژێر لەبەردەم تابلۆیەکدا بەپێوەن کەهەموو زانینی مرۆڤایەتی لەخۆگرتووە! لەراستیدا ئەوان هەموو ئەمەیان لەرۆژی ناوبراوداو بۆ ماوەی دوو کاژێر ئەنجامدا. بەڵام مانگێك دوای ئەم مێژووە، هیچ شتێکی ئەوتۆیان بیرنەماوە چونکە تاقیکردنەوەیەکی تر نەکراون. ئەمانە دەسکەوتی مەعریفیان زیاد لەپێویست هەمەچەشنەو زیاد لەپێویست قورسە، لەبەرئەوە هیچ شتێك لەمێکشیاندا نامێنێت‌و زانیاری نوێشی ناکەنە شوێنی. لەبەرئەوە توانای عەقڵییان داڕماوە، شیلەو ئاووگی بەپیتیان وشکیکردووە. ئەوەی دەیبینیت مرۆڤێکە بەشێوەیەکی حازر دروستکراوەو زۆرجاریش وەك مرۆڤێك دەردەکەوێت کە لێبۆتەوە. ئەو مرۆڤە ماڵی‌و هاوسەرگیرو تەسلیمبووەی ئامادەکراوە بەوەی لەبازنەیەکی بەتاڵدا هەتا ناکۆتا بسوڕێتەوە، لەناو وەزیفە بەرتەسکەکەیدا تووشی داخران دێت. ئەوەی لەسەریەتی بیکات دەیکات‌و لەوە ناترازێت. ئەگەر تێکڕای ناوەندیش بگرین ئەمەیە بەروبوومەکەی، کە بێگومان ئەو بەرهەمەی کەوتۆتەوە بەقەدەر ئەو نرخە نییە کەبۆی دراوە. بەڵام لەئنگلتەراو ئەمریکاو فەڕەنسای پێش (١٧٨٩)دا ئەوان شێوازێکی پێچەوانەیان بەکاردەهێنا، بۆیە ئەو بەروبوومەی بەرهەمهات یەکسان بوو بەو هەوڵەی خرابووەگەڕ، ئەگەر زیاتریش نەبووبێت".

دواتر مێژونووسی بەناوبانگ جیاوازی نێوان سیستمی فێرکاری ئێمەو سیستمی ئەنگلۆساکسۆنیمان بۆ ڕووندەکاتەوە. فێکردن لای ئەوان





لەکتێبەوە نایەت بەڵکو لەخودی شتەکانەوەیە. بۆ نموونە ئەندازیارێك لەکارخانەیەکدا مەشق دەکات کەچی زۆر بەدەگمەن لەقوتابخانەدا ئەمە بکات. هەموو قوتابییەکیش ڕێك دەگاتە ئەو ئاستەی کە لەتوانای عەقڵیدایە. ئەو دەگاتە ئاستی کرێکار یان سەرۆکی کرێکاران ئەگەر زیرەکییەکەی ڕێگەی پێنەدات لەوە زیاتر بڕوات. ئەو دەگاتە پلەی ئەندازیارێك ئەگەر بێت‌و توانا عەقڵییەکانی ڕێگە بەمەی بدەن. ئەمەشە ڕێگەی دیموکراسی‌و بەسوود بۆ کۆمەڵگە. ئەمە زۆر باشترە لەوەی هەموو دواڕۆژی تاك‌و پیشەکەی تەنها بوەستێتە سەر پێشبڕکێیەکی چەند سەعاتی‌و ئەمەش لەتەمەنی هەژدە یان بیست ساڵیدا بکرێت.

پاشان تین درێژەی دەداتێ‌و دەڵێت:

"ئەو خوێندکارەی زۆر بەمنداڵی لەخەستەخانە یان لەکانەخەڵووز یان لەکارگەیەك یاخود لەلای ئەندازیارێکی تەلارسازیی مەشقدەکات‌و ڕاهێنانی یەکەم‌و خولی فێربوونەکەی بەتەواویی وەردەگرێت، ڕێك وەك ئەو پیاوە ئاییننییە وایە کەخۆی بۆ توێژینەوە تەرخاندەکات یان خوێندکارێکی وێنەکێش لەپیشەکەیدا. بەوە پێشوەخت، واتە پێش ئەوەی داخلْ ببێت، هەندێك وانەی گشتی‌و کورتکراوەی ورگرت لەپێناو ئەوەی چێوەیەکی ئامادەکراوی هەبێت بۆ دانانی ئەو تێبینیانەی کەدواتر تۆماریان دەکات. بەڵام زۆرجار هەندێك وانەی تەکنیکی لەبەردەستدایە دەشێت لەکاتەکانی بۆشاییدا ئامادەیان بێت، ئەمەش لەپێناو ڕێکخستنی ئەو ئەزموونە ڕۆژانەییانەی کەمکەم ئەنجامیاندەدات. لەژێر سایەی سیستمێکی لەوجۆرەدا توانستی پراکتیکیانەی خوێندکار بەهێز دەبێت‌و بەشێوەیەکی خۆبەخۆییانە زیاد دەبێت، ئەویش بەپێی پلەی زیرەکی‌و بەهرەکانیەتی، هەروەها بەپێی ئەو ئاڕاستەیەی کەئەرکی داهاتووی دەیخوازێت لەڕێگەی

ئەو تایبەتمەندییەی لەو ساتەوەختەوە چۆتە ناویەوەو ویستویەتی خۆی لەگەڵـدا بگونجێنێـت. بـەم شـێوەیە خوێنـدكار لەئینگلتـەراو ویلایەتـە یـەكگرتووەكان دەگاتـە ئـەوەی بتوانێـت باشـترین شـت لـەوەی بـەهرەكانی دەیبەخـشێت یـان دەتوانێـت بیبەخـشێت پێـشكەشبكات. ئەگـەر توانـا عەقڵییەكانی تەواو بوون، ئەوا هەر لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵییەوەو بگرە زۆر پـێش ئەمـەش دەتوانێـت نـەك تـەنها ئەنجامـدەرێكی بەسوود بێـت بـۆ پیشەیەكی دیـاریكراو، بـەڵكو بەڵێنـدەرێكی راستـەقینەش بێـت نـەك تـەنها بەپێچكەو رەوڕەوە بەڵكو مەكینەشی بخاتـە سـەر. بەڵام لەفەڕەنسادا شێوە خوێنـدنی پێـچەوانە زاڵبـوو بـەجۆرێك هـەموو نـەوەكانی زۆر لەگێلیـدا، لەكاتێكدا زۆربەی هێزە لەدەستچووەكان قەبە دەردەكەوتن".

دواتـر فەیلەسـوفی گـەورە بـەو ئەنجامـەی خـوارەوە دەگـات كـە تایبەتـە بەجیاوازی زۆری نێوان فێركردنی لاتینیمان و ژیانی پراكتیكی و دەڵێت:

" سیٚ ئاستی فێركردن هەیە، ئەوانیش قۆناغی منداڵێتی و هـەرزەكاریی و گـەنجێتین. ئامادەكـاریی تیـۆریی و خوێندنگـەیی لەسـەر كورسیەكانی پـۆل لەرێگـــەی كتێبەكانـــەوە، بـــەنمرەو بڕوانامـــەو مۆڵەتـــەكان بـــاركراون و درێژكراونەتـەوە، ئـەویش تـەنها لەبـەر خـاتری تاقیكردنـەوە. بـۆ ئەمـەش لەرێگەی پیادەكردنی سیستمی دژ بەسروشت و دژ بەكۆمەڵگەوە خراپترین ئامرازیـان بـەكارهێنا، لەبەرئـەوەی ئـەو سیـستمە بەبـەردەوامی قۆنـاغی راهێنـانی پراكتیكـی دوادەخـات ئـەویش لەمیانـەی سیـستمی فێركردنـی نـاوخۆو راهێنـانی دەسـتكردو ئامادەباشـیانەی میكانیكییـەوە، دواتـر لەرێگەی ئەو تاقەتپڕوكێنییەی كەگوێ بەكات و زەمەن نادات، واتە كاتێك مـرۆڤ دەگاتـە تەمـەنی پێگەیـشتن و مومارەسـەی بەرپرسـیارێتییەكان و پیشەكەی خـۆی دەكـات، بەچاوپۆشـین لـەو جیهانـە راستـەقینەی كـەدواتر





لاوی منداڵ لەڕێیەوە دەكـەوێت، یـان لـەو كۆمەڵگەیـەی دەوروبـەر كە دەبێت لەگەڵیدا رابێت یان پێشوەخت تەسلیمی بێت، یان لەو ململانیٚ مرۆییەی بۆ داكۆكیكردن لەخۆی پێویستە پێشوەخت و بەشێوەیەكی زۆ باش خۆی بۆ ئامادە بكات و خۆی چەكدار بكات و خۆی لەسەر كارە قورسەكان رابهێنێت و ببێتـە بـەهێزێكی زبـر. ئـەو خۆئامادەكردنـە پێویست و ئـەو بەدەستهێنانەی بایـەخی لەهـەموو ئـەوانی تـر زیـاترە، ئەو خۆگرییـەی هەستێكی دروست و ئیرادەیـەك و هێـزی دەمارەكـان هەیـەتی، قوتابخانـەكانمان هـیچ لەمانـە بـۆ خوێنـدكار فەراهـەم ناكـەن. بەپێـچەوانەوە. لـەبری ئـەوەی ئامـادەو كارامـەی بكات دەچێت هەرچ تواناو كارامەییەكیشی بۆ دواڕۆژی خۆی و وەزیفەكـەی هەبێت لەئایندەو بۆ هەتاهەتایە لێیدەسێنێتەوە. بەم پێیـە هـەر كەخوێنـدكار پێدەنێتـە نـاو شـانۆی جیهـان و لـەبواری پراكتیكـدا دەست بەهـەنگاوەكانی یەكـەمی دەكـات، زۆربـەیجار، دووچـاری رسـتێك كـەوتنی بەسـویٚ و ئـازاری یەكبەدواییـەك دێـت. لـەژێر بـارە قورسـەكەیدا دەناڵێنێـت و بـۆ ماوەیـەكی درێـژیش بەتێكـشكاوی دەمێنێتـەوەو هەنـدێكجاریش لەماڵـدا كەنـەفتكار دەكەوێت. ئەوە مەرگەساتێكی سەخت و مەترسیدارە. لەم بارەدا هاوسەنگی ئەخلاقی و عەقڵی تێكدەچێت و هەڕەشەی ئەوەی لێدەكرێت كە جارێكی تـر گەڕانـەوە نییـە بـۆ سـەردەمی پێـشووتری. دوای ئەمـە لەپڕێكـدا قۆنـاغی رەوینـەوەی وەهمـەكان دێـت، دەردەكـەوێت كـە نائومێدییـەكان لەسـنووری پێویـستی خۆیـان گـەورەتربوون، تـاڵ و سـوێرییەكان بـەهێزتربوون لـەوەی دەشیا هەبوونایە"[8].

---

[8] بڕوانە: تین. "سیستمی مۆدێرن"، بەشی دووەم، چاپی (١٨٩٤). ئەو لاپەڕانە تارادەیەك دوا شـتگەلێكن كـە تـین نوسیونی. ئەو بەشێوەیەكی زۆر نایاب ئەنجامەكانی ئەزموونە درێژەكـەی پۆختكردۆتـەوە. پـەروەردەو فێركـردن دوو تاكـە ئـامرازن كەكاریگەرییـەكی كـەمیان لەسـەر رۆحـی گـەل هەیـە. جێگـەی داخـە لفەڕەنسادا كەسێك نادۆزیتـەوە

ئایا بەهۆی ئەم هەموو بەڵگەو لاپەڕانەوە لەسایکۆلۆژیای جەماوەر دووركەوتینەوە؟ نەخێر، بەدڵنیاییەوە. بۆ ئەوەی لەو بیروبۆچوون‌و بیروباوەڕانە تێبگەین کە ئەمڕۆ دەچێنرێن‌و سبەینێ دەمدەکەنەوە، ئەوا پێویستە لەسەرمان لەوە تێبگەین کەچۆن پرۆسەی ئامادەکردنی زەوی‌و سەرەتاکەی ئەنجامدراوە. ئەو فێرکردنەی دەدرێتە لاوانی وڵاتێك لەوڵاتەکان بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت بەوەی کەمێك سەرپەرشتی چارەنووسی ئەو وڵاتەو دواڕۆژەکەی بکەین. پەروەردەکردنی نەوەی ئێستا بیانوو بۆ هەموو پێشبینی‌و مەترسییە رەشەکان دەهێنێتەوە. بە پەروەردەو فێرکردن یان ئەوەتا رۆحی جەماوەر بەرەو چاکی دەڕوات یان تێکدەچێت، ئەو دووانە بەشێك لەبەرپرسیارێتییان دەکەوێتە سەرشان. هەروەها پێویستی دەکرد ئەوەش دەربخەین کە سیستمی ئێستا هۆشیاری‌و عەقڵی لاوانی چۆن پێکهێناوە، چۆن زۆربەی کەسانی خەمساردو بێلایەن وردە وردە سوپایەکی گەورەیان لەکەسانی رقاوی‌و دڵڕەش پێکهێناوە کە ئامادەن شوێن هەموو جۆشدانە وەهمییەکان‌و گوتاربێژانی رەوانبێژی‌و گوتارخوێنان بکەون. ئەمڕۆ قوتابخانە کەسانی قین لەدڵ‌و ئاژاوەگێڕ بەرهەمدەهێنێت‌و فەرشی داکەوتن‌و رووخانیش بۆ گەلانی لاتینی رادەخات.

---

تارادەیەك بتوانێت لەقەبارەی ئەو داکەوتنە تێبگات کەبەهۆی فێرکردنی ئێستامانەوە دووچارمان هاتووە. لەبری ئەوەی ئاستی لاوانمان بەرتر بکاتەوە بەهۆیەوە دادەبەزێت‌و گەندەڵی دەکات.

# بەشی دووەم

## ئەو هۆكارە راستەوخۆیانەی بەشداری لە پێكهێنانی بیروڕای جەماوەردا دەكەن

باسمان لەو هۆكارە دوورو زەمینەخۆشكەرانە كرد كەگوڕو تین دەدەنە رۆحی جەماوەر بۆ وەرگرتنی شێوە تایبەتمەندییەك، هەروەها ئەم هۆكارانە ئەوە لەلای جەماوەر دروستدەكەن كەدەشێت هەندێك لەسۆزمەندییەكانی بكاتەوەو گەشە بەهەندێك لەبیروبۆچوونەكانیشی بدات. ئێستا ئەوەمان لەسەر ماوە ئەو هۆكارانە بپشكنین كەدەشێن بۆ پراكتیزەكردنی كارێكی خێراو راستەوخۆ. لەبەشی داهاتوودا ئەوە دەبینین كەبەڕێوەبردنی ئەو هۆكارانە دەبێت چۆن بن تاكو هەموو شوێنەوارو ئەنجامە خواستراوەكان بەدیبێن.

بەشی یەكەمی ئەم كتێبەمان چارەسەری بۆ سۆزمەندیی و بیروبۆچوون و مشتومڕ یان بەڵگەكانی گروپە مرۆییەكان دۆزییەوە. دیارە ئەو مەعریفەیە بەشێوەیەكی گشتی دەتوانێت ئەو ئامرازانە پێشكەش بكات كەئەركی كارتێكردنە سەر رۆحی جەماوەرو كێشكردنیانی پێسپێردراوە. ئێمەش ئێستا ئەوە دەزانین كە چ شتێك خەیاڵی جەماوەر سەرسامدەكات و چ شتێكیش تووشی شۆكی دەكات. هەروەها هێزو تینی جۆشدانەكان و





قەبارەی تەنینەوەو بڵاوبوونەوەشیان دەزانین، بەتایبەتیش ئەگەر لەشێوەی وێنەگەلدا پێشكەشكران. بەڵام بەوپێیەی كە جۆشدانەكان لەچەند سەرچاوەیەكی جیاوازەوە هاتوون، لەبەرئەوە هۆكارەكانیش، بەپێی ئەو جیاجیاییە، توانای كاركردنە سەر رۆحی جەماوەریان هەیە. هەروەها پێویستیشە لێكۆڵینەوەكەیان بەشێوەی جیاجیا بێت. جەماوەر تاڕادەیەك لە باڵندەی باڵداری ناو خورافە كۆنەكان دەچێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەپێویستە بزانین چۆن چارەسەری ئەو كێشانە بكەین كە سایكۆلۆژیەتی جەماوەر دەیخاتە بەردەممان، یان ئەوەتا خۆمانی تەسلیم بكەین و ئەویش قووتمانبدات.

### ١. وێنەكان، وشەكان، دەستەواژەكان (یان دروشمەكان)

كاتێك لەخەیاڵی جەماوەرمان كۆڵییەوە بینیمان بەشێوەیەكی زۆر تایبەت دەكەوێتە ژێر كاریگەریی وێنەكانەوە. وێنەكان بەكردەوە سەرسام و واقوڕماوی دەكەن. ئەگەر وێنەمان لەدەستدا نەبوو ئەوا دەكرێت لەرێگەی بەكارهێنانێكی ژیرانەو دروستانەی وشەگەل و دەستەواژە گونجاوەكانەوە بێت. ئەگەر توانیمان ئەمانە بەشێوەیەكی هونەریانەو لێهاتووانە بەكاربهێنین ئەوا دەتوانین هەڵگری ئەو هێزە ئەفسووناوییە بین كە سیحربازان لەرابوردودا هەیانبووە. ئەم كەرەسانە دەتوانن بەهێزترین جۆری زریان لەرۆحی جەماوەرێكی زۆردا بوروژێنن، لەكاتێكدا دەزانن چۆن خامۆش و هێوریشی بكەنەوە. دەتوانین هەرەمێكی بەرزتر لەوەی كیوبسی كۆن* بینابكەین ئەویش تەنها لەرێگەی مەزنێتی خۆبەختكردووانەوە،

* گەورەترین هەرەمە لەمیسردا كە لەلایەن كیوبسی دووەم فیرعەونەوەو لەسەروبەندی دەسەڵاتیدا (٢٥٥١–٢٥٢٨ پێش زایین) دروستكراوەو دەكەوێتە بیابانی رۆژئاوای غەزەوە (و. ك).

مەبەستم لەخۆبەختکردنی ئەو جەماوەرەیە کە وشەو دەستەواژەکان هەژاندنی.

هێزی وشەکان لەو وێنانەدایە کە دەیانوروژێنێت، وشەکان هیچ پەیوەندییان بە واتا راستەقینەکانیانەوە نییە. هەندێك وشە هەن رەنگە بەزەحمەت بتوانین واتایەکی وردو تەواویان بۆ بدۆزینەوە، کەچی هەندێکجار گەورەترین توانای کارتێکردن لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە. بۆ نموونە با ئەم وشانەی خوارەوە بهێنینەوە: دیموکراسی، سۆشیالیزم، یەکسانی، ئازادی... تاد. واتای ئەمانە ئەوەندە ناڕۆشنن کە ئێمە بۆ لێکدانەوەیان پێویستمان بەچەند بەرگێکی گەورە لەکتێب هەیە. لەگەڵئەوەشدا پیتەکانیان خاوەن هێزێکی ئەفسوناوین، وەك بڵێی ئەمانە چارەسەکردنی هەموو کێشەو گرفتەکانیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە. ئەمانە ئاوات و ئومێدی ناهۆشمەندانەی هەمەڕەنگ کۆدەکەنەوەو لێکیدەدەن و هیوا بە بەدیهاتنیان دەبەخشن.

عەقڵ و مشت ومڕی عەقلانی ناتوانن خۆیان لەبەردەم هەندێك وشەو دەستەواژەدا بگرن. ئەو رستانە لەبەردەم جەماوەردا بەجۆرە کڕنوشبردنێکی وەهاوە دەگوترێن کەدەستی رێزو حورمەت لەسەر دەموچاوەکان بەرزبکەنەوەو تەوێڵ و ناوچەوانەکان بۆیان بنوشتێنەوە. زۆرکەس ئەمە بەهێزێك لەهێزەکانی سروشت، یان بەهێزێکی بان سروشت، دەزانن. ئەوانە چەند وێنەیەکی نەمرو ناڕۆشن لەناخی کەسەکاندا دەوروژێنن، بەڵام ئەو ناڕۆشنییەی دایدەپۆشێت لەهێزە نهێنییەکەی زیاترە. دەتوانین ئەو وشانە بەو خواوەندە تۆقێنەرە شاراوانەی پشت خێوەتێکەوە بەراورد بکەین کەوەختێك پیاوێکی تۆبەکار لێینزیکدەبێتەوە هەموو گیانی دەلەرزێت.





ئەو وێنانەی بەهۆی وشەکانەوە وروژێنراون سەربەخۆن لەواتاکانیاندا، لەبەرئەوە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترو لەگەلێکەوە بۆ گەلێکی تر جیاوازن، ئەگەرچی خودی داڕشتەی دەربڕینەکانیش لەیەکتر بچن. هەندێك لەوشەکان بەشێوەیەکی کاتی بەهەندێك لەوێنەکانەوە دەبەسترێنەوە. وشە شتێك نییە جگە لەو دوگمەیەی کەبسی دەکەین بۆئەوەی دەمودەست وێنەکان دەربچن.

هەموو وشەو دەستەواژەیەك توانای گەیاندنی وێنەکان و وروژاندنیانی نییە. ئەو وشانەشی پاش وروژاندنی وێنەکان شڕو بێپێز دەبن و هیچ شتێك لەرۆحدا بەئاگاناهێنن، ئەوکاتە دەبنە چەند دەنگێکی بەتاڵ و ئامانجەکەشیان ئەوەیە هەر کەسێك بەکاریانبهێنێت پێویستی بەبیرکردنەوە نابێت. لەپاڵ هەبوونی ئەو گەنجینە بچووکەی لەشێوەکانی دەربڕین و شتە بێپێزەکانی لەمنداڵیدا فێرکراوین، ئێمە هەرچیمان پێویست بێت دەمانبێت لەپێناو تێپەڕاندنی ژیان بەبێ بوونی پێویستییەك بۆئەوەی بیربکەینەوە.

ئەگەر زمانێکی دیاریکراومان بۆ توێژینەوە هەبێت، دەبینین ئەو وشانەی لێیپێکدێن زۆر بەهێواشی و لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەو سەردەمەکاندا دەگۆڕێن. بەڵام ئەو وێنانەی دەیانوروژێنێت یان دەیانگەیەنێت بەبێ وەستان دەگۆڕێن، بەو مانایەشی کەئێمە دەیدەینێ. لەبەر ئەو هۆیە لەکتێبێکی تردا بەئەنجامێك گەیشتم کەپێیوایە وەرگێڕانێکی وردی زمانێك لەزمانەکان، بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بەگەلە مردووەکانەوە هەبێت، شتێکی تەواو مەحاڵە. ئەی ئێمە لەراستیدا چیدەکەین کاتێك وشەیەکی فەڕەنسی دەخەینە جێگەی وشەیەکی لاتینی یان گریکی یان سەنسکریتی یان تەنانەت کاتێك بەدوای تێگەیشتنی کتێبێکدا دەگەڕێین

كەبۆ چەند سەدەیەكە لەزمانی تایبەتماندا نووسراوە؟ زۆر بەئاسانی دەچین هەرچی ئەو چەمكو وێنەو بیروبۆچوونانەی كە ژیانی نوێ لەعەقڵماندا وروژاندوونی، رێك دەیانخەینە جێگەی چەمكو وێنە جیاوازەكانەوە، ئەوانەی كەژیانی كۆن وایلێكردوون لەرۆحی ئەو رەگەزانەدا لەدایكبن كە ملكەچی هەلومەرجی بوونێكن هیچ پەیوەندی بەهەلومەرجی بوونی ئێمەوە نییە. خەڵكانی نێو شۆڕش، ئەوانەی تووشی ئەو وەهمە ببوون كە لاسایی گریكو رۆمان دەكەنەوە شتێكیان نەكرد جگە لەوەی واتایەكیان دایە وشە كۆنەكان كەخۆیان هەرگیز نەیاندەناسی. ئەو خاڵە لێكچووانە كامانەن كە لەنێوان دامەزراوەكانی گریكو ئەو دامەزراوانەدا هەن كەئێستا دەیانناسینو هەمان ناویان هەڵگرتووە. ئەو دەمە وشەی كۆماری چی دەگەیاند، مەگەر هەر ئەوەیە دامەزراوەیەكی ئەرستۆكراسی بووبێت كە لەیەكێتییەكی داپڵۆسێنەران پێكهاتبێتو زاڵبووبن بەسەر جەماوەرێكی كۆیلەی ملكەچی ژێرباری چەوساندنەوەیەكی موتڵەقدا؟ ئەو ئەرستۆكراسیەتە گوندییە، كە لەسەر سیستمی كۆیلایەتی بەندە، بۆ تەنها ساتێكیش بێئەمە نەیدەتوانی بوونی هەبێت. كەواتە پەیوەندی نێوان كۆمارەكەیانو كۆمارەكەمان چییە؟

با بڵێین وشەی ئازادی وەربگرین، دەبێت ئەوكاتە چ واتایەكی وای هەبووبێت لەو شتە بچێت كە ئەمڕۆ تێیدەگەین؟ واتای چی دەگەیاند، لەسەردەمێكدا، كە ئازادی بیركردنەوە تێیدا بەخەیاڵی هیچ كەسێكدا نەهاتبوو؟ هیچ تاوانێك هێندەی گفتوگۆكردن لەسەر خواوەندی كۆمەڵگەو یاساو دابو نەریتەكانی گەورەو دەگمەنتر نەبوو. وشەی نیشتمان بەواتای پەرستنی ئەسیناو ئەسبارتە دەهات نەك پەرستنی ئەو یۆنانەی كە لەچەند شارێكی ركەبەر پێكهاتبوو، جگە لەوەی لەباری جەنگی هەمیشەییشدا بوون. بەڵام هەر هەمان ئەو وشەیە، لەلای زۆربەی كۆنەكان چی دەگەیاند





كەبەسەر چەند تیرەیەكی رەقیبو رەگەزگەلو زمانو ئایینی جیاوازدا دابەشببوون، ئەوانەی كە قەیسەر زۆر بەئاسانی بەسەریاندا سەركەوت لەبەرئەوەی لەنێویاندا بەشێوەیەكی هەمیشەیی هاوپەیمانی خۆی هەبوو؟

تەنها رۆما خۆی وڵاتی گالی كردە نیشتمانێك كاتێك یەكێتی سیاسیو ئایینی بۆ بەدیهێنا. بەبێ ئەوەی زۆر بەو رادەیە بەزەمەندا بگەڕێینەوە، بەڵكو تەنها دوو سەدە، ئایا پێمانوابێت كە مانای وشەی نیشتمان لەلای میرنشینە فەڕەنسییەكانیش هەر وا بووبێت بۆ نموونە لای كۆندی گەورە، ئەو میرنشینانەی لەگەڵ بیانیدا هاوپەیمانییان لەدژی پاشاكەیان بەست؟ ئایا خودی ئەو وشەیە واتایەكی تری جیاواز لەواتا نوێكەی نەبووە بەلای خۆبەرۆژئاوازانەكانەوە. ئەمانە وایان بیر لێدەكردەوە كەئەوان لەرێگەی دژایەتیكردنیانەوە بۆ فەڕەنسا یاسای شەرەف پراكتیزە دەكەن، ئەوانە لەواقیعدا ملكەچی بۆچوونی تایبەتی خۆیان بوون چونكە یاسای دەرەبەگایەتی، جووتیار بە دەرەبەگەوە دەبەستێتەوە نەك بەزەوییەوە، بەمەش لەهەركوێیەك پاشا باڵادەست بێت نیشتمانی راستەقینەش لەوێیە.

بەمجۆرە دەبینین زۆرن ئەو وشانەی كە بەتێپەڕبوونی سەردەمەكان واتاكانیان گۆڕاوە. هەروەها ناشتوانین لەو واتایەی تێبگەین كە لەرابوردودا هەیبووە، مەگەر هەوڵو كۆششێكی زۆری تێدابكەین. تەنها بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە ئەوەی، بۆ نموونە، وێنای واتای وشەی پاشا یان خێزانی پاشایەتی بكەین بەمەبەستی ناسینی باووباپیرانمان، دەبێت چەند خوێندنەوەیەكی هەمەجۆر ئەنجامبدەین، چ جای ئەوەی بمانەوێت ئەو وشانە بدۆزینەوە كە زۆر قورسو ئاڵۆزن؟.

لەمەوە بەو دەرەنجامە دەگەین كە وشەكان، لەسەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی ترو لەگەلێكەوە بۆ گەلێكی تر، چەند واتایەكی جوڵاوو كاتیو

گۆڕاویان هەیە. کاتێکیش دێینە سەر ئەوەی بەهۆی ئەم وشانەوە کاریگەریی لەسەر جەماوەر دابنێین، دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو وشەیە لەو ساتەوەختەدا چی دەگەیەنێت، نەك لەرابوردودا، یان لای کەسانێك کە پێکهاتەیەکی عەقڵی جیاوازیان هەیە.

کاتێك جەماوەر لەئاکامی شۆڕشە سیاسییەکان و ئەو گۆڕانانەی بەسەر بیروباوەڕەکانیاندا هاتووە، هەست بەسڵەمینەوەیەکی قووڵ دەکات لەو وێنانەی کە هەندێك لە وشەکان دەیوروژێنن، لەوکاتەدا ئەرکی یەکەمی پیاوی دڵسۆزی دەوڵەت ئەوەیە بچێت هەموو ئەو وشانە بگۆڕێت بەبێ ئەوەی دەست بۆ خودی شتەکان ببات. چونکە ئەو شتانە زۆر گرێدراون بەپێکهاتەی بۆماوەییەوە بەجۆرێك کە ناکرێت گۆڕانیان بەسەردا بهێنرێت یان ئاڵوگۆڕیان تێدا بکرێت. تۆکفیلی بلیمەت و دانا پێیوایە دەسکەوتێك کەهەردوو سیستمی حکومەتی قونسوڵخانەو ئیمپراتۆریەت بەدەستهاتبێت لەبنەڕەتدا لەوەدایە کە وشەی نوێیان کردۆتە بەری زۆربەی دامەزراوەکانی رابوردوویان. واتە گۆڕینی ئەو وشانەی کە لەخەیاڵدانا چەندین وێنەی جاڕسکەر دەوروژێنن بەچەند وشەیەکی تر کەدوورن لەوروژاندنی ئەمجۆرە وێنە بێزارکەرانەوە. وشەی (taille) بەواتای ئەو باجە دێت کە لەرابوردودا لەفەڕەنسا لەکاتی جەنگەکاندا دەسەپێنرا گۆڕا بە (Contribution foncie're) کە بەواتای پشکداریی خانوبەرە دێت. یان وشەی (gabelle) کە بەواتای باجی خوێ دێت گۆڕا بۆ (L'impot du set) کە هەر هەمان واتاشی هەیە. هەروەها وشەی (les aides) کە واتای هاریکارییەکانی دەگەیاند هاوکات واتای پشکدارییە ناڕاستەوخۆکان و مافەکانیشی هەبوو (Contribution indiredctes et droits re'unis) پاشان وشەی (La taxe des mai'trise et jurandes) کە بەواتای باجی کۆنترۆڵکردن و





بەسەرداسەپاندنی یەکێك لەئەنجامەکانی دەستەی سوێندخۆران دێت گۆڕا بە (Patente) کە باجی پیشەیە. هتد...

کەواتە یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی پیاوانی دەوڵەت ئەوەیە کەپشت بە وشە شەعبییەکان ببەستن، یان لانیکەم بێلایەن بن لەو شتانەی کە ناوە کۆنەکانیان لەلای جەماوەر قێزەونن. هێزو گوڕی وشەکان و کاریگەرییان ئەوەندە گەورەیە سەرۆکەکان هەر ئەوەندەیان بەسە بزانن وشەکان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی وا لەجەماوەر بکەن خراپترین شت قبوڵبکات. "تین" لەو بارەیەوە دەڵێت یەعقوبییەکان لەرێگەی بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادیو برایەتییەوە، کە ئەم دوو وشەیە لەوکاتەدا زۆر شەعبیەتیان هەبوو، توانییان "سیستمێکی داپڵۆسێنەر بسەپێنن کە لەڕووی دڕندایەتییەوە هیچی لەسیستمی داهۆمی کەمتر نەبوو، یان دامەزراندنی دادگایەك لەچەشنی دادگاکانی پشکنین، جگە لەئەنجامدانی چەندین قەسابخانەی مرۆیی هاوشێوەی قەسابخانە کۆنەکانی مەکسیك".

سەلیقەو وەستایی فەرمانڕەواکان، وەك سەلیقەی پارێزەرەکان، لەوەدایە بزانن چۆن یاری بەوشەکان بکەن، ئەوەش بۆخۆی هونەرێکی گرانە. چونکە هەمان ئەو وشانە لەهەمان کۆمەڵگەدا واتای جیاوازی لەلای چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان هەیە. ئەو چینانە بەرواڵەت هەمان ئەو وشانە بەکاردەهێنن بەڵام بەهەمان زمان قسە ناکەن.

لەهەموو نموونەکانی پێشوودا، فاکتەری کات و زەمەنمان وەك هۆکارێکی بنەڕەتی هێناوەتە ناوەوە، کەدەبێتە مایەی گۆڕینی واتاکانی وشەکان. خۆ ئەگەر فاکتەری رەگەزیشمان هینایە ناوەوە، ئەوا لەهەمان ماوەو لەلای گەلانی خاوەن شارستانی بەڵام لەچەند رەگەزێکی جیاواز، دەبینین وشە لێکچووەکان زۆرجار گوزارشتن لەچەند بیروبۆچوونێکی تەواو جیاواز.

ناشتوانین لەو جیاوازییانە تێبگەین تاوەکو چەند گەشتێکی هەمەجۆر نەکەین، بەدەر لەوەی کەناتوانم لێرەدا پێداگرییان لەسەر بکەم. بەڵکو ئەوەندە هەیە بڵێم کە ئەو وشانەی زۆر بەکاردەهێنرێن ئەوانە رێك لەو وشانەن کەچەند واتایەکی جیاوازیان هەیە ئەگەر لەگەلێکەوە گواستماننەوە بۆ گەلێکی تر. نموونەیەك لەسەر هەردوو وشەی دیموکراسی و سۆشیالیزم دەهێنینەوە کەئێستا بەکارهێنانیان زۆر بڵاوە.

ئەوەی راستی بێت ئەم دوو وشەیە چەند بۆچوون و وێنەیەکی تەواو دژبەیەك دەدەن لەلای رۆحی لاتینی لەلایەك و، رۆحی ئەنگلۆساکسۆنیش لەلایەکی تر. چونکە وشەیەکی وەك دیموکراسی لەلای لاتینییەك بەشێوەیەکی تایبەتی بەواتای سڕینەوەی ئیرادەو گیانی دەستپێشخەری دێت لەلای تاك، بۆئەوەی هەردووکیان ببنە وابەستەی دەوڵەت.

دیموکراسی دەبێتە بەرپرسی زیاترو زیاتری سەرکردایەتی و پیادەکردنی مەرکەزیەت و قۆرغکردنی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و پیشەسازیی. لەمسەر بۆ ئەوسەری پارتەکان، بەرادیکال و سۆشیالیزم و پاشایەتییانەوە، بەبەردەوامی هانای بۆ دەبەن. کەچی لەلای ئەنگلۆساکسۆن و بەتایبەتیش لەئەمریکادا، وشەی دیموکراسی بەپێچەوانەوە، بەواتای پەرەپێدانێکی چڕی ئیرادەو تاك دێت، هەروەها بەواتای نەهێشتنی دەوڵەت و لاوازکردنی رۆڵ و کاریگەرییەکەی دێت لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا. لەکاتێکدا دەوڵەت جگە لەکەرتەکانی پۆلیس و سوپاو پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان هیچ شتێکی تر بەرپوەنابات بە کەرتی فێرکردنیشەوە. کەواتە هەمان وشە لەلای ئەو دوو گەلە دوو واتای تەواو جیاوازیان هەیە[1].

(1) لەکتێبی "یاسا دەروونییەکانی پەرەپێدانی گەلان"مدا زۆر پێداگریم کردووە لەسەر ئەو جیاوازییەی مۆدێلی دیموکراسی لاتینی لە مۆدیلی دیموکراسی ئەنگلۆساکسۆنی جیادەکاتەوە.





## ٢. وەهمەکان

گەلان هەر لەبەرەبەیانی مرۆڤایەتییەوەو بە بەردەوامی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی وەهمەکانەوە. ئەم گەلانە زۆرترین پەرستگاو وێنەو پەیکەریان بۆ خوڵقێنەران و داهێنەرانی وەهمەکان دروستکردووە. لەرابوردودا وەهمەکان ئایینی بوون، دواترو لەکاتی ئێستاماندا بوونە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی. ئێمە "پاشاکان – وەهمەکان" دەبینین کە لەسەر تەختی هەموو ئەو شارستانێتییانە دانیشتوون کە لەسەر گۆی ئەم ئەستێرەیەمان گەشەیانکردووە. بەناوی ئەو وەهمانەوە پەرستگاکانی کلدانییەکان و پەرستگاکانی میسرو شوێنی هەموو یادەوەریی ئایینی دامەزران. بەناوی ئەوەوە سەرلەبەری ئەوروپا بەر لە سەدەیەك (مەبەست لەوەهمەکانی شۆڕشی فەڕەنسایە) ژێرەوژوور کراو هەڵگەڕایەوە. هیچ وێنایەکی هونەریی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتیمان لەلا نییە مۆرکی هێزی وەرنەگرتبێت. راستە رەنگە مرۆڤ هەندێکجار ئەم وەهمانە هەڵگێڕێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەشێوەی چەند هەڵەشەیی و بارگرژییەکی تۆقێنەردا باجیان دەدات، بەڵام وادیارە ناچار بێت هەمیشە سەرلەنوێ بیناشیان بکاتەوە. ئەگینا ئەگەر وانەبووایە نەیدەتوانی رزگاری بێت لەدەست خەسڵەتی دڕندەیی سەرەتایی، یان دووبارە دەکەوتەوە ناو ئەو دڕندایەتییەوە. خۆ گومان لەوەدا نییە کە ئەو وەهمانە تاریکییەکی بێهوودەن، بەڵام خۆ هەر ئەو خەونانەشمانن کەمیللەتانی هانداوە ئەو شتانە بخوڵقێنن کە هونەرە نایابەکان و شارستانێتییە مەزنەکان دروستدەکەن. یەکێك لەنووسەرەکان پوختەی بیروباوەڕمانی لەوبارەیەوە نوسیوەو دەڵێت:

"ئەگەر ئێمە هەموو کارە هونەرییەکان و ئەو شوێن و جێگەیانەی یادەوەری خۆمان خاپوورکرد کە سروشیان لە ئایین و مۆزەخانەو

کتێبخانەکانەوە وەرگرتووەو فڕێماندانە سەر شۆستەکان، ئەوکاتە چ شتێك لەخەونە مەزنەکانی مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە؟ ئەو هۆکارەی وایکردووە خواو قارەمان و شاعیرەکان هەبن یان پاساوی ئەم هەبوونە بن، ئەو چەند هیواو وەهمەیە کە کراوەتەبەر ژیانی مرۆڤ و ناتوانن دەستبەرداری بن. ماوەیەك وادیاربوو کەزانست بەو ئەرکە هەڵدەستێت. بەڵام ئەوەی دیدی ئایدیالی بەرزی زانستی لەناو دڵە برسییەکاندا هێنایەخوارەوە، ئەوەبوو کە نەیوێرا لێرەو لەوێ گفتو بەڵێن دابەشبکات، جگە لەوەی کەنازانێت بەپێی پێویست درۆو دەلەسەش بکات".

فەیلەسوفانی سەدەی رابوردو بەوپەڕی حەماسەتەوە هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ تێکوپێکدانی ئەو وەهمە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی باووباپیرانمان بەدرێژایی چەندین سەدە لەسەری ژیان. ئەوانە بەم تێکدانەیان کانگاکانی هیواو ملکەچکردنیان وشك و برینگ کرد. لەپشت ئەو وەهمانەی، وەك قوربانییەکان، کرابوونە قوربانی، ئەو هێزە کوێرانەی سروشتیان دۆزییەوە کە هیچ رەحمێك بە مرۆڤە لاوازەکان ناکات و بەزەیی پێیاندا نایەتەوە.

سەرباری هەموو ئەو پێشکەوتنانەی بەدیهاتن، فەلسەفە نەیتوانی هیچ نموونەیەکی بەرز پێشکەش بەمیللەتان بکات کەبتوانێت کێشیانبکات و خاوەنی سیحری خۆی بێت. بەوپێیەی کەوەهمەکان بەلای میللەتانەوە زەرورەتێکی حەتمین، لەبەرئەوە، هەروەك شتێکی غەریزیی، روو لەو قسەکەرە رەوانبێژانە دەکەن کەوەهمی پێشکەشدەکەن و لەمەشدا رێك لەو مێش و باڵدارانە دەچن کە لەڕووی غەریزەوە روودەکەنە تیشکی رووناکی. هەرگیز پاڵنەری گەورەی پشت گەشەسەندنی میللەتان راستی و هەقیقەت نەبووە، بەڵکو هەڵە بووە. ئەگەر ئەمڕۆ سۆشیالیزم هێزو توانای زیادی





کردبیت و لەلای جەماوەر بڵاوبووبێتەوە، لەبەر ئەو تاکە وەهمەیەتی کە هەتا ئێستاش زیندووەو دەژی. هەرگیز سەلماندنە ماتماتیکی و زانستییەکان لەسەر ئەوەی کە سۆشیالیزم هەڵەیە ناتوانن کۆسپ بخەنە بەردەم رەوتی بەهێزبوونە پلەبەپلەکەی. هێزە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئەوانەی بەرگری لێدەکەن و بەیداخەکەیان بەرزکردۆتەوە هیچ لەواقیعی شتەکان نازانن و جاهیلن پێی. هەروەها ئەوان دەتوانن ئەو بەڵێنانە دابەشبکەن کەمژدەی بەدیهێنانی بەختەوەری دەدەنە مرۆڤەکان. وەهمی کۆمەڵایەتی لەمڕۆدا دەست بەسەر هەموو پاشماوەکانی رابوردووی کەلەکەبوودا دەگرێت، کەدیارە بێگومان بەدواڕۆژیشەوە. چونکە هەرگیز جەماوەر لەژیانیدا تینووی هەقیقە نەبووە. رووی خۆشیان لەو هەقیقەتانە وەردەگێڕن کەبێزاریان دەکات، تەنانەت هەڵە دەکەنە خوای خۆیان، ئەگەر هەڵە کێشیکردن. ئەوەی بتوانێت سروشبەخشیان بێت دەبێتە گەورەی خۆیان، ئەوەشی هەوڵی رەوینەوەی وەهمەکان بدات لەچاویاندا دەبێتە قوربانی دەستیان.

### ٣- ئەزموون

ئەزموون تارادەیەك تاکە شێوازی کارایە بۆ چاندنی راستییەکی چەسپیو لەرۆحی جەماوەردا ، لەگەڵ تێکوپێکدانی ئەو وەهمانەی زیاد لەپێویست مەترسیدار بوون. بەڵام دەبێت لەسەر ئاستێکی بەرفراوانترو بەشێوەیەکی دووبارەبۆوە بگشتێنرێت بەمەبەستی گەیشتنە باشترین ئەنجام. بەگشتی ئەو ئەزموونانەی نەوەیەك تێیدا ژیاوە بەلای نەوەی دوای ئەوەوە شتێکی ئەوتۆ نییە. لەبەرئەوەیە کە ئەو رووداوە مێژووییانەی وەك نموونەیەك بۆ پشتڕاستکردنەوەو سەلماندن دەهێنرێنەوە کەڵکێکی ئەوتۆیان نییە. تاکە

سوودێك هەیبێت تەنها سەلماندنیەتی بەدووبارەکردنەوەی ئەزموونەکان لەسەردەمێکەوە بۆ یەکێکی تر بۆ ئەوەی هەندێك کاریگەریی دابنێت‌و سەرکەوتووبێت لە لەقاندنی هەڵەیەك کەبنجی خۆی زۆر بەقایمی داکوتیوە.

گومان لەوەدا نییە کەمێژوونووسانی دوارۆژ ئاماژە بەم سەدەیەمان‌و سەدەی پێش خۆی دەدەن بەوەی کە دوو سەدەی پڕ لەئەزموونی سەیرو سەمەرەن. هیچ سەدەیەکی تر نییە لەمێژوودا ئەوەندەی ئەم دوو سەدەیە ئەزموون‌و رووداویان بەخۆوە دیبێت.

گەورەترین رووداوێك دیمان شۆڕشی فەڕەنسی بوو. بۆئەوەی کەشفیبکەین کەنابێت کۆمەڵگە سەرلەنوێ لەسەر بنەمای رێنماییە پەتییەکانی عەقڵ بینابکەینەوە، ناچاربووین بەملیۆنان مرۆڤ بەکوشتبدەین‌و ئەوروپا بۆ ماوەی بیست ساڵ ژێرەوژوور بکەین. بۆئەوەی بەئەزموون بیسەلمێنین کەقەیسەرەکان زۆر لەسەر ئەو میللەتانە دەکەون کەچەپڵەیان بۆ لێدەدەن، ناچاریکردین لەماوەی پەنجا ساڵدا بچینە ناو دوو ئەزموونی تاڵ‌و تاقەتپڕوکێنەوە وێڕای ئاشکراییان لەوەی کەهیچیان لەوەناچێت بتوانن قەناعەت بەئێمەی مرۆڤ بکەن. هەرچی یەکەمیانە سێ ملیۆن پیاوی بەکوشتدا لەگەڵ داگیرکارییەکی تەواودا، لەکاتێکدا دووەمیان بووە مایەی دابەشبوون‌و زەروورەتی سڵەمینەوەی بەردەوام لەسوپاکان. پاشان بۆ ماوەی چەند ساڵێك هەوڵیاندا بۆ ئەزموونی سێهەم یاخود بڵێین سەرچڵی سێهەم، کە لەداهاتووشدا هەولی بۆ دەدەنەوە.. بۆئەوەی جەماوەر تێبگەیەنین لەوەی کەسوپا قەبەکەی ئەڵمانیا پاسەوانێکی نیشتمانی ئاشتیخواز نەبوون، کە پێش ساڵی (١٨٧٠) وایان فێرکردبووین، ئەمە ناچاریکردین



سایکۆلۆژیای جەماوەر

باجێکی گران بدەین‌و جەنگێکی ترسناك[٢] بەرپابکەین. لەداهاتووشدا ناچارماندەکات بچینە ناو چەند رووداوێکی تێکدەرانەوە بۆ خاتری ئەوەی دانبەوەدابنێین کە سیستمی پاراستن ئیفلاس بەو میللەتانە دەکات کە پشتیپێدەبەستن.

## ٤- عەقڵ

رەنگە خۆمان لە باسکردنی عەقڵ بپارێزین ئەگەر ئەو فاکتەرەو هۆکارانەمان ژمارد کەدەتوانن کاریگەریی لەسەر رۆحی جەماوەر دابنێن. بەڵام ئێمە وەك فاکتەرێکی سلبی باسیدەکەین نەك وەك فاکتەرێکی ئیجابیانەی کارتێکردن.

ئەوەمان یەکلاکردەوە کە جەماوەر ناچێتە ژێر کاریگەریی مشتومڕە عەقلانییەکانەوەو ئەوەشی تێیدەگات تەنها پەیوەندییە شازو کاڵوکرچەکانی نێوان بیروبۆچوونەکانە. لەبەر ئەم هۆیە ئەوانەی جەماوەر دەدەجووڵێنن هەرگیز رووناکەنە عەقڵی بەڵکو پەنادەبەنە بەر سۆزمەندییەکانی، چونکە یاساکانی لۆژیکی عەقلانی هیچ کاریگەرییان

[٢] لەو دەمەدا رای گشتی فەڕەنسی کەوتبووە ژێر کاریگەریی رایەڵەو پەیوەستبوونە قێزەونەکانی شتگەلێکی جیاوازەوە. پێشتر میکانیزمەی ئەو رایەڵانەم باسکرد. پاسەوانانی نیشتمانیمان لەوکاتەدا لە دوکاندارە بێوەیەکان پێکهاتبوو ئەوانەی هیچ شتێك لەبارەی سیستمی سەربازییەوە نازانن‌و هیچ کەسێکیش بایەخیان پێنادات. هەر سوپایەکیش ئەو ناوەی هەڵبگرتایە ئەوا هەمان ئەو وێنانەی دەوروژاندەوە، ئەمە جگە لەوەی بەسوپایەکی ئاشتیخوازو شەڕنەکەر لەقەڵەمدەرا. لەوکاتەدا زۆرجار روویداوە کە هەڵەی جەماوەر بەشداری لەرای گشتیدا بکات لەهەموو وڵاتاندا، مەبەستم لەوەیە کە سەرکردەو کەسانی بزوێنەریان لەگەڵ هەمان بیروڕادا دەڕۆیشتن. لەو گوتارەی کە بەڕێز تییر لە (٣١)ی دیسەمبەری ساڵی (١٨٦٧)ی ئەنجومەنی نوێنەراندا پێشکەشیکرد ئەوەی دووبارەکردەوە کە پروسیا جگە لەسوپا یاسییەکەی کە هاوتای سوپاکەمانە تەنها هێزێکی پاسەوانی نیشتمانی وەك ئەوەی ئێمەی هەیە، کە ئەوەش هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە. ئاشکرایە کە بەڕێز تییر پیاوی دەوڵەتە مادامەکی دوای بیروڕای جەماوەر کەوت. ئەو بیروڕایەش هیچ راستییەکی تێدا نییەو لەمەدا هەروەك بیروڕاکەی تریەتی لەبارەی هێڵی ئاسنینەوە کە ئەمیشیان هیچ دوارۆژێکی نییە.

لەسەری نییە[٣]. بۆئەوەی قەناعەت بەجەماوەر بكەین دەبێت یەكەم ئەو سۆزمەندییە بەكوڵەی بزانین كە لەسنگیدایە، خۆشمان وانیشانبدەین كەئێمە لەپاڵیدا رێدەكەین و پاشان دوای ئەوە هەوڵی گۆڕینی بدەین لەرێگەی وروژاندنی هەندێك وێنەی خرۆشێنەرەوە بەهۆی گرێدانێكی نالۆژیكی یان سەرەتاییانەی نێوان شتەكانەوە. پێویستە لەهەموو ساتەوەختێكیشدا ئەوە بزانین كە چۆن پاشەكشە دەكەین، پاشان لەهەموو ساتەوەختێكدا دەبێت بەشێوەیەكی تایبەتی مەزەندەی ئەو سۆزمەندییە بكەین كە دەیخولقێنین. پێویستە گوتاری ئاراستەكراو بۆ جەماوەر پێبەپێی ئەو ئاسەوارە بگۆڕدرێت و هەمەڕەنگ بێت كە ساتی قسەكردنەكانمان دروستیدەكەن، كە ئەمەش رێگە لەهەموو گوتارێكی پێشوەخت داڕێژراو یان ئامادەكراو دەگرێت.. ئەو گوتاربێژەی تەنها دوای بیركردنەوەكەی خۆی

---

(٣) سەرنجە پراكتیكییەكانی یەكەمم لەبارەی هونەری كاركردنە سەر جەماوەرو لەولاشەوە بێتوانایی رێساكانی لۆژیك لەئاست ئەنجامدانی ئەو كارتێكردنەدا یان راڤەكردنی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی گەمارۆدانی پاریس. بۆ ئەو رۆژە دەگەڕێتەوە كەتێیدا جەماوەرم بینی ماریشاڵ (ڤ) یان پێشخۆیاندابوو بەرەو بارەگای حكومەت كە ئەو كاتە لە لۆڤەر بوو... جەماوەرێكی تووڕەم بینی لەوەدەچوو لەبەرئەوە داویانە بەسەر مارشاڵدا چونكە ئەو هەڵوەشێنەری پلانی سەنگەرەكانە بەدەوری شاردا بۆئەوەی بیفرۆشێت بە پرۆسییەكان (واتە ئەڵمانییەكان). یەكێك لەئەندامانی حكومەتم دی (ج. ب) هاتەدەرەوە بۆ ئەوەی قسە بۆ ئەو جەماوەرە بكات كەداوای لەسێدارەدانی راستەوخۆی گیراوەكە دەكەن. پێشبینی ئەوەم لەوەزیر دەكرد كە ئەو تۆمەتە بەشتێكی گەوجانە بزانێت و بڵێت كەخودی ماریشالی تۆمەتبار خۆی رێك یەكێك بووە لەوانەی ئەو سەنگەرانەیان دروستكردووە، لەكاتێكدا خودی نەخشەكانی ئەو سەنگەرانە لەهەموو كتێبخانەكاندا هەیەو دەفرۆشرێت. ئەو كاتە من لاوێكی بچووك بووم، زۆر سەرسام بووم بەوەی وەزیر گووتی چونكە گوتارەكەی شتێكی زۆر جیاواز بوو. وەزیرەكەم بینی بەرەو رووی گیراوەكە رۆیشت و گوتی: حوكمی عەدالەت پیادە دەكەین و هیچ رەحم و بەزەییەكیشی تێدا نابێت. واز لەحكومەتی بەرگری نیشتمانی بهێنن لێكۆڵینەوەكەی تەواو بكات. لەو ماوەیەدا تۆمەتبارەكە بەند دەكەین". جەماوەر لەدوای ئەم قسەیە هێوربۆوەو لەمیانەی چارەكە سەعاتێكدا، دوای ئەوەی قسەكانی وەزیر رازیكردن، بڵاوەیان لێكرد. دواتر ماریشاڵ گەڕایەوە ماڵەكەی خۆی. كاتێك پارێزەرەكەی (واتە وەزیرەكە) قسەی بۆ جەماوەرە تووڕەكە كرد ئەگەر بهاتایە مشتومڕی لۆژیكی و عەقلانیانەی بكردایە، كەقەناعەتی بە من دەكرد، ئەوا تۆمەتبارەكەیان پارچە پارچە دەكرد، بەڵام من لەو كاتەدا زۆر منداڵ بووم...





دەكەوێت و گوێ بەبیركردنەوەی گوێگران نادات هەرچی كاریگەرییەك هەیە تەنها بەهۆی ئەمەوە لەدەستیدەدات.

ئەو خەڵكە لۆژیكییەی لەسەر زنجیرە مشتومڕی عەقلانیانەی پەتی راهاتوون تارادەیەك هەمان ئەو شێوازە بۆ قەناعەتكردن بەجەماوەریش بەكاردەهێنن. ئەوانە هەمیشە تووشی سەراسیمەیی و واقوڕمان دەبن چونكە قسەكانیان هیچ سەنگ و سەدایەك لای جەماوەر دروستناكات. یەكێك لەوانە دەڵێت: "رەنگدانەوە ماتماتیكییە ئاساییەكان كەتەركیز دەكاتە سەر پێوانە، واتە سەر پەیوەندییەكانی وێكچوویی و لێكچوون، چەند شتێكی زەرورین... چونكە زەرورەت تەنانەت جەماوەری پەرش و بڵاویش ناچار بەقبوڵكردن دەكات ئەگەر بێت و ئەو جەماوەرە توانی لەپێوانەو پەیوەندییەكانی نێوان شتە لێكچوو وێكچووەكان تێبگات". گومان لەوەدا نییە. بەڵام جەماوەر، وەك هەر قەوارەیەكی نارێكخراوو پەرش و بڵاو، نەدەتوانێت تێیانبگات و نەگوێشیان لێبگرێت. بۆ دڵنیابوونیش لەوەش، بۆ نموونە، هەوڵبدەن خەڵكانی سەرەتایی یان دڕندە یان منداڵان لەرێگەی مشتومڕی عەقلانییەوە قەناعەتپێبكەن، ئەوكاتە خۆتان دڵنیادەبن لەوەی كەئەو شێوازە لەمشتومڕ خاوەنی چ بەهایەكی لاوازە.

پێویستمان بەوە نییە بەئاستی ئەو خەڵكە سەرەتاییە دابەزینەخوار بۆئەوەی بەتەواوی دەستمان بەر كەنەفتی مشت و مڕە عەقلانییەكان بكەوێت كاتێك بەر سۆزمەندیی و هەست و سۆزەكان دەكەوێت. با لێرەدا تەنها قیرسیچمەیی و بەردەوامی خورافاتە ئایینییەكان بەدرێژایی چەندین سەدە وەبیربهێنینەوە ئەگەرچی ناكۆكن بە سادەترین لۆژیكیش. لەماوەی دووهەزار ساڵدا بلیمەتە گەورەكان ناچاربوون لەبەردەم یاساكانیدا چۆكدابدەن و بنوشتێنەوەو ناچاری كردووین لەچاوەڕوانی سەردەمە

نوێكاندا بین تاوەكو تانە لەراستییەكانی بدەن. گومان لەوەدا نییە كە سەدەكانی ناوەڕاستو سەردەمی رۆشنگەریی چەندین بیریاری رووناكبیری بەخۆوە دیوە، بەڵام عەقڵی هیچكامیان ئاگاداری لایەنی منداڵێتی ئەو خورافاتانەی نەكردوونەتەوە، یان بۆ ساتێكیش گومان لەبوونی شەیتان یان لەسووتاندنی سیحربازانو جادوگەران بكاتەوە.

ئێستا پرسیارێك دێتەپێش: ئایا پێویستە بەداخ بین لەوەی كە عەقڵ سەركردایەتی جەماوەر ناكات؟ ئێمە ناوێرین ئەوە بڵێین. بێگومان عەقڵی مرۆڤ فەشەلی هێناوە لەوەی مرۆڤایەتی بخاتە سەر رێگەی شارستانی بەهەموو ئەو هێزو ئازاییەی وەهمەكانی تێیدا وروژاندوویانە. لەبەرئەوەی كە ئەو وەهمانە كچی ناهۆشمەندینو هەر ئەمیشە دەمانهێنێتو دەمانجولێنێت، لەبەرئەوە رەنگە زەروری بووبێت. هەموو رەگەزێكی مرۆیی یاساكانی چارەنووسی خۆی لەپێكهاتەی عەقڵی یان زیهنیدا هەڵدەگرێت، هەروەها پێدەچێت بەحوكمی غەریزەیەكی حەتمی ملكەچی ئەو یاسایانە ببێت تەنانەت لەو گۆڕانانەشی كە بەرواڵەت زۆر عەقلانین. لەوەدەچێت هەندێكجار میللەتان ملكەچی جۆرێك لەو هێزە نهێنیانە بن كە بەڕوو ناچار دەكات بەوەی ببێتە كەستانە، تاوانباركراویش بكاتە شوێنكەوتووی خۆی.

پێویستە لەرەوتی گشتی گەشەسەندنی میللەتێكدا بۆ ئەو تۆزە تێگەیشتنە بگەڕێین كە لەبارەی ئەو هێزانەوە هەمانە، نەك لەو رووداوە دابڕاوانەی كە هەندێكجار وادێنەپێشچاو كە خودی گەشەسەندنەكان خۆیان لەوانەوە هاتبنەدەر. خۆ ئەگەر بێتو تەنها ئەو رووداوە دابڕاوانە لەبەرچاو بگرین ئەوكاتە مێژوو وەك رێكەوتێكی بێهوودەی لێدێت. مەحاڵە بتوانین بیرمان بۆ ئەوە بچێت كە دارتاشێكی جاهیلو نەزان لەشاخی جەلیل لەفەلەستین بەدرێژایی دووهەزار ساڵ بووبێتە خوایەكی گەورەو گرانو





گەورەترین شارستانی بەناویەوە بنیاتنراوە. هەروەها مەحاڵ بوو بتوانین بیرمان بۆ ئەوەش بچێت كە هەندێك گروپی عەرەبی لەبیابانەوە دەربچنو بتوانن بەشێكی گەورە لەجیهانی یۆنانی-رۆمانی كۆن داگیربكەنو ئیمپراتۆریەتێكی گەورەتر لەوەی ئەسكەندەر دابمەزرێنن. مەحاڵ بوو بتوانین بیر لەوە بكەینەوە كە لەئەوروپای زۆر كۆنی خاوەن سیستمێكی پلەبەندییو هەڕەمییدا ئەفسەرێكی تۆپهاوێژی سادە بتوانێت دەست بەسەر ژمارەیەكی زۆر لەگەلانو پاشاكاندا بگرێت، (واتە ناپلیۆن).

كەواتە با لە عەقڵ گەڕێین بۆ فەیلەسوفان، بەڵام نابێت داوای شتێكیشی لێبكەین كەناتوانێت ئەنجامیبدات: واتە زۆر دەستبخاتە نێو سەركردایەتیكردنی مرۆڤەكانو حوكمڕانیكردنیانەوە. نەك بەعەقڵ، بەڵكو زۆرجار بەدژایەتیكردنی عەقڵ، توانراوە چەندین سۆزمەندیی بخولقێنرێت، وەك سۆزمەندیی شەرەفو خۆبەختكردنو ئیمانی ئایینیو خۆشەویستی نەمرییو نیشتمان. وەك ئاشكراشە هەتا ئێستا سۆزمەندیی لەو پاڵنەرە گەورانە بووە كە لەپشت دروستكردنی شارستانێتییەكانەوە وەستاوە.

## بەشی سێهەم

## بزوێنەرانی جەماوەر و
## ئەو ئامرازانەی بەدەستیانەوەیە بۆ قەناعەتپێکردن

ئێستا ئاشنایەتیمان بەپێکهاتەی عەقڵی جەماوەر لەلا دروستبووە، بەهەموو ئەو شتانەشی پەیوەندییان بەو پاڵنەرانەوە هەیە کەجەماوەر دەبزوێنن و کاریگەری لەسەر دادەنێن. ئێستا ئەوەمان لەسەرە بزانین ئاخۆ دەبێت بەکارهێنانی ئەو پاڵنەرو بزوێنەرانە چۆن بێت و چ کەسێکیش دەتوانێت بەشێوەیەکی کاراو لێهاتووانە بەکاریانبهێنێت.

### ١- بزوێنەرانی جەماوەر

کۆبوونەوەی ژمارەیەك لەبوونەوەری زیندوو روونادات، جا ئەوانە مێگەلێك لەئاژەڵ بن یان کۆمەڵە خەڵکێك، تاوەکو بەشێوەیەکی غەریزیانە خۆیان نەخەنە ژێر دەسەلاتی رابەرێکەوە، واتە بزوێنەرێکی جەماوەر یان سەرۆکێکەوە.

بەلای جەماوەری مرۆییەوە سەرۆك رۆلێکی گەورە دەگێرێت. ئیرادەی ئەو ئەو ناوکەیە کە بیروڕاکان خۆیان پێدا هەڵدەواسن و تێیدا دەتوێنەوە. جەماوەریش بریتییە لەمێگەلێك کەناتوانێت دەستبەرداری گەورەیەك ببێت.





زۆرجار سەرۆك لەسەرەتادا کەسێکی سەرکردایەتیکراوبووەو بیرۆکەیەکی بۆهاتووەو دواتر بۆتە پەیامبەرو مژدەدەرێکی. ئەو بیرۆکەیە داگیریکردووەو باڵی بەسەردا کێشاوە بەجۆرێك هەموو شتەکانی تری لەلا ونکردووە جگە لەخۆی نەبێت. هەموو بیروڕایەکی پێچەوانەی ئەوەی بەهەڵەو تووڕەهات دێتەپێشچاو. نموونەش لەسەر ئەمە رۆبسپێری هەناسەسوارە بەبیروبۆچوونە وەهمییەکانی، کە پەنای بردەبەر بەکارهێنانی شێوازەکانی دادگای پشکنین لەپێناو بڵاوکردنەوەیدا.

زۆربەیجار سەرۆکەکان پیاوانی فیکر نین و ناشتوانن وابن،بەڵکو پیاوانی کارو کردەو بەشداریکردنن. کەسانێکن تێگەیشتنیان کەمەو دووربین نین. چونکە دووربینی بەگشتی دەبێتە مایەی گومانکردن و نەچوونە ناو کارو پراکتیکەوە. ئەمانەش زیاتر لەناو ئەوانەدا دەدۆزینەوە کەتووشی نەخۆشی نیرۆتیکی هاتوون، ئەوانەی کە لەریزی کەسانی دووڕەگ و کەمتوانادان و لەسەر لێواری شێتیدان. بێهوودەیی ئەو بیرۆکەیەی داکۆکی لێدەکەن یان بێهوودەیی ئەو ئامانجەی راویاندەنێت چەندێك بێت، بەڵام دیسانەوە هەموو مشتومڕێکی عەقلانی لەبەردم قەناعەتە ئیمانی و سۆزمەندییەکانیاندا دەتوێتەوەو دیارنامێنێت. ئەو سووکایەتییەی لەلایەن کەسانی ترەوە پێیاندەکرێت یان ئەو چەوساندنەوەی تووشی دێن نەك هەر هیچ کاریان تێناکات بەڵکو تووشی وروژاندن و خرۆشانی زیاترو زیاتریان دەکات. ئەمانە ئەگەر پێویستی کرد ئامادەن قوربانی بەبەرژەوەندییەکانی خۆیان و خیزانەکانیان و هەموو شتێك بدەن. تەنانەت غەریزەی خۆشەویستی مانەوە لەلایان دەسڕێتەوە تا ئەو ئاستەی تاکە پاداشتێك زۆرجار داوای بکەن شەهیدبوونیانە. زۆریی ئیمانیان وادەکات هێزێکی جۆشدانی گەورە بداتە قسەکانیان. زۆرینەی خەڵکیش هەمیشە گوێ لەمرۆڤێك دەگرن کە

ئیرادەیەکی بەهێزیان هەبێت. بەهۆی ئەوەیکە ئەو کەسانەی لەناو جەماوەرێکدا کۆبوونەتەوە هەموو ئیرادەیەك وندەکەن لەبەرئەوە ئەوانە وەك غەریزەیەك رودەکەنە کەسێك کە خاوەنی ئیرادەیە.

هەرگیز رووینەداوە لەمێژوودا میللەتان بەبێ سەرۆك بووبن. بەڵام هەر هەموویان ئەو بڕوا بەهێزەیان لەلا نییە کەپێغەمبەرەکان دروستدەکات. زۆربەیجارەکان ئەو سەرۆکانە لەو وتەبێژە لێهاتووانەن کە تەنها بیر لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە، لەوانەن کەهەوڵدەدەن لەرێگەی ختوکەدانی غەریزە سووك‌و ریسواکانەوە جەماوەر رازی بکەن. جگە لەمە ئەو کاریگەرییەی لەسەر خەڵك دایدەنێن هەمیشە بەشێوەیەکی کاتی‌و راگوزەر دەمێنێتەوە. بەڵام ئەوانەی قەناعەیتکی گەورەیان بەبیروباوەڕەکانیان هەیەو توانیویانە بگەنە ئەوەی رۆحی جەماوەرو حەماسەتەکەی ببزوێنن لەچەشنی بوترس ناسك‌و لۆسەرو سافونارۆل‌و سەرکردەکانی شۆڕشی فەڕەنسی ئەمانە سیحرو جادویان لەجەماوەر نەکردووەو فوویان تێنەکردوون تەنها دوای ئەوە نەبێت کەخودی خۆیان بەبیروباوەڕێك یان ئیمانێك سیحراوی نەبووبن. ئیدی ئەوکاتە توانیویانە لەناخی کەسەکاندا ئەو هێزە مەزنە بهەژێنن کەپێیدەگوترێت ئیمان، ئەمە ئەو هێزەیە کە مرۆڤ دەکاتە کۆیلەیەکی رەهای خەونەکانی.

رۆڵی سەرۆکە گەورەکان لەپەخشکردنی ئیمان‌و بڵاوکردنەوەیدایە جا ئەو ئیمانە ئایینی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێت. ئەوان ئیمان بەرامبەر کارێك، یان کەسێك، یان بیروبۆچوونێك دەخوڵقێنن. لەناو هەموو ئەو هێزانەی مرۆڤ خاوەنیانە ئیمان یەکێك لەگرنگترین‌و بەهێزترینیان بووە. ئەنجیل راست دەکات کاتێك ئیمان دەکاتە خاوەنی هێزێك کەدەتوانێت شاخ‌و چیاکان بهەژێنێت. ئەگەر ئێمان ببەخشرێتە مرۆڤ ئەوا هێزەکەی دە





ئەوەندە زیاد دەکات. زۆربەی رووداوە مێژووییە مەزنەکان لەلایەن کەسانێکی باوەڕداری نەناسراوەوە بەدیهێنراون کە جگە لەئیمانی تایبەتی خۆیان هیچی تریان نەبووە. ئایینەکان کە لەمسەری دنیاوە تا ئەوسەری حوکمڕانێتی جیهان‌و ئیمپراتۆرە بەرفراوانەکانیان کرد وەنەبێت لەلایەن ئەدیبان‌و فەیلەسوفانەوە دامەزرابن، خۆ دیارە ئەوە بەکەسە گوماندارەکانیش نەبووە.

بەڵام ئەمجۆرە نموونانە تەنها بەسەر سەرۆکە گەورەکاندا پیادە دەبێت، لەکاتێکدا ئەوانیش زۆر دەگمەن‌و دانسقەن بەجۆرێك دەتوانین لەمێژوودا بیانژمێرین. ئەوان لەزنجیرەیەکی نەپساوەو داکشاودا کەوتوونەتە لوتکەوەو بەوانە دەستپێدەکات کەیارییەکی زۆر بەعەقڵی مرۆڤەکان دەکەن‌و بەکرێکارێکی سادەش کۆتایی دێت.مەبەستم لەو کرێکارەیە کە لەماڵێکی پڕ چەڕە دووکەڵدایەو لەرێگەی دووبارەکردنەوەی هەندێك رستەوە، کە ئەوان بەهیچ شێوەیەك لێیتێناگەن، وردە وردە پێش هاوەڵەکانی دەکەوێت، بەڵام ئەوەی جێگەی باوەڕییە ئەوەیە کە پەیڕەوکردنی ئەو رستەو دەستەواژانە دەبێتە مایەی بەدیهاتنی هەموو خەون‌و ئاواتەکان.

لەهەموو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەسەرەوە بیگرە تا خوارەوە، مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی سەرۆکێکەوە، ئەوە ناڵێم ئەگەر دابڕاو بوو. هەروەها دەبینین زۆربەی تاکەکان ، بەتایبەتیش ئەوانەی لەناو جەماوەری شەعبیدان، لەدەرەوەی کارو پسپۆڕی خۆیان، هیچ بۆچوونێکی روون‌و عەقلانییان نییە، جگە لەوەی ناتوانن خۆیان سەرکردایەتی خۆیان بکەن. لێرەوە سەرۆك دێت بۆ ئەوەی سەرکردایەتییان بکات. یاخود رەنگە ئەو چاپەمەنییانە (بەڵام بەشێوەیەکی زۆر ناتەواو) جێگەی بگرنەوە کەبیروڕا بۆ

خوێنەرانیان دروستدەكەنو چەند رستەو دەستەواژەیەكی ئامادەكراویان بۆ دابیندەكاتو ئەمەش شەكەتی بیركردنەوەیان لەكۆڵدەكاتەوە.

دەسەڵاتی سەرۆكەكان زۆر داپڵۆسێنەرانەیەو بەبێ ئەم داپڵۆسینە ناتوانێت خۆی بسەپێنێت. دیمان چەند بەئاسانی گوێڕایەڵیان بەسەر جەماوەردا فەرزدەكەن لەگەڵئەوەی ئەوان هیچ ئامرازێكیان بەدەستەوە نییە بۆپشتگیریكردن لەدەسەڵاتەكەیان لەناو ئەو چینی كرێكارەی كە زۆر یاخیو ئاژاوەگێڕە. چونكە ئەوە ئەوانن سەعاتەكانی كاركردن دیاریدەكەنو بڕیار لەسەر وادەی مانگرتنەكان دەدەنو چۆنیان بوێت سەرەتاو كۆتاییەكانی دەسەپێنن.

لەمڕۆدا سەرۆكەكانی جەماوەر خۆیان بۆئەوە دەكوتن وردەوردە جێگەی دەسەڵاتە گشتییەكان بگرنەوە كاتێك دەسەڵاتە گشتییەكە خۆی خستە بەردەم بگرەوبەردەو لاوازكردنو رەتكردنەوەوە. بەمەش سەرگەورە نوێكان دەتوانن لەرێگەی ستەمكارییانەوە گوێڕایەڵی جەماوەرو سەركردایەتیكردنێكی زۆر زیاتر لەوە بەدەستبهێنن كە هەر حكومەتێك بەدەستیدەهێنێت. ئەگەر سەرۆك بەرووداوێك مردو دەمودەست یەكێكی تر نەهاتە جێگەی ئەوا جەماوەر دەگۆڕێت بۆ گردبوونەوەیەكی مرۆییو هەرچی پەیوەستیو رایەڵەو خۆڕاگرییەتی لەدەستیدەدات. با بۆ ئەمە نموونەی مانگرتنی شۆفێرانی پاسەكانی فەڕەنسا بهێنینەوە، كە هەر ئەوەندەی بەس بوو دەسەڵاتە گشتییەكان بزوێنەرانی مانگرتنەكەی بگرتایە بۆئەوەی راستەوخۆ پەكیبخات. ئەوەی دەست بەسەر رۆحی جەماوەردا دەگرێت ئازادی نییە وەك پێویستییەك بەڵكو پێویستییە بە كۆیلایەتی. تینوێتی جەماوەر بۆ گوێڕایەڵی وایلێدەكات، بەغەریزە، ملكەچی هەركەسێك بێت كەخۆی وەك رابەری ئەو رابگەیەنێت.





دەتوانین بزوێنەرانی جەماوەرو سەركردەكانی بۆ چەند توێژێكی جیاواز پۆلێن بكەین. هەندێكیان پیاوانی چالاكی خاوەن ئیرادەیەكی بەهێزن، بەڵام ئەوەیە ئیرادەیەكی هەنووكەییو كاتییە. هەندێكی تریشیان زۆر دانسقەو دەگمەنن، چونكە لەیەككاتدا ئیرادەیەكی بەهێزو هەمیشەیشیان هەیە. ئەوانەی یەكەم توندوتیژو ئازاو بوێر دەردەكەون. ئەمانە بەتایبەتی بۆ ئەوە باشن گورزێكی خێرا بوەشێنن، هەروەها جەماوەر بەرەو ئەوە رابكێشن كەخۆیان دەیانەوێت ئەگەرچی مەترسیداریش بێت، پاشان شەكەتبووانی دوێنێ بكاتە قارەمان. بۆ ئەمە نموونەی نەیو مورات[1] دەهێنینەوە لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی یەكەمدا. هەروەها نموونەیەكی ئەم رۆژگارە دەهێنینەوە لەسەر گاریباڵدی، وەك سەرچڵێكی بێ كارامەیی. بەڵام ئەوەبوو چالاكو كارا بوو توانی بەیارمەتی كۆمەڵێك پیاو یەربكەوێت بەسەر مەملەكەتی دێرینی نابلیدا لەگەڵئەوەی سوپایەكی بەهێزو رێكخراو بەرگری لێدەكرد.

وێڕای گەورەو گرانی وزەی ئەو جۆرە سەركردانە بەڵام دیسانەوە هەر بەهەنووكەییو كاتی دەمێننەوەو ناتوانن بۆ ماوەیەكی درێژ هەر بەو شێوەیە بمێننەوە بەتایبەتی دوای ئەو جۆشدەرەی كە بەرهەمێنەر یان وروژێنەریەتی. پاش ئەوەی دەگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاساییان دەبینین ئەو پاڵەوانانەی ئەو وزە زۆرەیان لەخۆیاندا هەڵگرتبوو لاوازییەكی سەروسڕهێنەریان پێودیار دەبێتو وەك ئەوانەیان لێدێت كەپێشتر ئاماژەم پێیاندا. تەنانەت وایانلێدێت نەتوانن لەبارودۆخێكی زۆر ئاسانیشدا بیربكەنەوەو بەشێوەیەكی سەركەوتووانە هەڵسوكەوت بكەن بەتایبەتی دوای

[1] . Murat -Ney: مورات: سزاكانی مورا ماریشالی فەڕەنساو پاشای نابلی (١٧٦٧–١٨١٥). نەی: ئەویش ماریشاڵی فەڕەنسایە (١٧٦٩–١٨١٥) (و.ع)

ئەوەی زانیان کەچۆن توانیویانە کەسانی تر بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە سەرکردایەتی بکەن. ئەو سەرۆکانە بەو مەرجە دەتوانن مومارەسەی کارو فەرمانی خۆیان بکەن کە خۆیان سەرکردایەتی بکرێن‌و یەکبینە راوێژیان پێبکرێت، بەو مەرجەی کە هەست بکەن پیاوێک یان بیروبۆچوونێک بەبەردەوامی بەسەرسەریانەوەیە، بەو مەرجەش کە رەفتارێکی تەواو دیاریکراو بگرنەبەر.

بەلاَم توێژی دووەمی سەرۆکەکان ئەو پیاوانەن کەخاوەن ئیرادەیەکی هەمیشەیی‌و کاریگەرییەکی زۆریان هەیە، هەرچەندە چەند شێوازێکی کەمێك پاك‌و بێگەردیش بەکاردەهێنن. لەناو ریزی ئەمانەدا دامەزرێنەرانی راستەقینەی ئایینەکان یان بەدیهێنەرانی دەسکەوتە گەورەکان دەبینین: وەك پۆلسی قەشە، محەمەد، کریستۆف کۆڵۆمبس، فردینان دی لیسپس. ئەوە گرنگ نییە ئەمانە زیرەك بن یان گەمژە، چونکە هەمیشە جیهان بۆیان دەبێت. چونکە ئەو ئیرادە هەمیشەییەی ئەمانەهەیانە شاژنێکی گەلێك دانسقەو گەورەو گرانە، بەجۆرێك کەدەتوانێت هەموو شتێك بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. چەندمان کردووە بەلاَم هێشتا بەپێی پێویست رادەی وزەو تواناکانی ئەو ئیرادە بەهێزو بەردەوامە نازانین. هیچ شتێك ناتوانێت بەرەنگاری بکات‌و خۆی لەبەردابگرێت: نە سروشت‌و نەخواوەندو نە مرۆڤ.

دوا نموونە لەبارەی ئەو جۆرە پیاوە گەورانەوە ئەو ئەندازیارەیە کە جیاکاریی لەنێوان دوو جیهاندا کردو ئەو ئەرکەی جێبەجێکرد کە پاشا گەورەکان بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵ هەوڵی بەدیهێنانیان دا، بەلاَم بێ ئاکام مانەوە. دواتر فەشەلی هێنا لەبەجێگەیاندنی ئەرکێکی تری هاوشێوەدا، بەلاَم بەهۆی پیرییەوە ببوو، چونکە لەپیرێتیدا هەموو شتێك دەکوژێتەوە





لەناویاندا ئیرادەش. (مەبەست لەفردینان دی لیسپس‌و دڕینی کەناڵی سویسە).

بۆ ئەوەی سنووری تواناکانی ئیرادەو توانستەکانی بسەلمێنین، هێندە بەسە وردەکارییەکانی چیرۆکی ئەو زۆریی‌و زەحمەتییانە بخەینەڕوو کە فردینان توانی لەکاتی دڕینی کەناڵی سویسدا بەسەریاندا زاڵبێت. دکتۆر کازالیس، وەك شایەتحاڵێك، بەچەند دێڕێکی کاریگەر چیرۆکی ئەو دەسکەوتە گەورەیەی بۆ پوختکردینەوە کە فردینانی نەمر بۆی گێڕابۆوە. دکتۆر دەڵێت: " ئەلقەکانی ئەو داستانەی رۆژ بەرۆژ بۆ دەگێڕاینەوە. چیرۆکی ئەو زەحمەتییانەی بۆ دەگێڕاینەوە کە توانیویەتی بەسەریاندا زاڵبێت، ئەو مەحالاَنەی ئەو کردوونیەتیە مومکین، هەموو ئەو کەندوکۆسپ‌و هاوپەیمانێتیانەی لەدژی ئەو بەستران، هەموو ئەو بێهیوایی‌و پاشەکشەو تێکشکانانەی نەیانتوانی بێ ورەی بکەن‌و بیڕوخێنن. باسی لەئینگلتەراو ئەو دژایەتیەی کرد کە دەیکردە سەری جگە لەهێرشی بەردەوامی بۆ سەری. پاشان باسی لەمیسرو فەڕەنسای دوودڵ کردو گوتی کە باڵیۆزخانەی فەڕەنسا لەهەر کەسێکی تر زیاتر دژایەتی چاڵهەڵکەندنەکانی یەکەمی کرد. وەختێك بەگژیدا چووینەوە، فشاری خستە سەر کرێکارانی تینوو بەجۆرێك ئاوی پاکی لێبڕین. پاشان باسی وەزیری دەریاوانی‌و ئەندازیاران‌و هەموو پیاوە ئەزموونداروجیدی‌و نەیارەکانی پرۆژەکەی بۆ کردین. هەموویان دڵنیابوون لەوەی کەفەشەلێکی گەورە دەهێنێت. روودانی فەشەلەکەیان بەرۆژو سەعات دەژمارد".

ئەو کتێبەی باس لەم توێژەی سەرۆکە گەورەکان دەکات ژمارەیەکی کەم لەناوەکانی تێدایە. بەلاَم ئەو ناوانە لەپێشەوەی ئەو رووداوانەوە بوون کەزۆر جێگەی بایەخن بۆ شارستانیەت‌و مێژوو.

## ٢- ئەو ئامرازی كاركردنانەی كەسانی بزوێنەر یان سەركردەكان بەكاریاندەهێنن:

### جەختكردنەوە، دووبارەكردنەوە، تەنینەوە

تا ئەو جێگەی پەیوەندی بەسەركردایەتیكردنی جەماوەرێكەوە هەیە بۆ ساتێكی دیاریكراوو سووربوونی لەسەر ئەنجامدانی كارێك وەكئەوەی كۆشكێك تالانبكات، یان بەرگری لەسەنگەرێك بكات و بەهۆیەوە رووبەرووی قەتلوعامێك بێتەوە، دەبێت لەرێگەی چەند جۆشدەرێكەوە كاربكەیەن سەری. ئەوەی زۆرترین تواناو كاریگەریی لەسەر كردنی كارەكە هەیە ئەوە نموونەو پێشەنگیشە. پێویستە لەمیانەی هەندێك بارودۆخی تایبەتەوە ئامادەباشی جەماوەر بكات. هەروەها ئەو كەسەی دەیەوێت سەركردایەتی جەماوەر بكات پێویستە ئەو خەسڵەتەی هەبێت كەپێیدەگوترێت: هەیبەتی شەخسی، كە دوای كەمێكی تر باسیلێوەدەكەین.

كاتێك دەمانەوێت بیروبۆچوون و بیروباوەڕەكان بەهێواشی بخەینە دڵ و دەروونی جەماوەرەوە (وەك ئەوەی، بۆ نموونە، تیۆرە كۆمەڵایەتییە نوێكان بن) دەبینین ئەو شێوازانەی سەرۆكەكان دەیگرنەبەر جیاوازن. ئەوان بەشێوەیەكی سەرەكی پەنادەبەنە بەر ئەم سێ شێوازە: شێوازی جەختكردنەوە، شێوازی دووبارەكردنەوەو شێوازی تەنینەوە. گومان لەوەدا نییە كە كاریگەریی ئەمانە زۆر هێواش و لەسەرخۆیە، بەڵام هەمیشەییە.

جەختكردنەوەی دابڕاوو داماڵراو لەهەموو جۆرە مشتومڕێكی عەقڵانی یان سەلمێنەرانە ئامرازێكی باوەڕپێكراوە بۆ ئەوەی بتوانین بیروبۆچوونێك بخەینە نێو دڵ و دەروونی جەماوەرەوە. هەتاكو جەختكردنەوەكە یەكلابۆوە بێت و سەلماندنی نەوێت ئەوەندە خۆی بەهەیبەتێكی زیاترەوە دەسەپێنێت. ئەو جەختكردنەوەیەی هەمیشە كتێبە ئایینییەكان و





یاساكانی هەموو سەردەمەكان بەكاریانهێناوە شێوازێك بووە لەهەموو شتێك یەكلابۆتەوە. ئەوە پیاوانی بانگێهێشتكراوی دەوڵەتن بۆ بەرگریكردن لەدۆزێكی سیاسی دیاریكراو، كە بەهاو قیمەتی جەختكردنەوە دەزانن، هەروەها ئەو بەهایە لەلای پیاوانی پیشەسازیش هەیە، ئەوانەی كالاكانیان لەرێگەی ئیعلان و ریكلامەوە بلاودەكەنەوە.

بەڵام ئەگەر ئیعلان و ریكلامیش بە بەردەوامی دووبارەنەكرێتەوە، ئەوا كاریگەرییەكی راستەقینەی نابێت، ئەگەر كرا بەهەمان وشەو داڕشتنەكانیشەوە بێت. ناپلیۆن دەیگوت تاكە شێوەیەكی جیددی لەشێوەكانی رەوانبێژی و بەلاغە بریتییە لە: دووبارەكردنەوە. لەرێگەی دووبارەكردنەوەوە جەخت لەسەر شت دەكرێتەوەو لەم رێگەیەوە دەگەیەنرێتە ناو دڵ و دەروونەوەو بەجۆرێك دەچەسپێت كە وەك راستییەكی سەلمێنراو وەردەگیرێت.

رەنگە بەباشی لەكاریگەریی دووبارەكردنەوە بۆ سەر جەماوەر تێبگەین كاتێك لە كاریگەریی ئەو هەیبەتە دەڕوانین لەسەر كەسایەتییە زۆر روناكبیرەكان. كاتێك شتێك بۆ چەندین جار دووبارەدەكرێتەوە مەسەلەكە دەگات بەوەی لەو گۆشە قوولانەی ناهۆشمەندیدا بچەسپێنرێت كە هەموو پاڵنەرەكانی كارەكانمان پێكدەهێنن. دوای ئەوەی ماوەیەك تێدەپەڕێت ئەوەمان لەبیردەچێتەوە كە كێ دانەری ئەو گوتە دووبارەبۆوەیە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی باوەڕی پێبهێنین. رەنگە لەروانگەی ئەمەوە بتوانین لەو هێزە گەورەیەی ئیعلانكردن تێبگەین. كاتێك بۆ سەد جار ئەوە دەخوێنینەوە كە (س) لەباشترین جۆرەكانی شوكولاتەیە، بۆ نموونە، بیردەكەینەوە لەوەی كەئێمە زۆر دوێمان لەمە بووەو ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی كە وەك حەقیقەتێكی یەقین باوەڕی پێبكەین. دوای ئەوەی هەزارجار

گوێمان لەچاكییەكانی ئاردی (ع) دەبێت، بۆ نموونە، بەوەی كەگەورەترین كەسایەتی لەسەختترین جۆری نەخۆشییەكان چاككردۆتەوە،حەزدەكەین بەكاریبهێنین كاتێك تووشی هەمان ئەو نەخۆشییە دەبین. بەهۆی زۆر دووبارەكردنەوەیان لەهەمان رۆژنامەدا كە (ئەلف) خوێڕیو ریسوایەو (ب)یش پیاوێكی خانەدانو شەریفە، بەمەش دەگەینە ئەوەی باوەڕی پێبكەین لەكاتێكدا نەچووبین رۆژنامەیەكی تر بخوێنینەوە كە بیروڕایەكی تەواو دژ بەوەی یەكەمی تێدا بێت. جەختكردنەوەو دووبارەكردنەوە هەردووكیان خاوەن هێزێكی وەهان دەتوانن دژایەتی یەكتر بكەن.

كاتێك دەرفەت بۆ جەختكردنەوەیەك دەرەخسێت بەپێی پێویست دووبارەببێتەوە، دووبارەكردنەوەكەش پێكەوە بێت، كەئەمەش لەلای هەندێك لەو كۆمپانیا بانكییانە روودەدات كەهەموو یارییەكان یان پێشبڕكێكان دەكڕێتو ئەمەش ئەوە پێكدەهێنێت كەپێیدەڵێین تەوژمی رای گشتی. لەوكاتەدا میكانیزمە گەورەو گرانەكەی تەنینەوە دەخاڵەت دەكاتو كاری خۆی دەكات. بیروبۆچوونو سۆزمەندییو هەژانو بیروباوەڕە ئایینییەكان لەلای جەماوەر خاوەن دەسەڵاتێكی تەنینەوەی وەهایە كەهەمان هێزو چڕیی دەسەڵاتی میكرۆبەكانی هەیە. دەتوانین ئەو دیاردەیە لەلای خودی ئاژەڵەكانیش ببینین، ئەویش كاتێك لەشێوەی جەماوەرێكدا كۆدەبنەوە. حیلاندنی ئەسپێك لە تەویلەیەكدا یەكسەر حیلاندنی ئەسپەكانی تری بەدوادا دێت لەهەمان تەویلەدا. هەر ترسێك یان جووڵەیەكی پشێو تووشی هەندێك مەڕ ببێت دەمودەست بۆ سەرجەم مێگەلەكە دەگوێزرێتەوە. ئەوە تەنینەوەی هەڵچوونو هەژانەكانە راڤەی نهێنی ئەوجۆرە كتوپڕیو لەناكاوییەی دیاردەی ترسو تۆقاندنمان بۆ دەكات. تێكچوونەكانی دەماریش، بۆ نموونە وەك شێتی، ئەویش هەر





لەرێگەی تەنینەوەوە بڵاودەبێتەوە. ئێمە رادەی بڵاوبوونەوەی شێتێتی لەناو بزیشكانی دەروونناسدا دەزانین. تەنانەت دەڵێن هەندێك لەجۆرەكانی شێتێتی (وەك نەخۆشی ترس لەزەوی چۆڵ) بەهۆی تەنینەوەوە لەمرۆڤەوە بۆ ئاژەڵ دەگوێزرێتەوە.

لەتەنینەوەدا پێویست بەوە ناكات هەموو كەسەكان لەیەككاتداو لەیەك خاڵدا ئامادەبن، بەڵكو لەدوورەوەو بەهۆی كاریگەریی هەندێك لەو رووداوانەوە بڵاودەبێتەوە كە كەسەكان بەرەو هەمان ئاڕاستە دەباتو ئەو خەسڵەتە تایبەتییانەی جەماوەر هەیەتی دەیكاتە بەری، بەتایبەتیش ئەگەر جەماوەر، لەرێگەی ئەو هۆكارە دوورانەی پێشتر باسمكردن، ئامادەیی بۆ ئەمە تێدا بوو. با بۆ ئەمەش نموونەی ئەو تەقینەوە شۆڕشگێڕانەیە بهێنینەوە كەسالی (١٨٤٨) لەفەڕەنسادا روویدا. تەقینەوەكە لەپاریسەوە دەستیپێكردو لەپڕێكدا كشا بۆ ئەوەی بەشێكی گەورەی ئەورووپا بگرێتەوەو ژمارەیەكی زۆر لەرژێمە شاهەنشاهییەكان بگۆڕێت[٢].

ئەو لاساییكردنەوەیەی كە زۆر لەكاریگەرییەكانی دیاردە ۆمەڵایەتییەكانی بۆ دەگەڕێننەوە لەواقیعدا شتێكنییە جگە لەشوێنەوارێك لەشوێنەوارەكانی تەنینەوە. لەبەرئەوەی رۆڵی لاساییكردنەوەم لەشوێنێكی تردا باسكردبوو بۆیە لێرەدا تەنها بەو شتانە دەوەستمەوە كە بەر لەماوەیەكی درێژ گوتوومنو دواتر لەلایەن نووسەرانی ترەوە فراوانكراوەوخراویەتە سەر. ئەمەی خوارەوەم گوتووە:

"مرۆڤ لەدیاردەی لاساییكردنەوەدا لەئاژەڵ دەچێت. چونكە لاساییكردنەوە بەلای مرۆڤەوە پێویستییەكە بەمەرجێك لاساییكردنەوەكە

(٢) لەوبارەیەوە سەیری دوا كتێبم بكە: سایكۆلۆژیای سیاسی، بیروڕاو بیروباوەڕەكانو شۆڕشی فەڕەنسی.

سوك‌و ئاسان بێت. لەخودی ئەم پێویستییەوە کاریگەریی مۆدە (یان نمایشکردنەکان) دێنەئاراوە. جا ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بە بیروڕا یان بیروبۆچوون یان کۆڕە ئەدەبییەکان یان نمایشکردنی جلوبەرگیشەوە بێت، زۆر بەئاسانی ژمارەی ئەوانە چەندن کەدەتوانن خۆیانی لەدەست رزگار بکەن؟ ئێمە لەرێگەی نموونەو مۆدێلەکانەوە دەتوانین سەرکردایەتی جەماوەر بکەین نەك لەرێگەی مشتومڕە عەقلانییەکانەوە. هەر قۆناغەو چەند کەسێکی کەمی خۆی هەیە کەجێدەستی خۆیان بەقۆناغەکەوە جێدەهێڵن‌و کاریگەریی لەسەر دادەنێن، پاشان جەماوەری ناهۆشیار لاساییان دەکەنەوە. بەڵام نابێت ئەو کەسایەتییانە زۆر لە بیروبۆچوونە باوەکانی سەردەمەکەیان لابدەن کەهەبوون. چونکە ئەگەر وابوو ئەوا لاساییکردنەوەیان لەلایەن جەماوەرەوە زۆر قورس‌و گران‌و بێکاریگەریش دەبێت. بەتایبەتیش لەبەر ئەم هۆیەیە کە کەسە سەرکەوتووەکانی سەردەمی ئەوان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەری نییە، چونکە ئەو مەودایەی لەنێوان ئەوان‌و هاوچەرخەکانیاندایە زۆر گەورەیە. هەربۆیە ئەوروپاییەکانیش ناتوانن هیچ کاریگەرییەك لەسەر گەلانی رۆژهەڵات دابنێن وێڕای ئەو هەموو خەسڵەت‌و ئیمتیازاتانەی ژیارەکەیان هەیەتی".

لەکتێبی پێشودا گوتم:

"کاریگەریی دووفاقیانەی رابوردو و لاساییکردنەوەی دوولایەنە، لەدوائاکامدا، دەبنەمایەی ئەوەی هەموو ئەو مرۆڤانەی سەر بەهەمان وڵات‌و هەمان قۆناغن بەرادەیەك لەیەکبچن تەنانەت ئەوانەشی پێشبینی ئەوەیان لێدەکەن لەو لێکچووییە دەربازبن، وەك فەیلەسوفان‌و زانایان‌و ئەدیبان، ئەوان خۆشیان شێوازیان لێکچوو دیاربێت‌و مۆرکی ئەو قۆناغەیان بەسەرەوە بێت کەتێیدا ژیاون. ئەوەندەمان بەسە بۆ جارێك قسەو گفتوگۆ





لەگەڵ تاکێکدا بکەین بۆئەوەی لەڕووی شاقووڵییەوە لەجۆری ئەو خوێندنەوانە تێبگەین کەکاری تێدەکەن، هەروەها لەخەمە چەشەبووەکانی‌و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی"[٣].

تەنینەوە هێزێکی وەهای هەیە کەبتوانێت نەك تەنها هەندێك لەبیروڕاکان بەسەر مرۆڤدا بسەپێنێت بەڵکو هەندێك رێگەی ئیحساس‌و هەستکردنیش فەرز بکات. ئەوە تەنینەوەیە وا لەخەڵك دەکات لەماوەیەکدا قێز لەکارێکی ئەدەبی دیاریکراو بکەنەوە (بۆ نموونە وەك تانهۆسێر)، هەر ئەویشە وایانلێدەکات دوای چەند ساڵێك بەهەمان کار سەرسامبن، ئەوانەی کە نکۆڵییان لێکردبوو بێزیان لێیدەهاتەوە.

کەواتە بیروڕاو بیروباوەڕەکان لەرێگەی میکانیزمەی تەنینەوەوە بڵاودەبنەوە نەك لەمیانەی مشتومڕی عەقلانییەوە، مەگەر چۆنها ئەوە ببێت. بیروبۆچوونەکانی ئێستای کرێکاران‌و وێناکردنەکانیان لەو باڕو مەیخانانەدا گەڵاڵەدەبن کە تێیدا بەیەکدەگەن، لەهەمووسەردەمەکانیشدا بیروباوەڕەکانی جەماوەر هەمیشە بەم ریگەیە گەڵاڵەدەبن. رینان بەشێوەیەکی زۆر راستگۆیانە بەراوردی دامەزرێنەرانی یەکەمی مەسیحیەت دەکات بەو "کرێکارە سۆشیالیستانەی بیروباوەڕەکانیان لەم باڕەوە بۆ ئەو باڕ بلاودەکەنەوە". سەبارەت بەئایینی مەسیحی ڤۆڵتێر دەرکی بەوە کردبوو کە "تەنها ریسواترین گەمژەکانن بۆ زیاتر لەسەد ساڵە پەیڕەوی دەکەن".

لەو نموونە لێکچووانەی هێنامنەوە دەبینین کەتەنینەوە دوای ئەوەی بەناو چینە شەعبییەکاندا بڵاوبۆوە دەچێت بەرەو چینە باڵاکانی کۆمەڵگە. بۆ نموونە لەرۆژی ئەمرۆماندا دەبینین بیروبۆچوونەکانی سۆشیالیزم

[٣] بڕوانە: گۆستاڤ لۆبۆن، مرۆڤو کۆمەڵگەکان، بەشی دووەم، ل١١٦، چاپی ١٨٨١.

لەگەیشتندایە بەوانەی دەبنە قوربانیانی یەكەمی. لەبەردەم میكانیزمەی تەنینەوەدا خودی بەرژەوەندی تاكەكەسی خۆی نامێنێت و رەشڕادێت.

لەبەر ئەم هۆكارە ئەگەر هەر بیروبۆچوونێك ئەوەی بۆ رەخسێنرا شەعبی بێتەوە ئەوا خۆی بەسەر چینە كۆمەڵایەتییە باڵاكاندا دەسەپێنێت تەنانەت ئەگەر بیروبۆچوونە براوەكە بەئاشكرا دیاریش بێت كەمایەپووچە. ئەو كاریگەرییەی چینە كۆمەڵایەتییەكانی خوارەوە لەسەر چینەكانی سەرەوەی دادەنێن زۆر سەیرە. لەكاتێكدا بیروباوەڕەكانی جەماوەر زۆروكەم و بەشێوەیەكی هەمیشەیی لەبیروبۆچوونێكی باڵای دیاریكراو بەتاڵكراوەتەوە كەزۆربەیجار هیچ كاریگەرییەكی لەسەر ئەو ناوەندە نەماوە كە بۆ یەكەمجار تێیدا لەدایكبووە. ئەو بیروبۆچوونە باڵایانە لەلایەن ئەو سەركردانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت كەبەهۆیەوە سیحراوی بوون پاشان بەشێوەیەكی زۆر ناڕێك لەناو ناوەندەكانی جەماوەردا بڵاویاندەكەنەوە. دوای ئەوەی دەبێتە بیروبۆچوونێكی شەعبی بەشێوەیەك لەشێوەكان دەگەڕێتەوە سەر سەرچاوەكەی یەكەمی و جارێكی تر سەرلەنوێ كاردەكاتە سەر چینە باڵاكانی نەتەوەیەك لەنەتەوەكان. دواجار دەتوانین بڵێین كە ئەوە زیرەكییە سەركردایەتی دنیا دەكات، بەڵام دیارە لەدوورەوە ئەو سەركردایەتییە دەكات، واتە دوای ماوەیەكی دورودرێژ. چونكە بیروبۆچوونەكانی فەیلەسوفە داهێنەرەكان تەنها دوای مردنیان سەركەوتن بەدەستدەهێنن وەختێك كە جەستەكانیان ماوەیەكی درێژە بۆتە تۆزو تەم. لەرێگەی ئەو میكانیزمانەوە سەردەكەون كە پێشتر باسمكردن.





## ٣- هەیبەت و شكۆی كەسێتی

ئەگەر بیروڕا بڵاوبۆوەكان لەرێگەی جەختكردنەوەو دووبارەكردنەوەو تەنینەوەوە خاوەن هێزێكی گەورە بن، ئەوە لەبەرئەوەیە خاوەنی ئەو هێزە نهێنییەیە كە پێیدەگوترێت شكۆو هەیبەت یان رێزگرتن.

هەموو ئەوانەی دەستیان بەسەر دنیادا گرتووە، بە بیروبۆچوون و مرۆڤەوە، لەبنەڕەتدا خۆیان لەرێگەی ئەو هێزەوە سەپاندووە كە وشەی هەیبەت و شكۆ گوزارشتی لێدەكات. ئێمە هەموومان واتای ئەو وشەیە دەزانین، بەڵام ئەوە هەیە بەشێوەی زۆر جیاواز پیادەی دەكەین.لەكاتێكدا دیاریكردنی وردی وشەكە كارێكی هەروا ئاسان نییە. دەشێت هەیبەت و شكۆ هەندێك سۆزمەندیی وەك سەرسامی و ترسیش لەخۆبگرێت. ئەم دووانە بناغەو بنچینەی هەیبەت و شكۆ پێكدەهێنن. بەڵام دەشبێت ئەم بەبێ ئەوانیش هەبێت. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە هەندێك كەسایەتی مردووی وەك ئەسكەندەری مەكدۆنی و قەیسەرو محەممەدو بوزا هەن هێشتا هەیبەت و شكۆیەكی گەورەیان هەیە لەگەڵئەوەی ئێمە هیچ ترسێكیشمان لێیان نەماوە.

لەراستیدا هەیبەت و شكۆ جۆرێكە لەكێشكردن كە تاكێك لەسەر رۆحمان مومارەسەی دەكات، یان كارێكی ئەدەبی یان بیروباوەڕێكی دیاریكراو لەسەر رۆحمان دایدەنێت. ئەو كێشكردنە سیحراوییە هەرچی توانای رەخنەگرتمان هەیە پەكیدەخات و دێت رۆحمان پڕدەكات لەسەرسامی و رێزو نەوازش. ئەو سۆزمەندییانەی بەمشێوەیە وروژاون ناتوانین بە هەموو سۆزمەندییەكانی دابنێین. بەڵام رەنگە لەهەمان ئەو جۆشدانە بووبێت كە دووچاری كەسێكی بەموگناتیسكراو دێت. هەیبەت و شكۆ بناغەی هەموو

هەیمەنەو هەژموونێکە. ئەگەر ئەمە نەبووایە مەحاڵبوو خواوەندو پادشاو ئافرەتان بیانتوانیایە زاڵبن.

دەتوانین لەناو هەموو جۆرە جیاوازەکانی هەیبەتدا بگەڕێینەوە بۆ دوو جۆری بنچینەیی، ئەوانیش بریتین لە: هەیبەتی دەسکەوتوو لەگەڵ هەیبەتی خودیی یان کەسێتی. هەرچی هەیبەتی دەسکەوتووە ئەوەیە کە لەرێگەی ناو (ناوی خێزان)و سامان‌و ناوبانگەوە دروستدەبێت، هەروەها دەتوانێت لەهەیبەتی کەسێتیش سەربەخۆ بێت. لەکاتێکدا هەیبەتی کەسێتی بەپێچەوانەوە، شتێکی تاکەکەسییەو هەندێکجاریش لەپاڵ نێوو نێوبانگ‌و نەمریی‌و ساماندایە، یان لەلایەن ئەمانەوە پشتگیریلێدەکرێت، بەڵام ئەوەشی هەیە کەبتوانێت بەتەواوەتی سەربەخۆ بێت.

هەیبەتی دەسکەوتوو یان دەستکرد زۆر زۆر بڵاوە. هەرئەوەندەی بەسە کەسێك پۆستێکی دیاریکراوی هەبێت یان خاوەنی سامانێك بێت یان چەند نازناوو لەقەبێکی هەڵگرتبێت بۆئەوەی تاجی هالەیەکی هەیبەت‌و شکۆ لەسەری بنێت جا خوای دەکرد ئەو کەسە هیچ قیمەت‌و بەهایەکی نەدەبوو یان کەسێکی کەوتووش دەبوو. ئەو ئەفسەرەی جلە سەربازییەکەی لەبەردەکات‌و ئەو دادوەرەی عەبایەکی قەراغ سووری پۆشیوە هەردووکیان هەمیشە هەیبەت‌و شکۆیان هەیە. باسکاڵ ئەوەی راستکردبوو کە دادوەرەکان پێویستیان بەعەباو قژی خواستراوە، چونکە بەبێ ئەم دوو شتە بەشێکی زۆر لەهەیبەتیان دەڕوات. تەنانەت سۆشیالیستییەکی زۆر بەحەماسەت بۆ سۆشیالیزم هەست بەکارتێکردن‌و هەژانی بینینی میرێك





یان مەرکیزێك دەکات. ئەمجۆرە نازناوانە بەسن بۆئەوەی چیتدەوێت لەبازرگانێکی بسەنیت[٤].

ئەو هەیبەتەی پێشتر باسمکرد، مومارەسەیەکە لەلایەن کەسەکانەوە، واتە تاکەکان. هەروەها دەتوانین قسە لەسەر ئەو هەیبەتەش بکەین کە بیروبۆچوونە گەورەکان یان شاکارە ئەدەبی‌و هونەرییەکان‌و...هتد، هەیانە. ئەمانە لەزۆربەی حاڵەتدا شتێك نین جگە لەدووبارەبوونەوەیەکی کەڵەکەبوو. مێژوو بەگشتی‌و مێژووی ئەدەبی‌و هونەریش بەتایبەتی، تەنها بریتییە لەدووبارەکردنەوەیەکی هەمان ئەو داوەرییانەی هیچ کەسێك تەنانەت ئامادە نییە لێکۆڵینەوەشیان لەبارەوە بکات. هەر یەکێك دەگات بەدووبارەکردنەوەی ئەوەی لەقوتابخانە بیستویەتی. هەندێك ناوو کەسایەتیش هەن هیچ کەس ناوێرێت دەستیان بۆ ببات. بۆ ئەمەش نموونەی شاکارەکانی هۆمیرۆس دەهێنینەوە. هۆمیرۆس بەلای خوێنەری تازەوە زۆر بێزارکەرە بەڵام کی دەوێرێت وا بڵێت؟ بۆ نموونە کۆشکی پارتینۆنیش لەباری ئێستایدا شتێکی نەماوەتەوە جگە لەداروپەردویەکی

(٤) . دەبینین کاریگەریی نازناو و مەستان‌و جلوبەرگی سەربازی لەهەموو وڵاتەکاندا هەیە بۆ سەر جەماوەر تەنانەت ئەگەر هەستی سەربەخۆیی شەخسیش تێیدا زۆر لەپێشیشەوە بێت. لێرەدا ئاماژە بەبڕگەیەکی سەیر دەدەم لەکتێبی یەکێك لەگەڕیدەکان سەبارەت بەشان‌و شکۆی کەسایەتییەکانی لەئینگلتەرەدا.
"لەزۆر بۆنەی هەمەجۆردا کەسانی ئینگلیزی زۆر عەقلانیم دی چەندێك لەژێر کاریگەریی تێڕوانینی یەکێك لەلۆردەکاندا بوو. ئەگەر هاتوو کەسایەتییەکەی لەئاستی پلەوپایەکەیدا بوو ئەوە ئەوان پێشوەخت خۆشیاندەوێت‌و بەوپەڕی بەپەرۆشی‌و سەرسامییەوە هەرچییەکی لێوەدەربچێت پەسەندی دەکەن. ئەوان تەنها بەنزیکبوونەوەیەکی لەخۆشیدا مەست‌و حەیران دەبن. خۆ ئەەر قسەیان بۆ بکات ئەوا ئەو خۆشییەی بەگیانیاندا دێت بە سەرخۆشیشەوە ناوەستێتەوەو چاویان بەبریقەیەکی سەیرو عەجیب دادەگیرسێت". خۆشەویستییان بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی لۆردەکان لەخوێنیاندا دەکولێت، وەکچۆن سەما چۆتە خوێنی ئیسپانییەوەو مۆسیقا لەخوێنی ئەڵمانیدایەو شۆڕش لەخوێنی فەڕەنسیدا. کەچی جۆش‌و خرۆشیان بۆ ئەسپەکانی شکسپیر ئەوە نییەو وەختێك دەشیانبینن خۆشی‌و شانازیکردنیان پێیانەوە شتێکی ئەوتۆ نییە. بەڵام کتێبی "نبالة– جوامێریی"یان زۆر بەلاوە گرنگەو بۆ هەر کوێیەك رۆیشتین وەك نووسەرێکی پیرۆز بەدەستی هەموانەوە بینیمان".

بیٚ بایەخ، کەچی لەگەڵئەوەشدا هەیبەتێکی زۆری ماوە تا ئەو ڕادەیەی ئێمە نەتوانین بیبینین ئەگەر لەڕێگەی ئەو کەژاوە یادەوەرییە مێژووییانەوە نەبێت کەهاوشانین. خەسڵەتی بنچینەیی هەیبەتو شکۆ ئەوەیە کەئێمە شتەکان بەوجۆرە نابینین کە لەواقیعدا هەن، بەمەش توانای دادگاییکردنو هەڵسەنگاندنمان پەکیدەکەوێت. جەماوەر هەمیشە پێویستی بە بیروبۆچوونە ئامادەکراوەکانە، هەروەها تاکەکانیش زۆربەیجار ئەم پێویستییەیان هەیە. سەرکەوتنی ئەو بیروبۆچوونانە سەربەخۆیە لەو بەشەی حەقیقەت یان هەڵەیەی لەخۆیدەگرێت. ئەو سەرکەوتنە تەنها لەهەیبەتو ڕێزگرتنیدایە.

ئێستاش، دوای هەموو ئەوەی گوتم، دەچمە سەر هەیبەتو شکۆی کەسێتی. سروشتی ئەم هەیبەتە زۆر لەهەیبەتە دەستکردو دەسکەوتووەکە جیاوازە، بەهرەو توانایەکە لەهەموو لەقەبێك یان هەموو دەسەڵاتێك سەربەخۆیە. ئەو ژمارە کەمە لەو کەسانەی ئەم هەیبەتەیان هەیە، مومارەسەی سیحرێکی موگناتیسی ڕاستەقینە بەسەر ئەوانەدا دەکەن لەچواردەوریانن لەنێویشیاندا هاوشێوەکانیان. ئەوانە گوێڕایەڵییەکی کوێرانەیان بۆ ئەم خاوەن هەیبەتانە هەیە وەکچۆن ئاژەڵێکی دڕندە گوێڕایەڵی بەخێوکەرەکەیەتی لەگەڵئەوەی ئاژەڵەکە زۆر بەئاسانی دەتوانێت بیگرێتو بیکوژێت.

سەرۆکە گەورەکانی مرۆڤ لەچەشنی بوزاو مەسیحو محەممەدو جان دارکو ناپلیۆن ئەمجۆرە هەیبەتە کەسێتییەیان لەبەرزترین پلەدا هەیە. توانیویانە لەڕێگەی ئەم هەیبەتەوە خۆیان بسەپێنن. هەریەك لەخواو پاڵەوانو بیروباوەڕەکان بەبیٚ قسە خۆیان دەسەپێنن. خۆ ئەگەر قسەیان لەسەر بکەین دەمودەست نامێننو ڕەشڕادێن.





ئەو کەسانەی پێش تۆزێك باسمکردن، بەماوەیەکی درێژ بەر لە ناوبانگدەرکردنیان توانایەکی گەورەو گرانیان لەکێشکردندا هەبووە، کە بەبیٚ ئەم توانایەش نەیاندەتوانی بەناوبانگبن. بۆ نموونە ناپلیۆن لەترۆپکی ناودەرکردنیدا تەنها بەهۆی ئەو هێزەیەوە کەهەیبوو هەیبەتێکی کەسێتی گەورەی هەبوو. بەڵام لەسەرەتای پیشەکەیدا تەنها کەمێك لەو هەیبەتەی هەبووە. ئەو دەمەی کە ناپلیۆن جەنەڕاڵێکی فەرامۆشکراو یان پشتگوێخراو دەبێتو لەگەڵ شالاّوی ئیتاڵیادا بۆ پارێزگاریکردن لەسەرۆکایەتی سوپا ڕەوانەدەکرێت، ئەو دەکەوێتە بەردەستی چەند جەنەڕاڵێکی دڵڕەقو بەهێزەوە کەبۆ ئەوان هیچی تێناچێت ئەو گەنجە نامۆیەی، کەسەرۆکایەتی بۆی ناردوون، بیکەن بەژێرەوەو بیفلیقێننەوە. کەچی هەر لەیەکەمین ساتەوەختەوە یان هەر لەیەکەمین چاوپێکەوتنەوە بەبیٚ ئەوەی تاکە وشەیەك لەدەمی بێتەدەر یان هیچ جووڵەو هەڕەشەیەك بکات، هەر لەگەڵ یەکەمین نیگای پیاوی گەورەی دواڕۆژدا ئەوان کەوتنە ژێر سیحرو تەلیسمی هەیبەتەکەیەوەو ڕایهێنان لەسەری. لەو چوارچێوەیەدا "تین"ی فەیلەسوف، بەپێی ئەو بەڵگانەی لەسەردەمەکەیدا هەبوون، چیرۆکێکی تەڕوبڕمان لەبارەی ئەو یەکەمین چاوپێکەوتنەوە بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

"لەناو جەنەڕاڵەکانی تیمی سەربازیدا جەنەڕاڵێك هەبوو بەناوی ئۆغیرۆوە، پیاوێکی کاسەلێس بوو لەقارەمانێتیو ڕیسوابووندا. ئەم پیاوە زۆر بەبالاّبەرزیو ئازایەتییەکەوە دەنازی. وەختێك جەنەڕاڵەکان گەیشتنە بارەگای گشتی سەرکردایەتی ناڕازیبوون لەو کەسە هەلپەرستە بچووکەی لەپاریسەوە بۆیان نێردراوە (واتە لە ناپلیۆن). بەپێی ئەو وەسفەی لەبارەی ئەوەوە پێیانگەیشتبوو ئەوەبوو کەئۆغیرۆ کەسێکی جنێوفرۆشەو هەر لەکۆنەوە حەزی لەیاخیبوونە. دەیانگووت کە ئەو لەلای باراس بەڕێز بووەو

یەکێك بووە لەو جەنەڕاڵانەی بەشداری لەشەڕەکانی ناوچەی ڤاندیدا کردووە لەرۆژئاوای فەڕەنسادا، ئەو جەنەڕاڵی ناو شەقامەکانە، وەك ورچ سەیردەکرا لەبەرئەوەی هەمیشە بیری لەیەکەکەی دەکردەوە، شکڵو شێوەیەکی بچکۆلانەی هەبووە، ناسراو بووە بەوەی کە لەیەککاتدا عەقڵێکی ماتماتیکی هەبووەو خەوبینەرێکیش بووە. پاشان ناپلیۆن بۆیان چووە ژوورەوەو لێیانگەڕا ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی بکەن پێش ئەوەی پێیانبگات. ئەوەبوو لەوسەرەوە بەشمشێرەکەی ئەوەوە دەرکەوتو عەباکەی ئەوی لەبەرکردووەو هەڵوێستەکانی باسدەکاتو فەرمانی پێکردوون کەبڕۆن. سەرسامی ئەغیرۆ بەرادەیەك بوو حەپەسابوو زمانی لەگۆ کەوتبوو. لەژێر باری شۆکەکەیدا راستنەبۆوە تاکو نەچووە دەرێ، لەوێ ئینجا گەڕایەوە سەر باری ئاسایی خۆی. لەگەڵ ماسینادا یەکدەگرمەوە کەدەڵێت پۆناپارتی بچووك ترساندوویەتی، لەنهێنی ئەو ترسە تێنەگەیشت کە لەیەکەمین نیگاوە کۆنترۆڵی کرد".

دوای ئەوەی ناپلیۆن بووە پیاوێکی مەزن بەهۆی هێزی پایەبەرزییەوە هەیبەتو شکۆکەی زیادیکرد بەجۆرێك کارگەیشتە ئەوەی لەلای لایەنگرانو شوێنکەوتووانی ببێتە خواوەند. جەنەڕاڵ ڤاندامی شۆڕشگێر، کە زۆر لەجەنەڕاڵ ئۆغیرۆ بەهێزتر بوو، لەرۆژێك لەرۆژەکانی ساڵی (١٨١٥)دا لەکاتی سەرکەوتنیان بەپلیکانەکانی کۆشکی تۆیلەریدا بەمجۆرە باسی ناپلیۆن بۆ جەنەڕاڵ دۆرنانۆ دەکات:

"ئازیزم، ئەو شەیتانە گچکەیە سیحرو کێشکردنێکی بۆم هەیە ناتوانم لەنهێنییەکانیان تێبگەم.منێك کە لەخواو شەیتان ناترسم وایلێکردووم وەك منداڵ بلەرزم کاتێك لێی نزیك دەبمەوە. دەتوانێت بەناو کونی دەرزیدا بمباتو فڕێمبداتە نێو ئاگرەوە بێ ئەوەی فزە بکەم".





ناپلیۆن هەمان کاریگەریی و کێشکردنی بۆ هەموو ئەوانە هەبوو کە لێینزیکدەبوونەوە[٥].

دافۆ باس لە دڵسۆزی خۆیو ماریە دەکات بۆ ئیمپراتۆرو دەڵێت: "ئەگەر ئیمپراتۆر بەهەردووکمان بڵێت: بەرژەوەندی سیاسەتەکەم وادەخوازێت پاریس بەخەڵکەکەیەوە وێران بکەم بەبێ ئەوەی کەسی لێدەربچێت، دڵنیابووم لەوەی کە ماریە ئەو نهێنییە دەپارێزێت، بەڵام ناتوانێت خۆی بگرێتو بەهۆی دەرکردنی خێزانەکەیەوە کەشفی نەکات. بەڵام من ئامادەم دەستبەرداری خاوو خێزانم بم لەترسی ئەوەی نەکا ئەو نهێنییە بڵاوببێتەوە!".

ئەو توانا قەبەو گەورەیەی کەسێتییەك لەکێشکردندا هەیەتی نهێنی ئەو گەڕانەوە نایابەی ناپلیۆنمان بۆ لێکدەداتەوە لەدوورگەی ئالپەوە. هەروەها نهێنی لوغزی داگیرکردنی راستەوخۆی فەڕەنساشمان بۆ راڤە دەکات لەلایەن پیاوێکی دابڕاوەوە کە تێدەکۆشێت لەدژی هەموو هێزە بە دیسپلینە رێکخراوەکانی وڵاتێکی گەورە. وەك رەخنەگرێك کەپێمانوابوو وەڕس بووە لەستەمکاریی ناپلیۆن. ئەوەندە بەسە سەیری ئەو جەنەڕاڵانە بکەین کە

---

[٥] ئەگەر خودی ئیمپراتۆر قەبارەی شانوشکۆی خۆی زانی، ئەوا لەرێگەی ئەو کەسایەتییانەی لەچواردەوری بوون زیادیدەکرد بەشێوەیەك کەمتر لەوەی مامەڵەی سیاسەتمەدارێك بکات. هەندێك کەسایەتی زۆر گرنگی شۆڕشی فەڕەنسییان لەنێودا هەبوو کە لەسەرتاسەری ئەوروپادا ترسێنرابوون. حیکایەتەکانی ئەو کاتە پڕیانە لەرووداوی لەم جۆرە. دەیگێڕنەوە دەڵێن رۆژێك ناپلیۆن لەگەرمەی ئەنجومەنی دەوڵەتدا سەرزەنشتی بیگنۆی کردووەو وەك خزمەتکارێکی دەبەنگ مامەڵەیکردووە. دوای ئەوەی سەرزەنشتەکە جێبەجێکراوە ناپلیۆن لێی نزیك بۆتەوەو پێیگوتووە: "ئەرێ ئێستا، ئەی گێلی زەبەلاح! عەقڵت تەواوە؟". بیگنۆ کابرایەکی قووچی قەبارە گەورە بوو بەو قەڵافەتەوە لەبەردەم ئیمپراتۆرێکی گچکەدا نوشتایەوەو ئەویش بەگوێ گرتیو سزایدا. بیگنۆ ئەمەی بەنیشانەی خۆشەویستی زۆرو رێزی ئەو دەزانی کە لەئینسانیەتەکەی نزیکبۆتەوە". ئەمجۆرە نموونانە قەبارەی ئەو گەوجیو گەلۆرییەمان نیشاندەدەن کە رەنگە شانوشکۆو مەزنێتی بیخەنەوە. ئەمانە ئاستی ئەو ریسوابوونەمان تێدەگەیەنن کە داپلۆسێنەرانی گەورە لەگەڵ دەستوپێوەندەکانیاندا دەیکەن.

نێردران بۆ ئەوەی بیگرن، بەڵام کاتێك گەیشتنە ئەویّ پاشگەزبوونەوەو بەبیّ ئەوەی ورتەیان لەدەم بێتەدەر کەوتنە ژێر رکێفیەوە.

جەنەڕاڵی ئینگلیزی ولسلی دەڵێت: ناپلیۆن هەرخۆی لەقەراغ دەریاکانی فەڕەنسادا لایدا. وەك هەڵهاتوویەك لەدوورگە بچووکەکەی ئاڵپەوە هاتبوو کە بەمەملەکەتی خۆی دەزانی. لەماوەی چەند هەفتەیەکدا توانی هەموو دەزگاکانی دەسەڵات لەفەڕەنسادا هەڵبگێڕێتەوە کە لەژێر دەستی پادشا شەرعییەکەیدا بوو بەبیّ ئەوەی دڵۆپێك خوێن چییە بڕژێت. ئایا پیاوێکی لەو سەرسوڕهێنەرتر هەیە کە بەسەر پەیژەی پایەبەرزیدا سەرکەوتبێت؟ بەڵام لە یەکەمین هەڵمەتی دواهەمینیەوە تا کۆتاییەکەی وامانلێدەکات بپرسین: چەندێك سەیرو نایاب بوو ئەو توانا سیحرئامێزەی بەسەر هاوپەیمانانیشیدا پیادەیدەکردو ناچاریدەکردن بەوەی شوێن دەستپێشخەرییەکەی بکەون لەکاتێکدا وەخت بوو بیانپلیشێنێتەوە؟

لەدوای خۆشی هەیبەتەکەی هەر مایەوەو بگرە بەردەوامترو گەورەتریش بوو. ئەو لەرابوردودا بووە مایەی دانانی برازا نادیارەکەی وەك ئیمپراتۆرێکی فەڕەنسا . ئێمە کە لەمڕۆدا سەیری بوژاندنەوەی ئەفسانەکەی دەکەینەوە قەبارەی ئەو گەورەییەمان بۆ دەردەکەوێت کەهێشتا ئەو چەترو سایە مەزنە ماویەتی. لەمەوە دەگەیت بەوەی کە دەتوانیت خەڵك بڕەتێنیتەوەو بەملیۆنان کەس قەتڵوعام بکەیت و شەڕ لەدوای شەڕ هەڵگیرسێنیت و هەموو شتێکت بۆ لواوە ئەگەر کەسێتییەکی خاوەن هەیبەت و بەهرە بیت و بتوانیت دەستیان پێوەبگریت.

باسم لە مۆدێلێك لەهەیبەتی کەسێتی کرد کە زیاترە لەوەی هەڵاوێردو ئیستسنایی بێت: ناپلیۆن. بەڵام ئەمە زەروریی و سوودبەخشیشە بۆ ئەوەی لەدامەزرێنەرانی ئایینە گەورەکان و بیروباوەڕە مەزنەکان و ئیمپراتۆڕە





زەبەلاحەکان تێبگەین. ئەگەر هێزێکی کێشکردن لەلایەن هەیبەتی کەسێتییەوە بۆ سەر جەماوەر نەبێت ئەوا ناتوانین لەو کەسانە تێبگەین.

بەڵام وەنەبێت هەیبەت و شکۆیی تەنها پشت بە توانای کێشکردنی کەسەکەو پلەوپایەی سەربازیی و تۆقاندنی ئایینی ببەستێت، بەڵکو دەشێت پشت بەچەند بنەمایەکی زۆر سادەش ببەستێت، بەڵام لەخۆیاندا گەورەش بن. ئەو سەدەیەی تێیدا دەژین زۆر نموونەی لەمجۆرەی داوینەتێ. یەکێك لەوانە ئەو نموونەیەیە کەمرۆڤایەتی لەداهاتوودا نەوە لەدوای نەوە باسیدەکات، ئەویش چیرۆکی ئەو پیاوەیە کە پێش تۆزێك باسمانکرد، ئەو پیاوەی کە رووی گۆی زەوی و پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان گەلانی لەرێگەی دابڕینی دوو کیشوەرەوە گۆڕی. (فردینان دی لیسپس). ناوبراو سەرکەوتنی لەپرۆژەکەیدا بەدەستهێنا، کەبێگومان ئەوەش لەرێگەی ئیرادە قەبەو گرانەکەیەوە بوو، بەڵام لەپاڵ ئەمەدا شتێکی تریشی هەبوو ئەویش ئەو هێزە ئەفسووناوی و کێشکردنەی بوو کە بەسەر هەموو چواردەورو دارودەستەکەیدا پیادەیدەکرد. بۆئەوەی زاڵبێت بەسەر نەیارەکانیدا ئەوەندەی بەس بوو خۆی بۆ پیاوماقووڵەکان دەربخات و بۆ ساتێك قسە بکات، بەوە نەیارەکانی لەژێر کاریگەریی سیحرو کێشکردنەکەی دەبوونە هاوڕێی. لەناویاندا ئینگلیزەکان بەتایبەتی دژایەتییەکی سەختی پرۆژەکەیان دەکرد. بەڵام چوونەکەی بۆ بەریتانیا بەس بوو بۆ رازیکردنی هەموویان لەسەر راستی و دروستی پرۆژەکەی. کاتێك دوای ئەوە بەشاری ساوسمبۆندا تێپەڕی لەسەر رێگەکەی وەك پێشوازیکردنێکی زەنگەکان لێدەدرێن. پاش ئەوەی بەسەر هەموو کەندوکۆسپەکاندا سەرکەوت، هەر لەمرۆڤەوە بیگرە تا شتەکان، ئەو باوەڕەی لەلا نەما کەهیچ کۆسپێك هەبێت بتوانێت خۆی لەبەردەم ئەودا

**بگرێت و رایبوەستێنێت. دوای هەڵکەندنی کەناڵی سویس بیری لەوە دەکردەوە کەناڵی باناماش بەهەمان شێواز هەڵبکەنێت. بەڵام ئیمان و باوەڕەکان بەمەرجێك دەتوانن چیاکان بلەقێنن کە بەرزییان لەرادەی پێویست زیاتر نەبێت. بەرەنگاری چیاکان بۆوە، بەڵام ئەو کارەساتەی بەسەردا هات کە هالەو خەرمانەی گەورەییەکەی چواردەوری پاڵەوان هەرەسیهێنا. ژیانی لیسپس وێنەیەکی روونمان لەبارەی چۆنێتی گەشەکردنی هەیبەتی کەسێتی و گەورەبوونیەوەو پاشتریش هەرەسهاتنی دەداتێ. دوای ئەوەی لەگەورەیی و شان‌وشکۆدا گەیشتە ئاستی کەسایەتییە مێژووییە هەرە گەورەکان لەلای دادوەرەکانی وڵاتەکەیەوە دابەزێنرایە ئاستی سووکترین کەسانی تاوانبار. تەرمەکەی بەتەنها بەناو جەماوەری خەمساردا تێپەڕی. ئەوانەی ئاهەنگیان بۆ گێڕاو یادیان کردەوە تەنها پادشا بیانییەکان بوون(٦).**

(٦) رۆژنامەیەکی بیانی لەڤیەننا بەناوی "نیو فری پرێس"ـەوە، ئەو چەند تێڕامانە سایکۆلۆژییەی خوارەوەی لەبارەی فردینان دی لیسپسەوە خستەڕوو، کە زۆر وردەکارانەو زیرەکانەیە، بۆیە لێرەدا دەیانهێنمەوە:

"دوای تاوانبارکردنی فردینان دی لیسپس مافی ئەوەمان نەماوە سەرسام بین بەو کۆتاییە خەمبارەی کریستۆف کۆلۆمبس پێیگەیشت. ئەگەر فردینان دی لیسپس کەڵەکچییەك بووبێت، ئەوا هەر وەهمێکی خانەدان تاوانێکە. ئەگەر ئەو لەچاخە دێرینەکانی یۆنانی و رۆمانیدا بژیایە تاجی نەمریی دەکرایە سەرو پێکی شەراب لەسەر شەرەفی ئەو لەناو ئۆلۆمپیدا دەخورایەوە. چونکە سەر گۆی زەوی گۆڕی و چەند کارێکی ئەنجامدا بەوە داهێنانی خەلقکردنی تەواوکرد. سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەتاوانبارکردنی فردینان دی لیسپس خۆی نەمر کرد، چونکە گەلان هەمیشە خوازیاری ناوی ئەو پیاوەن کە تۆبەی نەکرد لەقەدەری سەدەو سەردەمەکەی خۆی کاتێك بەمادەی قورس حوکم بەسەر پیاوێکی پیردا دەدرێت کەژیانی مایەی سەربەرزییە بۆ هاوسەردەمەکانی. کەواتە تکا دەکەین با قسە لەبارەی دادپەروەریی توندەوە نەکەین کاتێك تەنها کین و رقی بیرۆکراسی لەئارادایە بۆ دژایەتیکردنی دەسکەوتە مەزنە بوێرەکان. نەتەوەکان پێویستییان بەو پیاوە پێشەنگانەیە کە باوەڕیان بەخۆیانەو دەتوانن هەموو کەندو کۆسپەکان ببڕن بێئەوەی گوێیان لەبەرژەوەندییە شەخسییەکانیان بێت. چونکە نابێت بلیمەت حەزەر بکات و هەرگیز حەزەرکردن ناتوانێت بازنەی چالاکی مرۆڤ فراوان بکات. (...) فردینان دی لیسپس مەستبوونی سەرکەوتن و تاڵاوی نائومێدییەکانی لەهەریەك لەسویسراو بانامادا دی. لێرەدا دڵ دەبینین لەدژی ئەخلاقیەتی سەرکەوتن رادەپەڕێت. کاتێك فردینان دی لیسپس لەبەیەکگەیاندنی دوودەریادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، نەتەوەو پاشاکان پیرۆزباییان لە نەمریی و شەرەفەکەی





**ئەو نموونانەی پێشتر باسمانکردن چەند نموونەیەکی توندڕەون. بۆئەوەی بەدوورودرێژیی و لەڕووە سایکۆلۆژییەکەوە دیاردەی هەیبەت و شکۆ بخوێنینەوە، ئەوا پێویستە لەسەرمان زنجیرە مێژووییە دوورودرێژەی تاووتوێبکەین هەر لەدامەزرێنەرانی ئایینەکان و ئیمپراتۆرەکانەوە تادەگاتە ئەو تاکەکەسە ئاساییەی کەدەیەوێت خۆی لەدراوسێکەی بەپێشتر بزانێت بەجلوبەرگە نوێکەی و ئەو مەدالیایەی دەیکات بەسنگییەوە.**

**لەنێوان ئەو دوو جەمسەرە توندڕەوەی زنجیرەکەدا هەیبەت بە هەموو شێوەکانیەوە لەناو توخمە جیاوازەکانی شارستانێتییەکی دیاریکراودا جێگە دەگرێت: مەبەستمان لەزانستەکان، هونەرەکان و ئەدەب و...تاد، ئەگەر لەهەموویمان کۆڵییەوە دەبینین کە هەیبەت رەگەزی سەرەکییە لەقەناعەتپێهێناندا. ئەو کەس یان بۆچوون یان شتەی هەیبەتی هەبێت تەنینەوەوە وادەکات لاساییبکرێتەوەو بەمەش هەندێك لەفۆرمەکانی ئیحساس و تەرجەمەکردنی فیکر بەسەر تەواوی نەوەیەکدا فەرز دەکرێت. ئەوەی راستی بێت لاساییکردنەوە لەزۆربەی زۆری خۆیدا ناهۆشیارە، ئەمەش رێك ئەەو شتەیە کە وایلێدەکات کامڵ و تەواو بێت. وێنەکێشە نوێگەرەکان ئەوانەی لاسایی رەنگە سەرسوڕهێنەکان و هەڵوێستە رەقەکانی هەندێك لەکەسە سەرەتاییەکان دەکەنەوە هەرگیز گومان لەسەرچاوەی**

کرد. بەڵام ئەمڕۆ لەبەردەم تاشەبەردەکانی کۆردیێردا فەشەلی هێناو تەنها وەك فێڵبازێکی ریسوا مایەوە... ئێمە لێرەدا جەنگێکی چینایەتیانەی کۆمەڵگە دەبینین، لەگەڵ تۆڵەی ئەو بیرۆکراسی و کارمەندانەی لەرێگەی یاساوە تۆڵە لەو تاوانبارە دەکەنەوە کەدژی ئەوانەیە کە دەبێت لەئاستێکی بەرزتر لەخەڵکانی تر بن... یاسادانەرانی نوی خۆیان بەشەرمەزار دەزانن لەبەردەم بیروبۆچوونە مەزنەکانی بلیمەتێتی مرۆڤدا جەماوەر لەدادوەرەکان گێلترن، هەروەها شتێکی ئاسانیشە لەرێگەی پارێزەری گشتییەوە ئەوە بسەلمێنیت کە ستانلی پیاوکوژە، بەڵام هەرچی فردینان دی لیسپسە فێڵبازو کەڵەکچییەکە".

سروش و ئلهامیان ناکەن. ئەوان باوەڕیان بەوە هەیە کەئەوان راستگۆبوون لەئەزموونەکانیاندا. خۆ ئەگەر یەکێك لەزانا گەورەکان ئەو جۆرە هونەرەی نەدۆزیایەتەوە ئەوا هەر بەردەوامدەبووین لەسەرئەوەی لەرووە کاڵ و کرچ و نزمەیەوە سەیری بکەین. بەڵام ئەوانەی لاسایی نوێگەرە بەناوبانگەکان دەکەنەوە و تابلۆکانیان نقومدەکەن بەسێبەری وەنەوشەیی ئەوانە بەچاوی پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە رەنگی وەنەوشەیی لەسروشتدا دەبینن، بەڵام تێڕوانینێکی شەخسی و تایبەتی هونەرمەندێك لەسەر ئەوە جۆشیداون لەکاتێکدا ئەو خۆی زانیویەتی چۆن هەیبەت و ناوبانگێکی گەورەی لێدەستدەکەوێت.

دەتوانین نموونەگەلی لەو چەشنە لەهەموو رەگەزێك لەڕەگەزەکانی شارستانێتیدا بدۆزینەوە.

پێشتر بینیمان کەچەندین هۆکار هەن دەتوانن رۆڵیان هەبێت لەپێکهێنانی هەیبەت و شکۆی کەسێتیدا. سەرکەوتنیش هەمیشە یەکێك بووە لە هۆکارە هەرە گرنگەکان. ئەو مرۆڤەی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت و ئەو بۆچوونەشی خۆی دەسەلمێنێت هیچ کەس ناوێرێت دژایەتیان بکات بەهۆی خودی ئەو سەرکەوتنەوە.

هەیبەتی کەسێتی هەمیشە لەفەشەلهێناندا دیارنامێنێت و رەشڕادێت. ئەو پاڵەوانەی دوێنێ جەماوەر چەپڵەی بۆ لێدا سبوینێ تفو بەنەعلەتی دەکات ئەگەر بەخت یاوەری نەبوو. تەنانەت چەندێك زیاتر رێزی گرتبێت ئەوەندە کاردانەوەکەی لەدژی توند دەبێت. لەوکاتەدا زۆرینە وەك نموونەیەك لەخۆیان سەیری پاڵەوانە کەوتووەکە دەکەن و تۆڵەی ئەوەی لێدەکەنەوە کەئەوان لەبەردەمیداو لەبەردەم ئەو بەناو سەرکەوتنەیدا نووشتاونەتەوە کە لەوەدا نەماوە ئیعترافی پێبکرێت.کاتێك رۆپسپیر





فەرمانی دەرکرد بەبڕینەوەی سەری هاوڕێکانی و ژمارەیەکی زۆر لەوانەی هاوسەردەمی بوون هەیبەتێکی گەورەی لەکەسێتیدا هەبووە. هەر ئەوەندەی چەند دەنگێکی کەمکرد، ئەویش سەری خۆی داناو جەماوەر بەهەمان ئەو تف و نەعلەتانەوە بردیانە بەردەم سێدارە کە تا دوێنێ قوربانییەکانی دەستی ئەویان پێڕاودەنرا. باوەڕداران هەمیشە پەیکەری خواکانی پێشوویان بەجۆرێك لەهەڵچوونەوە تێکدەشکێنن.

ئەو هەیبەتە کەسێتییەی شکستدەخوات زۆر بەخێرایی وندەبێت و نامێنێت. هەروەها بە گفتوگۆو مشتومڕکردنیش لەناودەچێت، بەڵام ئەوەیە بەشێوەیەکی زۆر هێواش. بێگومان ئەم پرۆسەی گفتوگۆکردنە کاریگەری بێئەملاوئەولای دەبێت، چونکە ئەو هەیبەتەی ببێتە جێگەی مشتومڕو وتووێژ ئەو هەیبەتەی نامێنێت. ئەو خواوەندو کەسانەی ویستبێتیان پارێزگاری لەهەیبەتی خۆیان بکەن هەرگیز رێگەیان بەمشت ومڕ نەداوە. بۆئەوەی جەماوەر پێیان سەرسام بێت و بێانپەرستێت پێویستە هەمیشە مەودایەك لەنێوان خۆیان و خەڵکدا بهێڵنەوە.

# بەشی چوارەم

## بیروباوەڕەکانی جەماوەرو بیروڕاکانیان لەسنووریکدا دەگۆڕێت

### ١- بیروباوەڕە جێگیرو نەگۆڕەکان

لێکچوونێکی پتەو هەیە لەنێوان تایبەتمەندییە توێکارییەکانی بوونەوەران و تایبەتمەندییە سایکۆلۆژییەکانیاندا. لەتایبەتمەندییە توێکارییەکاندا هەندێك توخم هەن نەگۆڕن یان ئەوەندە بەکەمی دەگۆڕێن پێویستمان بەتەمەنی سەردەمە جیۆلۆجییەکان هەیە بۆ گۆڕانیان. جگە لەو تایبەتمەندییە نەگۆڕانەی کە کورتناکرێنەوە، چەند تایبەتمەندییەکی تر هەن کە زۆر بزۆك و داینامیکین کە هەندێکجار ژینگەو ئەوانەی بەخێوکەرانی ئاژەڵ و رووەکەکانن دەتوانن بەرادەیەك هەمواریان بکەن کە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانیان تەنانەت لەلای چاودێرێکی زۆر زیتەڵ و وریاش رەشڕابێنن.

هەمان دیاردە لای تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانیش دەبینین. چونکە لەپاڵ توخمە سایکۆلۆژییە چەسپاوەکانی ئەتنیکێکی دیاریکراو چەند توخمێکی بزۆك و گۆڕاو هەن. لەبەرئەوەیە کاتێك لێکۆڵینەوە لەبارەی بیروباوەڕەکانی میللەتێك و بیروڕاکانیەوە دەکەین دەبینین هەمیشە زەمینەیەکی زۆر جێگیرو





نەگۆڕ لەئارادایە. پێویستە لەسەری بیروڕا گۆڕاوەکانی بۆ زیاد بکرێت بۆ جووڵاندنی ئەو لمەی کە بەردەکان دادەپۆشێت.

بەمجۆرە دەبینین بیروباوەڕەکانی جەماوەرو بیروڕاکانی دوو چینی زۆر جیاواز پێکدەهێنن. لەلایەکەوە بیروباوەڕە ئیمانییە گەورەو هەمیشەییەکان هەن کە چەندین سەدە درێژدەبنەوەو شارستانێتییەك بەهەموو شتەکانیەوە پشتی پێدەبەستێت. لەبارەی ئەمەوە نموونەیەك لەسەر رابوردوو دەهێنینەوە کەبریتین لە وێناکردنی تایبەت بۆ سیستمی دەرەبەگایەتی، پاشان بیروبۆچوونەکانی مەسیحیەت، پاشان بیروبۆچوونەکانی ریفۆرمی ئایینی مەسیحیی (لوسەر). بەڵام لەسەردەمی ئێستاماندا پرەنسیپی عەقلانیەت یان عەقلانیەتەکانی بەنموونە لەسەر دەهێنینەوە، پاشان بیروبۆچوونە دیموکراسی و کۆمەڵایەتییەکان. لەلایەکی تریشەوە ئەو بیروڕایانە هەن کە راگوزەرو گۆڕاون و زۆرجار لەو چەمکە گشتیانە دەبنەوە کەهەموو سەردەمێك دەرکەوتن و مردنیانی تێدایە. بۆ نموونە ئەو تیۆریانەی کە هونەرو ئەدەبەکان لەساتێکی دیاریکراودا ئاڕاستەدەکەن وەك تیۆرەی بەرهەمهێنی بزووتنەوەی رۆمانتیکی یان ناچورالیزم (سروشتخوازیی)... تاد. ئەمجۆرە بیروبۆچوون و بیروڕایانەش هەروەك بەهەمان شێوە مۆدێلی رووکەش و راگوزەر وەك شەپۆلە بچووکەکان دەگۆڕێن، ئەوانەی بەبەردەوامی لەسەر رووی دەریاچەیەك، کەئاوەکەی قووڵە، دەردەکەون و دیارنامێنن.

سەبارەت بە بیروباوەڕە گەورە گشتییەکان ژمارەیان بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن. دەرکەوتن و دیارنەمانیان بەلای هەموو ئەتنیکێکی مێژووییەوە وەك چەند خاڵێکی لوتکەن لەمێژوویدا. ئەمانە ئێسکە پەیکەری شارستانێتییەکان پێکدەهێنن.

بۆچوونی سەرپێیی بەئاسانی دەچێتە نێو رۆحی جەماوەرەوە، بەڵام زۆر بەزەحمەت بیروباوەڕێكی هەمنیشەیی تێدا دەچەسپێنین. لەكاتێكدا رووخاندنی ئەو بیروباوەڕەش لەدوای دروستبوونی هەر قورسە. گۆڕینیان پێویستی بە چەندین شۆڕشی توندو بەهێز هەیە، ئەویش تەنها كاتێكە كە بیروباوەڕەكە هەموو هەیمەنەی خۆی لەسەر كەسەكان ونكردبێت. لەوكاتەدا شۆڕشەكان یارمەتی لەتێكشاندنی تەواوی ئەو بیروباوەڕانەدا دەدەن كە دەستیانلێهەڵگیراوە بەڵام ئەوەیە هێشتا بەهۆی دابونەریتەكانەوە بەلاوازیی ماونەتەوە. دەتپێكردنی شۆڕشەكان بەواتای سەرەمەرگی بیروباوەڕە ئیمانییەكان دێت.

لەو ساتەوەختەی كەتێیدا خەڵك دەست بەوتووێژكردن دەكەن لەبارەی بیروباوەڕە گەورەكانەوەو رەخنەیان دەكەن ئەوە بەواتای ئەوە دێت كە كاتی گیانەڵاو سەرەمەرگیان دەستیپێكردووە. بەو پێیەی هەموو بیروباوەڕێكی گشتی جگە لەوەهم شتێكی تر نییە كەواتە ناتوانێت بەردەوامی بەخۆی بدات ئەگەر لەتاووتوێكردن‌و رەخنەگرتن قووتاری نەبوونەبێت.

بەڵام تەنانەت ئەو كاتەشی كەبنەما چەسپیوەكانی بیروباوەڕێك دەلەقێن هێشتا لقە دامودەزگاكانی كەهەیەتی دەست بەهێزی خۆیانەوە دەگرن‌و پرۆسەی نەمانیان بەشێوەیەكی هێواش روودات. تا ئەوكاتە نەبێت كە هەموو جۆرە دەسەڵاتێك لەدەستدەدات بەمەش هەموو ئەوانەی پشتگیرییان لێكردووە هەرەسدەهێنن. ئەوەی مێژوو لەرابوردودا دیویەتی ئەوەیە كاتێك گەلێك بیروباوەڕەكانی خۆی گۆڕیوە بەناچاریی دەمودەست توخمەكانی شارستانێتییەكەشی لەگەڵدا گۆڕیوە.

میللەت ئاڵوگۆڕی تێدا دەكات‌و دەیگۆڕێت هەتا پشت بە بیروباوەڕێكی گشتی نوێ دەبەستێت. وەختێك لەچاوەڕوانی ئەو چركەساتەدا دەبێت ئەو





لەبارێكی پاشاگەردانیدا دەژی. بیروباوەڕە گشتییەكان چەند كۆڵەكەیەكی پێویستی شارستانێتییەكانن. ئەوانن كە بیروبۆچوونەكان ئاراستە دەكەن‌و مۆركی خۆیانی لێدەدەن، تەنها ئەو بیروباوەڕە گشتیانەن كە ئیمانبەخشن‌و هەستكردن بەئەرك‌و بەرپرسیارێتی دەخولقێنن.

هەمیشە میللەتان هەستیان بەوە كردووە كەپێكهاتنی عەقیدە ئیمانییە گشتییەكان سوودو كەڵكی هەیەو بە غەریزە لەوە تێگەیشتوون كە رەشڕاهاتنی ئەو بیروباوەڕانە سەرەتای داڕووخانیانە. پەرستنە دەمارگیرەیەكەی رۆما ئەو عەقیدە ئیمانییە بوو كەرۆمان كردە سەرگەورەی دنیا. بەڵام هەر كە ئەو عەقیدەیە مرد رۆماش رووخا. ئەو بەربەریانەشی كە شارستانێتی رۆمایان تێكدا نەیاندەتوانی بگەنە هەندێك تۆكمەیی ئەگەر چەند عەقیدەیەكی هاوبەشیان دەستنەكەوتایە.

كەواتە لەبێهوودەییەوە نییە كە میللەتان هەمیشە بەشێوەیەكی دەمارگیرانە بەرگرییان لەعەقیدەكانی خۆیان كردووە. ئەو دەمارگیرییەش لەروانگەی فەلسەفییەوە رەخنەی توند كراوە، بەڵام لەژیانی میللەتاندا شتێكی چاك بووە. سەدەكانی ناوەڕاست لەپێناو دامەزراندن یان هێشتنەوەی عەقیدە ئیمانییە گشتییەكاندا تەنوورەكانی راخستووەو ئیمانی پێیانبووە. بەدەیان كەس لەو داهێنەرو نوێگەرانەی لەچنگی سووتاندن‌و ئەشكەنجەدان رزگاریان بوو لەژێر باری ئەو بێزارییە پیادەكراوەدا گیانیان لەدەستدا. بەئامانجی بەرگریكردن لەعەقیدە گشتی‌و هاوبەشەكان جیهان بۆ زیاتر لەجارێك هەڵگێڕدراوەتەوەو بەملیۆنان كەس لەگۆڕەپانەكانی شەڕدا كوژراون‌و هەر دەشكوژرێن.

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، چەند گرفتێكی گەورە لەبەردەم پێكهاتنی عەقیدەیەكی ئیمانی گشتیدا هەن. ئەگەر بەتەواوی پێكهات‌و چەسی

ئەوکاتە مەحاڵە بۆماوەیەکی درێژ بتوانرێت لەناوببرێت. عەقیدەکە لەڕووی فەلسەفییەوە چەندێك بەتاڵیش بێت بەڵام دیسانەوە هەر دەتوانێت خۆی بەسەر کەسایەتییە گەورەکانو هەرە زیرەکەکانیاندا بسەپێنێت. بۆچی گەلانی ئەوروپی بۆ ماوەی پانزە سەدەش ئەفسانە ئاینییەکانی مولوکیان وەك چەند راستییەك دانەنابوو کەنابێت قسەیان لەسەر بکرێت؟ بەڵام وەختێك بە وردی دەیانپشکنین دەبینین ئەوانە بەربەریو هەمەجین[1]. بێهوودەییە ترسناکەکەی ئەفسانەی ئەو خوایەی دەچێت بە ئەشکەنجەدانێکی ترسناك تۆڵە لە کوڕەکەی دەکاتەوە لەبەرئەوەی بەجۆرێك لێی یاخیبووە کە بەدرێژایی چەندین سەدە شتی وای نەدیوە. گەورەترین کەسایەتییەکانی وەك گالیلۆ، نیوتن، لایبنتزیش بۆ تاکە ساتێك بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە راستیو دروستیەکی وەك ئەو ئەفسانانە بخرێنە ژێر پرسیارو گومانەوە، کەئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەو خەوڵێخستنە موگناتیسیەی کە عەقیدە گشتییە هاوبەشەکان پیادەیدەکەن. بەڵام هیچ شتێکیش نییە سنووردابیە ریسواکەرەکەی رۆحمان بەشێوەیەکی باشتر بسەلمێنێت.

دەبێت عەقیدەیەکی نوێ لەناو رۆحی جەماوەردا بڕسکێت تاوەکو ئیلهامو سروش ببەخشێتە دامودەزگاو هونەرو رەفتارەکانی. دەبێت

(١) مەبەستم لەواتا فەلسەفییەکەی وشەی بەربەرییەکانە. بەڵام لەواری کرداریدا سەرلەبەری شارستانێتییەکی نوێیان خوڵقاندو وایان لەمرۆڤ کرد بۆ چەند سەدە خەو بەو بەهەشتە دڵڕفێنەوە ببینێت کە لە خەونو هیوا پێکهاتووەو لەمڕۆ بەدواوە نایناسێت.

– ئەفسانەکانی مۆلۆك (Moloch): بەزمانی عیبری میلیکیان پێدەگوترێت. بەلایانەوە وایە کەئەمە خوایەکی کەنعانی کۆنەو لەتەوراتدا باسکراوە بەو پێیەی کە مولوك پەیوەندی لەگەڵ قوربانیدانی منداڵانەوە هەیە. ئێستاش پێیانوایە کە مەسەلەکە پەیوەندی بەقوربانییەکی مرۆییەوە هەیە کە وەك قوربانییەك لەرێگەی ئاگرەوە پێشکەش بەخواوەند دەکرێت (و.ع)





هەژموونەکەی بۆ سەر کەسەکان لەوکاتەدا موتڵەق بێت. پیاوانی کارکردنو وەگەڕخەڕیش خەو بە بەدیهێنانیەوە ببینن لەسەر ئەرزی واقیع، هەروەها یاسادانەرانیش خەو بەپیادەکردنیەوە ببینن. فەیلەسوفانو هونەرمەندو ئەدیبانیش بایەخ بدەن بەوەی لەچەندین شکڵو فۆرمدا وەریبگێڕن.

دەشێت بیروبۆچوونگەلی کاتیو لاوەکی لەبیروباوەڕی بنچینەییەوە دەربکەون، بەڵام هەمیشە مۆرکی ئەو ئیمانەیان بەسردا زاڵە کە لێیەوە هاتوون. لەم چوارچێوەیەدا نموونەیەك لەبارەی شارستانێتی میسرییو شارستانێتی سەدەکانی ناوەڕاستو شارستانێتی ئیسلامی عەرەبەوە دەهێنینەوە، ئەمانە هەموویان لەچەند عەقیدەیەکی ئایینی کەم کەوتوونەتەوە کەمۆرکەکانیان بەسەر توخمەکانی ناو ئەو شارستانێتیانەوە بەجۆرێك زاڵو دیارە کە وادەکەن دەمودەست بیانناسیتەوە.

بەفەزڵی عەقیدە ئیمانییە گشتییەکان، پیاوانی هەر سەردەمێك بەتۆڕێك لەو دابونەریتو بیروڕایانە دەورەدراون کە لەژێر باریدا دەناڵێننو ناتوانن خۆیانی لەچنگ رزگار بکەن. ئەم تۆڕەیە وایانلێدەکات هەتادێت رۆژبەڕۆژ زیاتر لەیەکبچن. زیرەکترینو سەربەخۆترین کەسانیان ناتوانن خۆیانی لەدەست قووتار بکەن. هیچ ستەمکارییەکی راستەقینە نابینینەوە لەوە گەورەتر بێت کەخۆی بەشێوەیەکی ناهۆشمەندانە لەسەر کەسەکان مومارەسەی دەکات، چونکە ئەوە تاکە شتێکە کە ناتوانین دژایەتی بکەین. گومان لەوەدا نییە کە تیبیر[2] و جەنگیزخانو ناپلیۆن چەند ستەمکارێکی تۆقێنەربوون، بەڵام خۆ موساو بوزاو عیساو محەممەدو لۆسەریش لەقووڵایی قەبرەکانیانەوە کاریگەرییەکی زۆر داپڵۆسێنەرانەی قووڵتریان

(٢) مەبەست لە یۆلیۆسی قەیسەری تیبیریۆسە کە ئیمپراتۆرێکی رۆمانییەو لەنێوان (١٤–٣٧)ی دوای لەدایکبوونی عیسادا حوکمڕانێتی کردووە(و.ع).

لەسەر خەڵك داناوە. رەگە ستەمكار بەپیلانێك لابرێت و لەناو بچێت، بەڵام ئەی چی لەدژی عەقیدەیەكی چەسپیودا دەكەیت؟ لەململانێی توندو بەهێزیدا شۆڕشە گەورەكەمان لەبەردەم مەزهەبی كاسۆلیكیدا چۆكیدادا، سەرەڕای سەرلەقاندنی رەزامەندیی رواڵەتیانەی جەماوەر بۆ شۆڕشەكەو بەكارهێنانی چەند ئامرازێكی فەوتێنەری بێبەزەیی، كەترس و تۆقاندنیان هیچی لەشێوازەكانی دادگاكانی پشكنین كەمتر نەبوو. دوابەدوای هەموو ئەوانەشی روویاندا دیسانەوە مەزهەبی كاسۆلیكی مایەوەو لەنونەچوو. ستەمكارە راستەقینەكانی سەر بەمرۆڤایەتی هەمیشە مۆتەكەی مەرگ یان ئەو وەهمانە بوو كەخۆیان خوڵقاندوویانن.

ئەو بێهوودەییە فەلسەفییەی هەندێك لەبیروباوەڕە گەورە گشتییەكان هەیانە – ئەمە جارێكی تریش دووبارە دەكەمەوە– هەتاكو نەگەیشتبێتە ئاكامی خۆی، هەڵنەوەشاوەتەوە. تەنانەت ناتوانێت بەو سەركەوتنە بگات ئەگەر هەندێك بێهوودەیی لەخۆیدا كۆنەكاتەوە. ئەو لاوازییە ئاشكرایەی لەهەندێك بیروباوەڕی سۆشیالیستی ئێستادا هەیە رێگەی ئەوەیان لێناگرێت لەناو رۆحی جەماوەردا بنج دابكوتن و بچەسپێن. ئەو خۆبەكەمزانینە ئاشكرایەی ئەو بیروباوەڕانە بەبەراورد لەگەڵ هەموو بیروباوەڕە ئایینییەكاندا هەیانە تەنها بۆ خاڵێك دەگەڕێتەوە ئەویش لەدواڕۆژدایە: بەو پێیەی كە بەختەوەری وەك نموونەیەك جەماوەری پێئامادەو تەیار دەكرێت، لەبەرئەوە دەبێت تەنها لەژیانی داهاتوو یان لەودنیادا بەدیبهێنرێت، هەربۆیە هیچ كەسێكیش ناتوانێت دژایەتی ئەو بەدیهێنانە یان ئەو ئامانجە بكات. بەڵام بەو پێیەی بەختەوەرییەكەی سۆشیالیزم، وەك نموونەیەك، دەبێت رۆژێك لەرۆژان لەسەر زەوی بەدیبهێنرێت، لەبەرئەوە بێهوودەیی وادەو بەڵێنەكان لەیەكەمین هەوڵی





بەدیهێنانیانەوە دەردەكەون و بەمەش بیروباوەڕە نوێكە هەرچ هەیبەت و بەختێكی هەبێت یەكسەر لەدەستیدەدات. ئەمە جگە لەوەی دەرفەتی گەورەبوونی بیروباوەڕەكە تەنها ئەوكاتەیە كەدەكەوێتە پێش رۆژی وادەو بەڵێندانی بەدیهێنانیەوە. لەبەرئەوە ئەگەر ئایینە نوێكە، وەك هەموو ئایینەكانی تری پێشخۆی، یەكەم كاری وێرانكەر بێت، ئەوا ناتوانێت دوای ئەوە كارێكی داهێنەرانە ئەنجامبدات.

## ٢- بیروڕا گۆڕاوەكانی جەماوەر

لەسەروو بیروباوەڕە نەگۆڕو چەسپاوەكانەوە، كە قەبارەی هێزو توانایانمان نیشاندا، چینێكی تەنك لەبیروڕاو باوەڕو ئەندێشەكان ئامادەگییان هەیە كە بەبەردەوامی لەدایكدەبن و دەمرن. تەمەنی هەندێك لەمانە زۆر كورت و كەمخایەنەو لەوپەڕی حاڵەتدا ماوەی مانەوەی لەتەمەنی نەوەیەك تێناپەڕێت. پێشتریش ئەوەمان گووت كە ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەو بیروڕایانەدا دێن هەندێكجار رووكەشن نەك ئەوەی گۆڕانی راستەقینە بن و مۆركی رەگەزو تایبەتمەندییەكانی بەشێوەیەكی هەمیشەیی هەڵبگرن. بۆ نموونە كاتێك باسمان لەدامەزراوە سیاسییەكانی وڵاتەكەمان كرد دیمان پارتە سیاسییەكان لەرواڵەتدا زۆر جیاوازن لەیەكتر (وەك پادشاهییەكان،رادیكالییەكان،ئیمپراتۆرییەكان وسۆشیالیستەكان و...تاد...) بەڵام نموونەی بالای هەر هەموویان یەكەو هەمان شتە. ئەو نموونە بالایەش دەگەڕێتەوە بۆ بونیادی زەینیانەی رەگەزەكەمان (رەگەزی فەڕەنسیانەی لاتینی). بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە كە نموونەیەكی بالای دژ بەمە لەلای نەتەوەكانی تر دەبینین كەهەمان حیزب و پارتیان بەهەمان ئەو ناوانەوە هەیە. ئو ناوەی دەكرێتە بەری بیروڕاو پارت و هەمووارکردنە

رووکەشە هەڵخەڵەتێنەرەکان هیچ شتێك لەراستی مەسەلەکە ناگۆڕێت. بۆرژوازییەکانی شۆڕش، کەتاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی لاتیندا بوون و ئەوانەی لاسایی کۆماری رۆمانیان دەکردەوە، ئەوانە پشتیان بەیاساو دروشم و کراسەکانیان بەستبوو، بەڵام نەشبوونە رۆمانی لەبەرئەوەی هەیمەنەی جۆشدانێکی مێژوویی قەبەیان بەسەرەوە مابۆوە.

رۆڵی فەیلەسوف لەوەدایە بچێت لەبنی گۆڕانە رووکەشەکانەوە بگەڕێت بەدوای پاشماوەی بیروباوەڕە کۆنەکاندا، لەناو لێشاوی بیروڕا بزۆك و گۆڕاوەکاندا جیاکاریی لەنێوان رۆحی رەگەزو ئەو گۆڕانانەدا بکات کە لەلایەن بیروباوەڕە گشتییەکانەوە سەپێنراون.

ئەگەر ئەم پێوەرەمان نەبووایە مەسەلەکەمان والێکدەدایەوە کە جەماوەر بەبەردەوامی و بەئارەزووی خۆی بیروباوەڕە سیاسی و ئایینییەکانی خۆی دەگۆڕێت. ئەوسا مێژووش هەمووی یان سیاسی، ئایینی، هونەریی یان ئەدەبی دەبوو، کەئەمەش وەکئەوە دەردەکەوت وابێت.

با لەسەر ئەوە تەنها نموونەی ماوەیەکی کورت بهێنینەوە (ماوەی نێوان ١٧٩٠-١٨٢٠)، واتە ماوەی سی ساڵ، کە هێندەی تەمەنی یەك نەوەیە. لەسەرتای ئەم ماوەیەدا جەماوەری فەرەنسی پاشایەتی بەلاوە پەسەند بوو، دواتر بووە دەستووری و پاشان ئیمپراتۆری و دوای ئەوەش جارێکی تر گەڕایەوە سەر پاشایەتییەکەی. سەبارەت بەئایینیش لەو ماوەیەدا لەکاسۆلیکەوە بووە بێدین و پاشان چوو بەرەو بەخواییکردن (التالیهیة: ئەو مەزهەبەی بڕوای بەبوونی خوا هەیەو نکۆڵی لەوەحی و ئەودنیا دەکات). پاشان گەڕایەوە سەر مەزهەبی کاسۆلیك لەشێوە زۆر توندڕەوییەکانیدا. خۆ ئەوە تەنها جەماوەر نەبوو دەگۆڕا بەڵکو سەرکردەکانیش بوون. بۆ نموونە، دوای شۆڕش، ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێنەری فەرەنسیمان دی





کەچ دوژمنایەتییەکی سەرسەختی پاشاکان دەکەن و نەخواو نەهیچ سەرگەورەیەکیان ناوێت، بەڵام هەرئەمانە دواتر لەلای ناپلیۆن بوونە خزمەتکارێکی سووك و ریسوا. دوای ئەمەش لەژێر سایەی شا لویسی هەژدەهەمدا مۆمی رێوڕەسمە ئایینییەکانیان هەڵدەگرت!...

لەماوەی حەفتا ساڵی دوای ئەمە، چەندێك گۆڕان لەبیروڕاکانی جەماوەردا روویاندا؟ "ئینگلتەرای زۆردارو ستەمکار" لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا، لەژێر سایەی میراتگریی ناپلیۆندا، بووە هاوپەیمانی فەڕەنسا. ئەو رووسیایەی دوو جەنگی لەدژمان هەڵگیرساندو بەتێکشاندنەکانی دواییمان تووشی نائومێدییەکی زۆری کردین، کەچی وەختێکمان زانی بووە هاوڕێمان.

لەبواری ئەدەب و هونەرو فەلسەفەشدا، بەدواییەکداهاتنی بیروڕاو بیروبۆچوونەکان یان گۆڕینیان زۆر روونتر بەدەرکەوتن. هەر لەرۆمانتیکەوە بۆ رێبازی ناچورالیزم و بۆ سۆفیزم و... تاد، بەچاوی خۆمان لەدایکبوون و مردنی هەر رێبازێك بۆ خۆی دەبینین. ئەو هونەرمەندو نووسەرەی دوێنی چەپڵەیان بۆ لێدەدا ئەمڕۆ قێزو بێزی لێدەکەنەوە.

بەڵام ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانەمان شیکردەوە، کە بەرواڵەت زۆر قووڵ دەنوێنن، ئەوکاتە چی دەبینین؟ دەبینین هەموو ئەو گۆڕانانەی دژ بە بیروباوەڕە گشتییەکانن و بەرامبەر بەسۆزمەندییەکانی رەگەز وەستاونەتەوە زۆر ناژین و تەمەنیان کورتدەبێت، لەکاتێکدا شەپۆلە گشتییەکە رەوتی خۆی سەرلەنوێ دووبارە دەکاتەوە. ئەو بیروڕایانەی هیچ شتێك نایانبەستێتەوە بە هیچکام لەبیروباوەڕێکی گشتی و سۆزمەندییەکی سەر بە رەگەزو لەگەڵیشیدا خاوەنی هیچ جۆرە سەقامگیرییەك نین و لەهەڵبەزو دابەزدان، ئەوانە دەکەونە ژێر رەحمەتی رێکەوت، یان رەحمەتی کەمترین گۆڕانەوە کە لە ژینگەدا رووبدات. بەو پێیەی دروستبوونی ئەو بیروڕایانە

بەهۆی جۆشدانو تەنینەوەوەیە لەبەرئەوە هەمیشە بوونو مانەوەیان بەشێوەیەکی کاتی دەبێت، هەندێکجاریش بەهەمان خێرایی دروستبوونو بڵاوبوونەوەی گردی لمینی سەر رۆخی دەریا لەدایکدەبنو دەمرن.

ئەوەی لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا دەیبینین ئەوەیە کە کۆی بیروڕا گۆڕاوەکانی جەماوەر لەهەر کاتێکی تری رابوردووی گەورەترە، کەئەویش بەهۆی سێ هۆکاری جیاوازەوەیە:

هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە تادێت بیروباوەڕە کۆنەکان هەژموونیان لەسەر خەڵك نامێنێتو بێ کاریگەر دەبن لەسەر بیروڕا کاتییەکان بۆئەوەی وەك رابوردو بەئاڕاستەیەکی دیاریکراودا بیانبەن. دیارنەمانی بیروباوەڕە گشتییەکان جێگە لەبەردەم کۆمەڵێك لەو بیروبۆچوونە تایبەتییانە چۆڵدەکات کەخاوەنی هیچ رابوردوویەكو دوارۆژێك نین.

بەڵام هۆکاری سێهەم بۆ دەرکەوتنی ئەم دواییانەی رۆژنامەگەریی دەگەڕێتەوە، کەزۆرترین بیروڕای جیاوازو ناکۆك بەیەکتر بڵاودەکاتەوە. ئەو مانایانەی هەر بیروڕایەك دروستیاندەکات یەکسەر لەلایەن ماناکانی بیروڕای دژەوە تێکدەشکێنرێت. هەروەها هیچ بیروڕایەکیش ناتوانێت بەسەر هەمووواندا تەعمیمبکرێتو بڵاوبکرێتەوە، چونکە دواجار هەموو بیروڕاکان مەحکومن بەوەی خاوەن سروشتێکی کاتیو راگوزەر بن. هەروەها بەرلەوەی بیروڕاکان بەو ئاستە پێویستە بڵاوبکرێنەوە، کە بیانکاتە گشتێك، دەمرن.

لەو هۆکارە جیاوازانەوە، دیاردەیەکی زۆر نوێ لەمێژووی جیهاندا دێتەبوونەوە کە مایەی جیاکردنەوەی سەردەمی ئێستامانە: ئەویش کەنەفتیو کەمتوانایی حکومەتەکانە لەسەرکردایەتیکردنی بیروڕای گشتیدا.





تا رابوردوویەکی نزیکیش کاری حکومەتو کاریگەریی هەندێك لەنووسەرانو رۆڵی چەند رۆژنامەیەکی کەم، خۆی لە شێوە راستەقینەکەی ئاڕاستەکردنی بیروڕای گشتیدا دەبینیەوە. بەڵام ئەمڕۆ دەبینین نووسەران هەرچی پێیبگوترێت کاریگەریی نەیانماوەو رۆژنامەکانیش جگە لەعەکسکردنەوەی تێڕوانینەکانی رای گشتی کارێکی ئەوتۆی تر ناکەن. هەرچی سیاسەتمەدارانیشە لەبری سەرکردایەتیکردن تەنها دوای رای گشتی کەوتوون. هەندێکجار سیاسەتمەداران لەترسی رای گشتی زارەترەك دەبن بەجۆرێك پەرشوبڵاو دەبنو ئۆقرەیان لێهەڵدەگیرێت.

لەبەرئەوە بیروڕای جەماوەر زیاترو زیاتر بەرەو ئەوە دەچێت باڵاترین ئاڕاستەکەری سیاسەت بێت. تەنانەت ئەمڕۆ رەوشەکە گەیشتۆتە ئەوەی هاپەیمانێتییەکان بسەپێنێت، وەکئەوەی لەهاوپەیمانێتی روسی–فەڕەنسیدا دیمان کە هەر هەمووی لەمنداڵدانی بزووتنەوە جەماوەرییەکەوە هاتەدەر.

لەنیشانە سەرسوڕهێنەکانی ئەم سەردەمەمان ئەوەیە پاپاو پادشاو پەتریکەکان دەچنە ژێر رکێفی میکانیزمەکانی چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکانو شێوازەکانیانەوە، لەپێناو ئەوەی بتوانن بیروبۆچوونیان لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە بخەنەڕوو. ئەمانە بەمکارەیان ملکەچی رای جەماوەر دەبن. لەرابوردودا گوتیان کە سیاسەت هیچ پەیوەندی بەسۆزدارییو گرفتەکانیەوە نییە. ئایا ئەمڕۆ سیاسەت دەتوانێت سۆزمەند بێتو لەشێوەی سەرکردەیەکدا ببینین کە پاڵنەرە جەماوەرییەکانی لەگۆڕاندا بنو فڕیان بەسەر عەقڵەوە نەبێتو تەنها لەمیانەی سۆزەوە بجووڵێنرێن؟

سەبارەت بە رۆژنامەگەریش، کەپێشتر ئاراستەکەری رای گشتی بوو، ئەویش وەك حکومەتەکان ناچارە لەبەردەم دەسەلاتی جەماوەردا بنوشتێتەوە. راستە هێزی رۆژنامەگەریی گەورەیە بەلام تەنها لەوەوەیە کە سەرلەبەری بیروڕاکانی جەماوەرو هەمەڕەنگییە بەردەوامەکەی عەکسدەکاتەوە. بەلام لەوەتەی رۆژنامەگەریی بۆتە ئاژانسێك بۆ زانیارییەکان، ئیتر نەیتوانیوە هیچ بیرۆکەیەك یان بیروباوەڕێك بسەلمێنێت. ئێستا رۆژنامەگەریی بەشوێن هەموو ئەو گۆڕانکارییانەوەیە کە لەفیکری گشتیدا روودەدەن‌و ئەوەشی ناچاریکردووە ئەمە بکات، پێویستی کێبڕکێیە، ئەگینا خوێنەرەکانی لەدەستدەدات. بەلام رۆژنامە کۆن‌و بەشکۆو خاوەن کاریگەرییەکان، کەنەوەی رابوردوو وەك وەحی گوێیان لەقسەکانی دەگرت، ئەوانیش دیارنەمان یان بوونە چەند کاغەزێك بۆ هەلگرتنی چەند زانیارییەکی لەقالبدراوی تایبەت بە رووداوگەلی بەکەیف‌وسەفاو بوختانەکانی کۆمەلگەو ریکلامەکانی دارایی. بەلام لەمڕۆدا کامەیە ئەو رۆژنامەیەی بەپێی پێویست دەولەمەندەو رێگە بە نووسەرەکانی دەدات بیروڕای شەخسی خۆیانی تێدا دەبڕن؟ دەبێت ئەو راستگۆییە چی بێت کە ئەو بیروڕایانە لەلای ئەو خوێنەرانە دروستیدەکەن کەهەر بەشوێن شتزانین یان کەیف‌و رابواردنەوەن، یان ئەوانەی لەپشت هەموو راسپاردەیەکەوە رووی تەنگهەلچنانی بازرگانی (المضاربین التجاریین) دەبینن؟ تەنانەت رەخنەی ئەدەبیش لەتوانایدا نەماوە پڕوپاگەندە بۆ کتێبێك یان دیمەنێکی شانۆگەریی بکات. ئەوەشی دەیکات ناشرینکردنە نەك خزمەتکردن. رۆژنامەکان لەپەیبردنی زۆریانەوە بۆ مایەپووچی هەر رایەکی تاکەکەسی لاپەڕەکانی رەخنەی ئەدەبی لادەبەن. بەوەندە وەستاونەتەوە ناوی





کتێبەکەو یەك دوو دێڕ لەریکلامدا تۆماربکەن. رەنگە لەماوەی بیست سالی داهاتوودا هەمان شت بەسەر رەخنەی شانۆشدا بێت.

ئەمڕۆ چاودێریکردنی رای گشتی بۆتە جێگەی سەرنجی رۆژنامەو حکومەتەکان. سەرقالبوون بەزانینی ئەو پاشماوەیەی کە رووداوێك یان پرۆگرامێکی یاسایی یان گووتارێك لەسەر رای گشتی بەجێیدەهێلێت. ئەمەش کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە هیچ شتێك نییە لەفیکری جەماوەر خێراتر بجوولێت‌و بگۆڕێت. دەبینین رۆژنامە هەیە چەندین لەعنەتی ئاراستەدەکرێت لەکاتێکدا هەتا دوێنێ چەپلەی بۆ لێدەدرا.

ئەو غیابە تەواوەی لەئاراستەکردنی رای گشتیدا هەبوو لەگەل لێکترازانی بیروباوەڕە گشتییەکان دواجار بوونە مایەی پەرشوبلاوبوونەوەی هەموو قەناعەت‌و یەقینییەکان‌و لەوێشەوە بلاوبوونەوەی گیانی خەمساردیی زیاتر لەلای جەماوەرو کەسەکان لەیەککاتدا، ئەوەش لەهەر شتێکدا کەپەیوەندی بەبەرژەوەندی راستەوخۆیانەوە هەیە. سەبارەت بە مەسەلەی بیروباوەڕەکان، وەك مەسەلەی سۆشیالیزم بۆ نموونە، نەیتوانیوە لەچینە نەخوێندەوارەکانی گەل بترازێت هیچ کەسێکی بەرگریکاری تر بدۆزێتەوە کە بەراستی باوەڕی پێی هەبێت. کرێکارانی کانە خەلووزەکانیش لەو نموونانەیە. بەلام بۆرژوای بچووك‌و کرێکارێك کەتۆزێك رۆشنبیریی‌و خوێندەواری هەبێت گومانی زۆریان لا دروستدەبێت.

ئەو پەرەسەندنەی تەنها لەماوەی سی سالدا روویدا تائەوپەڕی رادە شتێکی سەرسوڕهێنەرە. لەماوەی رابوردودا کە بەم نزیکانەیە، هێشتا بیروڕاکان (بیروڕاکانی خەلك) ئاراستەکردنێکی گشتییان لەپشتەوە مابوو. ئەوەش لەپەسەندکردنی هەندێك بیروباوەڕی ئیمانیانەی بنچینەییەوە هاتبوو. تەنها ئەوەندەی مرۆڤ پادشایی (ملکی) بووایە ئەمە لەسەر ئاستی

مێژوو و زانستەکان بەچەند بیروبۆچوونێکی پێشوەختانە گەمارۆی دەدا، خۆ ئەگەر کۆماریخواز بووایە ئەوە بەو مانایە دەهات کە ئەو پابەندە بەچەند بیروبۆچوونێکی تەواو دژ بەوەوە. پادشاخوازێك بەهەموو یەقینێکەوە باوەڕی بەوە بوو کە مرۆڤ لەوەچەی مەیموون نییە، بەڵام کۆماریخوازێك باوەڕەکەی بەپێچەوانەی ئەمەوە بوو. یان پادشاخواز بەجۆرێك لەقێزو ترسەوە باسی شۆڕشی دەکرد، کەچی باسکردنی کۆماریخوازەکە جۆرێك لەپیرۆزیی و پەرستنی تێدا بوو. پێویستە هەندێك کەسانی وەك ڕۆبسپێرو مارا ناویان بەرێزو نوشتانەوەوە بێت، بەڵام ناوەکانی تری وەك قەیسەرو ئۆگێستو ناپلیۆنیش تەنها ئەو کاتە دەبێت ناویان بهێنرێت کە کۆڵێك جنێوو لەعنەتیان لەگەڵدا بێت. ئەم شێوازە کاڵوکرچە بۆ خوێندنەوەی مێژوو تەنانەت لەزانکۆی سۆربۆنیشدا بڵاوبۆوە.

بەڵام ئەمڕۆ هەر بیروڕایەك لەو بیروڕا گشتیانە لەو حاڵەدایە کە هەیبەتو شکۆی خۆی لەبەردەم گفتوگۆو شیتەڵکاریدا ونبکات. لایەنەکانی زۆر بەخێرایی شڕودڕ دەبنو ئەو بیروبۆچوونانەشی حەماسەتمان بەرزبکەنەوە دەگمەنن. چونکە مرۆڤی نوێ دووچاری خەمساردی زیاترو زیاتر هاتووە.

بەڵام نابێت داخی زۆریشی بۆ بخۆین ئەویش بەهۆی پەرش‌وبڵاویی گشتی بیروڕاکانەوەیە. ڕەنگە ئەمەش نیشانەی داکەوتنی ژیانی گەلێك بێت، ئەمەش راستەو کەس ڕەتیناکاتەوە. فاڵگرەوەو پێغەمبەرو سەرکردە بزوێنەرەکان یان بەوشەیەکی تر بڵێین هەموو بڕوادارانی قەناعەتدار، سەرباری هێزی نەفیکردنەوەو زەوتکردنو ڕەخنەو خەمساردیی، خاوەنی هێزێکی تریشن. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت کە ئێستا وێڕای ئەو هێزە گەورەیەی جەماوەر هەیەتی بەڵام ئەگەر بێتو بیروڕایەك توانی ئەوەندەی هەیبەت هەبێت خۆی بسەپێنێت، ئەوا بێ یەكو دوو هێزێکی





ستەمکاری گەورەی وەهای دەبێت کە هەموو شتێك لەبەردەمیدا چۆکدابداتو تەسلیمی بێت. بەمەش سەردەمی گفتوگۆی ئازاد بۆ ماوەیەکی درێژ دادەخرێت. هەندێکجار جەماوەر لە سەرگەورەی بێوەیو ئاشتیخواز دەچنو ئەمەشمان لەسەردەمەکانی هەریەك لە هیلیۆگابالو تیبیردا بینی. بەڵام جەماوەر خەونو خولیای کۆنیشی هەیە. ئەو شارستانیەتەی لەسەر رووخانە ئەوەی لەدەستدێت لەژێر ڕەحمی چەندین ڕێکەوتی زۆردا بمێنێتەوە تا ئەو رادەیەی ئەگەری ئەوەی لێبکرێت کە ئەو شارستانیەتە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت. خۆ ئەگەر شتێکیش هەبوو بتوانێت ساتەوەختی داڕمانەکە دوابخات ئەوە داینامیکیەتی گەورەی بیروڕاکانو خەمساردیی زۆری جەماوەرە لەبەرامبەر هەموو بیروباوەڕە گشتییەکاندا.

# كتێبی سێهەم

# پۆلێنكردنی توێژە جیاوازەكانی جەماوەرو توێژینەوەیان

# بەشی یەكەم

## پۆلێنكردنی جەماوەر

تایبەتمەندییــە گــشتییە هاوبەشــەكانی جــەماوەرمان لــەم كتێبــەدا خستەڕوو. ئەوەی لەسەرمان ماوەتەوە ئەوەیە لەو تایبەتمەندییە تایبەتیانە بكۆڵینـەوە كە لەسـەر ئـەو تایبەتمەندییانە گشتییانە هەڵچنراون، ئـەویش بەپێی توێژە جیاوازەكانی كۆمەڵە مرۆییەكان.

با سەرەتا كورتە پۆلێنێكی جۆرەكانی جەماوەر بكەین.

یەكـەم خـاڵی دەسـتپێكردنمان بـەپێی زۆریـی و ژمـارە دەبێـت. نـزمترین فـۆرمی جـەماوەر ئـەو كاتەیـە كـە لەچـەند رەگـەزو ئـەتنیكێكی جۆراوجـۆر پێكهاتبێت. لەم بارەدا خاڵی هاوبەشیان ئیرادەی رابەرە بەرێزەكەیانە، جا تۆزێـك بێـت یـان زۆر. لـەدەوری كۆدەبنـەوەو بازنـە دەبەسـتن. دەتـوانین نموونەگــەلێك لەســەر مۆدێلــە جۆربــەجۆرەكانی زۆرییەكــەی بەربەرییــە دڕندەكان بهێنینەوە، كە بۆ ماوەی چەندین سەدە ئیمپراتۆریای رۆمانییان داگیركرد.

لەسەروو جۆرەكانی ئەو زۆرییە ناوێكچووەوە، زۆرییەكی تر هەیـە، لـەژێر كاریگەریی چەند فاكتەرێكی جیاوازدا، لەناو یـەكتردا تواونەتـەوەو سیفاتی هاوبەشیان بـەجۆرێك وەرگرتـووە كـار گەیـشتۆتە ئـەوەی بەهـەموویان یـەك





رەگەز پێكبهێنن. وەختێك بۆنەیەكیش هاتۆتەپێشەوە، تایبەتمەندییـەكانی تایبەت بەجەماوەریان تێدا دەركەوتووە، بەڵام هیچكات بارەكە نەگەیشتۆتە ئـەوەی جێگـەی رەزامەنـدیی تایبەتمەندییـەكانی خـودی رەگەزەكـە خـۆی نەبێت.

دەتـوانین توێـژە جۆراوجۆرەكانی جـەماوەر، كـە لـەناو هـەموو میللەتێكدا هەن، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشبكەین:

ئەلف– جەماوەری ناوێكچوو (جماهیر غیر متجانسة)

١– جــەماوەری غافـڵ‌و بێئاگـا ( بـۆ نموونــە وەك جــەماوەری پیــادەی سەرجادەو شەقامەكان).

٢– جـــەماوەری ناغافـــڵ‌و بـــەئاگا (وەك دەســـتەی ســـوێندخۆران، ئەنجومەنەكانی پەرلەمان... تاد).

بێ – جەماوەری وێكچوو (جماهیر متجانسة)

١– تایەفەكان (تایەفەگەلی سیاسی، تایەفەگەلی ئایینی... تاد).

٢– دەســتەو تاقمــەكان (تــاقمێكی ســەربازیی، كــەهنوتی، تــاقمێكی كرێكاریی... تاد).

٣– چینەكان (چینی بۆرژوا، چینی جووتیاران... تاد).

با بەچـەند وشـەیەكی كـەم ئـەو تایبەتمەندییانـە لێكبدەینـەوە كـە توێـژە جیاوازەكانی جەماوەر لەیەكتری جیادەكەنەوە[١].

[١] خوێنەر دەتوانێت لەدوا كتێبمدا وردەكارییەكانی لەبارەی توێژە جیاوازەكانی جەماوەرەوە دەستبكەوێت: (سایكۆلۆژیای سیاسی، بیروڕاو بیروباوەڕەكان، سایكۆلۆژیای شۆڕش).

### ١- جەماوەری ناوێكچوو

ئەمجۆرە خڕبوونەوانە ئەوانەن كە پێشتر باسمان لەتایبەتمەندییەكانیان كرد. كە بێ هیچ ئەمسەرو ئەوسەرێك لەچەند تاكەكەسێك پێكهاتوون، بەبێ ڕەچاوكردنی كارو پیشە یان زیرەكییان.

هەروەها لەم كتێبەدا ئەوەشمان سەلماند كە باری سایكۆلۆژی ئەوانەی لەناو جەماوەردان لەبنەڕەتەوە جیاوازە لەسایكۆلۆژیای تاكەكەسییان. لەباری یەكەمدا زیرەكی تاكەكەسی هیچ ڕۆڵێكی نییە، چونكە كاتێك مرۆڤ دەچێتە ناو كۆمەڵێكەوە ڕۆڵی خۆی پەكدەخات و ئەوەی لەوكاتەدا ڕۆڵ و كاریگەریی دەبێت تەنها سۆزمەندییە ناهۆشمەندەكانیەتی.

فاكتەری ڕەگەزیش هەیە، ڕێگەمان پێدەدات بەوەی جۆرە جیاوازەكانی جەماوەری ناوێكچوو دابەش بكەین و لەیەكتریان جیابكەینەوە.

وابزانم زیاتر لەجارێك باسمان لەرۆڵی ڕەگەز كردووەو ئەوەمان دەرخستووە كە گەورەترین فاكتەرە لەدیاریكردنی كارو كردەوەكانی مرۆڤ و خۆساغكردنەوەیاندا. تەنانەت لەتایبەتمەندییەكانی جەماوەریشدا كاریگەرییەكەی بەدەردەكەوێت. ئەو ژمارە زۆرەی لەتاكەكان پێكهاتوون و دەچنەوە سەر یەك ڕەگەزی وەك ئینگلیز یان چینییەكان، زۆر جیاوازە لەو ژمارە زۆرەی كە ئەوانیش هەر لەتاكەكان پێكهاتوون بەڵام دەچنەوە سەر چەند ڕەگەزێكی تری وەك: ڕوس و فەڕەنسی و ئیسپانییەكان و...تاد.

ئەو جیاوازییە قووڵانەی كە زادەی پێكهاتەی زەینیانەی بۆماوەیی مرۆڤن لەڕووی شێوازی هەستكردن و بیركردنەوەوە، زۆر بەڕوونی دەردەكەون، ئەگەر هەندێك هەلومەرجی زۆر دەگمەنیان بۆ بڕەخسێت. لێرەدا مەبەستم لەو هەلومەرجانەیە كە لەهەمان حەشامات و بەرێژەی یەكسان كەسانێك كۆدەكەنەوە كە سەر بەچەند ڕەگەزێكی جیاوازن، جا وێكچوویی ئەو





بەرژەوەندییانەی لەرووالەتدا كۆیاندەكاتەوە هەرچییەك بن. لەمەوەیە كەهەوڵەكانی سۆشیالیستەكان هەمیشە شكستخواردوو بووە لەوەی بتوانن لەیەك كۆنگرەی گەورەدا نوێنەرانی بزووتنەوە كرێكارییەكان لەهەر وڵاتێكدا بتوێننەوەو دواجاریش كۆنگرەكە بەچەند ناكۆكی و جیاوازییەكەوە كۆتایی هاتووە. جەماوەری لاتینی پلەی شۆڕشگێڕییەكەی یان موحافیزكارییەكەی چەندێك بێت بەڵام بۆ بەدیهێنانی داخوازییەكانی هەر پەنا دەباتە بەر دەخاڵەتكردنی دەوڵەت. لەبەرئەوە هەمیشە لەلایەنگرانی یەكێتی ناوەندە. ئەوەتا لە لایەنگرانی قەیسەری داپلۆسێنەرە، ئیدی شتێك كەم یان زیاتر. بەڵام جەماوەری ئینگلیزی یان ئەمریكی، بەپێچەوانەوە، ئیعتراف بەدەوڵەت ناكەن بەڵكو تەنها پشت بەدەستپێشخەری تایبەت دەبەستن. خەڵكی فەڕەنسیش بەشێوەیەكی تایبەتی و پێش هەر شتێك گرێدراوی بیرۆكەی یەكسانین، لەكاتێكدا خەڵكی ئینگلیزی گرێدراوی ئازادین. ئەم جیاوازییانە لەرەگەزدا ژمارەیەك لەجەماوەر دروستدەكەن كە تارادەیەك یەكسانن بەژمارەی نەتەوەكان.

لەمەوە بەو دەرەنجامە دەگەین كە ڕۆحی ڕەگەز بەشێوەیەكی تەواو باڵی بەسەر ڕۆحی جەماوەردا كێشاوە. ئەو جەوهەرە بەهێزەیە كەسنوور بۆ هەموو هەڵبەزو دابەزو گۆڕانێك دادەنێت. هەتاوەكو ڕۆحی ڕەگەز بەهێزتر بێت تایبەتمەندییەكانی جەماوەر هێمنتر دەبن و دەركەوتنیشیان كەمتر دەبێت. باری خەڵك و هەژموونی جەماوەر، جۆرێك لەهەمەجیەت یان گەڕانەوەی هەمەجیەت پێكدەهێنن. هەتا بێت ڕەگەز، لەرێگەی دەستخستنی ڕۆحێكەوە كەپێكهاتەكەی توندو قایم بێت، زیاترو زیاتر لەهێزی سەرشێتانەی جەماوەر ڕزگاری دەبێت و لەباری دڕندەیی دەربازدەبێت.

جگە لەفاكتەری رەگەز، تاكە پۆلێنكردنێكی گرنگی تر بۆ جەماوەری ناوێكچوو هەبێت، جیاكردنەوەی جەماوەری غافڵو بێئاگایە، وەك جەماوەری پیادەی سەرجادەو شەقامەكان، لەجەماوەری ناغافڵو بەئاگای وەك ئەنجومەنەكانی پەرلەمانو دەستەكانی سوێندخۆران. لەلای جەماوەری یەكەم (جەماوەری غافڵو بێئاگا) هەستكردن بەبەرپرسیارێتی بوونی نییە، بەڵام لەلای دووەمیان (جەماوەری ناغافڵو بەئاگا) ئەم هەستە لەئاستێكی بەرزدایەو هەر ئەمەشە زۆرجار وادەكات چەندین تێڕوانینی جیاواز بەسەر كارەكانیاندا بسەپێنێت.

## ٢- جەماوەری وێكچوو

جەماوەری وێكچوو لەمانە پێكهاتووە: ١- تایەفەكان، ٢- دەستەو تاقمەكان، ٣- چینەكان.

تایەفە، یەكەم قۆناغە لەقۆناغەكانی پێكهاتنی جەماوەری وێكچوو. هەندێكجار تایەفە لەچەند كەسێك پێكدێت كە لەڕووی كەلتوورو پیشەو ناوەندەوە زۆر لەیەكتر جیاوازن، بەجۆرێك كەهیچ رایەڵەیەكیان لەنێواندا نییە جگە لەعەقیدەو ئیمان نەبێت. لەوانەش وەك تایەفە ئاینیی و سیاسییەكان.

بەڵام دەستەو تاقم بریتییە لەبەرزترین پلەكانی رێكخستنو جەماوەری لەسەر دەپێورێت، لەكاتێكدا تایەفە پێكهاتووە لە كەسانی خاوەن پیشەو كەلتوورو ناوەندەكان، كە زۆرجار، جیاوازییان زۆرە لەگەڵ یەكترداو هیچ رایەڵەو پەیوەستبوونێكیان لەنێواندا نییە، تەنها لە بەشداریكردنیاندا نەبێت لەبیروباوەڕەكاندا، بەڵام دەستەوتاقم تەنها ئەوكەسانە دەگرێتەوە





كەهەمان كارو پیشەیان هەیەو خاوەن پەروەردەو ناوەندێكی تاڕادەیەك لەیەكچوون. لەنموونەكانیشیان تاقمی سەربازیو ئاینی.

بەڵام چینەكان لەو كەسانە پێكدێن كە وێڕای ئەوەی بنەچەی جیاوازیان هەیە بەڵام لەیەكچوون، ئەمەش نەك لەرێگەی بەشداریكردنیانەوە بێت لەبیروباوەڕەكاندا وەك ئەندامانی تایەفە، یان لەرێگەی ئەمەوە بەشداری لەبایەخە پیشەییەكاندا بكەن وەكئەوەی ئەندامانی دەستەو تاقم دەیكەن، بەڵكو لەرێگەی هەندێك بەرژەوەندیو چەند نەریتێكی ژیانو پەروەردەی لێكچووەوەیە، لەوانەش وەك چینی بۆرژوا، چینی كشتوكاڵی، ... تاد.

لەبەرئەوەی لەم كتێبەدا تەنها لێكۆڵینەوەم لەسەر جەماوەری وێكچوو كردووە، لەبەرئەوە چیدی لەمەودوا تەنها بایەخ بەهەندێك لەتوێژەكانی پێكهاتەی جەماوەری هەڵبژێردراو دەدەم، ئەویش وەك چەند نموونەو مۆدێلێكی دیاریكراو.

## بەشی دووەم

## ئەو جەماوەرەی پێیدەگوترێت تاوانبار

جەماوەر دوای هەڵچوونو حەماسەتیش، هێشتا وەك كەسانی رۆبۆرتو ناهۆشمەندو ئەوانەیان بەسەر نایەت کە خرۆشاندنەکانو جۆشدەران دەیانبزوێنن، بۆیە لەهەمووو بارێکدا پێمان قورسە جەماوەر بەتاوانبار وەسفبکەین. بەڵام ئەڵێی چی تازە ئەو وەسفە هەڵەیەی بەسەردا براوەو لەناو چەند لێکۆڵینەوەیەکی دەروونیدا ئەم شتە چەسپیوە. گومان لەوەشدا نییە کەجەماوەر لەهەندێك کاروکردەوەیدا تاوانبارە، ئەگەر هەر خودی خۆیو لەپێناو خۆیدا وەریبگرین. جەماوەریش وەك ئەو پڵنگە بەتاوانبار دادەنرێت کەهیندییەکی لووشداو پاشان بێچووەکانی خۆی تێبەردا بۆ ئەوەی کەیفخۆش بن پێی.

دەتوانین لەسەر ئەمە رووداوێك بهێنینەوە کەنموونەییە، ئەویش کوشتنی دۆلۆنێی بەڕێوەبەری زیندانی باستێلە. دوای ئەوەی دەست بەسەر ئەو زیندانەدا گیرا، بەڕێوەبەرەکەی لەهەرچوارلاوە کەوتە بەر لێدانو زرمو کوتی جەماوەر. تەنانەت هەندێکیان پێشنیاری ئەوەیان کرد لەسێدارە بدرێتو هەشبوو دەیگووت یان سەری ببردرێت یاخود سەری بەکلکی ئەسپێکەوە ببەسترێتەوەو بەشەقامدا رابکێشرێت. وەختێك بەڕێوەبەرەکە بەڕاستو چەپدا تێیاندەسرەواند، نەیزانی جووتەیەکی سرەواندە یەکێك لەئامادەبووان، بۆ ئەمە یەکێکی ناو حەشاماتەکە پێشنیاری ئەوەیکرد کە





ئەو پیاوەی جووتەکەی بەرکەوتووە با بەدەستی خۆی سەری بەڕێوەبەرەکە لەلەشی جیابکاتەوە.

یەکێك لەوانەی بەچاوی خۆی لەناو ئەم دیمەنەدا بووە دەڵێت:

"ئەو پیاوەی جووتەکەی بەرکەوتبوو، چێشتلێنەرێکی گەڕۆکی نیمچە بێکار بوو، چوو بووە باستێل بۆ ئەوەی بزانێت لەوێ چی روودەدات، وەختێك بینیبووی هەمووان کۆكو رێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە بەڕێوەبەرەکە وا لێبکەنو ئەوەش کارێکی نیشتمانپەروەرانەیە، ئەویش دەمودەست رازی ببوو. تەنانەت پێیوابوو کە شایانی ئەوەیە بەرامبەر کوشتنی ئەو دڕندەیە مەدالیای رێزگرتنی بدرێتێ. شمشێرێکیان پێداو ئەویش لەملیدا. بەڵام شمشێرەکە ئەوەندە تیژ نەبوو تا بتوانێت سەری بپەڕێنێت. لەتاوا چەقۆیەکی دەسك رەشی لەگیرفانی خۆی دەرهێناو وەك چێشتلێنەرێك گۆشتەکەی توێ توێ کردو خۆشبەختانە سەری لەلەشی جیاکردەوە".

لەمەدا نموونەیەکی زیندوو لەسەر ئەو میکانیزمەیە دەبینین کە پێشتر لەبارەی شێوازی کارکردنی جەماوەرو پەرچەکردارەکانییەوە باسمان کرد. ئەگەر سەیر بکەین دەبینین پیاوە بکوژەکە بەوپەڕی گوێڕایەڵییەوە دەچێتە ژێرباری جۆشدانەکەوە، هۆکەشی ئەوەیە جۆشدانەکە لەهێزێکی بەکۆمەڵو جەماوەرییەوە هاتووە، ئیدی ئەو کەسە وا هەستدەکات بەمە کارێکی نەمرانەو قەناعەتێکی سروشتیانەی خۆی ئەنجامداوە چونکە رەزامەندییەکی بەکۆمەڵی هاوڵاتییەکانی لەسەر بووە. دەکرێت کاری لەمچەشنە بەتاوان بژمێردرێت، بەڵام لەڕووی یاساییەوە نەك لەڕووی دەروونییەوە.

ئەو تایبەتمەندییە گشتیانەی جەماوەر هەیەتیو بەتاوانبار ناودەبرێن، ڕێکەوڕاست هەمان ئەو تایبەتمەندییانەن کە لەلای هەموو جۆرەکانی جەماوەر دیمانن. ئەو تایبەتمەندییانەش بریتین لە: توانای جۆشدان، ساویلکەیی یان خۆشباوەڕیی، بزێویی و سووکەڵەیی، زێدەڕۆیی لەسۆزمەندیدا جا باش بێت یان خراپ، بڵاوکردنەوەی هەندێك فۆرمی ئەخلاقیو...تاد.

ئێمە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لەلای جۆرێك لەجۆرەکانی ئەو جەماوەرە دەبینینەوە کەدڕندەترینو تاوانبارترین یادەوەرییان لەمێژوومان‌دا جێهێشتووە: مەبەستم لەگرووپی سێپتەمبەرە (یان ئەو ئەیلوولییانەی بەشدارییان لەقەتڵوعامەکانی ئەیلولی ساڵی ١٧٩٢ی فەڕەنسادا کرد). ئەم خەڵکە لەزۆر خاڵدا لەو حەشاماتە دەچن کە قەسابخانەکانی سانت برنیلیمیان ئەنجامدا. من وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوانە لە"تین"ی فەیلەسوفەوە وەردەگرم، کە ئەویش لەیادەوەرییەکانی ئەو سەردەمەدا وەریگرتوون.

بەتەواوەتی ئەوە نازانین کە کێ ئەو فەرمانانەی دەرکردووە یان کێ پێشنیاری چۆڵکردنی زیندانییەکانی داوە لەڕێگەی کوشتنی خودی زیندانییەکان خۆیانەوە. جا ئەوە دانتۆن بێت، کە شتێکە ڕێی تێدەچێت، یان هەرکەسێکی تر، ئەوە زۆر گرنگ نییە. تاکە شتێکی گرنگ هەبێت بەلامانەوە ئەو پێشنیارە جۆشو خرۆشدەرە گەورەو گرانەیە کە خەڵکەکە رادەسپێرێت بۆ ئەنجامدانی کوشتو بڕەکە.

ئەو سوپا پیاوکوژەی قەسابخانەکەی ئەنجامداوە، ژمارەیان خۆی لە سێسەد کەسێك داوەو ئەمەش جۆرێکە لەمۆدێلی نموونەییانەی خەڵکێکی ناوێکچوو. چەند کەسێکی پیاوخراپی تایبەتمەندیان لێدەرچێت، ئیدی





ئەوانیتریان پێکهاتوون لەکەسانی دوکانداڕو پیشەوەری جۆراوجۆر لەئەسکافییەکانو ئاسنگەرو سەرتاشو وەستای خانووبەرەو فەرمانبەرو چەرچیو وردەواڵە فرۆشەکانو...تاد. ئەمانە بەچەشنی ئەو چێشتلێنەرەی پێشتر باسمانکرد، لەژێر کاریگەریی پێشنیارە جۆشدەرەکەدا دەبزوێنرین، چونکە باوەڕیان وایە کە ئەوان ئەرکێکی نیشتمانی جێبەجێدەکەن. ئەوان کارێك ئەنجامدەدەن دووفاقییە: ئەوان لەیەککاتدا دادوەرو جەلادیشنو هیچ کاتێکیش خۆیان بەتاوانبار نازانن.

دوای ئەوەی حەماسەتیان پڕدەبێتو قەناعەتی تەواو دەهێنن بەو ڕۆڵەی دەیبینن، ئنجا دەستدەکەن بەپێکهێنانی جۆرێك لەدادگاییکردن. یەکسەر گیانی سادەبوونەوەی جەماوەرو دادپەروەرییەکەی، کەئەمیشیان گیانی سادەبوونەوەکەی کەمتر نییە، دەردەکەوێت. بەهۆی ژمارە زۆریی تۆمەتبارەکانەوە جەماوەر دێت بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە هەموو یەکێك لەخانەدانو قەشەو ئەفسەرو خزمەتکارانی پاشا، واتە هەموو ئەو کەسانەی هەمان کارو پیشەی ئەوان پێکدەهێننو لەدیدی نیشتمانپەروەرانەی ڕاستەقینەوە بەتاوان دەژمێردرێت، هەموو ئەوانە پێکەوە دەکوژرێن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە بڕیارێکی تایبەت هەبێت. خۆ ئەگەر هۆشیاری سەرەتاییانەی جەماوەر بەو شێوەیە تێر نەکرێت، ئەوا دەتوانێت دوای ئەوە بەوپەڕی سنگدەرپەڕاندنەوە قەسابخانە ئەنجامبداتو غەریزە زیانبەخشەکانی بەبێ هیچ بەربەستێك بخاتەگەڕ. لەشوێنێکی تردا سەرچاوەو کانگای ئەو غەریزانەم نیشاندا کە حەشاماتێکی کۆبۆوە دەتوانێت تا ئەوپەڕی ڕادە پەرەیانپێبداتو زیادیان بکات. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ڕێگە لەدەرکەوتنی چارەهەڵنەگری سۆزمەندییە دژەکانی تر بگرێت،

کە لەلای جەماوەر بوونەتە ڕێسایەك، ئەویش وەك ئەو هەستیارییە زۆر توندڕەوەی لەدڕندەیی دەچێت.

تین دەڵێت: "سۆزمەندیی جەماوەر پەلهاوێژەو ئاستی هەستیارییەکەی وەك هەستیاریی کرێکارێکی پاریسی ئامادەو بەهەڵمەتە. کاتێك یەکێك لەفیدرالییەکان بەوەی زانی کە لەکلێسادا پاسەوانەکان بۆ ماوەی بیستو شەش سەعات ئاویان نەداوەتە گیراوەکان، ویستی ئەو پاسەوانە بەرپرسە لابەرێت کە کارەکەی خۆی پشتگوێخستووە. خۆ ئەوەشی دەکرد ئەگەر گیراوەکان لێی نەپاڕانایەتەوەو هانایان بۆ نەبردایە بەوەی کە ئەو کارە نەکات. کاتێکیش یەکێك لەزیندانییەکان لەرێگەی دادگایەکی ڕاستەوراستەوە ئازاد کرا، پاسەوانو پیاوکوژەکانو هەموو جیهان بەوپەڕی خۆشییەوە ماچیانکردو بەجۆرێك لەشێتیو وڕێنەوە چەپڵەیان بۆ لێدا". پاشان دەستدەکەنەوە بەکوشتنی خەڵك. لەسەروبەندی ئەنجامدانی قەسابخانەدا خۆشییەکی نەرمو نیانو ناسك باڵ بەسەر هەمووواندا دەگرێت. بەدەوری لاشەکاندا سەما دەکەنو گۆرانی دەڵێن پاشان کورسییەکان بۆ ئەو "خانمانـ"ـە ریزدەکەن کە بە بینینی کوشتنی ئەرستۆکراسییەکان بەختەوەردەبن ... پاشان بەردەوام دەبن لەسەر دەرخستنی جۆرە دادپەروەرییەکی زۆر سەیرو سەمەرە. یەکێك لەمرۆڤکوژەکان لەکلێسادا شکاتی کرد لەوەی کە ئەو ئافرەتانەی تارادەیەك لەدوورەوە دانیشتوون دیمەنەکە بەباشی نابینن‌و هەندێك لەئامادەبووانیش تەنها چێژ لەلێدانی ئەرستۆکراسییەکان وەردەگرن، بەگوێی شکاتەکەی دەکەن‌و بڕیاردەدەن قوربانییەکان بەکاووخۆ بەناو دوو ریزی ئەمبەروئەوبەری ئەو کەسە مرۆڤکوژانەدا تێبپەڕن کە تەنها پشتی شمشێرەکەیان بەکاردەهێنن بۆ خاتری ئەوەی ماوەی ئەشکەنجەدانەکە درێژبێتەوە. دواتر بەزەبری هێز





هەموو قوربانییەکانیان رووتکردەوەو لە نیو سەعاتدا ونجڕونجڕیان کردن، پاشان دوای ئەوەی هەمووان دیمەنەکەیان بینی ئینجا لەرێگەی هەڵدڕینی زگیانەوە دەیانکوژن.

ئەوەی راستی بێت کەسە سەربڕەکان زۆر بەدیقەتو توند بوون، ئەو ئەخلاقیەتە بێوەیە بەرجەستە دەکەن کە لەناو ناوەندەکانی جەماوەردا ئاماژەمان بەبوونیان کرد، بۆ نموونە ئەو هەموو پارەو خشڵانەیان دەخستە سەر مێزی لیژنەکان کە لەگیرفانی قوربانییەکاندا دۆزیبوویانەوە.

لەهەموو کاروکردەوەکانی جەماوەردا هەمیشە شێوە سەرەتاییو زبرەکانی دادگای عەقلانی دەبینین. ئەمەیە کە جیاوازی دەداتە رۆحی جەماوەرو جیایدەکاتەوە. بۆ نموونە دوای ئەوەی دوانزە هەزار یان پانزە هەزاریان لەدوژمنانی نەتەوە سەربڕی یەکێکیان سەرنجی ئەوەیدا کە زیندانییەکانی تریش سواڵکەرو کەسانی سەرجادەو بێکارو زیندانیانی لاویان تێدایە، واتە ئەوەی تێیدایە چەند دەمێکی برسیو بێکەڵکن، لەبەرئەوە خۆرزگارکردن لەدەستیان کارێکی خراپ نییە، ئەوەبوو دەمودەست پێشنیارەکەی پەسەند کرا. پاشان دایەدەمیو گووتی لەنێویاندا دوژمنانی گەل هەیە لەوێنەی خاتوو دۆلارو بێوەژنی ژەهرپڕژدا. "پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەو خانمە بەهۆی زیندانیکردنەکەیەوە تووڕە بێت. ئەگەر بیتوانیایە پاریسی بەهەموو ئەوانەشەوە دەسووتاند کەتیایدان. گومان لەوەدا نییە کەئەو خانمە وایگوتووە، کە پێویستە زەبرێکی تری تێسرەوێنرێت". مشتومڕەکەی چاوی عەقڵو راستی کوێرکردو نەیهێشت. هەموویانیان کوشتو لەبنوبێخیان دەرهێنان، لەنێویشیاندا پەنجا منداڵ هەبوو کەتەمەنیان لەنێوان دوانزە بۆ هەڤدە ساڵ بوو. گوتی ئەوانیش ئەگەر

بژین‌و گەورە بن هەر دەبنەوە بەدوژمنی گەل، لەبەرئەوە پێویستە ئەوانیش بکوژرێن.

دوای هەفتەیەكی تەواو لەكاركردن هەموو ئەو پرۆسانە كۆتاییانهات‌و سەربڕەكان پشوویاندا، لەبەرئەوەی قەناعەتیان بەوە هەبوو كە ئەوەی لەسەرشانیانە بۆ نیشتمانیان ئەنجامداوە، بۆیە داخوازییەكیان ئاڕاستەی دەسەڵاتەكان كردو تێیدا داوای پاداشتیان كرد، تەنانەت ئەوانەشیان كە زۆر حەماسی بوون داوای مەدالیایان دەكرد.

ئەگەر كۆمۆنەی پاریسی ساڵی (١٨٧١)مان خوێندبێتەوە، زۆر رووداوی لەمچەشنەی تێدا دەبینین. كاریگەریی زۆری جەماوەرو ملدانی چەندجارەی دەسەڵاتەكان لەبەردەم جەماوەردا، بەدڵنیاییەوە، چەند نموونەیەكی زۆرترمان پێكەشدەكەن.

# بەشی سێهەم

## سوێندخۆرانی دادگای تاوانەکان

ئەگەر لێرەدا نەمانتوانیبێت لەهەموو توێژە سوێندخۆرەکان بکۆڵینەوە، ئەوا بەوەندەوە دەوەستینەوە لێکۆڵینەوە لەبارەی گرنگترین توێژەوە بکەین کەئەویش توێژی دادگای تاوانەکانە. ئەم توێژە بەباشترین نموونە دادەنرێت لەسەر جەماوەری ناوێکچووی ناغافڵ، جگە لەوەی ئەم تایبەتمەندییە بنچینەییانەشی تێدا دەدۆزینەوە، وەك: بوونی توانای جۆشدان، هەژمونی سۆزمەندیی ناهۆشیار، کەمتوانایی لە دادگاییکردنی عەقڵیدا، کاریگەریی سەرۆك و بزوێنەران...تاد. وەختێك ئێمە دیراسەی ئەم توێژە لەجەماوەر دەکەین، دەرفەتێکی لەبارمان بۆ دەڕەخسێت سەبارەت بەسەرنجدان لەچەند کۆمەڵە هەڵەیەکی گرنگ کە خەڵکانێك ئەنجامیانداون و هیچ ئەزموونێکیان لەگەڵ سایکۆلۆژیای گروپ و کۆمەڵەکاندا نییە.

سوێندخۆران ئەوە دەسەلمێنن کەئاستی عەقڵیی ئەو توخمە جیاوازانەی جەماوەرێك پێدەهێنن بایەخێکی کەمیان هەیە، ئەویش لەروانگەی ئەو بڕیارانەی دەرکراون. سەبارەت بە ئەنجوومەنەکانی پەرلەمان و ئەو ئەنجوومەنی راوێژکارەی بانگهێشتکراوە بۆئەوەی بیروڕای خۆی لەبارەی مەسەلەیەکەوە بدات، کە تەنها مۆرکێکی تەکنیکیانەی نییە، ئەوەمان بەدیکرد کە زیرەکی تێیاندا هیچ رۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت. هەروەها ئەوەشمان بینی کە ئەو داوەرییانەی کۆڕی زانایان یان هونەرمەندان





سەبارەت بەبابەتە گشتییەکان دەریدەکەن، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ ئەو داوەرییانەی کە کۆمەڵەی وەستاکان یان نەخوێندەواران دەریدەکەن. لەقۆناغە جیاوازەکاندا بەمەبەستی پێکهێنانی دەستەی سوێندخۆران، ئیدارە زۆر بەوردیی ئەو کەسە بانگهێشتکراوانە هەڵدەبژێرێت کە لەناو ریزەکانی چینە بیر رۆشن و کراوەو خوێندەوارەکاندان، وەك مامۆستایانی زانکۆو فەرمانبەران و ئەدیبان و...تاد. بەڵام دەستەی سوێندخۆر لەمڕۆدا بەشێوەیەکی تایبەتی لە وردە بازرگان و خاوەنکارو فەرمانبەران پێکهاتووە. بۆ کەمکردنەوەی سەرسوڕمانی زۆری نووسەرانی پسپۆڕ، کاتێك لەئامارەکانەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەو بڕیارانەی دەردەچن دواجار هەرهەموویان لەیەکدەچن، جا پێکهاتەی دەستەی سوێندخۆر هەرچییەك بێت و چەندێك جیاوازو هەمەڕەنگیش بن. خودی دادوەرەکان خۆیان، سەرباری دوژمنایەتی زۆریان بۆ پێکهێنانی دەستەی سوێندخۆر، بەڵام دانیان بە دروستی ئەو قسەیەدا نا. با ئێستا ئەو شتانەتان پێبڵێین کە بەڕێز بیرار دی گلاجۆی سەرۆکی پێشووی داگای تاوانەکان لەوبارەیەوە لەیاداشتەکانیدا باسیاندەکات:

"لەراستیدا ئەمڕۆ دەستنیشانکردنی دەستەی سوێندخۆران لەدەستی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیدایە. دانان و لابردنی کەسێك لەلای ئەمانە دەکەوێتە سەر حەزو ئارەزوویان و ئەو بەرژەوەندییە سیاسی و هەڵبژاردنیانەی تایبەتن بەباروزروفیانەوە... زۆربەی ئەوانەی هەڵبژێردراون لەو بازرگانانە پێکهاتوون کە بایەخیان کەمترە لەهەموو ئەوانەی کە لەرابوردوداو لە فەرمانبەرانی هەندێك لەکارگێڕییەکان هەڵبژێردرابوون... هەموو بیروڕاکان تێکەڵ بەسەرلەبەری پیشەکان دەبن لەو رۆڵەی کە دادوەر پێیهەڵدەستێت، زۆرێك هەن بە رادەی بڕواداری ئایینێکی نوێ چێژ لەو

حەماسەتە دەبینن. ئەو پیاوانەشی نیەتێكی چاكیان هەیە لەو حاڵەتانەدا پێكدەگەن كە زۆر سادەو خاكین، بەڵام رۆحی لیژنەی ناوبژیوانیكردن نەگۆڕاوە: چونكە ئەو داوەرییانەی دەریانكردووە وەكخۆیان ماونەتەوە".

با لەو پەرەگرافەدا دەست بەو پێناسانەوە بگرین كە پێیگەیشتووەو بەلامانەوە زۆر راست دەردەكەون. لەلایەكی تریشەوە ئەو شیكاریی و لێكدانەوانە بخەینەڕوو كە زۆر لاوازن. بەڵام نابێت ئەو جۆرە لاوازییە سەرسامان بكات، چونكە لەوەدەچێت زۆربەی جارەكان سایكۆلۆژیای جەماوەر، هەروەها باری دەروونی سوێندخۆرانیش، لەلای پارێزەرانیش وەك دادوەران نادیار بێت. ئەمەشم لەو رووداوەدا سەلماندووە كە هەمان نووسەر باسیكردووە. چیرۆكەكە دەڵێت كە یەكێك لەپارێزەرە بەناوبانگەكان بەناوی لاشۆوە لەدادگای تاوانەكاندا مافی تانەكردنی زۆر بەكارهێناوە لەدژی هەموو ئەو كەسە زیرەكانەی كە رۆڵی ئەندامیان گێڕاوە لەلیژنەكەدا. بەڵام ئەزموون، ئەزموون بەتەنها، هەمووانی تێگەیاند لەوەی كە تانەكردن شتێكی مایەپووچە. بۆ ئەو مەبەستە ئێستا وەزارەتی كاروباری گشتی و پارێزەرەكان، لانیكەم لەپاریسدا، بەهەموو ئەو جۆرە پرۆسانەدا چوونەتەوە. وەك بەڕێز دی گلاجۆ تێبینیكرد داوەرییە دەرچووەكان نەگۆڕاون. "داوەرییەكان لەچاو پێشوویاندا نەباشترو نەخراپترن".

وەك هەموو جۆرەكانی جەماوەر، سوێندخۆرانیش زۆر دەكەونە ژێر كاریگەریی سۆزمەندییەكان و زۆر بەكەمیش لەژێر كاریگەریی دادگاو بگرەوبەردە عەقڵییەكاندایە. یەكێك لەپارێزەرەكان دەڵێت: "ئەوانە ناتوانن خۆیان لەبەردەم دیمەنی ژنێكدا بگرن كە شیر دەداتە منداڵەكەی، یان خۆیان لەبەردەم دیمەنی كەژاوەی هەتیوێكدا بگرن كە بەبەردەمیاندا تێدەپەڕێت".





بەڕێز دی گلاجۆ دەڵێت: "جوانی و ناسكی ئافرەتێك بەسە بۆئەوەی سۆزی دەستەی سوێندخۆران بەدەستبهێنێت".

سوێندخۆران هیچ رەحم و بەزەییەكیان بەو تاوانانەدا نایەتەوە كەبەمەترسیدارترین شتی كۆمەڵگە دەزانرێن. كەچی لێبوردەن بەرامبەر ئەو تاوانانەی پێیاندەگوترێت غەرامی یان سۆزداریی. زۆر بەدەگمەن رێدەكەویت توندبن بەرامبەر ئەو دایكانەی كوڕەكانیان دەكوژن، یان بەرامبەر ئەو كچە هەڵگیراوەی دەموچاوی ئەو پیاوە دەشێوێنێت كەویستویەتی دەستدرێژی بكاتە سەری، ئەمانە زۆر لێبوردەن بەرامبەریان. ئەمانە بەهۆی غەریزەوە ئەو هەستەیان لادروستدەبێت كە ئەو تاوانانە هیچ مەترسییەكیان بۆ كۆمەڵگە نییە. ئەو كۆمەڵگەیەی كچانی هەڵگیراوو وەدوكەوتوو ناپارێزێت تێیدا تۆڵەسەندنەوەی یەكێكیان سوودی زیاترە لەوەی زەرەرمەندبێت، لەبەرئەوەی دەبێتە بەربەستێكی پێشوەختانە لەبەردەم دەستدرێژكارەكانی تردا[1].

دەستەكانی سوێندخۆرانیش، وەك هەموو جەماوەر، لەژێر سیحری هەیبەت و شان و شكۆی شەخسیدان. لەبەرئەم هۆیەیە كە سەرۆك دی گلاجۆ

١ لێرەدا ئەوە دەبینین كەئەو پۆلێنكردن یان جیاكارییەی سوێندخۆران وەك غەریزەیەك دەیكەن لەنێوان ئەو تاوانانەی لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە مەترسیدارن لەگەڵ تاوانەكانی تردا، بەدەر نین لەراستی. چونكە پێویستە ئامانجی یاسا تاوانبارەكان بۆ پارێزگاریكردنی كۆمەڵگە بێت لەدەست تاوانباران نەك بۆ ئەوە بێت تۆڵەی بۆ بكەنەوە. بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە یاساكانمان و دواتریش بەشێوەیەكی تایبەتر ئەو رۆحەی كە دادوەرەكانمان بەڕێوەدەبات هێشتا لەژێر كاریگەریی رۆحی تۆڵەسەندنەوەدایە، كەئەمەش حاڵەتێكی تایبەتە بەیاسای سەرەتایی كۆن. زاراوەی تۆڵەسەندنەوە هەتا ئێستاش رۆژانە بەكاردەهێنرێت. ئەو زانیارییەمان لەلا هەیە كەزۆربەی دادوەرەكان نایانەوێت یاسا نایابەكەی بیرانجیە پیادە بكەن كە تاوانباركراو دووردەخاتەوە لەوەی سزا بدرێت تاوەكو تاوانێكی تر ئەنجام نەدات. لەكاتێكدا دەبێت لای دادوەر ئەوە ئاشكرا بێت كە پیادەكردنی یەكەمین سزا تارادەیەكی زۆر دووبارەكردنەوەی تاوانی تری لێدەكەوێتەوە. ئامارەكانیش راستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن. ئەو دادوەرانەی تاوانبارێك ئازاد دەكەن تووشی ئەو وەهمە دێن كەئەوان بەوە تۆڵەی كۆمەڵگەیان نەكردۆتەوەو بە دادپەروەرییەكەیان نەگەیاندووە. لەبری ئەوەی تۆڵەی بۆ بكەنەوە، بەچاكی دەزانن تاوانبارێكی مەترسیدار بەرهەمبهێنن.

زۆر بەجوانی بۆ ئەوەدەچێت کە ئەو دەستە دیموکراسییانە لەپێکهاتەیاندا ئەرستۆکراسییەك بە سۆزمەندیی و حەزەکانیانەوە دیارە. هەروەها دەڵێت: "ناوی پارێزەرەکەو ناوی خێزانەکەی دوو پشتگیری گەورەن بۆ بەرگریکردن لەمەسەلەی تۆمەتبارەکە. هەروەها ئەمە بۆ لەدایکبوون و سامان و وەسیەت و نێوونێوبانگەشی هەر راستەو هەموو ئەمانەش چەند هۆکارێکی یاریدەدەرن بۆ سەرکەوتنی بەرگریکردنەکە".

گرنگترین شت بۆ پارێزەری سەرکەوتوو ئەوەیە کەچۆن بتوانێت کاربکاتە سەر سۆزمەندییەکانی سوێندخۆران. خۆ ئەمانیش، وەك هەموو جەماوەرێکی تر، بەشێوەیەکی عەقلانیانە دادگای کاروبارەکان ناکەن و ئەگەر بشیکەن زۆر بەکەمی دەبێت، یان بڵێین ئەوەی بەکاریدەهێنن تەنها چەند شێوەیەکی سەرەتاییانەی بەعەقڵبوون و دادگاییکردنی عەقلانیانەیە. پارێزەرێکی ئینگلیز، کە نێوبانگە بەمورافەعەتە سەرکەوتووەکانی لەدادگای تاوانەکاندا، ئەو رێبازەی بەشێوەیەکی جوان شیتەڵکردۆتەوەو دەڵێت:

"وەختێك مورافەعەی دەکرد زۆر بەوردیی چاودێری دەستەی سوێندخۆرانی دەکرد. ئەم ساتەوەختەش گونجاو بوو. پارێزەرەکە لەرێگەی وریایی و ئەزموونەوە کاریگەریی هەر دەستەواژەیەك کەخۆی بیگووتایە یان هەر وشەیەکی لەسەر دەموچاویان دەخوێندەوەو لەمەش چەند ئەنجامێکی دەردەخست. جارێ پێش هەرشتێك دەیویست پێشوەخت ئەو ئەندامانەی پشتگیریی لە پرسەکەی دەکەن، لەوانی تر جیایانبکاتەوە. بەئاماژەدانێکی دەستی دڵنیای دەکردن، دوای ئەوە روویدەکردە ئەندامانی دەستە، کە کەمترین ئامادەییان تێدایە بۆ ئەوەی گوێ لەبۆچوونەکەی بگرن. پاشان هەوڵی تێگەیشتنی دەدا لەوەی کەبۆچی ئەوان دژی ئەو تۆمەتبارەن کەخۆی بەرگری لێدەکات، کەئەمەش لەنێو ئەرکەکانیدا قورسترین





قۆناغیەتی، چونکە دەشێت، بەدەر لەهۆکارەکانی دادپەروەریی، بێ شومار هۆکار هەبن بۆ ئیدانەکردنی تۆمەتبارەکە".

ئەم چەند دێڕە، ئامانجی هونەری گوتاربێژیی زۆر بەوردیی پوختدەکاتەوە، کە پارێزەرەکان بەهرەمەندن لێی. هەروەها مایەپووچی ئەو گووتارانەشمان بۆ دەردەخات کە پێشوەخت ئامادەکراون، چونکە دەبێت لەهەموو ساتێکداو بەپێی کاردانەوەی گوێگران گۆڕان لەقسەکاندا بکرێت.

گووتاربێژ پێویستی بەوە نییە هەموو ئەندامانی دەستەی سوێندخۆر رازیبکات، بەڵکو ئەوە تەنها کاری ئەو سەرکردە بزوێنەرانەیە کە کاریگەرییان لەسەر رای گشتی هەیە. لەهەموو جۆرەکانی جەماوەریشدا تەنها چەند کەسێکی کەمن کە سەرکردایەتی ئەوانیتر دەکەن. ئەو پارێزەرەی پێش کەمێك ئاماژەم پێدا دەڵێت: "لەرێی ئەزموونەوە بۆم دەرکەوتووە کە لەساتەوەختی دەرکردنی حوکمدا یەك پیاو یان دووانی چالاك هەبن بەسن بۆئەوەی قەناعەت بەهەموو ئەندامانی لیژنەکە بهێنن و رایانکێشن بۆ پەسەندکردنی بیروڕای خۆیان". هەروەها ئەرکەکە لەوەدایە کە ئەو دوو پیاوە یان سێ پیاوە لەرێی چەند پێشنیارێکی زیرەکانەوە قەناعەتیان پێبهێنن. پێویستە پێش هەر شتێك بتوانێت ئیعجابیان بەدەستبهێنیت، چونکە کاتێك ئیعجابی پیاوێکی ناو ریزەکانی جەماوەر بەدەستدەهێنین بەمە قەناعەتیمان هێناوەتە لای خۆمان و بەمەش ئامادە دەبێت هەموو ئەو بەڵگانە قبوڵبکات کەئێمە دەیخەینە بەردەستی و ئەویش بەشتی نایابیان دابنێت. لەکتێبێکی نایابی بەرێز لاشۆدا ئەم چیرۆکەی خوارەوەم دۆزییەوە:

"ئێمە دەزانین بەدرێژایی هەموو ئەو مورافەعاتانەی لەدادگای تاوانەکاندا بەرزیکردوونەتەوە، لاشۆ چاوی لەسەر دوو یان سێ لەو سوێندخۆرانە

هەڵنەبڕیوە كە ئەو زانیویەتی یان هەستی بەكاریگەرییان كردووە، بەڵام دڕن. بەشێوەیەكی گشتیش توانیویەتی تاڕادەیەك ئەو كەللەشەقانە رازیبكات. ئەگەرچی یەكێكیان بۆ ماوەی سێچارەك بەڵگەی زۆر كەللەڕەقانەی بەسەردا داباراندبوو، بەڵام هیچ سودێكی نەببوو. ئەو كەسەش لەریزی دووەمدا، دانیشتووی یەكەم‌و حەوتەم سوێندخۆریش بوو. هەتا مەسەلەكە گەیشتە رادەی بێزاریی! لەسەروبەندی موافەعەیەكی حەماسیانەی گەرمدا لاشۆ بەپڕتاو هەستاو رووی دەمی قسەكانی كردە سەرۆكی دادگای تاوانەكان‌و گووتی: سەرۆكی بەڕێز، ئەرێ ناتوانیت ئەو پەردەیە دابدەیتەوە كە بەرەوڕوومانە. كەسەكەی سوێندخۆری حەوتەم رووناكی لێبڕا. دەموچاوی سوورهەڵگەڕاو بزەیەك گرتی‌و چووە ریزی پارێزەرانی بەرگرییەوە"!...

لەم ماوەیەی دواییدا، نووسەرانی گەورە زۆر بەتوندی لەدژی بوونی دەستەی سوێندخۆران جەنگان، لەگەڵئەوەی كە ئەمانە تاكە رێگر بوون لەبەردەم ئەو هەڵانەی كە زۆرجار تاقمێكی بێسانسۆر ئەنجامیاندەدا[٢].

(٢) دامەزراوەی دادوەریی لەواقیعدا تاكە ناوەندە كەكاروبارەكانی ناكەونە ژێر هیچ چاودێریكردن‌و دایسپلینێكەوە. هەموو شۆڕشە دیموكراسییەكانی فەڕەنسا نەیانتوانی یاسای فەرمانی لێكۆڵینەوە بسەپێنن كە ئینگلتەرا زۆر شانازی پێوە دەكرد. (مەبەست لەفەرمانێكی قەزائییە بۆ لێكۆڵینەوە لەقانونیبوونی زیندانیكردنی كەسێكی گیراو). ستەمكارانمان رووخاند، كەچی لەولاوە لەهەر شارێكدا دادوەرێك دەبینین بەئارەزووی خۆی یاری بەشەرەفی هاوڵاتیان‌و ئازادییانەوە دەكات. بووكترین دادوەری لێكۆڵینەوە لەدەرەوەی قوتابخانەی مافەكان دەسەڵاتێكی زیادەڕەوی هەیە لەرەوانەكردنی زۆرترین ژمارەی هاوڵاتیاندا بەرەو زیندان تەنها لەسەر بناغەی گریمانەكردن بەگوناه- بێئەوەی پێویستی بەراوێژی كەس هەبێت یان هیچ بیانوویەك بۆ كەس بدۆزێتەوە. دەتوانێت شەش مانگ یان تەنانەت ساڵێكی رەبەقیش بەبیانووی لێكۆڵینەوەوە لەزینداندا بیانهێڵێتەوەو دواتریش ئازادیان بكات بێئەوەی هیچ قەرەبوویەك یان لێبووردنێكیان لێبكات لەكاتێكدا دوای دڵیابوون لەئەستۆپاكیان. دەركردنی فەرمانی ئامادەكردن (الاحضار) یەكسانە بەدەركردنی فەرمانی ئیجباریانەی نەفیكردن یان زیندانیكردن لەگەڵ یەك جیاوازیدا ئەویش ئەوەیە كە ئەمەی دواییان كراوەتە خەوشێك بەسەر رژێمی پاشایەتییەوە چونكە تەنها كەسایەتییە گەورەكان بۆیان





هەندێك لەو نووسەرانە دەیانەوێت دەستەی سوێندخۆران تەنها لەو ئەندامانە پێكبێت كە سەر بە چینە رۆشنگەرەكەن. بەڵام ئێمە پێشتر ئەەمان سەلماند كە تەنانەت لەو حاڵەتەشدا ئەو داوەرییانەی دەردەچن لەو داوەرییانە دەچن كە لەئێستادا دەردەچن. نووسەرانی تریش هەن نارەزایەتییان هەیە لەو هەڵانەی دەستە سوێندخۆرەكان ئەنجامیدەدەن‌و پوختەی قسەیان ئەوەیە كە ئەو دەستانە هەڵوەشێنەوەو دادوەران جێگەیان بگرنەوە. بەڵام ئەی چۆن ئەوەیان لەبیردەچێت كە ئەو هەڵانەی سوێندخۆرانی پێ تاوانبار دەكرێت بەوەی كە ئەنجامدەرێن، پێش هەر شتێكی ترو هەمیشە لەلایەن خودی دادوەران خۆیانەوە ئەنجامدراوە؟ چونكە ئەو تۆمەتبارەی نێردراوەتە بەردەم دادپەروەریی (دادپەروەریی سوێندخۆران) لەلای زۆرێك لەدادوەرەكان بەتاوانبار دانراوە، وەك دادوەری لێكۆڵینەوە، جێگری كۆماریی‌و ئەنجومەنی تۆمەتكار. ئەی ئەوە نابینن كە ئەگەر حوكمی كۆتایی لەلایەن دادوەرانەوە درا لەبری سوێندخۆران بەمە تۆمەتبارەكە شانسێكی گەورەی لەدەستدەچێت بەوەی كە وەك بێگوناهو ئەستۆپاكێك ئیعترافی پێبكرێت؟ هەڵەكانی سوێندخۆران هەمیشە بەپلەی یەكەم هەڵەی دادوەران بووە. هەروەها دەبێت لۆمەوسەركۆنەی دادوەران بكرێت كاتێك چەند هەڵەیەكی یاسایی خراپ دەبینن، وەك ئەو تاوانباركردنەی لە دكتۆر (س) روویدا... دادوەری لێكۆڵینەوەش بەشێوەیەكی زۆر كەللەشەقانەو گێلانە بەشوێنیدا چوو، چونكە كچێكی نیوە شێت دكتۆری تۆمەتبار كرد بەوەی كە بەرامبەر بە سی فرەنك منداڵی لەبار ئەو بردووە. دكتۆرەكە رەوانەی زیندان دەكرا ئەگەر ئەو تووڕەییەی

هەبووە بەكاریبهێنن، لەكاتێكدا ئەمڕۆ ئەم شتە چۆتە دەست سەرلەبەری چینێكەوە بەگشتی. ناكرێت هەرگیز بەچینێكی زۆر كراوەو سەربەخۆیان دابنێین.

جەماوەر نەبووایە کەبووە هۆی ئەوەی فەرمانی لێبوردنی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە بۆ دەربچێت. شەرەفو ئەستۆپاکی تۆمەتبار هەموو هاوڵاتییەکانی لەدەور کۆکردەوەو لەپاڵیدا ناشرینی ئەو هەڵەیەشیان سەلماند کە لەدژی ئەنجامدرا. خودی دادوەرەکان خۆشیان دانیان بەمەدا نا. بەڵام وێڕای ئەمە ئەو دەمارگیرییەی ئەو تاقمەی کۆکردبۆوە پاڵپێوەنان بەرەو ئەوەی هەوڵبدەن نەهێڵن ئیمزا لەسەر بڕیاری لێبوردنەکە بکرێت. لەهەموو ئەو پرسانەی لەمە دەچنو پڕیانە لەوردەکاریی تەکنیکی، هیچ شتێکیان لێتێناگەین، دەستەی سوێندخۆرانیش، وەك کاریی هەمیشەیی خۆی، گوێ بۆ وەزارەتی گشتی شلدەکاتو لەنێوان ئەوو خۆیدا دەڵێت کە دەبێت پرسەکە هەر راست دەربچێت، لەبەرئەوەی لەلایەن دادوەرانی شارەزاو عاریفەوە تاووتوێکراوە. ئەی کەواتە بەرپرسانی راستەقینەی هەڵەکە کێن؟ ئایا دەستەی سوێندخۆرانە یان دادوەران؟ کەواتە با دەست بەو کەنزەوە بگرین کە هەمانە: دەستەی سوێندخۆران. کە رەنگە تاکە توێژێکی ناو جەماوەر بێت کەهیچ کەسێتییەکی تاك نەتوانێت جێگەی بگرێتەوە. چونکە ئەوە تەنها لەتوانای دەستەی سوێندخۆراندایە کە بتوانێت رەقی ئەو یاسایە کەمبکاتەوە کە مادامەکی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەمواندا پیادە دەکرێت، لەبەرئەوە ئیعتراف بەحاڵەتێکی تایبەت یان هەڵاوێرکراو ناکات. کەسایەتی دادوەر لەئاست بەزەییدا هەستیار نییەو بگرە تەنها ئیعتراف بەدەقەکان دەکات، بەهۆی پیشە رەقەکەیەوە هەمان سزا دەسەپێنێت بەسەر دزێکی پیاوکوژو ئەو کچە هەژارەی لەتاو وازهێنانی مێردەکەیو نەداریی ناچاردەبێت منداڵی خۆی بکوژێت. لەکاتێکدا دەستەی سوێندخۆران، وەك شتێکی غەریزەیی، هەستدەکەن بەوەی کچە لەخشتەبراوەکە تاوانەکەی زۆر





کەمترە لەو مێردەی کە هەڵیخەڵەتاندووە. ئەمە لەکاتێکدا خودی پیاوەکە لەحوکمی یاسا رزگاری دەبێت! ئێمەش باوەڕدەکەین بەوەی کە کچەکەش شایستەی ئەوەیە یاساوە لێیبیورێتو لێیخۆشبێت.

بەو پێیەی من سایکۆلۆژیای دەستەوتاقمەکانو توێژەکانی تری جەماوەر دەناسم، هیچ حاڵەتێکی وام نەدیوە کەخۆم تێیدا تۆمەتبار بم بەوەی بەهەڵە تاوانێکم کردبێتو پێمچاکتربێت لەلایەن سوێندخۆرانەوە دادگایی بکرێم نەك لەلایەن دادوەرانەوە. لەبەرئەوەی لەگەڵ سوێندخۆراندا ئیعترافکردن بە ئەستۆپاکیم زۆرترە، لەکاتێکدا ئەو چانسەم لەگەڵ دادوەرەکاندا زۆر کەمە. کەواتە با بترسین لەجەبەروتی جەماوەر، بەڵام لەوەش زیاتر با لەجەبەروتی هەندێك دەستەوتاقمو تەحەکومکردنیان پێمانەوە بترسین. چونکە رەنگە هەندێك کەس بتوانن قەناعەت بەجەماوەر بکەن بەڵام ئەوانیتر هەرگیز دەست لەهەڵوێستیان هەڵناگرن.

## بەشی چوارەم

# جەماوەری هەڵبژاردن

مەبەست لەجەماوەری هەڵبـژاردن، ئـەو گروپانەیە كەبانگهێشتكراون بـۆ ئـەوەی بەرپرسـان لەهەنـدێك ناوەنـدو پۆسـتدا هەڵبـژێرن، ئـەم گروپانـە جـەماوەرێكی ناوێكـچوو پێكـدەهێنن. بـەو پێیـەی ئـەم جـەماوەرە تـەنها كاریگـەرییان بـۆ سـەر یـەك خـاڵی دیـاریكراو هەیـە، كەئـەویش هەڵبـژاردنی كەسێكە لەنێوان چەندین پاڵێوراودا، لەبەرئەوە تـەنها دەتـوانین هەنـدێك لـەو تایبەتمەندییانەی جەماوەری تێدا بدۆزینەوە كە پێشتر باسمان كردن. لـەو سیفەتە بنەڕەتیانەی ئەم جەماوەرە هەیـەتی، بەشێوەیەكی تایبـەتی، بریتین لـەوەی كـە: توانـای بیركردنـەوەی عەقلانیانـەی لاوازە، گیـانی رەخنەگرانـەی نییە، هەڵەشەیەو بەزوویی تووڕەدەبێت، ساویلكەو خۆشباوەڕە، سادەكارە. هەروەها لەبڕیارەكانیدا كاریگـەریی هەریـەك لەسـەركردە بزوێنـەرەكان و ئـەو فاكتەرانــــەی لەســــەرە كەپێــــشتر لێیانــــدواین: وەك جەختكردنــــەوە، دووبارەكردنەوە، هەیبەتی كەسێتی و تەنینەوە.

بـا سـەرەتا بـاس لەچـۆنێتی لەخشتەبردنی جـەماوەر بكـەین. لەمیانـەی دیراسـەكردنی ئـەو رەوت و شـێوازانەی كـەدەتوانن زیـاتر لەخـشتەی بـەرن دەتوانین سایكۆلۆژیاكەی بەشێوەیەكی باشتر هەڵبهێنجێنین.

یەكـەم سـیفەتێك كـە پێویـستە كەسـی پـاڵێوراو بـۆ هەڵبـژاردن هـەیبێت، هەیبـەتی كەسـێتیە، چـونكە هـیچ شـتێك ناتوانێـت قـەرەبووی هەیبـەتی





كەسێتی بكاتەوە جگە لـە سامان و دەوڵەمەندی نـەبێت. تەنانـەت بلیمـەتی و داناییش ناتوانن ببنە دوو توخمی سەركەوتن.

ئـەوەی بـەلای پـاڵێوراوەوە شـتێكی بنـەڕەتی و یەكلاكەرەوەیـە، پێویـستی زۆریـەتی بـەوەی بتوانێـت بـەرگی هەیبـەتی كەسـێتی بەدەستبهێنێت و بـەبێ هـیچ وتووێـژێك خـۆی بەسـەر كەسـانی تـردا بسەپێنێت. ئـەو دەنگدەرانـەی لەبنەڕەتـدا لـەكرێكارو جووتیـار پێكهـاتوون، زۆر بەدەگمـەن كەسـێك لـەنێو خۆیاندا هەڵدەبژێرن تاوەكو لەئەنجومەنی نوێنەراندا نوێنەرایـەتییان بكـات، ئـەویش لەبەرئـەوەی كەسـەكانی دەرەوەی خۆیـان هـیچ هەیبـەتێكیان نییـە. ئەمانـە پیاوێـك هەڵنابـژێرن هاوشـانی خۆیـان بێـت مەگـەر ئەمـە لەبـەر چـەند هۆكـارێكی لاوەكـی بكــەن، وەكئــەوەی بــۆ نموونــە بیانــەوێت بــەرووی كەسایەتییەكی بـەناوبانگ یـان خاوەنكـارێكی زۆر بـەهێزدا بوەسـتنەوە كـە بتوانێت رۆژانە دەنگدەر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیـەوەو ئـەو وەهمـەی بـداتێ كە ئەو سەرگەورەیەتی.

بـەڵام تـەنها هەیبـەتی كەسـێتی گـەرەنتی ناداتـە سـەركەوتنی پـاڵێوراو. دەنگـدەر حـەز دەكـات بـەوەی پـاڵێوراو مـەرایی بـۆ حـەزو ئـاوات و خـەون و لەخۆباییبوونەكـەی بكـات. بۆیـە پێویـستە لەسـەر پاڵێوراو كەسـی دەنگـدەر لـەناو مامەحەمـەیی و مەراییـدا نقـوم بكـات و هـیچ دوودڵـیش نـەبێت لـەوەی زۆرترین وادەو بەڵێنی بەسـەردا دابەشبكات. بۆ نموونـە پێویـستە لەبـەردەم حەشـاماتێكی كرێكاریـدا جنێـو بـەخاوەنكارەكان بـدات و چـەندێك تـوانی روویـان هـەڵماڵێت. بـەڵام هەوڵبـدات لەرێگـەی چـڕكردنەوەی تۆمەتـەكان و بـەهۆی جەختكردنــەوەو دووبارەكردنــەوەو تەنینــەوەوە، پـاڵێوراوە دژو نەیارەكـەی وردوخاشـبكات و تێكبـشكێنێت و بڵێـت كـە ئـەو گەمژەیەیـەكی زۆر كـەوتووەو هـەمووان دەیناسـن بـەوەی كـە چەندین تـاوانی ئەنجامـداوە.

دیارە هیچ پێویست بەسەلماندنی ئەو تۆمەتانە ناکات. خۆ ئەگەر نەیارەکەی باری دەروونی جەماوەر باش نەناسێت، ئەوا دەچێت لەرێگەی مشتومڕی عەقلانییەوە پاساو بۆ خۆی دەهێنێتەوە، لەبری ئەوەی زۆر بەسادەیی جەختکردنەوەی دژو ورتەورتی پێچەوانەی هەبێت. ئەگەر ئەوەی نەکرد ئەو وەختە هیچ چانسێکی سەرکەوتنی نابێت.

نابێت بەرنامە نووسراوەکەی کەسی پاڵێوراو زۆر وردو یەکلاکەرەوە بێت چونکە ئەمە هەلدەداتە دەست نەیارەکەی بەوەی کە دواتر هەر لەرێگەی ئەمانەوە بەرەنگاری بێتەوە. تەنانەت پێویست ناکات بەرنامە زارەکییەکەشی توندڕەو یان زیاد لەپێویست زێدەڕۆیی تێدا بێت. دیارە لەتوانای پاڵێوراودایە کە بەڵێنی چەند چاکسازییەکی گەورەو گران بداتە دەنگدەرەکانی، بەبێئەوەی هیچ ترسێکی لەمە هەبێت. ئەو وادەو بەڵێنانەی زێدەڕۆییان تێدایە لەکاتی خۆیدا کاریگەرییەکی گەورە لەسەر دەنگدەر دروستدەکەن، بەبێئەوەی هیچ ناچار بێت بەوەی کەدوای سەرکەوتنەکەی جێبەجێیان بکات. هەرگیز دەنگدەر دوای ئەوە ناچێت بکۆڵێتەوە لەوەی کە ئاخۆ پاڵێوراوەکەی پابەند بووە بەجێبەجێکردنی بەڵێنەکانیەوە یان نا، بەڵکو بەتەواوەتی ئەمەی بیرچۆتەوە، ئەگەرچی هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەو بەڵێنانەش یەکلابوونەتەوە.

بەمجۆرە هەموو فاکتەرەکانی قەناعەتپێکردن لێرەدا دەدۆزینەوە کەپێشتر باسمانکردن. جارێکی تریش پێیاندەگەینەوە کاتێک باس لەکاریگەریی وشەکان‌و دروشمەکان دەکەین کە پاڵێوراوان بەکاریاندەهێنن. هەروەها پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئاستی هەیمەنەیان کرد لەسەر خودەکانی جەماوەر. ئەو گووتاربێژەی بزانێت ئەمانە چۆن بەکاربهێنێت‌و یارییان پێبکات، بەئارەزووی خۆی دەتوانێت سەرکردایەتی جەماوەر بکات. دروشمەکانی





وەك: سەرمایەی قێزەون، چەوسێنەرانی گەوج‌و نەفام، کرێکاری نایاب، دابەشکردنی سۆشیالیستانەی سامانەکان‌و... تاد، هەمیشە هەمان کاریگەریی دروستدەکەن ئەگەرچی ئەمانە، بەهۆی زۆر بەکارهێنانیانەوە، بوونەتە خەڕەك. بەڵام ئەو پاڵێوراوەی بتوانێت دروشمی نوێی ئەوتۆ کەشفبکات کەبەتاڵ بێت لەهەر واتایەکی ورد یان دیاریکراوو جێگەی پراکتیزەکردن بێت لەبارودۆخی زۆر جیاواز لەیەکتری‌و هیوای جۆراوجۆر تێربکات، ئەوە دەتوانێت سەرکەوتن مسۆگەر بکات. شۆڕشی خوێناویانەی ئیسپانیای ساڵی (١٨٧٣)، بەهۆی یەکێك لەو وشە سیحراویانەوە هەڵگیرسا بەواتا ئالۆزەکەی وشەکە، کە هەر کەسێك چۆنی بوێت دەتوانێت بەئارەزووی خۆی لێکیبداتەوە. یەکێك لەنووسەرانی هاوچەرخ بەچەند وشەیەك باسی لەسەرچاوەی ئەو شۆڕشە کردووە کەشایانی ئەوەیە وەکخۆی وەربگیرێت:

"رادیکالەکان ئەوەیان ئاشکراکردبوو کە کۆماری یەکێتیخواز شتێك نییە جگە لەرژێمێکی پادشاییانەی دەمامکدار. بۆ ئەوەی ئەمەمان بۆ بسەلمێنن، کۆرتییەکان هەموویان بەیەك دەنگ کۆماری فیدراڵییان راگەیاند، بێئەوەی هیچ کام لەوانەی دەنگیاندا بتوانن بڵێن کە چییان کرد. بەڵام ئەم فۆرمە هەموو جیهانی سەرسامکرد، کەشوهەواکە پڕبوو لەبزڕکاندن‌و حەماسەت‌و وزەو جووڵە. لەسەر گۆی زەوی، سەردەمی فەزیلەت‌و بەختەوەرییان داهێنا. ئەو کۆماریخوازەی دوژمنەکەی رەفزیدەکردەوە پێیبڵێت فیدراڵی‌و ئەوەی بەسووکایەتی‌و جنێوێکی قورس دەزانی، ئێستا لەسەر شەقامەکان سڵاو لەیەکتر دەکەن‌و دەڵێن: سڵاو ئەی کۆماریخوازی فیدراڵی! دوای ئەمەش ئەو سروودانە دەڵێنەوە کە بۆنی یاخیبوونی پیرۆزو سەربەخۆیی سەربازییان لێدێت. بەڵام ئەی ئەو "کۆمارە فیدرالییە" چی بوو. لەواقیعدا هەندێك

ئەوەیان بەرزگارکردنی پارێزگاو هەرێمەکانو دامەزراندنی ئەو دامەزراوانە لێکدەدایەوە کە لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەنو لامەرکەزیەتی کارگێڕییان هەیە. بەلام هەندێکی تر بەوجۆرە لێی تێیگەیشتبوون کە ئەمە هەلوەشاندنەوەیەکی هەموو دەسەلاتێکەو هەلایسانێکی کزی شۆڕشێکی گەورەی کۆمەلایەتییە. هەرچی سۆشیالیستەکانی بەرشلۆنەو ئەندەلوسیشە، داوای سەروەریی رەهایان بۆ هەموو شارەوانییەکان دەکرد. دەیانویست دە هەزار شارەوانی سەربەخۆ پێشکەش بە ئیسپانیا بکەنو هەرچی یاسا هەیە تەنها خۆیان دەریبکەنو بەیەکجار هەرچی سووپاو دەرەجەدارە هەلیوەشێننەوە. ئەوەی کەمێك دوای ئەمە دیمان، بلاوبوونەوەی دیاردەی یاخیبوون بوو لەهەرێمەکانی باشووردا، لەشارێکەوە بۆ شارێکی ترو لەگوندێکەوە بۆ گوندێکی تر. هیچ شارەوانییەك نەما پێش ئەوەی یاخی بێت پەنا نەباتە بەر بڕینی هۆکارەکانی پەیوەندیو گەیاندن (بڕینی تەلەفۆنو هێلی ئاسنین) لەگەلْ هەموو دراوسێکانی خۆیو مەدریدی پایتەختدا. هیچ شارۆچکەیەك نەما داوای ئۆتۆنۆمی نەکات. بەمجۆرە فیدرالیزم بووە جۆرێك لەناوچەگەرێتی تەسكو کالْوکرچ، سووتێنەرو تێکدەر. هەر شوێنێك بچوویتایە ئاهەنگی جەژنی جیابوونەوەیان دەگێڕا".

بەلام سەبارەت بەو کاریگەرییەی مشتومڕە عەقلانییەکان لەسەر سایکۆلۆژیای دەنگدەران دایاننابوو، پێویستە هیچ کەسێك بەرنووسی کۆبوونەوەکانی هەلبژاردن نەخوێنێتەوە بۆئەوەی هیچ شتێك لەبارەی بابەتەکەوە تێنەگات. چونکە ئەوەی لەو بەرنووسانەدا هەیە بریتین لەگۆڕینەوەی بیروڕای تیژو جەختکردنەوەی بڕێنەرەوەو جنێوو قسەی ناشرینو هەندێکجاریش زللەی قایم، ئەوەی هەرگیز بەلایدا نەچوون





مشتومڕی عەقلانیانە بووە. خۆ ئەگەر ساتێك بێدەنگی هەبووبێت ئەوە بەهۆی پرسیارکردنی شەرمهێنی یەکێك لەبەشداربووانەوە بووە کە لەپالێوراوی کردووە، ئەمەش هەمیشە چێژ دەداتە ئامادەبووان. بەلام دلْخۆشی بەرهەلْستکاران زۆر ناخایەنێت، چونکە دەنگی پالێوراو زۆر زوو دەکەوێتە ژێر هاتوهاوارەکانی نەیارانەوە. دەتوانین ئەو بەرنووسانەی دانیشتنەکانی دواتر، کە لەناو سەدان بەرنووسی تردا وەرمانگرتوون، بکەینە نموونەیەکی بێوێنە لەسەر کۆبوونەوە گشتییەکانی هەلبژاردن. ئەمانەم لەرۆژنامەکانەوە وەرگرتووە. لە بەرنووسەکاندا هاتووە دەلێت:

"کاتێك یەکێك لەریکخرەکان داوا لەئامادەبووان دەکات سەرۆکێك بۆ کۆبوونەوەکە هەلبژێرن، دنیا دەڕوخێت. ئاژاوەچییەکان دەچنە سەر تەختی شانۆکە بۆئەوەی بە زەبری هێز نوسینگەکە داگیربکەن. سۆشیالیستەکانیش بەتوندی بەرگری لە نوسینگەکە دەکەن، لەئاکامدا بەردەبنە سەروپۆتەلاکی یەکتری، تۆمەتی جاسوسو بەکرێگیراوو چیو چی دەدەنە پالْ یەکتر... هاولاتییەك دەکشێتەوەو چاوی ئاوساوە.

لەکۆتاییدا لەناو ژاوەژاوو قاووقریشکدا، نووسینگەی دەنگدانەکەیان بردەوە شوێنی خۆی. کورسییەکە بۆ کاك (س)... مایەوە.

کابرای گووتاربێژ جامی تووڕەبوونو رق بەسەر ئەو سۆشیالیستانەدا دەڕێژێت کە قسەیان پێبڕیو پێیانگووت: "ئەی گرگن! ئەی دز! ئەی گێلی نەزان!"، تاد... گوتاربێژەکەش (س) وەلامی ئەو ناووناتۆرانەی بەخستنەڕوویەکی دوورو درێژی تیۆرەیەك دایەوە کە دەلێت سۆشیالیستەکان یان ئەوەتا خەلْکانێکی "گەمژە"ن یان "قەرەقۆز".

... بەلام دوێنێ ئێوارە پارتی ئەلیمانی، لەهۆلی بازرگانی کەدەکەوێتە سەر شەقامی فۆبۆرگ دو تامبل، کۆبوونەوەیەکی گەورەی ئامادەکاریی بۆ

جەژنی كرێكاران رێكخست، كە دەكەوێتە یەكی ئایارەوە. دروشمەكەی "بێدەنگی و دڵنیایی"بوو.

هاوڕێ (ج...) بە سۆشیالیستەكانی دەگووت كە ئەوانە "گرگن"و "هەزەلین"، بەهۆی ئەو جنێودانە دوولایەنەی كەوتە نێوان گوتاربێژانو ئامادەبووانەوە هەردوولایان بە مستەكۆڵە بەربوونەیەكتریو كورسی و مێزو تەپڵەكو ... یان لەیەكتر گرت".

پێویستە تووشی ئەو وەهمە نەبین كەپێمانوابێت ئەمجۆرە گفتوگۆكردنانە شتێكی تایبەتە بەچینێكی دیاریكراوی دەنگدەرانەوەو هەر بەتەنها ئەوانن وادەكەن، یان ئەوەی كە ئەمە زادەی بارە كۆمەڵایەتییە نزمەكەیان بێت. نەخێر لەواقیعدا ئەمە لەهەموو خڕبوونەوە غافڵگیرەكاندا هەیەو گفتوگۆكان بەهەمان شێواز بەڕێوەدەچنو هەمان ئەو دەستەواژەو وشانە بەكاردەهێنن تەنانەت ئەگەر كۆمەڵبوونەكە لەكەسانی رۆشنبیرو بەئەدەبیش پێكهاتبن. ئەوەم سەلماند كە مرۆڤەكانی نێو ریزی جەماوەر بەرەو یەكسانبوون دەچن لەڕووی عەقڵیو زیهنییەوە. ئەمەش ئەگەری سەلماندنی لەهەموو ساتێكدا هەیە. ئێستاش با سەیری بەرنووسی كۆبوونەوەیەكی خوێندكاران بكەین:

"هەتا بكەوتینایەتە شەوەوە هاتو هاوار زیاتر دەبوو. بڕوا ناكەم كەس هەبووبێت توانیبێتی دوو رستەی بەدوای یەكدا گووتبێتو پێیان نەبڕیبێت. لەهەموو ساتێكیشدا هاوارەكان لەم خاڵ یان ئەویترەوە دەردەچوو، یان لەهەموو لایەكەوە دەهات. چەپڵەو فیكەیان لێدەدا. پیاهەڵشاخانەكان لەنێوان هەموو گوێگراندا هەبوو، گۆچانەكان بەرەو ژوور، وەك هەڕەشەیەك بۆ لێدان، بەرزدەكرانەوە، بەپێی ترپەو ئیقاع بەزەوییەكەیاندا دەكێشا. ئاژاوەگێڕەكان دەنیشتنە سەر ئەوانەی قسەیان دەبڕیو دەیانشیڕاند: "بڕۆنە دەرەوە!" "بڕۆنە سەر تەختەی شانۆكە!".





(م.س) بۆینباخەكەی بەكۆمەڵێك جنێوەوە فڕێدەدات: وەك گێلو ترسنۆكو دڕندەو ریسواو بەكرێگیراوو بوغزن. پاشان هاواری ئەوەی كرد كە تێكومەكانی دەدا...تاد.

ئێمەش پرسیار دەكەین: لەناو هەلومەرجێكی لەمچەشنەدا دەبێت بیروڕای دەنگدەر چۆنچۆنی پێكبێت؟ بەڵام خستنەڕووی ئەمجۆرە پرسیارە ئەوە دەگەیەنێت كە ئێمە زۆر لەوەهمداین سەبارەت بەو پلە ئازادییەی كە كۆمەڵێك یان حەشاماتێك لێی بەهرەمەندنو هەیانە. ئەوەی راستی بێت جەماوەر چەندین بیروڕای هەیە بەسەریدا سەپاوە، نەكئەوەی هەرگیز زادەی كۆششێكی زەینیانە یان لەبێژنگدانێكی عەقلانیانە بێت. ئەو بیروڕایانە سەرباری دەنگی دەنگدەران لەژێر دەستی ئەو لیژنانەی هەڵبژاردنیشدا دەمێننەوە كە زۆرجار ئەو بزوێنەرەی پێشڕەوایەتیان دەكات توێژێكن لە بازرگانانی مەشروبو مەی فرۆشان. ئەمانە كاریگەرییەكی زۆریان لەسەر كرێكاران هەیە، چونكە ئەمانەی دوایی قەرزیان لێدەكەن. بەڕێز شیریر وەك یەكێك لە گەورە داكۆكیكارانی دیموكراسی دەنوسێت:

"ئایا دەزانن لیژنەی هەڵبژاردن مانای چی؟ زۆر بەسادەیی بریتییە لەكلیلی دامەزراوەكانمانو لەئامێری سیاسیماندا كۆڵەكەی سەرەكییە. فەڕەنسای ئەمڕۆ لەسەر دەستی لیژنەكانی هەڵبژاردن دەڕوات بەڕێوە"[1].

[1] جا ئەو لیژنانەی باسكران هەر ناوێكیان هەبێت: یانەكان، سەندیكاكان...تاد، یەكێكن لەو مەترسییە گەورانەی لەهێزو جەبەروتی جەماوەرەوە دروستدەبن. ئەوانە، لەواقیعدا، فۆرمێكی زۆر غەفڵەتگیرو ناڕۆشنن (واتە بێ كەسایەتین) بەدەر لەوەی زۆر داپڵۆسێنەرو ستەمكاریشن. بەو پێیەی سەركردە بزوێنەرەكانی لیژنەكان گریمانەی ئەوەیان لێدەكرێت كەئەوانە بەناوی كۆوە قسە دەكەنو كاردەكەن لەبەرئەوە لەهەموو بەرپرسیارێتییەكی تاكەكەسی دووردەكەونەوەو هەر شتێكیان بوێت دەتوانن بیكەن. ئەو كەسە ستەمكارەی توندوتیژییەكی زۆری هەیە هەرگیز نەیوێراوە خەون بەپراكتیزەكردنی فەرمانەكانی رێگەگرتنو قەدەغەكردنەوە ببینێت، بەبەراورد بەوەی لیژنە شۆڕشگێڕەكان كردوویانە. باراس لەوبارەیەوە دەڵێت ئەنجومەنی دامەزراندنیان هەڵوەشاندەوەو ناپاكییان بەسەردا سەپاند. رۆبسپێر فەرمانڕەوایەكی خاوەن دەسەڵاتی رەهاو موتڵەق بوو لەبەرئەوەی بەناوی ئەو لیژنانەوە

هەروەها کارتێکردن لەسەر ئەو لیژنانە کارێکی قورس نییە بەمەرجێك پاڵێوراوەکە کەسێکی قبوڵکراو بێت و پارەی پێویستیشی هەبێت. هەندێك لەئیعترافەکان پێیانوایە سەرکەوتنی جەنەراڵ بۆلانجیە لەهەڵبژاردنەکاندا پێویستی بەسێ ملیۆن فرەنك هەبووە.

ئەمەیە سایکۆلۆژیای جەماوەری هەڵبژاردن: لەسایکۆلۆژیای جەماوەرەکانی تر دەچێت، نەباشترەو نەخراپتر.

کەواتە لەوەی پێشتر باسکرا هیچ پوختەیەکی دژ بەدەنگدانی گشتی هەڵناهێنجێنم. خۆ ئەگەر بڕیاردان لەسەر چارەنووسەکەی بەدەستی من بوو، ئەوا من وەکخۆی دەیهێڵمەوە لەپێناو چەند ئامانجێکی پراکتیکی ئەوتۆدا کە ڕێك زادەی توێژینەوەکەمانە لەبارەی سایکۆلۆژیای جەماوەرەوە. ئەو ئامانجانەش دوای ئەوە دەخەمەڕوو کە ئاگاداری لایەنە خراپەکانی دەنگدانی گشتی بووم.

لایەنە خراپەکانی دەنگدانی گشتی زۆر ئاشکرایە، بەرادەیەك کە هیچ کەسێك ناتوانێت پشتگوێیان بخات. هیچ یەکێك ناتوانێت نکۆڵی بکات لەوەی کە شارستانێتییەکان لەلایەن کەمایەتییەکی بچووکەوە دروستکراون و سەر لوتکەی هەڕەمی کۆمەڵایەتین. هەتاوەکو بەرەو خواریشەوە دابەزین رووبەری چینەکانی هەڕەمەکە فراوانتر دەبن و ئەمەش لەگەڵ کەمبوونەوەی بەهای عەقڵییانەی هەموو چینێکی خوارەوەدا دەگونجێت، بەبەراورد لەگەڵ چینی باڵادا، تا دەگەینە بنەوە. ئەمانە هەر هەموویان چینە قووڵەکانی هەر نەتەوەیەك پێکدەهێنن. نابێت مەزنێتی

---

قسەیدەکرد. لەو رۆژەی کە دیکتاتۆری تۆقێنەر، بەهۆی چەند هۆکارێکی تایبەت بەکەرامەتی تاکەکەسییەوە، لە لیژنەکان جیابۆوە، بەوە بەڵگەنامەی مەرگی خۆی ئیمزاکرد. فەرمانڕەوایی جەماوەر فەرمانڕەوایی لیژنەکان و هەروەها فەرمانڕەوایی سەرکردە بزوێنەرەکانیشە. ناتوانین بیر لەداپلۆسینێکی تۆقێنەرتر لەمەش بکەینەوە.





شارستانێتییەکی دیاریکراو پشت بەدەنگدانی توخمەکانی خوارەوەی نەتەوە ببەستێت، چونکە ئەمانە تەنها زۆریی ژمارەیین. بێگومان دەنگدانی جەماوەر هەتا ئێستاش مەترسیدارە، چونکە ئەوە دەنگدانە کەچەندین داگیرکاریی بۆ هێناوین. ئەگەر سۆشیالیزم سەرکەوت ئەوا خولیاکانی سەروەریی شەعبی باجێکی گرانمان دەخاتە سەرشان، تەنانەت گرانتر لەرابوردووش.

ئەو ناڕەزایەتییانەی لەڕووی تیۆرییەوە هیچ نارۆشنییەکیان تێدا نییە، بەڵام لەرووی کردارییەوە هەموو هێزی خۆی وندەکات، ئەگەر ئەو هێزە جەبەرووتە وەبیربهێنینەوە کە بۆ بیروبۆچوونەکان وردوخاش نابێت کاتێك دەبێتە چەند عەقیدەیەکی ئیمانی. ناتوانین لەڕووی فەلسەفییەوە، وەك عەقیدە ئایینییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەرگری لەبیروباوەڕی سەروەریی جەماوەریی بکەین، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەمڕۆ باڵادەستە. لەلایەکی ترەوە مەحاڵە لەمڕۆدا بتوانین هێرش بکەینە سەری، وەکچۆن لەرابودوی دووریشدا نەتوانراوە هێرش بکرێتە سەر بیروبۆچوونە ئاینییەکان. با وایدابنێین بیرمەندێکی نوێگەری ئازاد بەهۆی هێزێکی سیحرییەوە توانی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بژی. ئایا پێتانوایە بوێرێت دژایەتی بیروبۆچوونە ئایینیە باڵادەستەکان بکات بەو جەبەرووتەی کە هەیانە؟ ئەگەر کەوتە بەردەستی دادوەرێك و ویستی بیسوتێنێت بەتۆمەتی ئەوەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ شەیتاندا دروستکردووە، یان لەکۆڕی شەوی شەیتاندا بەشدار بووە؟ ئایا دەوێرێت نەهی لەبوونی شەیتان یان کۆڕەکەی بکات؟ وەکچۆن ناتوانین قسە لەسەر زریانەکان بکەین ئاوهاش ناتوانین قسەر لەسەر بیروباوەڕەکانی جەماوەر بکەین. بیروباوەڕی مافی دەنگدانی

گشتی، هەمان ئەو هێزو جەبەرووتەی هەیە کە پێشتر بیروباوەڕەکانی مەسیحیەت هەیانبووە،

گوتاربێژو نوسەران بەوپەڕی ڕێزو کڕنووشەوە باس لە بیروباوەڕی دەنگدانی گشتی دەکەن، بەجۆرێك کە شا لویسی چواردەهەمیش ئەوەی بەخۆوە نەدیوە. هەروەها پێویستە مامەڵەکردنمان هەمان ئەو مامەڵەیە بێت کە لەگەڵ هەموو عەقیدە ئایینییەکاندا کراوە، چونکە ئەوە تەنها زەمەنە بتوانێت کاریگەریی لەسەر ئەم بیروباوەڕە دابنێت.

هەوڵدان بۆ لەقکردنی ئەم بیروباوەڕە کاریکی مایەپووچە، بەتایبەتیش کە هۆکارە ئاشکراو روونەکان لەبەرژەوەندی ئەودان. تۆکفیل راستی گوتووە کەدەڵێت:

"لە زەمەنی یەکسانیدا مرۆڤەکان باوەڕیان بەیەکتر نامێنێت، ئەویش بەهۆی لێکچوونیانەوەیە، بەڵام ئەو لێکچوونە وادەکات متمانەیەکی بێ سنووریان هەبێت بەبڕیاری گشتی جەماوەرو بیروڕاکەی، چونکە پێیانوایە کە ناکرێت راستیو هەقیقەت نەکەونە لای ئەو ژمارە زۆرەی کەهەموویان یەك عەقڵیەتو بیرکردنەوەیان هەیە".

ئایا ئەو بۆچوونە تا چەندێك نیشانی خۆی دەپێکێت کەپێیوایە دەبێت دەنگدان بۆ ژمارەیەکی کەم بێت، واتە تایبەت بێت بەنوخبەو دەستەبژێرەوە، ئایا ئەوە دەنگی جەماوەر دلێرتر دەکات؟ بۆ ساتێکیش چییە ناتوانم ئەو ئەگەرە پەسەند بکەم، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمکردن، بەتایبەتیش لەبەر ئەم هۆکارە: کەئەویش خۆبەکەمزانینی کۆی حەشاماتو جەماوەرێکە بەبەراورد لەگەڵ تاکەکەسێکدا، بەدەر لەوەی جۆرو پێکهاتەی جەماوەرەکە هەرچییەك بێت. جارێکی تریش ئەوە دووبارە دەکەمەوە، کە لەناو جەماوەردا هەمیشە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن. لەم





بارەدا بیروڕای چل زانای سەر بەئەکادیمیای فەڕەنسی لەبارەی مەسەلە گشتییەکانەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەبیروڕای چل کەسی ساقیو مەیگێڕ (یان ئاوگێڕ). هەروەها باوەڕیشم بەوە نییە کە بەو پێیەی عەیبو عاریان لەدەنگدانی گشتی هەڵبژاردنەکان دۆزیوەتەوەو ئەنجامەکانیشیان بەخراپ لەقەڵەمداوە ( بۆ نموونە وەك بنیاتنانەوەی رژێمی ئیمپراتۆری لەفەڕەنسادا) ئەوا هەڵبژاردنەکە جۆرێکی تر دەکەوتەوە ئەگەر دەنگدانەکە بەتەنها تایبەت بووایە بەزانایانو ئەدیبان. ئەگەر مرۆڤەکە زمانی یۆنانی یان ماتماتیکی بزانێت، یاخود ئەندازیارێکی تەلارسازیی یان پزیشکێکی ئاژەڵداریی یان دکتۆرێکی گشتی یان پاریزەرێك بێت، ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لەمەسەلەکانی تایبەت بەسۆزمەندیدا خاوەن مێشکێکی کراوەی تایبەت بێتو لەکەسێکی نەخوێندەوار یان ئاسایی جیایبکاتەوە. شارەزایانی ئابووریمان هەموویان خەڵکانی رۆشنبیرن، هەموویان مامۆستاو ئەکادیمین، بەڵام ئایا توانییان، بۆ نموونە، لەسەر مەسەلەیەکی گشتی وەك مەسەلەی پاراستنی ئابووری کۆبکرێنەوە؟ چونکە هەموو نەزانەکان لەبەردەم ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەدا یەکسانن کە پڕن لەنەزانراوو نادیاری هەمەجۆرو لۆژیکی سۆفیگەریی یان لۆژیکی سۆزمەندییان بەسەردا زاڵە.

خۆ ئەگەر هەموو ئەوانەشی دەنگدەرن خەڵکانی زانابن، ئەوا ئەنجامەکانی دەنگدان لەئێستایان باشتر نابن، چونکە ئەو کاتەش ئەوەی رابەرایەتییان دەکات سۆزمەندییەکانو رۆحی ئەو حیزبەیە کە ئینتمایان بۆی هەیە. ئەو دەمەش نەك هەر هیچ لەگرفتەکانمان کەمنابنەوە، بگرە بەپێچەوانەوە، بەهۆی ستەمکاریی زۆری دەستەوتاقمەکانو بەرژەوەندییەکانیانەوە، زیاتریش دەبن.

هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت ئەگەر دەنگدانی گشتی تایبەت بێت بەتوێژێکی بچووک یان گەورەی وەهاوە کە هەمووان بگرێتەوە، یان لەوڵاتێکی پادشایەتی یان لەفەڕەنسا، بەلجیکا، یۆنان، پورتوگال یان لەئیسپانیادا پیادە بکرێت، چونکە لەهەموو بارێکدا دەنگدانی جەماوەر وەکخۆی دەمێنێتەوەو زۆربەی کات گوزارشتە لەهیواو ئاواتەکانی رەگەزو پێداویستییە ناهۆشمەندییەکانی. تێکڕای ئەوانەی بەدەنگدانی گشتی هەڵبژێردراون، بۆ هەر نەتەوەیەك، رۆحی تێکڕای رەگەزەکەیەتی. خودی ئەو تێکڕایە تارادەیەك لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ئامادەگی هەیەو دەیبینین.

بەمجۆرە خۆمان دەبینینەوە لەوەی کە جارێکی تر کەوتووینەتەوە ناو چەمکی رەگەزی یەکلاکەرەوەوە. ئەمەش لەرابوردودا زۆری پێگەیشتووین. هەروەها خۆمان دەبینینەوە لەوەدا کە مەحکومی راستییەکی ترین کە لەو چەمکەوە وەرگیراوە ئەویش ئەوەیە کە دامەزراوەو حکومەتەکان رۆڵێکی لاواز دەگێڕن لەژیانی گەلاندا. پێشڕەوایەتیکردنی ئەم گەلانە بەتایبەتی لەلایەن رەگەزەکەیانەوەیە، واتە لەلایەن پاشماوەی ئەو رەچەڵەکە کۆنانەی کە ئەو رۆحە پوختەیەتی. رەگەزو پێداویستییە رۆژانەییەکان ئەو دوو سەرگەورەیەن کە کۆنترۆڵی چارەنوسمان دەکەن.

## بەشی پێنجەم

# ئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتی

ئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتی لەجەماوەرێكی ناوێكچووی ناغافڵ پێكهاتووە (واتە ناوی ئەندامەكانی ناسراون، وەك چەند نوێنەرێك). هەرچەندە شێوەی هەڵبژاردنی ئەم ئەنجومەنانە بەپێی سەردەمو گەلان دەگۆڕێت، بەڵام لەگەڵئەوەشدا چەند خەسڵەتو تایبەتمەندییەكی زۆر لەیەكچووشیان هەیە. رەگەز دەتوانێت كار لەو ئەنجومەنانە بكات بۆ ئەوەی كەمێك لەو خەسڵەتانە كاڵ یان تۆخ بكات، بەڵام لەهەموو حاڵەتێكدا، ئەمە بۆ ئەوە نییە كە نەهێڵێت ئەو تایبەتمەندییانە دەربكەون. جیاوازییەكی زۆر لەنێوان ئەنجومەنەكانی وڵاتانی وەك یۆنانو ئیتاڵیاو پورتوگالو ئیسپانیاو فەرەنساو ئەمریكادا هەیە، بەڵام لەمیانەی گفتوگۆو دەنگەكانیانەوە ئەوە بەدەردەكەوێت كە لێكچوونێكی زۆریشیان لەنێواندا هەیەو ئەمانە هەمان كێشەو گرفت دەخەنە بەردەم حكومەتەكانیان.

سیستمی پەرلەمانی لەواقیعدا كورتكراوەی نموونەی باڵای هەموو گەلێكی شارستانیانەی مۆدێرنە، ئەگەرچی لەڕووی سایكۆلۆژییەوە بیرۆكەیەكی هەڵەش بەرجەستە دەكات، بەڵام لەسەر ئاستە گشتیو سەراپاگیرەكەی ئەو بیرۆكەیە جێگەی قبوڵكردنە. بیرۆكەكەش ئەوەیە كە تا ژمارەی خەڵك زۆرتر بێت توانای دەركردنی بڕیارێكی ژیرانەو سەربەخۆ





دەرهەق بەبابەتێكی دیاریكراو زیاتر دەبێت لەوەی ژمارەیەكی كەمی خەڵك ئەو بڕیارە بدەن.

ئێمە لەناو ئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتیدا تایبەتمەندییە گشتییەكانی جەماوەر دەدۆزینەوە: وەك سادەبوون لەبیروبۆچوونەكاندا، هەڵەشەیی و زوو هەڵچوون، لەباریی بۆ جۆشوخرۆشدان، زێدەڕۆیی لەسۆزمەندییەكاندا، كاریگەرییەكی راماڵەری بزوێنەران و سەرۆكەكان. بەڵام نوێنەرانی پەرلەمان، بەهۆی پێكهاتە تایبەتییەكەیانەوە، چەند خەسڵەتێكیان هەیە جیاوازە لەخەڵكانی ترو پاش كەمێكی تر باسی لێوە دەكەین.

سادەبوون لەبیروڕاكاندا، یەكێكە لەو خەسڵەتانەی كە زۆر ئاشكراو روونن. ئێمە ئەوە لای هەموو پارتەكانو بەتایبەتیش لای هەموو گەلانی لاتینی دەبینین كە هەمیشە دەیانەوێت كێشەو گرفتە كۆمەڵایەتییە زۆر ئاڵۆزەكان لەرێگەی چەند پرەنسیپێكی رووتو ئەبستراكتی زۆر سادەوە چارەسەر بكەن، یان لەرێگەی ئەو یاسا گشتییانەوە كە بۆ هەموو بارودۆخو بارێك دەستدەدەن. دیارە ئەو پرەنسیپانە لەپارتێكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆڕێت، بەڵام هەر بە تێكەڵبوونی تاكەكان بۆ ناو جەماوەر، هەمیشە حەز بەقەبەكردنی بەهای ئەو پرەنسیپانەو پاڵپێوەنانیان دەكەن تا ئەوپەڕی رادەی خۆیان. رەنگە ئەمە وا دەربخات كە ئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتی گوزارشت لە بیروڕا توندڕەوەكان دەكەن.

نموونەیەكی زۆر ئاشكراتر لەسەر سادەیی ئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتی هەبێت ئەوەیە كە لە سەروبەندی شۆڕشە مەزنەكەمانداو لەسەر دەستی یەعقوبییەكان روویدا. هەر هەموویان دۆگماو لۆژیكی بوونو دەماخیان پڕبوو لەچەند عمومیاتێكی ناڕۆشن. سوور بوون لەسەر پرەنسیپە

جێگیرەکان، بەبێئەوەی هیچ بایەخێك بەرووداوە زیندووەکان بدەن. لەوبارەیەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کەئەوانە شۆڕشیان بڕی، بەڵام نەیاندی.

بەهۆی چەند عەقیدەیەکی کەمێك دۆگماوە، ئەو وەهمەیان لەلا دروستببوو کەئەوان سەرلەنوێ کۆمەڵگە دروستدەکەنەوە، جارێکیتر شارستانێتییە پاکژو ناسکەکەیان دەگێڕنەوە بۆ قۆناغێکی زۆر پێشووتر لەگەشەسەندنی کۆمەڵایەتییان. ئەو ئامرازانەشی بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە بەکاریانهێنا، دیسانەوە ئەوانیش زۆر سادەو ساکار بوون. خۆیان بەدوور نەگرت لەتێکوپێکدانی توندوتیژانەی هەموو ئەو کەندوکۆسپانەی دەهاتنە سەرڕێیان. هەریەك لەجیرۆندییەکانو جەبەلییەکانو تیرمیدۆرییەکانو...تاد، هەر هەموویان هەمان ڕۆحییەتیان هەبوو.

جەماوەری پەرلەمانی بۆ جۆشدانو تەنینەوە زۆر لەبارە. ئەوەی باوە، هەمیشە جۆشدان لەلایەن ئەو بزوێنەرو سەرکردانەوەیە کەخەرمانێك لەهەیبەتی شەخسییان بەچواردەورەوەیە. بەڵام توانای جۆشدانو تەنینەوە لە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیدا لەسنورێکدایە، هۆکارەکانیش ەمانەی خوارەوەن:

بیروڕاکانی هەر نوێنەرێك سەبارەت بەو مەسەلانەی بایەخێکی ناوخۆییو لۆکاڵییان هەیە شتێکی هێندە جێگیرو نەگۆڕە کە هیچ گفتوگۆیەکی عەقلانی ناتوانێت بیانلەقێنێت. هەموو بلیمەتی دیمۆستین ناتوانێت بگاتە ئەوەی دەنگی نوێنەرێك بگۆڕێت سەبارەت بەمەسەلەکانی وەك پاراستنی ئابووری یان ئیمتیازاتی دروستکەرانی خواردنەوەی ئەلکهول کەنوێنەرایەتی داخوازییەکانی دەنگدەران دەکەن. پێشنیاری جۆشدەرانەی پێشوو بۆ ئەو دەنگدەرانە زاڵو باڵادەستە تا ئەو رادەیەی کەتێیدا هەمو





پێشنیارەکانی تر هەڵدەوەشێنەوەو پارێزگاریی لەچەسپیویی رەهای بیروڕاکان دەکات[1].

سەبارەت بەمەسەلە گشتییەکانی وەك هەڵگەڕاندنەوەی وەزارەتێك یان سەپاندنی باجێکی دیاریکراو...تاد، دەبینین لەمەیاندا جێگیریی بیروڕا لەئارادا نامێنێت، بۆیە دەکرێت لەمکاتەدا پێشنیارە جۆشدەرەکانی بزوێنەرانو سەرکردەکان کاری خۆیان بکەن، بەڵام بەتەواوەتی وەکئەوە نا کە لە جەماوەرێکی ئاسایی دەوەشێتەوە. هەر پارتێك ئەو بزوێنەرو سەرکردانەی هەیە کەهەندێکجار کاریگەرییەکی یەکسانیان هەبێت. هەروەها نوێنەریش خۆی لەنێوان چەند پێشنیارێکی جۆشدەرانەی ناکۆکدا دەبینێتەوەو ئەمەش بەناچاری وایلێدەکات زۆر دوودڵ بێت. زۆرجار دەبینین بەچارەکێك پێش دەنگدانەکە بیروڕای خۆی دەگۆڕێتو بەشێوەیەکی زۆر جیاواز لەوەی کەپێشتر رایگەیاندووە دەنگدەدات، یاخود بەندێك بۆ یاسایەك زیاد دەکاتو هەڵیدەوەشێنێتەوە: بۆ نموونە وەك ئەو کەسە پیشەسازانەی کەمافی دیاریکردنو دەرکردنی کرێکارەکانیان لێدەسەننەوە پاشان دوای ئەوە یاساکە هەموار دەکەنو تاڕادەیەك کاریگەریی ئەوە ناهێڵن.

لەبەر ئەم هۆکارەیە کە لەهەموو خولێکی نوێنەرایەتیکردندا پەرلەمان چەند بیروڕایەکی زۆر نەگۆڕو گەلێك ناڕۆشن پیشاندەدات. لەدوا ئاکامیشدا کاتێك مەسەلە گشتییەکان زۆرترین ژمارە پێکدەهێنن، لەوێوە ناڕۆشنی

[1] بێگومان دەستەواژەکەی دواتری یەکێك لەپەرلەمانتارەکانی ئینگلیز بەسەر ئەو بیروڕایانەدا دەچەسپێت کەپێشتر تاقیکراونەتەوەو بۆتە شتێك کەهیچ قسە هەڵناگرێت بەهۆی پێداویستییەکانی قۆناغی هەڵبژاردنەوە: "بۆ پەنجا ساڵ دەچێت من نوێنەرم لەپەرلەمانی (ویستمنستەر)داو لەوماوەیەدا گوێم لەهەزاران گووتار بووەو کەمێکیان بۆتە مایەی گۆڕینی بیروڕام، بەڵام هیچکامیان نەبوونە مایەی گۆڕینی دەنگم".

زاڵدەبێت. ئەوەی هێز دەبەخشێتە ئەو ناڕۆشنییە، ترسی بەردەوامە لەدەنگدەر، پێشنیاری جۆشدەرانەی ژێربەژێری ئەو ترسە هەمیشە كاریگەریی سەركردە بزوێنەرەكان هاوسەنگ دەكات.

ئەوە سەركردە بزوێنەرەكانن كەدواجار سەرگەورە راستەقینەكانی ئەو گفتوگۆیانەن كە نابێت نوێنەرەكان بیروڕای پێشوەختو نەگۆڕیان لەبەرامبەریاندا هەبێت.

سەركردە بزوێنەرەكان شتێكی پێویستنو ئەمە هیچ قسە هەڵناگرێت چونكە لەهەموو وڵاتەكاندا لەژێر ناوی سەرۆكی كۆمەڵەكانی نوێنەرایەتیدا دەیانبینین. ئەوان پاشای راستەقینەی ئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتین. ئەو خەڵكانەشی تێكەڵ بە جەماوەر دەبن، ناتوانن دەستبەرداری رابەرێك یان سەرگەورەیەك بن، لەبەر ئەم هۆكارەیە كەئەو دەنگدانەی لەئەنجومەنێكی نوێنەراندا ئەنجامدەدرێت، بەگشتی، تەنها گوزراشت لە بیروڕای كەمایەتییەكی بچووك دەكات.

جارێكی تریش ئەوە دووبارە دەكەمەوە كە سەركردە بزوێنەرەكان زۆر بەكەمی بەهۆی عەقڵو لەبێژنگدانی عەقڵییەوە دەجولێن، بەڵكو زۆربەی جار بەهۆی هەیبەتی كەسێتییانەوەیە. خۆ ئەگەر حاڵەتێك بێتە پێشەوە وابكات ئەم هەیبەتەیان لێداماڵێت بەمە هەرچی كاریگەریی هەیە لەدەستیدەدەن.

ئەو هەیبەتەی سەركردە بزوێنەرەكان هەیانە تاكەكەسییەو هیچ پەیوەندییەكیان نە بە ناوو نە بە ناوبانگەوە نییە. بەڕێز جۆل سیمۆن وەك نوێنەرێك پەرلەمانی ناسیو باس لە پیاوە مەزنەكانی پەرلەمانی ساڵی (١٨٤٨) دەكات، ناوبراو چەند نموونەیەكی سەیرو سەمەرەی پێشكەشكردووینو دەڵێت:





"لویس پۆناپارت بە دوو مانگ پێش ئەوەی ببێتە كەسێكی گەورەو گران شتێكی ئەوتۆ نەبوو".

پاشان ڤیكتۆر هۆگۆ سەركەوتە سەر تەختەكەو نەیتوانی سەركەوتوو بێت لەئەنجامدانی ئەركەكەی سەرشانی. گوێیان لێگرت وەكچۆن گوێیان لە "فیلكس بیات"یش گرت، بەڵام ئەوەندەی ئەو چەپڵەیان بۆ لێنەدا. فۆلابیل لەبارەی فیلكس بیاتەوە پێیگوتم: "حەزم لە بیروبۆچوونەكانی نییە، بەڵام یەكێكە لەگەورە نووسەرانی فەڕەنساو گووتاربێژەكانی". بەڵام هەرچی ئیدگار كینیەیە، ئەو پیاوە دەگمەنو گەورەیە هیچ پلەو پایەیەكی نەبوو. پێش كردنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی بەساتێك شەعبیەتێكی گەورەی هەبوو كەچی لەناو ئەنجومەنەكەدا هیچ ئەو شەعبیەتەی نەما.

ئەنجومەنە سیاسییەكانی نوێنەران لەسەر گۆی زەوی دوا مەنزڵگەن كە كەسی بلیمەت بتوانێت تێیاندا بریسكێتەوە. ئەم ئەنجومەنانە هیچ گرنگییەكیان نییەو ئەوەشی هەیەتی تەنها بۆ رەوانی گوتاربێژیی دەگەڕێتەوە كە گونجاوە لەگەڵ كاتو شوێندا، هەروەها بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەیە كە پێشكەش بەپارتە سیاسییەكان كراون، نەك نیشتمان. بەڵام خەڵكانی ئاسایی سەیری هەیبەتی سەرۆكی بزوێنەر دەكاتو ناهێڵێت هیچ بەرژەوەندییەكی تاكەكەسی دزە بكاتە نێو رەفتارییەوەو چاوەڕێی پاداشتو سوپاسیش ناكات.

ئەو كەسەی بزوێنەری جەماوەرەو خاوەنی هەیبەتێكی تەواوە، تارادەیەك، دەسەڵاتێكی رەهای هەیە. ئێمەش قەبارەی ئەو نفوزە زۆرە دەناسین كە نوێنەرێكی بەناوبانگ بەدرێژایی چەندین ساڵ بەهۆی ئەو هەیبەتەیەوە هەیەتی كە لەكەسێتی ئەودا هەیەو دواتر بەشێوەیەكی كاتی بەهۆی هەندێك رووداوو كێشەی داراییەوە لەدەستیدەدات. تەنها

ئاماژەدانێكی ئەو دەتوانێت چەندین وەزیر لابەرێت. یەكێك لەنووسەرەكان بایەخی كارەكەی بەشێوەیەكی روون و ئاشكرا لەم دێڕانەی خوارەوەدا تۆماركردووە:

"ئێمە قەرزاری بەڕێز (م.س)ین... لەوەدا كە كەنداوی تۆنكانمان كڕی بەنرخێك سێ ئەوەندە گرانتر بوو لەوەی دەبووایە بیدەین، هەروەها لەوەدا كە پێمان لەمەدەغەشقەر نەچەسپا، لەوەدا كە لەحەوزی نایجەردا خۆمان لەئیمپراتۆرێكی تەواو بێبەشكرد، لەوەدا كە بارودۆخی بالادەستی خۆمان لەمیسردا لەدەستدا كە هەمان بوو. بەمجۆرە دەبینین تیۆرەكانی (م.س) زیانێكی زەوی و زاری لێدراین گەورەتر بوو لەوەی كە سەرچڵییەكانی ناپلیۆنی یەكەم و كارەساتەكانی لێیدابووین".

نابێت گلەیی و سەركۆنەی زۆری ئەو سەرۆكە بزوێنەرە بكەین كە بایەخ بەو وتەیەی پێشوو دەدات. ئاشكرایە كە نرخێكی زۆر گرانمان دا، بەڵام بەشێكی زۆر لەكاریگەرییەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەو دوای ئارەزووەكانی رای گشتی كەوتووە كەبیروڕاكانیان سەبارەت بە مەسەلەكانی داگیركاریی جیاوازە لەوەی كەئەمڕۆ هەیە. زۆر دەگمەنە كەسی بزوێنەر پێش رای گشتی بكەوێت، بەڵكو زۆربەیجار كۆششدەكات بۆ ئەوەی هەڵەكانی پەسەند بكرێت.

لەو ئامرازە قەناعەتپێهێنەرانەی كەسانی بزوێنەر لەدوای هەیبەتی كەسێتییانەوە بەكاریدەهێنن، ئەو هۆكارانەن كە چەند جارێك ژماردوومانن. بۆئەوەی ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بكەن پێویستە لەسەر كەسی بزوێنەر لەناخی سایكۆلۆژیای جەماوەر تێبگات، لانیكەم، بەرێگەیەكی ناهۆشمەندانە. هەروەها دەبێت ئەوە بزانێت كەچۆن قسەی بۆ دەكات، چۆن بزانێت بەشێوەیەكی تایبەتی كاریگەریی سیحرئامێزی وشەو دروشم و وێنە





گەیەنەرەكان بەكاردەهێنێت. هەروەها پێویستە لەسەری خاوەن زمانێكی رەوانی تایبەت بێت و ئەو شێوازی جەختكردنەوانە بەكاربهێنێت كە ساغبوونەتەوەو باوەڕیشیان بەخۆیان هەیە، هەروەها ئەو وێنە وروژێنەرانەش بەكاربهێنێت كە بێژنگدانێكی عەقڵیانەی فەریك و پوخت دەورەیداون. ئەو جۆرە رەوانییە لەرەوانبێژیدا لەهەموو ئەنجومەنە نوێنەرایەتییەكاندا دەبینین، بە پەرلەمانی ئینگلیزیشەوە، ئەگەرچی ئەمیان لەوانەیانە كە زۆر ئاغرو لەسەرخۆشە. "مین"ی فەیلەسوفی ئینگلیزی دەڵێت:

"دەتوانین هەمیشە گفتوگۆكانی ناو ئەنجومەنی گشتی بخوێنینەوە، كەبریتین لەگۆڕینەوەی چەند عمومیاتێكی لاواز لەلایەن چەند كەسایەتییەكی زۆر توندەوە. ئەو جۆرە لەدەستەواژەگەلی عمومی كاریگەرییەكی زۆر لەسەر مێشكی خەڵكانی ناو دیموكراسییە راستەقینەكان دادەنێن. كارێكی ئاسانە جەماوەرێك وا لێبكەین ئەو بۆچوونانە پەسەند بكەن كە زۆر گشتین و بەزمانێكی كاریگەر خراونەتەڕوو، لەكاتێكدا ئەوانە پشتڕاست نەكراونەتەوەو لەوەش دەچێت پشتڕاستكردنەوەیان مەحاڵ بێت".

گرنگی "زمانی كاریگەر"، كە ناوی لەم پەرەگرافەدا هاتووە، پێویستی بەسەلماندن نییە، چەندێكیش پێمان لەسەر داگرتبێت زێدەڕۆیی تێدا ناكەین. ئێمە زیاد لەجارێك پێداگریمان لەسەر رادەی هێزو كاریگەریی تایبەتیانەی وشەو دروشمەكان یان دەستەواژە هەڵبژاردەكان كردبوو بەرێگەیەك كە چەند وێنەیەكی ئیحائی و زۆر زیندوو بوروژێنێت. ئەو دەستەواژەیەی خوارەوە كە لەگوتاری یەكێك لەبزوێنەرانی ناو

ئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتیەوە خواستوومانە، نموونەیەكی نایابە لەسەر ئەوەی كە ئێمە دەیڵێین:

"لەو رۆژەوە، كە هەمان كەشتی، ئەو سیاسەتمەدارە گەندەڵ و ئاژاوەگێڕە بكوژەی بەرەو زەمینی تێكچوو دەبرد بەئامانجی نەفیكردن و غەریبایەتی، دەڵێم لەو رۆژەدا دەیانتوانی هەردووكیان گفتوگۆ لەگەڵ یەكتریدا بكەن و خۆیان وەك دوو رووی تەواوكەری هەمان سیستمی كۆمەڵایەتی بۆ یەكتری دەربخەن".

ئەو وێنەیەی لێرەدا وروژێنراوە روون و ئاشكراو كاریگەرە. هەموو نەیارەكانی ئەو جێگرە گوتەبێژە هەستیان دەكرد بەوەی كە لەلایەن ئەوەوە هەڕەشەلێكراون. ئەمانە بەیەكجار هەریەك لەوڵاتانی تێكچووی سەرشێت و ئەو كەشتییەیان دەبینی كە هەڵیگرتبون. ئایا ناتوانین بڵێین كە ئەوانە بەشێكن لەتوێژە زۆر سنووردارەكەی سیاسەتمەدارە هەڕەشەلێكراوەكان؟ ئەوكاتە هەستیان بەو ترسە بێدەنگە كرد كە شوێنكەوتووانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە گووتارە لێڵ و ناڕۆشنەكانی رۆبسپێردا هەڕەشەی لەسێدارەدانیان درا بەگوێدا. ئەو ترسەش هەمیشە بەرەو ملكەچكردنی بردون.

بەرژەوەندی كەسانی بزوێنەر لەوەدایە كە لەكاروبارەكاندا زێدەڕۆیی بكەن و ئەوەندەی بتوانن قەبەیان بكەن. ئەو گووتەبێژەی پێش كەمێك ئاماژەیدا بەدەستەواژەیەك، توانی بێئەوەی ناڕەزایەتییەكی گەورە بنێتەوە جەخت لەسەر ئەوە بكاتەوە كە خاوەن بانكەكان و قەشەكان كەسە بۆمباهاوێژەكان بەكرێدەگرن بۆ ئەوەی بیانخەنە بەرژەوەندی خۆیانەوە!، هەروەها لەوەش كە بەڕێوەبەرانی كۆمپانیا داراییەكانیش، هەروەك ئاژاوەگێڕەكان، شایانی هەمان سزان. ئەمجۆرە شێوازانە هەمیشە كار





لەجەماوەر دەكەن. جەختكردنەوەكە چەندێك زێدەڕۆیی تێدا بێت بەڵام هێشتا بەپێی پێویست تووڕەیان ناكات و گووتارەكەش بەپێی پێویست نابێتە مایەی هەڕەشە. دەبێت هەمیشە هەردووكیان بەلای زیادەوە بخرێنەڕوو. هیچ شتێك نەماوە گوێگران بترسێنێت. ئەوان ئەگەر ناڕەزایەتییان دەربڕی، بترسن لەوەی تۆمەتباریان بكەن بەخیانەت یان سازشكردن.

ئەم رەوانییە لەگوتاربێژیدا شتێكی تایبەتە، وەك پێش تۆزێك گووتم، دەستی بەسەر كۆی ئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتیدا گرت. لەسەروبەندە ئاستەنگەكانیشدا گوڕو تینەكەی زیاتر دەبێت. ئەو گووتارانەی لەلایەن گەورە گووتاربێژانی شۆڕشی فەرەنسییەوە خوێندرانەوە، زۆر بەچێژ بوون و لەو روانگەیەوە دەلالەتی گەورەیان هەبوو. پێیانوابوو كە ئەوان ناچارن لەهەموو چركەساتێكدا پێیانبڕن لەپێناو خستنەڕووی تاوانەكەو نەمركردنی چاكەكاریدا، دواتر دەتەقنەوە بەنەعلەتكردن لە ستەمكاران، هەروەها سوێنددەخۆن بەوەی یان ئەوەتا بەئازادیی دەژین یان دەمرن. ئامادەبووان هەڵدەسانە سەرپێ و بەوپەڕی هەڵچوونەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدان و دوای ئەوەی خامۆشدەبوونەوەو دادەنیشتنەوە.

ئەو سەرۆكەی جەماوەر دەبزوێنێت دەتوانێت هەندێكجار زیرەك و رۆشنبیر بێت. بەڵام ئەمە بەگشتی زەرەری زیاترە لەوەی سوودی پێبگەیەنێت. چونكە زیرەكی، شتەكان بەئاڵۆزی نیشاندەدات و دەرفەتی راڤەكردن و لێكدانەوەیان دەڕەخسێنێت و ئەمەش وا لەمرۆڤ دەكات كە زۆر لێبووردە بێت و توانای قەناعەتكردن و توندوتیژییەكەیان تا ئەوپەڕی رادە لاوازبێن. ئەو قەناعەتانەش، وەك دەزانرێت، بۆ پێغەمبەران و مژدەبەخشان پێویستن. لەهەموو سەردەمەكاندا، ئەو سەرۆكانەی بزوێنەری جەماوەرن،

بەتایبەتیش ئەوانەیان کە لەکاتی شۆڕشی فەڕەنسیدا دەرکەوتن، وێڕای زۆریی کاریگەرییان، بەڵام عەقڵیان زۆر سنووردار بووە.

گووتارەکانی ڕۆبسپێر، کە بەناوبانگترینیانە، زۆرجار بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی کەهەیەتی و ئەو تێکەڵ و پێکەڵییە پێوەیدیارە، شتێکی سەرسوڕهێنەر بووە. کاتێك دەیانخوێنینەوە هیچ ڕاڤەیەکی بەجێیان تێدا نادۆزینەوە بۆ ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە مەزنەی کەگەورە دیکتاتۆر گێڕاویەتی. لەمبارەیەوە دەگوترێت:

"ئەو گووتارانە چەند شتێکی کاڵوکرچن و پڕن لەدووبارەکردنەوەیەکی تایبەت بە ڕەوانییەکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی لاتینی، کەخراونەتە خزمەت ڕۆحێکی منداڵانەوە زیاتر لەوەی رووکەشکراو بێت. بەچەند دەستەواژەیەکی تایبەت بەقوتابیانی سەرەتاییەوە خۆیان خزاندۆتە باری هێرشبردنەوەو بۆ بەرگریکردنەکەش هەروان: هیچ بیرۆکەیەکی تازەو سەرنج و خەسڵەتێکی تایبەتمەندیان تێدا نییە. ئەمانە ئارام لێبڕینن لەزریاندا. کاتێکیش لەو خوێندنەوە بێتاقەتە دەبینەوە هەستدەکەین پێویستمان بەوەیە هاواربکەین و بەچەشنی پیاوێکی ناسکی وەك کامی دیمۆلان بڵێین: ئاخ!".

شتێکی ترسناکە ئەگەر بۆ ساتێکیش بیر لەو دەسەڵاتە بکەینەوە کە ئەو باوەڕکردنە بەهێزە دەیکاتە بەر پیاوێکی تەنراو بەخەرمانەو هالەی هەیبەتی شەخسی، ئەگەر ئەو قەناعەتە هاوشانی بیرتەسکی و تیلەتەنگی ڕێبکات. ئەمە دەسەڵاتێکی چەند گەورەیە. بەڵام هەر دوو مەرجەکە (واتە باوەڕکردن بەهێزەکەو تیلەتەنگی یان بیرنەکردنەوە لەعاقیبەتەکان) دوو شتی پێویستن بۆ کەسێك کەبیەوێت کەندوکۆسپەکان ببڕێت و پشتگوێیانبخات. جەماوەریش ئەو سەرۆکانە لەڕووی غەریزەوە دەناسێت و وەك





سەرگەورەیەك دەیانبینێت کە ملکەچن بۆی، جگە لەوەی پیاوێکی خاوەن پرۆژەیەکی کەللەشەقانەیەو ئەمان پێویستیان پێیەتی.

ئەوەندەی تایبەتە بە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتییەوە، سەرکەوتنی گوتارێك بەشێوەیەکی گشتی پشت بە هەیبەتی شەخسیانەی گوتاربێژەکە دەبەستێت، نەك ئەوەی هەرگیز پشت بەو بەڵگە یان ئەو پێشنیارانە ببەستێت کە لەخۆیدا کۆیکردوونەتەوە.

گوتاربێژی نادیار دەتوانێت بەهۆی گوتارێکی پڕ لەبەڵگەی عەقلانی و پێشنیارگەلی جوانەوە بگاتە پەرلەمان، بەڵام هیچ چانسێکی نییە لەوەی کە گوێی لێبگیرێت، ئەگەر بەوەندەشەوە بوەستێتەوە.

نوێنەری پێشوو، بەڕێز دیکۆب، ئەم چەند دێڕەی نوسیوەو وێنەی گوتاربێژێکی پێشکەشکردووین کەهیچ هەیبەتێکی شەخسی نییەو دەڵێت:

"کاتێك چووە سەرەوە مەلەفێکی لەجانتاکەی دەرهێناو لەپێشدەمیدا هەڵیدایەوەو بەوپەڕی متمانەبەخۆبوونەوە دەستی بەقسەکردن کرد.

هەستی بەخۆشی کرد لەبەرئەوەی توانیویەتی ئەو قەناعەتە بخاتە دڵی گوێگرانەوە کە سنگی ئاوبدات. پاشان بەڵگەکانی خوێندەوەو چەند جارێك دووبارەیکردنەوەو خوێندنیەوە. پڕبوون لەژمارەی وردو سەلماندن. بڕوای وابوو کە ئەو لەسەر هەقەو بەرزکردنەوەی هەر ناڕەزایەتییەکیش لەدژی ئەو سەلماندنانەی کەئەو پێشکەشیکردوون، شتێکی بێهودەو بێ مانا دەردەچێت. دەستی بەقسەکردن کردو هەمووی باوەڕبوون بوو بەوەی کەهەق لەگەڵ هەڵوێستی ئەوو نیازی هاوەڵەکانیدایە، ئەو هاوڵانەی تەنها چاوەڕێی یەك شت بوون ئەویش: چەمینەوەیە لەبەردەم ڕاستیدا.

هەر قسە دەکات و نایبڕێتەوە، بەڵام لەپڕێکدا بەهۆی دەرکەوتنی جووڵەجوولێك لە هۆڵەکەوە سەریسوڕما و ژاوەژاوێك بێزاری کرد.

دەپرسێت: بۆچی بێدەنگ نابن؟ ئەو خەمساردییەتان چییە لەبەرامبەر گوتارەکەمدا هەتانە؟ ئەو نوێنەرانە دەبێت بیر لەچی بکەنەوە کە لەنێوان خۆیاندا قسە دەکەن؟ چی وایکردووە کار بگاتە ئەم رادەیەو وا لە فڵان نوێنەر بکات جێگەکەی بەجێبهێڵێت؟

وردە وردە بێتاقەتی باڵی بەسەر دەموچاویدا کێشا، هەردوو برۆکانی هێنایەوە یەك و بێدەنگ بوو. دوای ئەوەی سەرۆك هانیدا سەرلەنوێ دەستیپێکردەوەو دەنگی بەرزکردەوە. بەڵام گوێگرتنیان بۆی کەمتر بوو. لەهجەکەی تونددەکاتەوەو هەڵدەچێت و پیایاندا هەڵدەشاخێت. بەڵام ئەمەش دادی نادات و بگرە دەنگەدەنگی دەوری زیاتر دەبێت. وایلێدێت تەنانەت گوێی لەخۆشی نامێنێت و لەتاوا جارێکی تریش دەوەستێت. بەڵام ترسا لەوەی بێدەنگییەکەی هاوارە بەناوبانگەکەی لێبکەوێتەوە کەدەڵێت: **دانیشتنەکە داخرا!** بۆیە بەگوڕەوە سەرلەنوێ دەستیپێکردەوە، بەڵام ژاوەژاوەکە ئەمجارەیان بەجۆرێك پەرەیسەند کەس بەرگەی نەگرت".

کاتێك ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی دەگەنە پلەیەکی دیاریکراو لەهەڵچوون، لەوکاتەدا ئەوانیش رێك وەك جەماوەرێکی ئاسایی ناوێکچوویان لێدێت، جگە لەو سۆزمەندییە هەمیشە توندڕەوەی کەهەیانە. ئێمە هەندێکجار ئەو کارە پاڵەوانانەیان دەبینین ئەنجامیدەدەن و جاریش هەیە ناشرینترین کار دەکەن. لەوکاتەدا تاك ئەوەی نامێنێت کەخۆی بێت و دەنگ بۆ چەند بڕیارێکیش دەدات کە زۆر دژ بەبەرژەوەندییەکانی خۆیەتی.

مێژووی شۆڕشی فەڕەنسی ئەوەمان نیشاندەدات کە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی تا چەندێك دەتوانن هۆشی خۆیان لەدەستبدەن و بچنە ژێر باری پێشنیارگەلی دژ بەبەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە. وازهێنانی چینی خانەدانی فەڕەنسی لەئیمتیازاتی خۆیان قوربانییەکی گەورە بوو، سەرباری





ئەوەی ئەم هەنگاوەیان بەبێ هیچ دوودڵییەك لەشەوە بەناوبانگەکەی ئەنجومەنی دامەزراندنی فەڕەنسیدا هاویشت. پاشەکشەی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراندن لەپۆستە پەرلەمانییەکەیان مەترسییەکەی وەك مەرگێکی هەمیشەیی وابوو، لەگەڵئەوەشدا ئەو هەنگاوەیان ناو نەسڵەمینەوە لەوەی یەکتری پاکتاوبکەن، چونکە ئەوەیان باش دەزانی کە ئەو تەختی سێدارەیەی ئەمڕۆ هاوڕێکانیانی بۆ دەنێرن سبەینێ بەنسیبی خۆشیان دەبێت. بەڵام دوای ئەوەی گەیشتنە ئەو قۆناغە لەونکردنی ئەو ئیرادە تەواوەی من وەسفمکرد، چیدی نەیانتوانی خۆیان لەگوێڕایەڵی ئەو پێشنیارانە بدزنەوە کە وەك موگناتیس خەویان لێدەخات. ئەو پەرەگرافەی خوارەوە کە یاداشتی یەکێکیانە (بیلۆفارین) نموونەیەکی بەرچاوە لەبارەی ئەو خاڵەوەو دەڵێت: "مادامەکی لەسەر ئەو بڕیارانە لۆمەیان کردووین، لەبەرئەوە زۆرجار پێش دوو رۆژ یان تەنانەت یەك رۆژیش رەتمانکردوونەتەوە. چونکە ئەوەی بڕیارەکانی دەوروژاند جگە لەقەیران شتێکی تر نەبوو". بەلای منەوە هیچ قسەیەك نییە لەمە راستتر بێت.

دیاردەکانی لەدەستدان و ونکردنی هۆشمەندیی لەهەموو دانیشتنە زریانئاساکانی ئەنجومەنی دامەزراندا دیاربوون. "تین" لەوبارەیەوە دەڵێت:

"لەسەر بڕیارەکان رێکدەکەوتن و بڕیارگەلی تایبەتیان لەدژی هەموو ئەوانە دەردەکرد کە بێزاریان دەکردن و دەیانترساندن. تەنها لەسەر گەمژەیی و سەرشێتییەکان رێکنەکەوتبوون، بەڵکو لەسەر تاوانەکان و کوشتنی کەسانی بێگوناهو کوشتنی هاوڕێکانیشیان رێککەوتبوون. باڵی چەپ و راست پێکەوە هاوپەیمانێتییان ئەنجامداو بەکۆی دەنگ و لەژێر هاڕەی چەپڵەڕێزاندا دانتۆنیان بردە بەردەم تەختی سێدارە، لەکاتێکدا دانتۆن رابەری سروشتیانەی شۆڕش و سەرۆکی گەورەیان بوو. راست و

چەپ هەموویان بەچەپڵەوە دەنگیان لەسەر دزێوترین بڕیارەكانی حكومەتی شۆڕشگێڕ دا. بەكۆی دەنگ‌و هات‌و هاواری پڕ لەسەرسامبوون‌و حەماسەتەوە، كەهاوشانبوو لەگەڵ سۆزمەندییەكی زۆر بۆ "كولودیربوا"و "كوتون"و "رۆبسبیر"دا، ئەنجومەنی دامەزرێنەر پارێزگاری لەحكومەتی كوشت‌وبڕو تاوان كرد، ئەویش لەرێگەی هەڵبژاردنەوەی عەفەویانەو چەندبارەیەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی "لابلین" ریسوای دەكردن‌و لەدژیان دەوەستایەوە لەبەرئەوەی حكومەتێكی بكوژو بڕی تاوانبار بوو. ئەمە جگە لەریسواكردنی گروپی لامۆنتانیەش كەدەیویست ریشەكێشیان بكات‌و لەبنجەوە هەڵیانكێشێت. لەدوا ئاكامدا هەریەك لەلابلین‌و مۆنتانیە، وەك زۆرینەو كەمینەیەك، رێكەوتن لەسەر ئەوەی یارمەتی ئەو حكومەتە بدەن بەمەبەستی ئەوەی بەشێوەیەكی دەستەجەمعی خۆیانبكوژن. لەبەرواری (٢٢)ی ئایاردا كۆی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەرزاندن رێكەوتن لەسەر ئەوەی ملی بخەنە بەردەم پەتی سێدارە. دواتر لە (٨)ی تەمموزداو بە چارەكە سەعاتێك دوای گوتارەكەی رۆبسپێر، جارێكی تر ملی خرایەوە بەر پەتی سێدارە".

وادەردەكەوێت ئەو تابلۆیەی تێن نیشانمانی دەدات رەش‌و تاریك بێت، بەڵام لەگەڵئەوەشدا ئەوە راستییەكەیەتی. ئەنجومەنەكانی نوێنەرایەتی بەپێی پێویست وروژابوون‌و بەموگناتیس خەویان لێخرابوو، ئەمانیش وەك هەر جەماوەرێكی تر هەمان خەسڵەتیان لێدەركەوت. ئەمانیش دەبنە رانەمەڕێك‌و ملكەچی هەموو پاڵنەرە غەریزەییەكان دەبن. ئەم وەسفەی خوارەوەی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ساڵی (١٨٤٨)، نموونەیەكی مۆدێلئاسای نمونەیی لەسەر ئەوە پێشكەشدەكات. ئەمەش لەلایەن نوێنەرێكەوە پێشكەشمان دەكرێت كەهیچ گومانێكی لەدیموكراسی نییە،





ئەو بەڕێزەش سبولیرە، ئەوەشی لێرەدا تۆماریدەكەم لەگۆڤاری ئەدەبییەوە وەرگیراوە. لەو وەسفەدا هەموو ئەو سۆزمەندییانە دەبینین كە گەورەو قەبەكراون‌و زێدەڕۆییان تێدا كراوەو پێشتریش لەباسكردنی جەماوەردا هەڵمهێنجان. ئەم جووڵە زیادەیە رێگەمان پێدەدات بەوەی لەساتێكەوە بۆ ساتێكی تر بگوێزینەوەو بەهەموو ئەو پەیژانەی سۆزمەندیدا گوزەر بكەین كەپڕن لەناكۆكی. نوێنەری ناوبراو دەڵێت:

"دابەشبوونەكانی نێو پارتی كۆماری‌و بڵاوبوونەوەی گیانی ئێرەیی‌و بەدگومانی لەناو ریزەكانیدا، لەپاڵ بوونی متمانەیەكی كوێرانەو چەند هیوایەكی بێسنور بەسەر ریزەكانیدا، دواجار بەهیلاكی برد. ساویلكەیی‌و بەرائەتەكەی نەیدەكردە شتێك جگە لەبێمتمانەییە گشتی‌و گەردوونییەكەی نەبێت. هیچ هەستێكی بۆ شەرعیەتی یاسایی نەمابوو، هیچ تێگەیشتنێكی بۆ پەیڕەوی ناوخۆ نەبوو. چەندین جۆر تیرۆرو وەهم چووبوونە نێو ریزەكانییەوە كە بێ ئەژمار بوون. جووتیارو منداڵێك لەو خاڵەدا پێكدەگەیشتن. هێمنیەكەیان لەوەوە هاتبوو ئارامیان لێبڕابوو، دڕندەییەكەشیان لەماڵئاواییانەوە بوو. ئەمانەش خەسڵەتی بوونەوەرێكی ناكامڵ‌و بێ پەروەردەیە، هیچ شتێك سەرسامیان ناكات، بەهەموو شت بێزار دەبن. لەیەككاتدا دەترسان‌و هەڵدەلەرزین كەچی ئازاو پاڵەوانیش بوون، ئامادەبوون خۆیان بخەنە نێو كڵپەی ئاگرەوە، لەبەردەم تارماییەكیشدا دەتۆقین‌و لەترساندا خۆیان دەكشاندە دواوە".

ئەو ئاكامانەیان نەدەزانی كە لەكردەیەك یان پەیوەندی نێوان شتەكانەوە دەردەچوون. چەندێكیش ئامادەی حەماسەت‌و وروژاندن بوون، ئەوەندەش ئامادەییان بۆ كەوتن‌و داڕمان تێدا بوو. هەروەها ئەگەری ئەوەشیان لێدەكرا بەشێوەیەكی هەمیشەیی روبەڕووی هەر جۆرە ترس‌و تۆقاندنێك ببنەوە،

ئیدی ئەمانە یان ئەوەتا لەسەری سەرەوە بوون یان لەخواری خوارەوە. هەرگیز لەبارێکی هاوسەنگدا نەبوون، کەدەبووایە وەها بوونایە. زۆر لەئاو بەخوڕتر بوونو هەموو رەنگەکان تێیاندا رەنگیدەدایەوەو هەموو شکڵو فۆرمێکیان وەردەگرت. هەرچ بنکەیەکی حکومەت بیویستایە دەیتوانی پشتیان پێببەستێت.

خۆشبەختانە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی سەبارەت بەئەنجومەنەکانی پەرلەمان لەباسکردنیان بووینەوە، بەبەردەوامی تێیاندا دەرنەدەکەوت. واقیعەکە ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت کە بڵێین ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی بەواتای جەماوەر نایەن، بەو مانایەی وشەکە هەیەتی، مەگەر لەچەند کاتێکدا نەبێت. ئەو تاکانەشی پێکیدەهێنن لەزۆربەی بارەکاندا بەوە دەگەن کە پارێزگاری لەفەردانیەتی خۆیان بکەن، لەبەر ئەو هۆیەشە کە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی دەتوانن چەندین یاسای تەکنیکیانەی نایاب دابڕێژن. راستە ئەو یاسایانە پێشوەخت لەلایەن پسپۆڕانەوەو لەبێدەنگییەکی ناو نوسینگە وەزارییەکان یان پەرلەمانییەکاندا ئامادە دەکرێن، بەڵام لەواقیعیشدا ئەو یاسایانەی دەنگیان لەسەر دەدرێت دروستکراوی دەستی یەك کەسن، نەك سەرلەبەری ئەنجومەنێکی نوێنەرایەتی هەمووی، کەدیارە ئەوانەش باشترن کە یەك کەس دایاندەڕێژێت. خۆ هیچ نەبێت رۆڵی تێکدەرانە نابینن و خراپ نابن، ئەوەندە نەبێت چەند هەمووارکردنێکی بێزارکەریان تێدا دەکرێت و دەیانکەنە کارێکی دەستەجەمعی. لەهەموو شوێنێکداو هەمیشە کاری خەڵکانێکی بەکۆمەڵ لەئاستێکی نزمتردایە لەکاری تاکەکەسێك، ئەوە تەنها گەورە پسپۆڕانی یاسان کە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی رزگار دەکەن لەگرتنەبەری رێوشوێنی شێواوو ئیرتیجالی، ئەوکاتە ئەوانیش دەبنە سەرۆك و بزوێنەرانی





کاتی، چونکە ئەنجومەنی نوێنەرایەتی کار لەوان ناکات بەڵکو ئەوان کار لەمان دەکەن.

سەرباری ئەو هەموو زۆریی و زەحمەتیانە، هەتا ئێستاش ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی باشترین رێگەچارەیەکن کە میللەتان بۆ حوکمڕانێتیکردنی خۆیان دۆزیبێتیانەوە، دواتریش بەشێوەیەکی تایبەتترو ئەوەندەی دەست بگات لەچنگ داپڵۆسین و ستەمکاریی تاکەکەسی رزگاریانبووە. گومان لەوەدا نییە کە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی نموونەی باڵای حکومەت و حوکمڕانێتی پێکدەهێنن. لانیکەم بەلای فەیلەسوف و بیرمەندو نوسەرو هونەرمەندو زاناکانەوە، واتە بەکورتی بەلای هەموو ئەوانەی ترۆپکی شارستانێتییەك پێکدەهێنن.

ئەو ئەنجومەنانە تەنها دوو مەترسی جیددی هەڕەشەیان لێدەکات، ئەوانیش بریتین لە: بەفیڕۆدانی زۆرەملێیانەی بودجەو سنوردارکردنی وردە وردەی ئازادییەکانی تاکەکەس.

هەرچی مەترسی یەکەمیانە ئەنجامێکی ئیجباریانەی داخوازییەکانی جەماوەری هەڵبژاردن و کورتبینییانە. کاتێك نوێنەرێك پرۆژەبڕیارێك پێشنیار دەکات و تێیدا هەست و سۆزو بۆچوونە دیموکراسییەکانی رازی دەکات. بۆ نموونە، وەکئەوەی پێشنیارێك بەمەبەستی خانەنشینکردنی هەموو کرێکاران، یان زیادکردنی مووچەی کرێکارانی رێگەوبانەکان یان مامۆستایان و...تاد، پێشکەشدەکات. لەمکاتەدا نوێنەرەکانی تر هیچیان لەدەست نایەت تەنها ئەوە نەبێت قبووڵی بکەن، ئەمەش لەترسی ئەوەی نەکا تۆمەتبار بکرێن بەوەی خەمساردن بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی دەنگدەرانیان. لەکاتێکدا ئەوەش دەزانن کە ئەو پرۆژەبڕیارە لەسەر بودجەی دەوڵەت زۆر خراپ دەکەوێتەوە، بۆیە لەتاوا دەچن باجی نوێ دەسەپێنن.

لەکاتێکدا هیچ دوودڵییەکیان نییە لەوەی دەنگ بۆ ئەو بڕیارە بدەن‌و دەشیدەن. ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ئەو ئاکامانەی زیادبوونی خەرجییەکان دەیخەنەوە لەخۆیانەوە دوورەو هیچ زیانێك بەبەرژەوەندی تاکەکەسییان ناگەیەنێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر دەنگ لەسەر پرۆژە بڕیارەکە نەدەن، ئەوا دەبێت باجەکەی لەنزیکترین هەڵبژاردنی داهاتوودا بدەن.

لەپاڵ هۆکاری یەکەم، کەتایبەتە بەزیادکردنی خەرجییەکان، هۆکارێکی تریش هەیە کەئەمیشیان زۆریی‌و ناچارکردنەکەی لەوەی پێشتر کەمتر نییە: ئەویش رازیبوونە لەسەر هەموو ئەو خەرجییانەی کە جگە لە بەرژەوەندییەکی ناوخۆیی‌و لۆکاڵیانەی رووت هیچی تریان تێدا نییە. نابێت هیچ نوێنەرێك لەدژی بێت، لەبەرئەوەی ئەمیش گوزارشت لەداخوازییەکانی دەنگدەران دەکات، بۆیە هیچ نوێنەرێك ناتوانێت ئەوەندە دەنگ بەدەستبهێنێت کە بازنەی هەڵبژاردنەکەی دەیەوێت ئەگەر لەسەر داخوازییە لێکچووەکانی نوێنەرانی تری هاوڕێی لەبازنەکەیاندا رازی نەبێت[٢].

[٢] رۆژنامەی ئیکۆنۆمیست لەو ژمارەیەیدا کە لەبەرواری (٦)ی نیسانی (١٨٩٥)دا دەرچووە، بڕی ئەو تێچوونانەی دەرخستووە کە پرۆسەی هەڵبژاردن لەماوەی ساڵێکدا خەرجیکردوون، بەتایبەتیش ئەو خەرجیانەی تایبەتن بەهێڵەکانی ئاسنینەوە. بۆئەوەی شاری "لانگیز" (کە شارێکی سێ هەزار کەسییە)و لەسەر لوتکەی شاخێکە، بەشاری (بی) یەوە ببەستنەوە، دەنگیان لەسەر بڕیاری راکێشانی هێڵێکی ئاسنیندا کە تێچوونەکەی پازدە ملیۆن فرەنکە. بەستنەوەی "بۆمۆن" (شارێکی سێهەزارو پێنجسەد کەسییە) بەگوندی سیکسەوە (هەزارو دووسەد کەسییە) حەوت ملیۆنی تێچووە. بەستنەوەی برادیس‌و گوندی ئۆلیت (حەوتسەدو چل‌و حەوت کەسە) بەیەکترەوە شەش ملیۆن دۆلاری تێچووە، هتد... تەنها بۆ ساڵی ١٨٩٥ نەوەد ملیۆن دۆلاریان بۆ دامەزراندنی هێڵێکی ئاسنین خەرجکردووە کە پێویستیش ناکات. چەندین خەرجی تری لەو جۆرەیان تەنها بۆ مەبەستەکانی هەڵبژاردن تەرخانکرد. جگە لەوەی کە یاسای تایبەت بەخانەنشینکردنی کرێکار، لانیکەم، ساڵانە سەدو شەست‌و پێنج ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، ئەمەیان قسەی وەزیری داراییە. بەڵام ئەگەر بەقسەی ئەندامی ئەکادیمی "لو روا بوالو" بێت هەشتسەد ملیۆنی تێدەچێت. زۆربوونی ئەم خەرجییانە دەبنە مایەی ئیفلاسکردن. زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی وەك پورتوگاڵ‌و یۆنان‌و ئیسپانیاو تورکیا گەیشتوونەتە ئەم حاڵەتەو دواتریش چەندین وڵاتی تر بەمە دەگەن. بەڵام ئایا دەبێت ئەمە زۆر بێتاقەتمان بکات ئەگەر بزانین لەزۆر وڵاتدا جەماوەر دوابەدوای ئەمە کەمکردنەوەی قیستەکانی پارەدانی بەرێژەی چوار لەسەر پێنج پەسەند کردووە. ئەو ئیفلاسکردنە بەتوانایە چیدی رێگە بەهاوسەنگکردنەوەی ئەو بوودجە پەکخراوانە دەدات. ئەوەی راستی بێت جەنگەکان‌و سۆشیالیزم‌و ململانە ئابوورییەکان کارەساتگەلی ترمان بۆ ئامادە دەکەن. لەقۆناغی لێکهەڵوەشانی گەردوونیدا، کەپێمان ناوەتە ناویەوە، پێویستە ژیان رۆژ بەرۆژ قبوڵ بکەین بەبێ ئەوەی گوێ بە سبەینێیەك بدەین کەهەرگیز دەسەڵاتمان بەسەریدا ناشکێت.





بەڵام مەترسی دووەم، کەپێشتر باسکرا، پەیوەندی بەسنوردارکردنی ئازادییەکانی تاکەکەسەوە هەیەو شتێکە ناکەوێتە بەر چاوان‌و وەك هەڕەشەی یەکەمیان نییە، ئەگەرچی بوونیشی هەیە. ئەمیان زادەی چەند یاسایەکە کەهەمیشە رۆڵی گەمارۆدەر دەبینن‌و ئازادی سنورداردەکەن. ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی بەهۆی زاڵبوونی گیانی ئاسانکردنەوە بەسەریاندا ناتوانن رەنگدانەوەو ئەنجامەکانی ئەو یاسایانە ببینن، لەکاتێکدا بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت دەنگی بۆ بدات.

ئەم مەترسییە شتێکی حەتمییەو دەربازبوونی تێدا نییە، چونکە خودی ئینگلتەرا، کەباشترین نموونەی سیستمی پەرلەمانییەو نوێنەریش تێیدا، بەبەراورد لەگەڵ دەنگدەرانیدا، زۆرترین سەربەخۆیی هەیە، هێشتا دەڵێم کەخودی ئینگلتەراش نەیتوانیوە لەچنگ ئەم مەترسییە رزگاری بێت. هێربەرت سیبنسەر لەکتێبێکی کۆندا ئەوەی دەرخستووە کەزیادبوونی ئازادی رواڵەتیانە کەمکردنەوەیە لەئازادی راستەقینە. پاشان لەکتێبەکەیدا (تاك لەدژی دەوڵەت) هەمان تێزی دووبارکردۆتەوەو لەبارەی پەرلەمانی ئینگلیزستانەوە بەم شێوەیە دەدوێت:

" لەوکاتەوە یاسادانان لەسەر ئەم پێودانگە دەڕوات کە ئاماژەم پێدا. هەتادێت بڕیارە دیکتاتۆرییەکان بەخێرایی زیاددەکەن‌و بەبەردەوامی بوونەتە مایەی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی تاکەکەس، ئەمەش بەدوو رێگە ئەنجامدەدرێت: یەکەمیان رێگەی رێکخستن‌و دەرکردنی بڕیارەکانە.

هەموو ساڵێك ژمارەیەکی زۆر بڕیار دەردەچوو کەهەر هەموویان شێوازێکی توندو رەقیان بەسەر هاوڵاتیدا دەسەپاند، لەکاتێکدا پێشتر بەشێوەیەکی زۆر ئازادانە نزیکدەبۆوە. دواتر ناچاریدەکات بەئەنجامدانی چەند کارێك کەپێشتر هاوڵاتی دەیتوانی بەوپەڕی ئیرادەی ئازادانەی خۆیەوە ئەنجامیان بدات یان نا. هاوکات بەرپرسیارێتییە گشتییەکان زیاترو زیاتر دەبن، بەتایبەتیش لۆکاڵییەکانیان، ئەم ئازادییە تەسکتر دەکەنەوە، ئەویش لەرێگەی کەمکردنەوەی ئەو بەشە سووەی کەدەتوانێت بەئارەزووی خۆی خەرجی بکات، هەروەها لەرێگەی زیادکردنی ئەو بەشەی کە لێیزەوتکراوە بۆئەوەی بەپێی حەزو هەوەسەکانی کارمەندانی دەوڵەت هەڵسوکەوت بکات".

ئەم کەمبوونەوە پلەبەپلەیەی ئازادییەکان لەلای هەموو وڵاتان لەفۆرمێکی تایبەتدا دەردەکەوێت، بەڵام هێربەرت سیبنسەر ئاماژەی پێنەداوە: مەبەستمان لەنوسینی ژمارەیەك یاسای زۆرو زەبەندە، کە هەر هەموویان بەگشتی بەرەو کەمکردنەوەو سنورداركردنی ئازادییەکان ملدەنێن، کەئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئەو کارمەندانەی راسپێردراون بۆ جێبەجێکردنیان و زیادبوونی دەسەڵات و کاریگەرییان. ئەوان بەمە دەیانەوێت ببنە سەرگەورەی راستەقینەی وڵاتە شارستانێتییەکان. چونکە هەتا بێت دەسەڵاتیان بەهێزتر دەبێت ئەویش لەبەرئەوەی حکومەتەکان دەگۆڕێن بەڵام ئەمان ناگۆڕێن. ئەمان بەهرەمەندن لە نابەرپرسیارێتی و غافڵگیریی و بەردەوامبوون. ئێمەش دەزانین کە ئەوە لەناو هەموو جۆرەکانی داپڵۆسیندا ستەمکارتر نییە لەوەی کە ئەو سێ سیفەتەی تێدایە.

نوسینی یاساکان بەشێوەیەکی بەردەوامو بەبێ وەستان، هەروەها نوسینی ئەو یاسا سنوردارانەی کە چەند رستەیەکی بێزەنتینی ئاڵۆز





لەبچوکترین کارەکانی نێو ژیان دەئاڵێنێت، کەئەمەش دواجار دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی لەسەرخۆی ئەو بازنەیەی کەهاوڵاتیان دەتوانن لەناویدا بەشێوەیەکی ئازادانە جووڵە بکەن. ئەویش لەبەرئەوەی گەلان قوربانی دەستی ئەو وەهمەن کە پێیوایە هەتا ژمارەی یاساکان زیاتر بن مسۆگەرکردنی یەکسانی و ئازادی چاکتر دەبێت. هەر لەبەرئەمەشە کە ئەوان هەموو رۆژێك زۆرەملەی رەقتری نوێ قبوڵدەکەن، لەکاتێکدا خۆ ئەم قبوڵکردنەیان بەبێ سزا دەرباز نابێت، لەبەرئەوەی لەسەر هەموو جۆرە کۆیلایەتییەك راهاتوون و کارەکە بەوەیان دەگەیەنێت کە دواجار بگەڕێن بەدوایداو هەموو عەفەویەت و هەموو وزەیەکیش گومبکەن. ئیدی لەو کاتەدا ئەوانە شتێك نین جگە لەچەند تارماییەکی بێهوودە، جگە لەچەند ئامێرێکی میکانیکیانەی خراپ، کەهیچ ئیرادەو هیچ بەرەنگاربوونەوەو هیچ هێزێکیان نییە.

بەڵام ئەو وزەو هاندانانەی کە مرۆڤ لەخۆیدا نەیدۆزیونەتەوە، ئیجباری دەکەن لەشوێنێکی تردا بۆیان بگەڕێت. بەهۆی خەمساردیی هاوڵاتیان و بێدەسەڵاتی روو لەزیادیانەوە، تادێت، رۆڵی حکومەتەکان وەك پێویستییەك گەورە دەبێت. بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتیش گیانی دەستپێشخەری هەبێت و پرۆژەکان ئەنجامبدات و سەرکردایەتی کاروبارەکان بکات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەمانە هەر هەمووی لای کەسە سەربەخۆکان وندەبن و دیارنامێنن. هەر بۆیەش دەوڵەت بۆتە بەرپرسی هەموو شتێك و خۆی پارێزگاری لەهەموو شتەکان دەکات. لەمکاتەدا دەوڵەت دەبێتە خوایەکی گەورەو گران. بەڵام ئەزموون فێرماندەکات کە دەسەڵاتی خوایەکی لەمجۆرە، هیچکات هەمیشەیی نەبووەو هەرگیز بەهێزیش نەبووە.

وادەردەکەوێت بەرتەسکبوونەوەی رووبەری ئازادییەکان لەلای هەندێك لەگەلان لەئەنجامی پیربوونیانەوە بێت ئەوەندەی زادەی سیستمە سیاسییەکەیە. ئەمە دەڵێین، سەرباری ئەوەی رەنگە دەرکەوتەکانی داڕزان و بەڕەڵایی، ئەو گەلانە دوچاری ئەو وەهمە بکات کە ئەوان خاوەنی ئازادین. ئەم کەمبوونەوەیەی ئازادیی یەکێکە لەنیشانەکانی هاتنی قۆناغی داڕوخان کەهیچ شارستانێتییەك لەجیهاندا نەیتوانیوە هەتا ئێستا خۆی لەچنگی رزگار بکات.

ئەگەر لەوانەکانی رابوردو و پەندەکانی رابمێنین و سەیری نیشانە سەرەتاییەکانی چواردەورمان بکەین، دەبینین زۆرێك لەشارستانێتییە نوێکانمان گەیشتوونەتە قۆناغی ئەوپەڕی پیربوون، کەئەمەش قۆناغی راستەوخۆی پاش داڕمانە. هەندێك لەئاڵوگۆڕەکان وەك ئەوە وان کە بکوژی هەموو گەلان بن، ئەویش لەبەرئەوەی لەمێژوودا زۆر دووبارەبوونەتەوە.

شتێکی گران نییە بەشێوەیەکی کورت لەقۆناغەکانی ئەو ئاڵوگۆڕو رەوتە مێژووییانە بکۆڵینەوە. کتێبەکەمان بەپێشکەشکردنی کورتەیەك لەو بارەیەوە کۆتایی پێدەهێنین.

ئەگەر لێکۆڵینەوە، لەچاوگی گەورەیی و داڕمانی ئەو شارستانیانە، بە بارە پانەکەیدا ئەنجامبدەین، کە کەوتوونەتە پێش شارستانێتی ئێمەوە، ئەوکات چی دەبینین؟

لەسەرەتای ئەو شارستانێتیانەدا پیاوانێکی کەم دەبینین کە سەر بەبنج و رەچەڵەکی جۆراوجۆرن و بەپێی ئارەزووی کۆچکردن و داگیرکارییەکانیان کۆبوونەتەوە. ئەمانە خوێن و زمان و بیروباوەڕیان لەیەکتری جیاوازە، هیچ رایەڵەیەکی هاوبەشیان لەنێواندا نییە، جگە لەیاسای زەعیم و رابەرەکەیان کە تەنها لەلای نیوەیان دانیپێدانراوە. لەناو ئەو تێکەڵە کۆمەڵبووەدا،





سیفاتە سایکۆلۆژییەکانی جەماوەر لەبەرزترین ئاستیدا دەبینین. ئەو جەماوەرە پێکەوەگرێدانی کاتی و چەندین جۆر قارەمانێتی و لاوازیی و کەموکوڕیی و غەریزەی پاڵپێوەنان و توندوتیژییان هەیە. هیچ شتێکی نەگۆڕو چەسپاویان نییە، ئەوانە بەربەرین.

دواتر زەمەن دەڕواو کاری خۆی تەواو دەکات، لێکچوویی ژینگەو دووبارەبوونەوەی کردەی یەکتربڕینی نێوان کۆمەڵەکان و پێداویستییە هاوبەشەکانی ژیان دەچنە خانەی سەرەوە بۆئەوەی بتوانن بەهێواشی کاری خۆیان ئەنجامبدەن. لەوکاتەوە ئەو یەکە ناوێکچووانە لەگەڵ یەکتردا دەست بەتوانەوە دەکەن لەپێناو پێکهێنانی یەك رەگەزدا، واتە کەڵەکەبوونێك دەخوڵقێت کەهەڵگری چەندین خاسیەت و سۆزمەندیی هاوبەشن و فاکتەری بۆماوەش بەهێواشی دیارییاندەکات. بەمشێوەیە کۆمەڵە خەڵکێك دەبنە گەلێك و بەمە ئەو گەلە دەتوانێت لەحاڵەتی بەربەریەت دەربچێت.

بەڵام هیچ گەلێك بەتەواویی لێیدەرناچێت هەتاکو کۆششێکی زۆرو چەند شەڕو ململانێیەك نەکات و هەوڵ و تەقەلایەکی بێ شومار نەدات کەدواجار نموونەیەکی باڵای دەستبکەوێت. گرنگ نییە سروشتی ئەو نموونە باڵایە هەرچییەك بێت، پەرستنی رۆمایە یان هێزی ئەسینا یان سەرکەوتنی یەزدانە (مەبەست لەئیسلامە)، ئەوەندە بێت بەشی تواندنەوەی هەموو تاکەکان بکات لەو رەگەزەی کە لەقۆناغی پێکهاتندایەو لەیەکەی سۆزمەندیی و هزردا کۆیکردوونەتەوە.

ئەوکاتە شارستانیەتێکی نوێ بەهەموو دامەزراوەو بیروباوەڕو هونەرەکانیەوە لەدایکدەبێت. لەژێر پاڵەپەستۆی خەوندا رەگەزە دیاریکراوەکە دەتوانێت هەموو ئەو شتانە بەدەستبهێنێت کە نێوو نێوبانگ و هێزو گەورەیی دەدەنێ. گومان لەوەدا نییە کە حەشاماتێك

لەخەڵك هەن لەهەندێك رووگەو کاتدا دەمێننەوە، بەڵام لەپشت خەسڵەتە بزۆك و گۆڕاوەکانی جەماوەرەوە جەوهەرێکی پتەوو هەمیشەییان هەیە، ئەویش ئەو رەگەزەیە، کە بەهێزو تینی خۆی، ناهێڵێت میللەتێك لەرەلەر بکات و فاکتەری رێکەوت و لەناکاویش دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

بەڵام دوای ئەوەی لەکاری بلیمەتانەی خۆی بۆوە، زەمەن دەست بەکارێکی تری خۆی دەکات، کە ئەویش تێکوپێکدانە. ئەو تێکوپێکدانەی نەخواکان و نەمرۆڤ لەچنگی رزگاریان نابێت. پاشئەوەی شارستانێتی دەگاتە ئاستێکی دیاریکراو لەهێزو ئاڵۆزبوونی خۆی و لەگەشەو گەورەبوون دەکەوێت. هەر لە گەورەبوونی خۆی کەوت چیدی داڕمانەکەی خێراتر دەبێت. ئەو دەمە زەنگی سەعاتی پیربوون لێدەدات و هێورنابێتەوە.

یەکێك لەسیفاتەکانی ئەو سەعاتە حەتمییە، ئەو لاوازیی و نابودییەیە کە تووشی ئەو نموونە باڵایە دێت کەپاڵپشتی لەرۆحی ئەو رەگەزە دەکرد کەخولقێنەری خودی ئەو شارستانێتییەیە. هەتا نموونە باڵاکە رەنگزەردو لاوازتر بێت لەگەڵیدا هەموو ئەو دامەزراوە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی، کە ئەو سروشبەخشیان بوو، لەڕو لاوازترو لەرزۆکتر دەبن.

لەگەڵ پوکانەوەی بەکاووخۆی نموونە باڵاکەدا، چیدی رەگەز زیاترو زیاتر ئەو شتانە لەدەستدەدات کەمایەی تۆکمەیی و یەکێتی و بەهێزبوونی بوون. لەو کاتەدا تاك دەتوانێت گەشە بەکەسایەتی و زیرەکی خۆی بدات، بەڵام ئەوەی جێگەی ئەنانیەت و خۆپەرستیی بەکۆمەڵی رەگەز دەگرێتەوە، گەشەیەکی زۆری خۆپەرستی تاکەکەسییە، کە کەساسی لەکەسایەتی و لاوازیی لەپراکتیك و بێتوانایی لەتێکەڵبووندا هەیە. ئەوەی میللەتێك و تۆکمەیی و قەوارەیەکی ریزکراوی پێکدەهێنا، لەدوا ئاکامدا، دەبێتە





هەڵچنینێك لەو کەسانەی کە هیچ رایەڵەیەکیان لەنێواندا نییە، بەڵام بۆ ماوەیەکی ترو بەشێوەیەکی دەستکردو لەمیانەی نەریت و دامەزراوەکانەوە پارێزگاری لەیەکێتییە رووکەشەکەیان دەکەن. پاشان خەڵکەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و ئاواتەکانیان بەجۆرێك دابەشدەبن کە وایانلێبێت نەزانن چۆن حوکمڕانێتی خۆیان بکەن. چیدی ئەو خەڵکە داوای ئەوە دەکەن کە لەهەموو کاروبارێکیاندا سەرکردایەتی و حوکمڕانێتی بکرێن و داوا لەدەوڵەت دەکەن هەژموونی کارای خۆی بەسەریاندا پیادە بکات.

وەختێك نموونەی باڵای کۆن بۆ دواجار وندەبێت و ماڵئاوایی دەکات، ئەمە وا لەرەگەز دەکات کە بۆ دواجار ئەویش خۆی لەدەستبدات. لەو کاتەدا رەگەز جگە لەچەند گەردیلەیەکی پەرش وبڵاوی پێکهاتوو لەچەند کەسێکی لێکدابڕاو شتێکی تر نابێت، واتە دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی سەرەتای خۆی: واتە لەمکاتەدا رەگەز کۆمەڵە خەڵکێکە هەموو خەسڵەتەکانی کۆمەڵە خەڵکێکی راگوزەرو شلۆقی تێدایە کە بەزوویی نامێنێت. لەو کاتەدا هەرچی جێگیریشە لەشارستانێتیدا نامێنێت و دەکەوێتە ژێر رەحمی رێکەوتەکان و روداوە کتوپڕەکانەوە. ئەوەی پێیبگوترێت خەڵکی گشتی یان رەشۆك شتێکی ئەوتۆ نابن، لەکاتێکدا بەربەرییەکان لەپێشڕەویدا دەبن. رەنگە شارستانێتییەکە بۆ ماوەیەکی تریش بەدرەوشاوەیی دەربکەوێت، لەبەرئەوەی پارێزگاری لەرووکاری دەرەوەی خۆی دەکات کە لەلایەن رابوردویەکی درێژەوە دروستکراوە، بەڵام ئەویش لەراستیدا شتێکی بنکۆڵەو هیچ شتێکی نەماوە پشتگیریی لێبکات، هەر ئەوەندەی بایەك یان زریانێك هەڵبکات ئەگەری رووخانی هەیە.

ئەمەیە خولی ژیانی تایبەت بەگەلێك: واتە گواستنەوە لەباری بەربەرییەوە بۆ باری شارستانی، ئەویش لەرێگەی وەدوکەوتنی خەونێکەوە، پاشان

پێنانە نێو قۆناغی داڕمان و مردنەوە کاتێک خەونەکە هێزو بڕستی لێدەبڕێت.

*** *** ***



.................................................... سایكۆلۆژیای جەماوەر

# ناوەڕۆك


– پێشەكی وەرگێڕی كوردی.......................... (٥)

– پێشەكییەك لەبارەی دەروونزانیی كۆمەڵایەتیو فیكری گۆستاڤ لۆبۆنەوە

بەپێنوسی: هاشم ساڵح.......................................(٩).

– پەیڤێك: بەپێنوسی ئۆتۆ كلیبێرگ...........................(٥٣).

– پێشكەشە بە..................................................(٥٨)

– سەرەتایەك.....................................................(٥٩)

– **پێشەكی: سەردەمی جەماوەر**...........................(٦٠)

گەشەكردنی سەردەمی ئێستا – گۆڕانە مەزنەكانی شارستانێتی زادەی گۆڕانە كتوپڕەكانی بیركردنەوەی گەلانە – باوەڕبوونی تازە بەهێزی جەماوەر – ئەم باوەڕبوونە سیاسەتی كلاسیكیانەی دەوڵەتان دەگۆڕێت – هاتنی سەردەمی چینە شەعبییەكان چۆن ڕوودەداتو چۆنچۆنیش پیادەی دەسەڵاتو جەبەرووتەكەی دەكات – سەندیكاكان – ڕەنگدانەوە پێویستەكانی هێزی جەماوەر – جەماوەر تەنها ڕۆڵێكی تێكدەرانە دەگێڕێت – بەهۆیەوە ئەو شارستانێتیانە هەڵدەوەشێنەوە كە زۆر كۆن بوون – جەهلو نەزانینێكی گشتی لەبەرامبەر سایكۆلۆژیای جەماوەردا – گرنگیو بایەخی توێژینەوەی جەماوەر بۆ یاسادانەرانو پیاوانی دەوڵەت.







– **كتێبی یەكەم: ڕۆحی جەماوەر**

**بەشی یەكەم: تایبەتمەندییە گشتییەكانی جەماوەر. یاسا دەروونییەكانی یەكبوونی زەینیانەی جەماوەر**.................................(٧٣)

ئەو توخمانەی جەماوەر لەروانگەی دەروونییەوە پێكدەهێنن – تەنها گردبوونەوەی ژمارەیەكی زۆری كەسەكان بەس نییە بۆ پێكهێنانی جەماوەر – خاسیەتە تایبەتییەكانی جەماوەری سایكۆلۆژیی – ئاڕاستەیەكی چەسپیو ڕووەو بیروبۆچوونو سۆزمەندییەكانی ئەو تاكانەی كەدروستیاندەكەنو تواندنەوەی كەسایەتی خۆیان تێیاندا – هەمیشە ناهۆشمەندیی دەست بەسەر جەماوەردا دەگرێت – لەناوبردنی ژیانی دەماغ یان عەقڵو هەیمەنەی ژیانی پەتكە دەماغ – نزمبوونەوەی ئاستی زیرەكیو گۆڕانی تەواو لەسۆزمەندییەكاندا – ڕەنگە سۆزمەندییە گۆڕاوەكان باشتر بن یان خراپتر بن لەسۆزمەندییەكانی ئەو تاكانەی جەماوەر پێكدەهێنن – جەماوەر ئەوەی لێدەوەشێتەوە كەقارەمانیش بێتو تاوانباریش بێت.

**بەشی دووەم: سۆزمەندییەكانی جەماوەرو ئەخلاقەكانی**.........(٨٧)

١– هەڵچوونی خێرای جەماوەرو سوكەڵەییو هەڵەشەییەكەی – جەماوەر یاری دەستی هەموو ئەو جۆشدەرانەیە كەرەنگدەرەوەی هەڵگەڕانەوە بەردەوامەكانیەتی – ئەو پاڵنەرانەی ملكەچیان دەبێت بریتین لەهێزو هەیمەنە بەجۆرێك كە بەرژەوەندی شەخسی لەئاستیاندا نامێنێت – هیچ شتێك لەلای جەماوەرەوە بەدەستی ئەنقەست ناكرێت – كاریگەریی رەگەزو ئەتنیك.

٢– كارتێكردنی خێرای جەماوەرو ساویلكەییو باوەڕبوونی بەهەموو شتێك – ملكەچبوونی جەماوەر بۆ جۆشدەرەكان – جەماوەر وێنە ورووژاوەكانی ناو مێشكی خۆی وەك چەند ڕاستییەكی واقیعی وەردەگرێت – بۆچی هەموو ئەو وێنانە یەكن لەلای ئەو تاكانەی حەشاماتێكی دیاریكراو پێكدەهێنن – یەكسانبوونی زانایەكو نەزانێك لەناو جەماوەردا – چەند نموونەیەكی جیاواز لەبارەی ئەو وەهمانەی كەهەموو تاكەكانی نێو جەماوەرێك ملكەچی دەبن – مەحاڵە بتوانرێت متمانە بە شایەتەكانی جەماوەر بكرێت – كۆدەنگی ژمارەیەكی

زۆر لەشایەتحاڵەکان خراپترین سەلماندنە بۆ دڵنیابوونەوە لەراستی ڕووداوێکی دیاریکراو – بەهای لاوازی کتێبەکانی مێژوو.

٣– قەبەکردنی سۆزمەندییەکانی جەماوەرو ئاسانکردنیان – جەماوەر گومانو نایەقینییەتی لەلا نییە، بەڵکو هەمیشە دەخزێتە ئەوپەڕەوە – سۆزمەندییەکانی هەمیشە توندڕەون.

٤– دەمارگیریی جەماوەرو داپڵۆسینەکەیو گیانە موحافیزکارییەکەی – هۆکارەکانی ئەو سۆزمەندییو هەستو سۆزانە – کۆیلەیی جەماوەر لەبەردەم دەسەڵاتی بەهێزدا – غەریزە شۆڕگێڕە کاتییەکانی جەماوەر ڕێی ئەوەی لێناگرن زۆر زۆر موحافیزکار بێت– جەماوەر وەك شتێکی غەریزیی دوژمنی گۆڕانو پێشکەوتنە.

٥– ئەخلاقیەتی جەماوەر – ڕەنگە ئەخلاقیەتی جەماوەر، بەپێی جۆرەکانی جۆشدان، زۆر نزم یان زۆر بەرزتر بێت لەئەخلاقیەتی یەکەیەکەی ئەو تاکەکەسانەی جەماوەرەکە پێکدەهێنن – ئەم لێکدراوەتەوەو چەندین نموونەی لەسەرهێنراوەتەوە – زۆر بەدەگمەن ڕێدەکەوێت بەرژەوەندیی ببێتە بزوێنەری جەماوەرو پێشڕەوایەتی بکات، لەکاتێکدا بەرژەوەندی زۆربەیجار پاڵنەری سەرەکییە لای تاکەکەس – ڕۆڵی پاکژکارانەی جەماوەر.

**بەشی سێهەم: بیروبۆچوونەکان، مشتومڕەکانی عەقڵ، خەیاڵی جەماوەر........(١١٥ )**

١– بیروبۆچوونەکانی جەماوەر – بیروبۆچوونە بنچینەییەکانو بیروبۆچوونە لاوەکییەکان – چۆن دەبێت بیروبۆچوونە ناکۆکەکان لەیەککاتدا لەناو جەماوەردا هەبن – ئەو هەمووارکردنانەی دەبێت لەبیروبۆچوونە بەرزەکاندا بکرێن بۆئەوەی جەماوەر دەستی بیانگاتیو تێیانبگات – ڕۆڵی کۆمەڵایەتیانەی بیروبۆچوونەکان سەربەخۆیە لەو لایەنەی ڕاستی کە ڕەنگە ئەو ڕۆڵەشی تێدا بێت.

٢– مشتومڕە عەقڵییەکانی جەماوەر – لەڕێگەی مشتومڕە عەقڵییەکانەوە ناتوانین کاریگەریی لەسەر جەماوەر دابنێین – مشتومڕە عەقڵییەکانی جەماوەر بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەئاستێکی نزمدایە – ئەو بیروبۆچوونانەی پێکیانەوە





گرێدەدات بەشێوەیەکی ڕاستەقینە پێکەوەگرێدراو نین بەڵکو خاوەن ڕوخسارێکە دەلالەت لە لێکچوونیو یەکبەدواییەکیدا دەکەن.

٣– خەیاڵی جەماوەر (یان خەیاڵدانی جەماوەر) – هێزی خەیاڵی جەماوەر – جەماوەر لەڕێگەی وێنەکانەوە بیردەکاتەوە – جەماوەر بەشێوەیەکی تایبەت کاریگەر دەبێت بەلایەنی سەیروسەمەرەو ساحیرانەی شتەکان – ساحیرو خورافی دوو کۆمەڵەکەی ڕاستەقینەی شارستانێتییەکانی مرۆڤایەتین – خەیاڵی جەماوەریی هەمیشە بناغە بووە بۆ هێزی پیاوانی دەوڵەت– ئەو ڕووداوانە چۆن دەردەکەون کەدەتوانن کاریگەریی لەسەر خەیاڵی جەماوەر دابنێن.

**بەشی چوارەم: قەناعەتەکانی جەماوەر چەندین شێوەو فۆرمی ئایینی وەردەگرن.........................................(١٢٩)**

ئەوەی سۆزمەندیی ئایینی پێکدەهێنێت – سۆزمەندیی ئایینی سەربەخۆیە لەپەرستنی خودایەکی دیاریکراو – تایبەتمەندییەکانی – هێزی ئەو قەناعەتانەی مۆرکێکی ئایینی بەخۆوەدەگرن – چەند نموونەیەکی هەمەجۆر – خوای جەماوەر هەرگیز خۆی گومنەکردووە – ئەو فۆرمە نوێیانەی لەو دەکەونەوە – فۆرمە ئایینییەکانی بێدینیو ئیلحاد – بایەخی ئەو چەمکانە لەڕوانگەیەکی مێژووییەوە – ریفۆرمی ئایینی، قەتڵوعامی سان بارتیملی، ماوەی تۆقاندنو تیرۆر لەکاتی شۆڕشی فەرەنسیو هەموو ڕووداوەکانی لەو دەچن زادەی سۆزمەندییە ئایینییەکانی جەماوەرن نەك ئیرادەی تاکەکەسەکان بەتاکو تەنیایی.

**كتێبی دووەم: بیروڕاكانی جەماوەرو بیروباوەڕەكانی**

**بەشی یەكەم:**

**ئەو هۆكارە دوورانەی بیروڕاو بیروباوەڕەكانی جەماوەر پێكدەهێنن... (١٣٩)**

ئەو هۆكارانەی ئامادەكاریی بۆ باوەڕەكانی جەماوەر دەكەن — كرانەوەی بیروباوەڕەكانی جەماوەر ئاكامی كارێكی هێواش‌و پێگەیشتووی پێشووترە — توێژینەوە لەبارەی هۆكارە جیاوازەكانی ئەو بیروباوەڕانە.

١- **رەگەز (ئەتنیك)** — ئەو كاریگەرییە هەژموندارەی پیادەی دەكات — رەگەز وەك چەند پێشنیارێكی جۆشدانە بۆ بنەچەكان.

٢- **نەریتە بۆماوەییەكان** — رۆحی رەگەز بەرجەستەدەكەن — گرنگی كۆمەڵایەتییانەی نەریتەكان — نەریتەكان چۆن دەبنە شتێكی زیانبەخش دوای ئەوەی پێویست بوون — جەماوەر ئەو هێزە موحافیزكارەیە كە زۆر كەللەڕەقە بەرامبەر بیروبۆچوونە تەقلیدییەكان.

٣- **كات‌و زەمەن** — زەمەن زەمینەخۆشدەكات لەپێناو چەسپاندنی بیروباوەڕەكان لەناو مێشكدا، پاشان دوای ئەوە تێكیدەدات — بەهۆی فەزڵی زەمەنەوەیە كەسیستم دەتوانێت لەدەست فەوزاو پاشاگەردانی دەربازی بێت.

٤- **دامەزراوە سیاسی‌و كۆمەڵایەتییەكان** — بیرۆكەیەكی هەڵە لەبارەی رۆڵیانەوە — كاریگەرییەكانیان زۆر لاوازن — ئەمانە زادەی چەند شوێنەوارێكن، بەڵام هۆكار نین — گەلان نازانن ئەو دامەزراوانە هەڵبژێرن كە بۆیان باشترن — دامەزراوەكان بریتییە لە ئەتەكێتێك كەچەند شتێكی جیاواز لەژێر هەمان ناونیشاندا كۆدەكاتەوە — چۆن دەتوانرێت دەستوورەكان بخوڵقێنرێن — پێویستی هەندێك گەل بە هەندێك دامەزراوەی خراپ لەڕووی تیۆرییەوە، بۆ نموونە وەك حوكمڕانێتی ناوەند.

٥- **فێركردن‌و پەروەردە** — ئەو بیروبۆچوونە هەڵانەی لەبارەی كاریگەریی فێركردنەوە هەن لەسەر جەماوەر — چەند زانیارییەكی ئامارییی — رۆڵی تێكدەرانەی فێركردن‌و پەروەردەی تایبەت بەرەگەزی لاتینی — ئەو رۆڵەی كە





رەنگە فێركاریی بیگێڕێت — چەند نموونەیەك لەوانەی گەلانی جۆراوجۆر پێشكەشیدەكەن.

**بەشی دووەم: ئەو هۆكارە راستەوخۆیانەی بەشداری لەپێكهێنانی بیروڕای جەماوەردا دەكەن** .............................................(١٦٥)

١- **وێنەكان، وشەكان، دەستەواژەكان (یان دروشمەكان)** — هێزی سیحریانەی وشەكان‌و دەستەواژەكان — هێزی وشەكان بەندە بەو وێنانەی كەدەیانوروژێنێت‌و سەربەخۆن لەمانا راستەقینەكانیان — ئەو وێنانە لەسەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی ترو لەرەگەزێكەوە بۆ رەگەزێكی تر جیاوازن — وشەكانیش لەناودەچن‌و دادەخورێن — چەند نموونەیەك لەبارەی ئەو گۆڕانە گەورانەی بەسەر واتای هەندێك وشەدا دێن كە زۆر بەكاردەهێنرێن — سوودی سیاسی لەوەی كە ناوی نوێ لەشتە كۆنەكان بنێین لەو كاتەی كە وشە كۆنەكان كەناویان پێلێدەنێین وێنایەكی خراپ لەسەر خودی جەماوەر دابنێن — فرەمانایی وشەكان بەپێی رەگەز — واتای جیاوازی وشەی دیموكراسی لەئەوروپاو ئەمریكادا.

٢- **وەهمەكان** — بایەخ‌و گرنگی وەهمەكان — وەهم لەبناغەی هەموو شارستانێتییەكاندا هەیە — پێویستی كۆمەڵایەتیانە بەوەهمەكان — هەمیشە جەماوەر فەزڵی وەهم دەدات بەسەر هەقیقەتدا.

٣- **ئەزموون** — ئەزموون تارادەیەك تاكە شێوازی كارایە بۆ چەسپاندنی چەند راستییەكی چەسپیو لەرۆحی جەماوەردا، لەگەڵ تێكوپێكدانی ئەو وەهمانەی ترسناك بوون — ئەزموون ناتوانێت شتێك بكات ئەگەر زۆر دووبارەنەكرێتەوە — ئەو تێچوونەی دەچێتە ئەزموونە پێویستەكانەوە لەپێناو رازیكردنی جەماوەر.

٤- **عەقڵ** — نەبوونی كاریگەریی عەقڵ لەسەر جەماوەر — تەنها لەرێگەی سۆزمەندییە ناهۆشمەندییەكانەوە دەتوانین كاربكەینە سەر جەماوەر — رۆڵی

لۆژیكو مەنتیق لەمێژوودا — هۆكارە نهێنییەكانی ئەو ڕووداوانەی وەختە باوەڕیان پێنەكەین.

**بەشی سێهەم: بزوێنەرانی جەماوەر و ئەو ئامرازانەی بەدەستیانەوەیە بۆ قەناعەتپێكردن**......................................................(١٨٣)

١- **بزوێنەرانی جەماوەر** — پێویستی غەریزییەكان بۆ هەموو ئەو بوونەوەرانەی دەچنە ریزی حەشاماتێكەوە بۆئەوەی ملكەچی یەكێك لەسەرەكردە بزوێنەرەكان بێت — سایكۆلۆژیای بزوێنەران — تەنها بزوێنەران دەتوانن ئیمانو باوەڕ بخولقێننو ڕێكخراوێك بۆ جەماوەر دابمەزرێنن — داپڵۆسینی ئیجباریانەی بزوێنەران — پۆلێنكردنی جۆرەكانی بزوێنەران — ڕۆڵی ئیرادە.

٢- **ئەو ئامرازی كاركردنانەی بزوێنەران یان سەركردەكان بەركایاندەهێنن:** جەختكردنەوە، دووبارەكردنەوە، تەنینەوە — ڕۆڵی ئەو سێ هۆكارە — چۆن لەكۆمەڵگەدا تەنینەوە بەچینەكانی خوارەوەدا بڵاودەبێتەوەو دەچێت بەرەو چینەكانی سەرەوە — چۆن رای جەماوەریی بەخێرایی دەبێتە رایەكی گشتی.

٣- **هەیبەتو شكۆی كەسێتی** — دیاریكردنی هەیبەتو شكۆی كەسێتیو پۆلێنكردنی — هەیبەتی دەستكەوتوو لەگەڵ هەیبەتی خودیی یان كەسێتی — چەند نموونەیەك لەسەر ئەمانە — هەیبەتو شكۆی كەسێتی چۆن دەمرێت.

**بەشی چوارەم: بیروباوەڕەكانی جەماوەرو بیروڕاكانیان لەسنوورێكدا دەگۆڕێت** ......................................(٢١١)

١- **بیروباوەڕە جێگیرو نەگۆڕەكان** — نەگۆڕینی هەندێك بیروباوەڕی گشتی — بیروباوەڕە جێگیرو نەگۆڕەكان وەك ڕێبەرێكی خامۆشو لەسەرخۆی شارستانێتی وان — گرانی لەهەڵكەندنیاندا دوای چاندنیان — چۆن دەمارگیریی وا لەو بیروباوەڕە جێگیرانە دەكات لەلای گەلان شتێكی باش بن — ئەو بێهوودەییە





فەلسەفیەی بیروباوەڕێكی ئیمانیانەی گشتی هەیەتی كارناكەتە سەر بڵاوبوونەوەو پەلهاویشتنی ئەو بیروباوەڕە جێگیرانە.

٢- **بیروڕا گۆڕاوەكانی جەماوەر** — بزۆكیو گۆڕانی زۆری ئەو بیروڕایانەی كە لەعەقیدە ئیمانییە گشتییەكان نەكەوتوونەتەوە — گۆڕانی ڕووكەشیانەی بیروبۆچوونو عەقیدەكان لەماوەی كەمتر لەسەدەیەكدا — سنوورە راستەقینەكانی ئەو گۆڕانانە — ئەو توخمانەی گۆڕان كاریتێكردوون — ونبوونی ئێستای عەقیدە ئیمانییە گشتییەكانو بڵاوبوونەوەی زۆری ڕۆژنامەگەریی وایان لەبیروڕاكان كردووە لەمرۆماندا زۆر بگۆڕێنو بجووڵێن — بۆچی بیروڕاكانی جەماوەر خەمسارد دەبن لەئاست زۆربەی پرسو بابەتەكاندا — حكومەتەكان ناتوانن وەك رابوردوو سەركردایەتی جەماوەر بكەن — پەرشوبڵاویی ئێستای بیروڕاكان ڕێگە لەداپڵۆسینو ستەمكارییەكانی دەگرن.

**كتێبی سێهەم: پۆلێنكردنی توێژە جیاوازەكانی جەماوەرو توێژینەوەیان**

**بەشی یەكەم: پۆلێنكردنی جەماوەر**........................(٢٢٩)

دابشەكردنی گشتیانەی جەماوەر — پۆلێنكردنیان:

١- **جەماوەری ناوێكچوو** — چۆن لێكجیادەكرێنەوەو لەیەكتری جیاوازن — كاریگەریی رەگەز — ڕۆحی جەماوەر لاوازتر دەبێت هەتاكو ڕۆحی رەگەز بەهێزتر بێت — ڕۆحی رەگەز وەك ڕۆحی شارستانێتییەو ڕۆحی جەماوەریش حاڵەتێكی بەربەرییانەیە.

٢- **جەماوەر وێكچوو** — دابەشكردنی جەماوەری وێكچوو — تایەفەكانو دەستەوتاقمو چینەكان.

**بەشی دووەم: ئەو جەماوەرەی پێیدەگوترێت تاوانبار**.............(٢٣٥)

ئەو جەماوەرەی پێیدەگوترێت تاوانبار — دەچێت حەشاماتێك هەبن لەڕووی یاساییەوە تاوانبار بن بەڵام لەڕووی سایكۆلۆژییەوە تاوانبار نەبن — ناهۆشمەندییانەی تەواو لەكارەكانی جەماوەردا — چەند نموونەیەكی هەمەجۆر —

شیکردنەوەی باری دەروونی ئەیلولییەکان (یەکێکە لەگروپەکانی شۆڕشی فەڕەنسی — مشتومڕە عەقلّییەکانیانو هەستیارییانو توندوتیژییانو ئەخلاقیەتیان).

**بەشی سێهەم: سوێندخۆرانی دادگای تاوانەکان**..................(٢٤٣)

سوێندخۆرانی دادگای تاوانەکان — تایبەتمەندییە گشتییەکانی سوێندخۆران — ئامارەکان دەریدەخەن کە بڕیارەکانیان سەربەخۆیە لەپێکهاتەیان — چۆن دەتوانین کاربکەینە سەر سوێندخۆران — عەقلّ کاریگەرییەکی لاوازی لەسەریان هەیە — شێوازەکانی باوەڕهێنان کە پارێزەرە بەنێوبانگەکان بەکاردەهێنن — سروشتی ئەو تاوانانەی سوێندخۆران لێیخۆشدەبن یان توندتردەبن — سوودی بوونی دەستەی سوێندخۆرانو ئەو مەترسییەی هەیە ئەگەر دادوەران جێگەیانبگرنەوە.

**بەشی چوارەم: جەماوەری هەڵبژاردن**..............................(٢٥٣)

تایبەتمەندییە گشتییەکانی جەماوەری هەڵبژاردن — چۆن باوەڕیانپێدەهێنرێت — ئەو خەسلّەتەی دەبێت کەسی پالێوراو هەیبێت — پێویستە هەیبەتی کەسێتی هەبێت — بۆچی کرێکارانو جووتیاران زۆر بەدەگمەن پالێوراوانی خۆیان لەنێو ریزی خۆیاندا هەڵدەبژێرن — رادەی کاریگەریی وشەکانو دەستەواژەکان بۆ سەر کەسی دەنگدەر — بیرۆکەیەکی گشتی لەبارەی گفتوگۆکانی هەڵبژاردنەوە — چۆن بیروڕاکانی دەنگدەر پێکدێت — هێزو جەبەروتی لیژنەکان — ئەمە زۆر تۆقێنەرترە لەستەمکاریی — لیژنەکانی شۆڕشی فەرەنسی — سەرەڕای بەها دەروونییە لاوازەکەی بەلاّم دەستبەرداری مافی دەنگدانی گشتی نابێت — بۆچی دەنگدان بە وێکچوویی دەمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر مافی دەنگدانیشمان تەسککردەوەو لەچەند هاولاّتییەکی دیاریکراویشدا قەتیسمانکرد — مافی دەنگدان لەهەموو ولاّتەکاندا گوزارشت لەچی دەکات.

**بەشی پێنجەم: ئەنجومەنەکانی نوێنەرلیەتی** ........................(٢٦٧)

ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی زۆربەی ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانە بەرجەستەدەکات کە لای جەماوەرێکی غافلّی ناوێکچوو هەن — ئاسانی بیروڕاکان — توانای جۆشدانو سنووری ئەو توانایە — بیروڕا جێگیرە کۆتاییەکانو بیروڕا





بزۆك یان گۆڕاوەکان — بۆچی دوودلّیو نایەقینی بالاّدەست دەبێت — رۆلّی کەسانی بزوێنەرو سەرکردەکان — هۆکاری هەیبەتی شەخسییان — ئەوانە سەرگەورەی راستەقینەی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتین هەروەها دەنگەکان بەکەمایەتی گەمارۆدراون — ئەو توانا رەهایەی پیادەیدەکەن — توخمەکانی نێو هونەری گووتاربێژییەکەی — وشەکانو وێنەکان — پێویستە کەسانی بزوێنەر لەڕووی دەروونییەوە قەناعەتی تەوایان هەبێتو کەللەڕەقیش بن — ئەو گوتاربێژەی هەیبەتی شەخسی نەبێت ناتوانێت کەسانی تر قەناعەت پێبهێنێت — زێدەڕۆیی خەسلّەتێکی سۆزمەندیانەی باوە لەئەنجومەنەکانی نوێنەراندا جا باش بێت یان خراپ — ئەو ئیرادە ئیفلیجەی لەهەندێك ساتەوەختدا ئەنجومەن تووشی دێت — دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی لەکاتی شۆڕشی فەڕەنسیدا — ئەو بارە تایبەتانەی کە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی تێیاندا تایبەتمەندییەکانی جەماوەریان تێدا وندەبێت — کاریگەریی پسپۆڕان بۆ سەر پرسە تەکنیکییەکان — خەسلّەتە باشەکانی سیستمی پەرلەمانیو مەترسییەکانی لەهەموو ولاّتەکاندا — سیستمی پەرلەمانی لەگەلّ پێداویستییە نوێکاندا دەگونجێت، بەلاّم دەبێتە مایەی بەفیڕۆدانی پارەوپوولی بوودجەو بەرتەسککردنەوەی هێواشی هەموو ئازادییەکان — کۆتایی.

*****